# گزینگ ٣٢

کۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە، هاوین و پاییزی ٢٠٠١ (١٣٨٠)

• دژی تێرۆریسم، یان دەستدرێژی و نەتەوەکوژیی

• تراجیدیای کوردان: (فەسڵێک لە بیرەوەرییەکانی هێنری کیسینجر وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا ـ بەشی کۆتایی

• جەنگ و جینۆساید و سامانی هۆشی نەتەوەیی کورد

• تێرۆری سمایل ئاغای شکاک

• ،فەرهەنگی هەرمان، و ڕیزی ئەلفوبێ کەی

• لە کلۆلیدا هێشتنەوەی نەتەوەگەل و نەریتەکان

• لە نێوان مزگەوت و زانکۆدا

• سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی(عیراق)

• شێوەی کۆن و نوێی پەروەردەکردنی منداڵ

• شەکرە شـــــــــارەکەم ،سولەیمانی،

• لە گەڵ شاعیری لاو ،مرێم هۆڵە،

• شێعر، کورتە چیرۆک، تەنز، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕانانی کتێب، هەواڵی فەرهەنگی و چاپەمەنی...

## تاوانی «خێڵی حەمە» مەحکووم دەکرێ

بە گوێرەی ڕاپۆرتی تەلەڤیزیۆنی کوردسات(Kurdsat)، ڕۆژی ٢٠٠١/٩/٢٣، کۆمەڵێک پێشمەرگەی (ینک) لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکە پێراسپێراوەکانی خۆیان لە گوندی «خێڵی حەمە»ی سەر بە قەزای هەڵەبجە، دەکەونە بەر هەڵمەت و پەلاماری لەنەکاوی تاقمێک چەکداری بەناو (جوندی ئیسلام)ەوە کە لە ئاکامدا، جگە لەوانەی لە ڕووداوەکەدا دەکوژرێن، ژمارەیەک لە پێشمەرگە دەستبەسەرکراوەکانیش، بە زیندوویی سەریان بە تەوەرداس دەپەڕێندرێ و تەرمەکانیان بە کوتکوتکراوی فڕێدەدرێن.

بە بۆنەی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەوە، «گزینگ» وێڕای شەرمەزارکردنی ئەو جۆرە ئاکارە تێرۆریستی و دژی ئینسانییانە و هەروەها هیوای دووپاتنەبوونەوەیان لە کوردستان، پەژارە و هاودەردی خۆی دەردەبڕێ و لە بنەماڵەی شەهیدانی ئەوڕووداوە سەرەخۆشی دەکا و، سەبووری و هێوری و سەرسلامەتیان بۆ دەخوازێ.

• • •

## سەرنج

لەوەیکە «گزینگ» لە وەختی ئاساییدا بڵاونەکراوەتەوە و، تەنانەت بە دەرنەچوونی ژمارەی هاوینی کە لە ماوەی چالاکی خۆیدا، بۆ یەکەم جار، تووشی وەستانێکی کاتیی ئەوتۆ هاتووە، لە هەمــوو خوێنەرەوانی ئازیز، داوای لێبووردن دەکرێ. دیارە جگە لە مەسەلەی دارایی کە هەمیشە هەڕەشەیەکە بۆ سەر گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکان، دوو مەسەلەی چاوەڕواننەکراوی دیکەش، بوون بە هۆی دەرنەچوون و وەپاشکەوتنی: یەکیان مەسەلەی نەخۆشی چاو و هاتوچۆی نەخۆشخانەی بەڕێوەبەر و بەرپرسی گۆڤارەکە بوو، دووهەمیشیان مەسەلەی گیروگرفتی ئامرازی نووسین و ڕاکێشان واتە کامپیوتەر.

ئەوا بە دەرچوونی ژمارە ٣٢، جارێکی دیکە بە هەموو خۆشەویستان و ئازیزان بەڵێنی دەدرێ کە گزینگ وەک پێشوو، بە ڕێکوپێکی و لە وەختی ئاسایی خۆیدا ـ واتە هەر سێ مانگ جارێک بڵاوبکرێتەوە.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بگوترێ کە یارمەتی و هاریکاریی هاوکاری بەڕێز کاک «کەریمی دانشیار» بۆ تایپکردنی بەشێکی زۆر لە نووسراوەکانی ئەم ژمارەیە، جێگەی سپاس و پێزانینە.

**بەڕێوەبەری گزینگ**

# گزینگ ـ ژماره ٣٢

هاوین و پاییزی ٢٠٠١ (١٣٨٠)

## نێوەرۆک

دژی تیرۆریسم، یان دەستدرێژی و نەتەوەکوژیی: .......... س. چ هێرش ٤
تراجیدیای کوردان: هێنری کیسینجر(٢)، وەرگێڕانی: ... ئەنوەر سوڵتانی ٦
جەنگ و جینۆساید و سامانی هۆشی نەتەوەیی کورد: ... مەهاباد قەرەداغی ١٢
تیرۆری سمایل ئاغای شکاک: ئاجودان «هاشمی ئەحمەدزادە»، پێشەکی و وەرگێڕانەوە: .................. سەید عەبدوڵڵا سەمەدی ١٥
«فەرهەنگی هەرمان» و ڕیزی ئەلفوبێ کەی: ........ عەبدوڵڵا ئیبراهیمزادە ٢٤
لە کلتۆلیدا هێشتنەوەی نەتەوەگەل و نەریتەکان: ........ ئیدوارد سەعید ٢٨
لە نێوان مزگەوت و زانکۆدا: .................. حەمەسەعید حەسەن ٣٦
سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی(عیراق): ....... ............................ ئەمجەد شاکەلی ٤١
شێوەی کۆن و نوێی پەروەردەکردنی منداڵ: ............. د. فریال ژیان ٤٦
شەکرە شـــــــــــــارەکەم «سولەیمانی»: ... د. حوسێن محەمەد عەزیز ٤٨
لە گەڵ شاعیری لاو «مریم هۆڵە»، ئامادەکردنی: .................. مەرزە ٥٦
سێ هۆنراوەی ناتەواو: ..................... ئەسعەد ڕەشیدی (زاگرۆس) ٥٨
دوو شیعر بۆ دوو گۆرانی: حەمەشوان شەریف، ئەمن دەڵێم:............ ......................................... ڕەسووڵ سەفەریانی ٥٩
دوو هۆنراوە: سەمیر دەسکۆ (سیان)، بەستەی ماڵئاوایی: ........ هێرش ٦٠
ماڵئاوایی تێکۆشەر و نووسەری کورد کەریمی حیسامی: ..... قاسم ڕەیانی ٦١
سیدیق دەقیق(کورتە چیرۆک): .................... حەمە شوان شەریف ٦٢
ڕاوەماسی(کورتە چیرۆک):........................ کوردان کەریم مەحمود ٦٤
سەرنجێک لە سەر «دوو شێعری بێ نێو»:.................... مەرزە ٦٨
ڕاپۆرتی سیمینار بە مەبەستی ڕاگەیاندنی داخوازینامەی ژنی کورد.......... ٧٠
ڕوونکردنەوەیەک: عەبدوڵڵا پەشێو، پەیامی کۆمەڵەی کورد لە نیوزلاند ٧٤

چاپ، کتێبی هەرزان: پاییزی ٢٠٠١

ISSN 1104 - 3473

**بەڕێوەبەر و بەرپرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING / S. Chireh**
Valstavägen 62 2tr
195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070-2359687

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

**Postgiro**: 443 5022-1

**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە کوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بچێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان نانێردرێنەوە.**

# دژی تێرۆریسم، یان دەستدرێژی و نەتەوەکوژیی

س. چ هێرش

دوای هەڵوەشان و لێکترازانی سۆڤیەتی پێشوو، کە بە ڕواڵەت ئاو بە ئاوردا کرا، زۆربەی خەڵکی جیهان پێیانوابوو کە، بەشەرییەت لەمەودوا ئوخژنێکی دێتەوە بەر و، ئەو کوشت و کوشتارانەی کە لە سەر دابەشکردنی بەرژەوەندیی دوولایانەی جیهانی دووجەمسەریی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) دەکران و وەرێدەخران، یان بنەبڕدەبن و یان کەم دەکرێنەوە؛ کەچی بە داخەوە ، نەتەنیا بارودۆخی ئاشتی و هێمنایەتی جیهان لە جاران باشتر نەبووە، بەڵکە ڕۆژ بە ڕۆژ دیاردەی شوومتر و شوورەییتر، هەڕەشە لە بوون و داهاتووی بەشەرییەت دەکا. یەکێک لەو دیاردە شوومانەی کە ئەوڕۆ بۆ تەواوی دانیشتووانی کورەی زەوی بووەتە مەسەلەیەکی گرینگ و بەرچاو، مەسەلەی «تێرۆریسم»ە کە بە شێوەیەکی مۆدێرن، لە ناخی گەورەترین سیستمی ئەوپەڕی سەنعەتیدا گەرای داناوەتەوە و لە گەشەسەندن دایە. دیارە، ئەو دیاردەیە، کە تا ئێستاش تاریفێکی تەواو و پڕ بە پێستی خۆی لێ نەکراوە، پێشینەیەکی لەمێژینەی هەیە و، تا زەمانێکیش کە زوڵم و بێعەداڵەتی و دەستدرێژی و نەتەوەکوژیی بمێنێ و، جیهان بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئامانج دادپەروەرانەی گونجاو لەگەڵ هیوا و ئاواتی ئینسانی نەڕوا، ئەویش هەروا دەمێنێ و پەرەدەستێنێ.

ئەگەرچی مەسەلەی تێرۆر و تێرۆریسم وەک شکڵی ئاسایی و سیاسی خۆی، بە ڕواڵەت لەلایەن زۆربەی وڵاتانی جیهان و دەسەڵاتە سیاسییەکانەوە، بە دیاردەیەکی ناقانوونی و دژی بەشەری و، پێشێلکەری هێمنایەتی و کۆمەڵگەی ئینسانی دادەندرێ، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەوان خۆیان پەرەپێدەر و بووژێنەری ئەو دیاردەیەن کە زیاتر بە دوو شکڵی «تێرۆریسمی دەوڵەتی» و «تێرۆریسمی نێونەتەوەیی» خۆدەنوێنێ. شکڵێک لەو تێرۆریسمە، لەلایەن حکوومەت و دەوڵەتانی پێوەندیدار لە ژێرناوی پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و هێمنایەتی وڵات، بەشێوەی قانوونی و دژ بە خەڵکی خۆماڵی بەڕێوەدەچن. ئەو وڵاتانەی کە کێشەی نەتەوەییان تێدایە و هێشتاش چارەسەر نەکراون، ئەغلەب نەتەوە سەردەستە خاوەندەوڵەتەکان، گرووپە ئێتنیکی و نەتەوەیی و سیاسییەکانی دیکەی خۆیان، بە «تێرۆریست» لە قەڵەم دەدەن و، لەو جێیەشڕا کە «تێرۆریست سەزای مەرگە» هەرچی پێیان خۆش بێ دەیکەن. توند و تیژی و زەبرو زەنگی ئەو جۆرە دەوڵەتانە لە ئاست نەتەوە ژێردەستەکانیانەوە، گەلێک جار گەیوەتە سنووری «ژێنۆسساید» و توانەوەی نەتەوەیی. نموونەی ئەو جۆرە تێرۆریسمە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، چ بە شێوەی تێرۆری بەکۆمەڵ و چ بە شێوەی تێرۆری تاکەکەسی، لە ناو سنووری جوغرافیاییە دیاریکراوەکاندا، ڕۆژانە بەرچاو دەکەوێ. لە بزووتنەوەی هاوچەرخی کوردییدا، جگە لە کوشتاری بەکۆمەڵ (وەک: ئەنفال، بۆمبارانی کیمیایی شاری هەڵەبجە و..) و ئیعدامە ڕەسمییەکان (وەک: پێشەوا قازی محەمەد و یارانی..)، تێرۆری «سمکۆی شکاک»، «دوکتور قاسملوو» و «دوکتور شەرەفکەندی» و هەروەها ڕفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان.. نموونەی بەرچاون.

شکڵێکی دیکە، «تێرۆریسمی نێونەتەوەیی» یە کە لە لایەن دەوڵەتە خاوەن بەرژەوەندەکان، کارتێل و تراستە ئابوورییەکان، ڕێکخراوە جاسووسییەکان، بزووتنەوە و ڕێکخراوە سیاسییەکان (چ دەوڵەتی و چ ئۆپۆزیسیۆن)، ڕێکخراوی گانگستێری و تۆڕگەلی دزێتی و قاچاخ و.. بەشێوەی ناقانوونی و نهێنی لەپێناو پاراستنی قازانجی سیاسی و دارایی و گرووپی، دژ بە بەرژەوەندی یەکتر ڕێبەری دەکرێن.

هەڵبەت لێرەدا مەبەستی سەرەکی لەو جۆرە تێرۆریسمە زیاتر مەفهوومی سیاسی یە، کە لە جیهانی هاوچەرخدا و بەتایبەت لە ماوەی شەڕی سارد پەرەی گرتووە و ئا ئێستاش هەروا بەردەوامە.

نموونەی بەرچاوی ئەو جۆرە تێرۆرانە دە ڕادەی نێونەتەوەییدا زۆرن، بۆ نموونە: تێرۆری «جان ئێف کەنەدی» سەرۆک کۆماری پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان، «ئولوف پالمە» سەرۆک دەوڵەتی پێشووی سوێد، ئیندیرا و راجیب گاندی (دایک و کوڕ) سەرۆک وەزیرانی پێشووی هیند و..

تێرۆریسم وەک ڕەنگدەرەوەیەک لەتەواوی ئەو شکڵ و شێوەگەلەی کە لە سەرەوە ئیشارەی پێکرا، ئەوڕۆ شێوەیەکی زۆر مۆدێرنی بە خۆیەوە گرتووە و، گەیشتووەتە ڕادەیەک کە دەبێ دەوڵەتەکان، ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و جیهانی پێشکەوتخواز، وەک «پەتایەکی نێونەتەوەیی» بەرەنگاری ببنەوە و بەربەرەکانی لەگەڵ بکەن.

دەوەدا شک نییە کە ڕووداو و کارەساتی ١١ی سێپتامبری نیۆیۆرک بۆ هەموو خەڵکی جیهان، تراژێدییەکی خەماوی و دڵتەزێن و گەورە و گران بوو. بەڵام گریمان، ئەو کارەساتە لە شوێنێکی دیکەی جیهان ـ جگە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕوویدابا، ئایا مەسەلەی «تێرۆریسم» وەک ئەو جۆرەی کە ئەوڕۆ کەوتووەتە ناو ڕۆژەوی ماسمێدیای جیهانییەوە، ئەو پروپاگەندەیەی بۆ دەکرا کە بۆی کراوە؟ زۆر ڕێی تێدەچێ کە جیهانخۆرانی سیستمی سەرمایەداریی

جیهانی بەتایبەت جیناحی نەوت و زەرادخانەی بەڕێوەبەرایەتی سیاسی ئەمریکا، لەپێناو ئەو جیهانداریتی و گلۆبالیزمەی کە لە دوای شەڕی سارد نەخشەیان بۆ کێشاوە، ڕووداوێکی ئاوایان لە حەوای دەقۆستەوە، بۆ ئەوەی بیکەنە بیانوویەک بۆ دەستدرێژی و پەلئاوێژی بۆ سەر ناوچە ستراتیژییەکانی جیهان؛ بەتایبەت کە ئەو ڕووداوە هەیبەت و گەورەیی و زەفەرپێنەبردوویی ئەمریکای بەجارێک خستووەتە ژێرپرسیارەوە!

بۆچی ئەمریکا ناتوانێ پرۆژەی دژی تێرۆریسم بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێ بەڕێوەی بەرێ؟ هەروەک دەزانین ئەساسی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەر دەستدرێژی و پێشێلکردنی مافی گەلانی ژێرستەم دامەزراوە. ئەگەر بێتوو سیاسەتی ئەو چەند دەیەی ڕابردووی ئەمریکا بێنینە بەرچاو، دەبینین کە زۆربەیان یان سیاسەتی هەڵمەت و پەلاماری نیزامی بوون یان سیاسەتی تێچاندن و خیچاندنی بزووتنەوە خەڵکییەکان و بەتایبەت ئەو بزووتنەوە خەڵکییانەی کە دژ بە ڕژێمە دیکتاتۆرە خۆماڵییەکان وەرێدەخران. بێ لەوەش، تۆڕ و دامودەزگای تێرۆریستیی «ئوسامە بن لادین»، لە ئەساسدا دەستکردی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوی «سیا» یە کە لە ماوەی شەڕێ نێوان سۆڤیەتی پێشوو و ئەفغانستان (١٩٨٤-١٩٨٩) پەرەی گرت و بەهێزکرا. شتێکی ئاسایی یە، کە دوای هەڵوەشان و ئاڵۆگۆڕی سیاسی و سنووریی سۆڤیەتی پێشوو، هەروەها هاتنە سەرکاری «تالیبان»ەکان (١٩٩٤)، ئوسامە بن لادین بە تەقاندنەوەی یەکێک لە سەفارەتەکانی ولاتەیەککگرتووەکان لە ئەفریقا(١٩٩٨) لە ئەربابی خۆی هەڵگەڕێتەوە و، ئەوجار وەک موجاهیدێکی دژی ئەمریکایی لە ناو ماسمێدیای جیهانیدا نێودەر دەکا.

ئەو کەسانەی کە ئەورۆ بە چاوی سەرۆک «جۆرج بووش» بە عینوانی تێرۆریست و تێکدەری ئەمن و ئاسایشی جیهانی لە قەڵەم دەدرێن، تا دوێنی لە ئەزەر «ریگان» و «کلینتۆن» و ڕێکخراوی سیا(CIA) بە «قارەمان!» و دۆست دەهاتنە حیساب. هەر ئەو «تالیبان»انەی کە تا دوێنێ بە پارە و ئەسلەحەی ئەمریکایی و یارمەتیی ڕاستەوخۆی پاکستان و عەرەبستانی سعوودی هاتنە سەرکار و گرژترین ڕێژیمی دژی ئینسانی و حکوومەتی سەدەی ناوەندییان لە ئەفغانستان دامەزراند و نزیکەی ١٠٠ هەزار کەسیان کوشت، پێش ڕووداوی ١١ی سێپتامبر، قورساییەکی ئەوتۆی پروپاگەندەیان نەخرایە سەر؟ ئەوانە پرسیارگەلێکن کە دەبێ وەڵامی شیاو و مەنتیقییان پێ بدرێتەوە. شتێکی ئاشکرایە کە سیاسەتی جیهانداریتی و شێوەی بەڕێوەبەرایەتی نەزمی نوێی جیهانی و، بەتایبەت بەربەرەکانی لە تەک «تێرۆریسم» بەو شێوەیەی کە ئەمریکا دەیەوێ بیکا لە ئەزەر بیروڕای گشتییەوە شیاوی قەبوڵ نییە و دەبێ، ڕێگەیەکی دیکەی بۆ بدۆزرێتەوە. بە پەلاماری نیزامی و بۆمبارانی حەوایی و لەناوبردنی خەڵکێکی هەژار و بێدەرەتانی وەک ئەفغانستان، ئەستەمە بتوانرێ ریشەی «تێرۆریسم» بنەبڕ بکرێ. لەوانەیە ئەمریکا بتوانێ خودی ئوسامە بن لادین و، لەویش گرینگتر خودی حکوومەتی تالیبانەکان لە ناوبەرێ، بەلام بلێی بتوانێ لایەنگران و ئەندامانی ئەو شێوە بیروبۆچوونە ئیسلامییەی کە ئەورۆ بە نێوی (ئەلقاعیدە) لە ئارادایە و لە زۆربەی ولاتانی ئیسلامیدا بلاوبوونەوە، بنەبڕ بکا؟ بەتایبەت، تا ئیسرائیل وەک نیزیکترین دۆستی ئەمریکا، لە سیاسەتی فەلەستین کوژیی پێرەوی بکا، پێرەوانی ئەو جۆرە بیروبۆچوونەی دژی ئەمریکایی لە ولاتانی ئیسلامی زیاد دەکا.

بۆیە، ئەمریکا دەبێ بە ڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان و هاریکاری ڕاستەوخۆی تەواوی ئەو ولات و دەوڵەتانەی کە بەدڵ خوازەری لەناچوونی دیاردەی تێرۆریسمن، هەنگاوی پێویست و چارەساز هەڵێنێتەوە. هەڵبەت ئەو ڕێچارەیە، زیاتر بۆ بیروڕای گشتی و بە قازانجی خەڵکی بێلایەن و بێ دیفاعی جیهان پێشنیار دەکرێ، دەنا جیهانخۆرانی پشتی پەردە و بازرگانانی خوێن و بارووت، کوا گوێیان بەو قسانە دەبزوێ و، هێمنایەتی و ئاسایشی کۆمەڵگەی بەشەری لەبەرچاو دەگرن؟

خەڵکی جیهان لەگەڵ ئەوەدا کە کردەوە و ئاکاری تێرۆریستی ڕەتدەکەنەوە، لەگەڵ پرۆژەی دژی تێرۆریسمی ولاتەیەککگرتووەکانی ئەمریکا هاودەنگ نین و، بۆیان قەبوڵ ناکرێ کە پەلاماری نیزامی بۆ سەر ولاتی ئەفغانستان، پێوەندییەکی ئەوتۆی بە مەسەلەی تێرۆریسمەوە هەبێ. تا ئێستاش لەلایەن هیچ گرووپێکی تێرۆریستی و تەنانەت خودی ڕێکخراوی «ئەلقاعیدە»وە کارەساتی مانهاتانی نیۆیۆرک بە ڕەسمی ددانی پێدانەنراوە. کەوابوو، بۆچی ئەمریکا هەر لە ڕۆژی یەکەمی کارەساتەکەوە سەرنجی بیروڕای گشتی و ماسمێدیای جیهانی بۆ لای ئەفغانستان ڕاکێشا و پروپاگەندەی هەڵمەتی نیزامی وەڕێخست؟ وەڵامی پرسیارەکە زۆر ڕوونە. بۆنی نەوت و بریقەی هێڵەکانی گازی ئاسیای ناوەڕاست بە نێو خاکی ئەفغانستاندا، لە مێژساڵە خەیاڵی جیهانخۆران و کارگێڕانی سیاسی ئەمریکای وروژاندووە. ڕووداوی ١١ی سێپتامبر تەنیا بیانوویەک بوو، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆژەیە و بەس.

دوای کۆتایی شەڕی سارد (١٩٩٠) تەواوی هەوڵی ئەمریکانەوەبوو، خۆی ڕێبەرایەتی نەزمی نوێی جیهانی بە دەستەوەبگرێ و، ئەوەش تەنیا بە ڕێگەی نیزامی و شەڕ و دەستدرێژیدا دەکرێ. لەخۆڕا نییە کە ئەمریکا سالانە نیزیکەی ٣٥٠٠ میلیارد دۆلاری بۆ زەرادخانە و سەنعەتی نیزامی تەرخان کردووە کە سەرجەمی بودجە و تێچوونەکانی سێ هێندەی تێچوونی تەواوی ولاتانی چین، ڕووسیا، کوبا، ئێران، عێراق، لیبی، کورەی باکووری، سودان و سووریا لەسەریەک بەراورد دەکرێ. ئایا ئەو پارە زۆر و زەوەندەی کە دەرخواردی ماشێنی شەڕ دەدرێ لە کوێڕا دێتەوە جێی؟ ڕووداوی ١١ی سێپتامر، ئەگەرچی زەنگی ورياکردنەوەیەک بوو بۆ بەڕێوەبەرانی سیاسی ئەمریکا کە دیاردەی «تێرۆریسم»وەک «ڕەشەبرین» ێک ئاکامی سیستمی تالان و دەستدرێژی و چەوسانەوە یە، بەلام وادێدەچێ کە ئەمریکا نایەوێ و پێی خۆش نییە لەو کارەساتە دەرسی عیبرەت وەرگرێ کە بە بۆمبارانی بیمارستانەکان و کوشتنی منداڵە ڕووت و پێخاوسەکانی ئەفغانستان «پەتای تێرۆریسم» لە بەین ناچێ.

ئۆکتۆبری ٢٠٠١

# تراجیدیای کوردان

**(ئەسلێک لە بیرەوەرییەکانی هێنری کیسینجر وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا)**

بەشی کۆتایی

وەرگێڕانی: ئەنوەر سولتانی

وەرگێڕاوی بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی کیسینجر لە ژمارەی پێشووی گزینگ(۳۱) دا بڵاوکرایەوە و سەرچاوەکەشی ڕاگەیێنرا. وا تەرجەمەی بەشی دووهەم و کۆتایی ئەو بیرەوەرییانەش لێرەدا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر. من مەسەلەی داوەریکردن لەمەڕ بۆچوونەکانی کیسینجر بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵم، بەڵام بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە دووخاڵ لەمەڕ کەسایەتی کیسنیجر بکەم.

١) دوای بڵاوبوونەوەی تەرجەمەی بەشی یەکەم، واتە هەر لەم دووسێ مانگەی دواییدا، چاوم بە کتێبێکی نوێ کەوت کە ئەمساڵ لە لەندەن و نیویۆرک بڵاوبۆتەوە. ناوی کتێبەکە، «موحاکەمەی کیسینجر» ە و ڕۆژنامەنووسی ئینگلیسی، «کریستۆفر هیچینز» نووسیویەتی. نووسەر لەم کتێبەدا سەرەتا پرسیارێک دادەمەزرێنێ و دەڵێ:

«ئایا پێویستە هێنری کیسینجر بە تاوانی هەڵگیرساندنی شەڕ، جینایەتی دژی مرۆڤایەتی، بەشداریی لە پیلانی ڕەشەکوژی، مرۆڤ ڕفاندن و ئەشکەنجە تەسلیمی دادگای نێونەتەوەیی لاهە بکرێت؟». ئینجا وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: بەڵێ!».

هیچینز، کە نووسەری ڕۆژنامەی «تایمز» ی لەندەن و چەندین چاپەمەنی دیکەیە، دەستنیشانی دەوری کیسینجر لە بۆمباردمانی خەڵکی بێدیفاعی ڤیەتنام، لائوس و کامبۆجیا، پشتگیری پیلان لە کوشتنی قەشە مەکاریۆس لە قبرس، بەرگریکردن لە سەرکەوتنی «ئالیندە» و هەوڵی دەسەلات پێدانی «پینۆشە» لە شیلیا و بە گشتی چەندین ڕووداوی دیکەی هاوچەشن لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٨ و ١٩٧٧دەکات.

نووسەر ئاوڕێکی کورت لە تراجیدیای کوردیش دەداتەوە و گەرچی بایەخی ئەوتۆی پێنادات بەڵام لە دەسپێکی کتێبەکەدا، دوای ئامازەکردن بە دەوری کیسینجر لە شەڕی ڤیەتنام، لائوس، کامبۆجیا، کارەساتی شیلیا، قبرس، بەنگەلادێش و تیموری ڕۆژهەڵات، دەنووسێ: جیا لەو تاوانانە، من دەمتوانی لە سەر مەسەلەی کورد و چۆنیەتی دڵگەرم کردنیان بە چەکدارکردن دژ بە سەددام حوسێن لە ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٧٥دا بدوێم و بڵێم چۆن ئەو کوردانە دوای لێدوانێکی تەلەفۆنیی سەددام حوسێن و شای ئێران بە دەستەقەست تەسلیم و قەلاچۆکران». هیچینز لە درێژەدا دەنووسێ: «ئاکامەکەی ڕاپۆرتی Otis Pike ــ ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکی، بێ تەفاوەتی و سارد و سڕیی کیسینجر بەرانبەر بە ژیانی مرۆڤ و مافی ئینسان ڕادەگەیێنن ــ ئەو ڕاستەقینەیەی کە ئاکامی سیاسەتی گەندەڵی «ریئال پۆلیتیک» ن و لەگەڵ هیچ یاسایەکی ناسراودا ناگونجێن».

ئەوەش ناوی کتێبەکە بۆ کەسانێک کە بیانەوێ بیخوێننەوە:

Christopher Hitchens, "The Trail of herny Kissinger", Verso Publications, London, New York, 2001.

شایانی باسە کە هەر ئەمساڵ کتێبەکە وەرگەڕاوەتە سەر زمانی فەڕەنسی و بە ناوی «جینایەتەکانی ئاغای کیسینجر» ەوە لە پاریس بڵاوبۆتەوە.

٢) هەر لە پێوەندی کیسینجردا، بێ سوود نابێت ئەگەر ئاماژە بە ڕووداوێکی دیکە بکەم. لە سەفەری مانگی جوونی ئەمساڵی کیسینجر بۆ فەڕەنسە، قازییەکی بەجەرگی دادگایەک لە فەڕەنسە بە شێوەی ڕەسمی داوای لێدەکا لە دادگا ئامادەبێت و وەڵامی پرسیارەکانی دادگا لەمەڕ کوژرانی ٥ لاوی فەڕەنسی و شیلیایی لە ماوەی کودەتای پینۆشە دژی ئالندە لە شیلیا بداتەوە. دیارە مەسەلەی کوژرانی پێنج کەس، بابەتێکی سیمبۆلیک بوو و لەو پێوەندییەدا دەوری کیسینجر و حکوومەتی ئەمریکی لەو ڕووداوانەدا دەکەوتەبەر موحاکەمە. هەربۆیەش کیسینجر دەست بەجێ فەڕەنسەی بەجێهێشت و دەرخۆنەش نرایە سەر ڕووداوەکە لە مێدیادا. بەڵام هەرچۆنێک بێت، هەواڵی ئەم کارە بۆ نموونە لە «لیبراسیۆن» ی هەفتەی کۆتایی مانگی ئۆگوستی ٢٠٠١ی ئەمساڵدا ڕاگەیێنراوە.

وەرگێڕ

## کۆتایی خودموختاریی کورد

وەک ئاکامێکی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەندەی ئەنوەر سادات زیاتر لە وڵاتە یەکگرتووەکان نزیک دەبووەوە، پێداگرتنی سۆڤیەت لە سەر عێراقیش بە هەمان ڕادە زیاتر دەبوو. بۆ یەکەم جار سۆڤیەت دەستی بە ناردنی تۆپخانەی قورس بۆ سەددام حوسێن کرد، کە ئەوەش ستراتیجی عێراقی دژ بە کوردان لە بنەڕەتدا دەگۆڕی. هەتا ساڵی ١٩٧٣، سوپای عێراقی تەنیا لە هاویناندا عەمەلیاتی لە چیاکان بەڕێوەدەبرد و لە سەرەتای زستاندا دەگەڕانەوە پێدەشتەکانیان.

لە زستانی ساڵی ١٩٧٤دا، بۆ یەکەم جار سوپای عێراقی لەم شوێنانەدا مانەوە کە بە هێرشی هاوین گرتبوویانن و قایمکارییان تێدا کردبوو. ئەوەش واتای ئەوەی هەبوو کە شەڕی هاوینی دادێ لە قووڵایی ناوچەکوردنشینەکانەوە دەست پێدەکات؛ بە ڕوونی دیاربوو کە عێراق دەیویست شوێنی قایمی کوردەکان تێکبشکێنێ. ئەم ستراتیجییە بوو بە هۆی نیگەرانی زۆر لە بەرئەوەی تۆپخانەی قورسی سۆڤیەتی توانای بە سوپای عێراقی دەبەخشی بۆ ئەوەی دەوری ئەو شوێنە قایمەی کوردان بدات کە تا ئەو دەم لە گیران نەدەهاتن.

عێراقییەکان لە ١١ی مارچی ١٩٧٤، ڕاست لەو ڕۆژەدا کە چوارساڵ پێشتر خودموختارییەکەیان پێشنیارکردبوو، پلانی نوێی خۆیان بۆ بەڕێوەبەردنی ناوچەکوردییەکان ڕاگەیاند. لە پلانەکەدا گەرچی بە شان و باڵی خودموختاریدا هەڵدەگوترا، لە ڕاستیدا پێشنیاری چاوەدێریی زیاتری سیاسی عێراقی [بە سەر ناوچەکەدا] دەکرد. ڕەفزکردنەوەی بارزانی پێشبینی دەکرا و پێشنیارەکەی بەغداش لە هەڕەشە دەچوو.

کاتێ چالاکی عەسکەریی دەستی پێکردەوە، هەموو وتووێژەکانی پێشوو لە سەر سیاسەتی کوردی لە واشینگتنیش سەری هەڵدایەوە. شا، چاوەترسێی ئەوەی دەکرد کە تێکشکانی کوردان تای تەرازووی هاوسەنگیی هێز لە عێراق دادێنێ و دەبێتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی لایەنە ڕادیکاڵ و سەر بە سۆڤیەتەکان لە ناوچە لە زیادیی بدات. شا، هەروەها مەترسی مەسەلەکەی بۆ سەر خەلیج و ئێران دەخستە بەرچاو.

● ئیسرائیلیش داواکاریی خۆی لەمەڕ یارمەتیدانی زیاتری کوردان ئاراستەکرد. لە ماوەی هاتوچۆی مانگی مەی ساڵی ١٩٧٤مدا، کە گەیشتە ئەنجامی بەرگری لە شەڕی بەرزاییەکانی گولان، «گولدامایەر» بەتایبەت چەند جاران مەسەلەکەی لە گەڵ مندا باس کرد.

● بارزانی گەلێک ئامادەی شەڕبوو. تێکچوونی وتووێژ لەگەڵ بەغدا دەرەتانێکی بۆ خولقاندبوو بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو بەند و بەستانەی وا لەلایەن هاوپەیمانەکانیەوە بۆی دانرابوو، شل بکاتەوە و دەسەڵاتی خۆی بە شێوەیەک دابمەزرێنێ کە گەرچی خۆی بە خودموختاریی دادەنا بەڵام جیاوازیی ئەوتۆی لەگەڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆدا نەبوو.

لە ڕۆژی ١٦/٣/١٩٧٤دا، بارزانی دوو هەڵبژاردنی لەمەڕ ستراتیجییە پێشنیارکراوەکانی خۆی خستە بەر دەستمان: [ساڵانە] ١٨٠ میلیۆن دۆلار بۆ خودموختاریی تەواو، یا ٣٦٠ ملیۆن دۆلار [یارمەتی] بۆ ئەو شتەی کە خۆی بە ژێرخانی «پێویست» بۆ سەربەخۆیی ناودەبرد.

بارزانی کەللەڕەقییەکی هەبوو کە بەبێ ئەو هەرگیز نەیدەتوانی چەند جار خەبات لە پێناو سەربەخۆییدا بەڕێوەبیات. لە بنەڕەتدا ئەم خەباتە هەمیشە دژ بە هێزە دەسەڵاتدارەکان بەڕێوەچووبوو و بە هۆی بڕوایەکی بەهێز و چەشنە گوێنەدانێکی حیساباتی ئاسایی لەمەڕ هاوسەنگیی هێزەکانەوە، تا ئەودەمیش هەر درێژەی کێشابوو. بۆی هەیە زۆرجاران ورەی بەرز بتوانێ ببێتە جێگری هۆگەلی ماددی، بەڵام ڕادەیەکی دیاریکراوی عەینی لەو دیاردانەدا هەیە کە هیچ خۆ بەختکردنێک ناتوانێ بیانگۆڕێ.

تەفسیری بارزانی لە خودموختاریی هەرگیز لەلایەن شا (و هەروەها تورکیا)وە پەسند نەکرابوو. وڵاتە یەکگرتووەکانیش لە سەر ئەو هەڵوێستە نەبوو کە خۆی بە تەنیا هەموو ئەو پارەیەی وا بارزانی داوای دەکرد ئاراستەی بکات، تەنانەت مەبلەغێک کە داخوازی دەکرد لەو ڕادەیە تێپەڕیبوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان گرتبوویە ئەستۆ. دیارە کۆنگرێسی ئەمریکی ساڵی ١٩٧٤، کە لە لووتکەی کارەساتی «واترگەیت»دا بە شێوەیەکی سیستماتیک یارمەتییەکانی هیندوچینی وەستاندبوو، بێگومان هەر چەشنە داواکارییەکی لەمەڕ زیادکردنی یارمەتیی دارایی بەربڵاو بۆ شەڕێکی چریکی لە چیاکانی عێراق و نزیک سنووری سۆڤیەتی دەدایەدواوە. هەروەها کارێکی بەجێ نەدەبوو ئەگەر شا مەجبوور بکرایە بە ڕادەیەکی زۆر دەست لە کاروباری وڵاتێک وەربدات کە هاوپەیمانی نزیکی سۆڤیەت بوو ـ لە کاتێکدا کە وڵاتەکەی خۆشی سنووری دوورودرێژی لە گەڵ سۆڤیەتدا هەبوو.

داواکاریی بارزانی بوە هۆی داباریینی لافاوی نامەی «کۆلبی» کە چاوەترسێی هەر چەشنە زیادکردنێکی یارمەتی ئەمریکای دەکرد. ئەم دژایەتییەی کۆلبیش ڕاست بەڕادەی داواکارییە توندوتیژەکەی بارزانی دوور لە واقیع بوو. هەموو چاوەدێرەکان لەگەڵ ئەوەدابوون کە ئەگەر ستراتیجیی نوێی عێراق بگیرێتە بەرچاو، ئەوا پرۆگرامی مەوجوودی ئەودەم ـ تەنانەت ئەگەر بە ئامانجی بەرگریش بوایە، هەر نادروست بوو. من وەک ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، هەوڵی زیادکردنی یارمەتی کوردانم دا و داوام لە «دیک هێلمز» و «برێنت سکۆکرافت» کرد پێشنیارێک ئاراستە بکەن.

«هێلمز» و «سکۆکرافت» لە سەرەتاکانی مانگی چواری ساڵی ١٩٧٤دا بۆچوونی خۆیان ڕاگەیاند کە بریتی بوو لە زیادکردنی یارمەتییەکان تاڕادەی نزیک بە دوو قات. یارمەتیی شاراوەی ئەمریکا لە ساڵی ٥ ملیۆنەوە گەیشتە ٨ ملیۆن دۆلار و ملیۆنێکیش بۆ یارمەتی پەنابەران. شا، مەوافەقەتی کرد کە یارمەتییەکانی خۆی لە ساڵی ٣٠ ملیۆنەوە بگەیێنێتە ٧٥ ملیۆن دۆلار. بریتانیا و ئیسرائیلیش یارمەتییەکانی خۆیان لە هەمان ڕادەی پێشوودا هێشتەوە. بۆ ئەوەی ستراتیجییەکی یەکگرتوو ـ ئەگەر نەکرێ «خواستی یەکگرتوو»ی پێ بگوترێ ـ بەرەوپێش بەرین، داوام لە «هێلمز» کرد بە شا و بارزانی ڕابگەیێنێت کە:

> «وەک دەبینین بەرژەوەندیی ئەمریکا لەوەدایە کە، ئا) یارمەتی کوردان بدرێت بۆ ئەوەی بنەمایەکی مەعقوولیان هەبێت تا بتوانن لەمەڕ ئاسرانی مافەکانیان لەلایەن حکوومەتی بەغداوە لەگەڵیاندا وتووێژ بکەن؛ ب) دەست و باڵی حکوومەتی عێراق

بیبەستریتەوە؛ بەڵام پ) نەک ئەوەی عێراق بە شێوەی دایمی دابەش بکرێت، لەبەر ئەوەی کە حکوومەتێکی سەربەخۆی کورد لە باری ئابوورییەوە ژیانی نابێت و ئەمریکا و ئێران سوودیان لەوەدا نییە کە دەرگای پێوەندیی باش لەگەڵ ڕێبەرایەتییەکی مەعقووڵی عێراق ببەستێن.»

ڕێگا و شوێنێکی هاوچەشن بە «کۆلبی»ش ڕاگەیێنرا. هەرچەند وادەردەکەوت کە هەمووکەس لە گەڵ ئامانجەکاندا هاودەنگ بێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤دا هەندێ لەو کەسانەی وا دەوریان لە مەسەلەکەدا دەبینی بۆچوونی جیاوازیان هەبوو. ڕێکخراوەی سیا ــ کە لەلایەن ئەمریکاوە بەڕێوەبەری ئیش و کارەکان بوو، کەوتە دۆخی بەڕێوەبردنی بەرنامەیەکی نوێوە؛ شا، لە کیش و ماتی بەرگریکردندا قەتیس مایەوە و بارزانی لە ڕێگەی ئەو یارمەتییانەوە کە ئاراستەی دەکرا و لە ڕاستیدا تەنیا بەشی داکۆکیکردن لە خۆی دەکرد، کەوتبوە شوێن ئەوەی سەرکەوت وەدەست بهێنێ.

موشکیلەی پرۆگرامی کۆلبی لەوەدابوو کە زیاتر بۆ ئەوە دارێژابوو بتوانێ بەرگریی لە چەرمەسەریی خولقاندنی کۆنگرێس بکات تا ئەوەی لە سەر زەوی بەرگری پێبکرێت؛ موشکیلەی ستراتیجی بارزانیش ئەوەبوو کە تەنیا بە هۆی شەڕی ئاسایی [سوپایی] یەوە دەکرا بگاتە ئەنجام ـ نەک بە هۆی شەڕی چریکییەوە؛ موشکیلەی ستراتیجی کاخی سپی و ئێرانییەکانیش لەوەدابوو کە خودموختاریی کورد پێویستی بە چارەسەرکردنی خێرا و دایمی هەبوو؛ چارەسەرکردنێکی ئەوتۆش دژ بە ویستی دوژمنێکی خاوەن ئیرادە، لە ڕێگەی عەمەلیاتی نهێنییەوە ئەستەم بوو بگاتە ئەنجام.

بەگشتی، بەڕێوەبردنی ئیش و کار لەلایەن کوردانەوە شێوازێکی ئەوتۆی هەبوو کە ئەستەم دەتوانرا نیازە ڕاستەقینەکانیان بەراورد بکرێن؛ هەندێ جار بە تەواوەتی داماو دەهاتنەبەرچاو و گەلێ جاریش سەرکەوتوو و کەیفخۆش بوون. بۆ نموونە، شا لە ١٩٧٤/٧/٢٧دا داواکارییەکی بە پەلەی بارزانی بۆ یارمەتی پێشکەش کردین و چاوەترسێی خۆشی لەمەڕ ئەنجامی مەترسیداری تێکشکانی بەرەکانی کوردان ــ لە ئێران و سەرتاسەری خەلیجدا ــ خستەسەر.

چەند حەوتوویەکی پێنەچوو کە لە سەرەتای مانگی ٩دا بارزانی پێشنیاری هێرشکردنە سەر ناوچە نەفتییەکانی کەرکووکی پێکردین. ئێمە لە ٩/١٨ دا پێشنیارەکەمان دایەدواوە لەبەرئەوەی نەماندەویست زنجیرەیەکی تر لە توند و تیژی نواندنی دامەزراوە نەفتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخولقێنین و بیکەینە سەرباری ئەو قەیرانە نەفتییە ئەستەمەی وا خۆی ئەودەم لە ئارادابوو. بەڵام زەختی ناوبەناوی بارزانی بۆ هێرشکردنی کوردان، ڕوانگەی ئەو لایەنانەی بە هێزتر دەکرد کە دژ بە یارمەتیدانی زیاتر دەوەستان و ئیجازەی پێدەدان بڵێن ئەگەر کورد داوای چەکی زیاتر بۆ هێرشی مەزن دەکات، ئەوا دەبێ ئیمکاناتی بە ڕێ و جێشی بۆ داکۆکیکردن لە شوێنەکانی خۆی هەبێت.

لەباری تیۆرییەوە، هاوینی ١٩٧٤ کاتێکی بەڕێ و جێ بۆ پێداچوونەوەی بارودۆخەکەبوو. هەرچۆنێک بێت، دوو کۆسپ لە سەر ڕێگەمان بوو تەنیا ئەوانەی لە دەرەوەی مەسەلەیەک وەستابن دەتوانن



خوالێخۆشبوو «موستەفا بارزانی»

بەرانبەر بەو ڕووداوانەی وا لە کاتی ناچاریدا بەڕێوەدەچن، ڕەنگدانەوە بنوێنن.

هاوینی ١٩٧٤ دارماڵی قەیران بوو؛ زۆرێک هەبوون کە هاواری یارمەتی دەرەوەییان دەکرد: هاتوچۆی سووریا لە مانگی مەی دا؛ سەفەری سەرەک کۆمار بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەکیەتی سۆڤیەت لە مانگی جوون دا؛ قەیرانی قبرس لە مانگی حەوتدا؛ هەڵسەنگاندنی سەرەک کۆماریی نیکسن لە مانگی هەشتدا و؛ پاشان ڕاگواستن، قبرس، مەسەلەی لابردنی ئاڵۆزیی، تێکشکانی بەرنامەی بازرگانی، سیاسەتێکی بە برەو لەمەڕ دامەزراندنی بارودۆخ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، لە کۆتاییدا سەرهەڵدانی تراجیدیای هیندوچین.

کاتێکی کەم هەبوو بۆ ئەوەی ڕێبازمان لەمەڕ ناوچەی دووردەستی کورد بە شێوەیەکی سیستماتیک دیراسە بکەین. لەوەش زیاتر، تەنانەت ئەگەر سیاسەتدانەران تووشی هیچ دژایەتییەکی دیکەش نەهاتبایەن، گومانم هەیە بیانتوانیبایە بە شتێکی باشتر لە پرۆگرامەکەی ئێمە بگەن. ئەگەر ئێمە لە ساڵی ١٩٧٢ دا پرۆگرامی نهێنیمان بەڕێوە نەبردایە، کورد گەلێک زوو تێکدەشکێنران.

ماوەی دوو دەیە تێکەڵاویی، دەرەتانی ئەوەی پێدەداین ئاسیاوی شێوازەکانی سەددام حوسێن بین و هیچ گومانمان لەوەدا نەبوو کە کورد نەیاندەتوانی لە ڕێگەی ملدانەواندنەوە چارەنووسی خۆیان بگۆڕن. هەڵبژاردنەکانی ئێمە هەتا هاوینی ١٩٧٤یش باشتر نەبووبوون. خۆ ئەگەر ڕێنوێنەییەکانی سیامان پەسند بکردایە و یارمەتی زیاترمان ئاراستە نەکردایەن، ئەوا کوردان بێگومان تێکدەشکان.

ئێمە ئەو هەڵبژاردنەمان نەبوو کە پشتگیریی زۆری شەڕێک بکەین وا لەباری مەنتیقییەوە ئەستەم و دووردەست و بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئەمریکاش دوور لە تێگەیشتن بوو. ئەویش لەبەر ئەو هۆیەی کە سەرکەوتنێک وا جێگەی داخوازیی بارزانی بوو، پێویستی بە دەستێوەردانی زۆری ئێران و پشتگیریی زۆر لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکان دەکرد. بەڵام لە کەش و هەوایەکدا کە ڤیەتنام لەرزۆک ببوو، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەقامگیر نەبوو و سیاسەتی لابردنی ئاڵۆزیی کەوتبوە ژێر

هێرشکارییەوە، کردنەوەی بەرەیەکی نوێ، چارەنووسی هاوپەیمانێکی دیکەمانی بە بێ پەروایی دەخستە مەترسییەوە و بێگومان لەلایەن کۆنگرێسیشەوە دەدرایە دواوە.

کاتێ من لە ڕۆژی ١٩٧٤/٨/٢٦دا، کورتەیەکی عەمەلیاتی کوردیم بۆ سەرەک کۆماری نوێ باس کرد، ئاگادارم کردەوە کە شا نیازی هەیە هێزی سوپایی بنێرێت [ە کوردستان] (ناوبراو پێشتریش یارمەتیدەرانی ناردبوە ئەوێ کە جلوبەرگی کوردییان لەبەرکردبوو). بەڵام چاوەترسێی ئەوەم لێکرد کە لەبەر هەر هۆیەک کرابێت، ئەم کارە گەلێک کارێکی بەربڵاوە و گەلێکیش جێگەی مەترسی یە. ئەگەر «فۆرد» فەرمانێکی جیاوازی پێ نەدایەم، ئەوا مەیلی خۆم ئەوە بوو پێشنیارەکە بدەمە دواوە، خۆ سەرەک کۆماریش پەسندی کارەکەی [شای] نەکرد.

من لە چوار ڕێیانێکدا مابوومەوە و گەیشتبوومە دوو چارەسەری ناگوزیر. یارمەتییەکی دارایی زۆر و بەردەوامان ئاراستەی کوردانی پەنابەر کرد. لە ٢٦ی ئۆگوستیشدا فۆرد پەسندی ئەو گەلاڵەیەی کرد کە باڵوێزی ئیسرائیل Simcha Dinitz و من چەند هەفتەیەک بوو بە ئامادەکردنیەوە خەریک بووین. گەلاڵەکە بریتی لەوەبوو کە ئەو چەکە ڕووسییانەی وا ئیسرائیل لە شەڕی ساڵی ١٩٧٣دا کەوتبوە دەستی، بدات بە کورد و ئێمەش لەبری ئەو، چەک و کەرەسەی ئەمریکی بدەینە ئیسرائیل (ئەوەش بوەهۆی سەرهەڵدانی نارەحەتییەکی زۆر، کە پێویستی بە چەندین مانگ وتووێژی نێوان دائیرە حکوومەتییەکان دەکرد). لە کۆتاییشدا، نزیکەی ٢٨ ملیۆن [دۆلار] کەرەسەی سۆڤیەتی ڕاگوێزرا تا ئەو جێیەی کە ئیتر ئیسرائیلییەکان چەکی موناسیبی شەڕ بۆ خاکی کوردیان لە دەست بوودەوە.

پایزی ساڵی ١٩٧٤بوو، هێرشی عێراق بۆ سەر کورد لە زیادی دا، ئێمە داواکاریی زیاتری کوردانمان لەمەڕ یارمەتیی زیاتر پێدەگەیشت کە زیاتر لەلای شای ئێرانەوە ئاراستەمان دەکرا. سیا دژ بە هەموو ئەو داواکارییانە دەوەستا، بۆ نموونە لە ئوکتۆبری ١٩٧٤دا، کۆلبی ڕاپۆرتی ئەوەی ڕاگەیاند کە باشترین هێڵی پێوەندیی بارزانی بۆ یارمەتی وەرگرتن لە ئێران، هەروەها شوێنی سەرەکی ئیدارەکەی کەوتوونەتە مەترسییەوە. بەهەرحاڵ، پێی گوترا کە: «ڕادەی پشتگیریی ئێمە بەرزتر نابێتەوە» لەبەرئەوەی واهەبوو نهێنیکاریمان لێ تێکبدات و نهێنیکاریش لە داواکانی کورد گەلێک گرینگتر بوو:

«دەسگرۆیی ئێمە لە بارزانی لە ماوەی ساڵانی دارایی ١٩٧٣، ١٩٧٤ و ١٩٧٥دا، سەرجەم دەگاتە ٢٠ ملیۆن دۆلار و زیاد لە ١٢٥٠ تەن کەرەسەش دەگرێتەبەر... ئێرانییەکان دەتوانن هەموو چەشنە یارمەتییەک کە کورد پێویستی پێی هەبێ ئاراستە بکەن و سیا وای بە باش دەزانی کە یارمەتیدانی کوردان بۆ ئێران بە جێ بهێڵرێ».

بەڵام ئەگەر شا ڕادەی ٧٥ ملیۆن دۆلار ڕ یارمەتی خۆی تێپەڕکردبێ کە تا ئەودەم ئاراستەی [کوردانی] کردبوو، ئەوا تووشی هەمان موشکیلە دەبێت کە ئیسرائیل تووشی هات. جا ئەگەر بێتوو ئێمە چەکی جێگری بۆ نەنێرین، ئەوا ئەو خۆی لاواز کردووە و ئەگەریش ئەم کارە بکەین، دەکەوینە شەڕێکی بێ ئەنجامەوە لەگەڵ کۆنگرێس.

## تێکشکانی بەربەرەکانیی کورد

ئا لەم شوێنەدا بوو کە عێراق لە سەرخۆ بەڵام بە قورس و قایمی دەهاتەپێشەوە و شا، بەبێ ڕاگەیاندن و کوتوپڕ، تۆپی نێو دەستی خۆی فڕێدا. ئەو، دەسەڵاتی ئیدارەی وڵاتە یەکگرتووەکانی بینیبوو، کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابوردوودا بەرەو لاوازیی چووبوو. شا، هیچ کاتێ دژایەتی بڕیاری جۆربەجۆری ئێمەی لەمەڕ یارمەتیدانی کوردان نەکردبوو، هۆکاریی ئەم بڕیارەی شا وا هەیە ئەوە بووبێت کە گومان کردنی لە ئیرادەی بەهێزی ئێمە، شوێن لە سەر پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا دابنێت و ئەوەش لە کاتێکدا بوو، کە هەموو بەرنامەیەکی ئاسایشیی وڵاتەکەی خۆی لە سەر بناغەی ئەو پێوەندییانە دانابوو. بەڵام بڕینی یارمەتیی داراییمان لە هیندوچین ڕاست لەوکاتەدا، هیچ پاڵی بە شاوە نەدەنا ئێران بخاتە شەڕێکی ئاشکرای دژ بە عێراقەوە کە ئەوەش تاقە ڕێگایەک بوو لە بەردەم مابوودەوە یاخود ئەوەی گوێ نەداتە سنووری دوورودرێژی [وڵاتەکەی] لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت بەبێ زامنکردنێکی پتەو لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، ئێمەش لە هەلومەرجێکدا نەبووین کە بتوانین [زامنێکی ئەوتۆ] ئاراستە بکەین.

هەر بۆیە بوو، کە شا بڕیاری دا بە نهێنییەکی سیاسەتمەدارانە پاشەکشە بکات. لە چاوپێکەوتنی ١٨ی فیبرەوەری ١٩٧٥ لە زوریخ و کاتی کۆتایی هاتنی سەفەری «دەرخستن»ی کێشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستمدا، شا، بەبێ هیچ ڕاگەیاندنێکی پێشتری مەسەلەکە، پێی گوتم کە خەریکی پێکهێنانی وتووێژێک لەگەڵ سەددام حوسێنە. منیش ڕاپۆرتی مەسەلەکەم بەم شێوەیە بە فۆرد ڕاگەیاند:

«شا، لەوەڵامی پێشنیاری ئاشتیی عێراقدا، خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ چاوپێکەوتنی پیاوی بەهێز واتە سەددام حوسێن. شا گوتی ناتوانێ قەبوڵی حکوومەتێکی خودموختاریی کورد بکات کە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی کۆمۆنیستی عێراقدا بێت. ئەو دڵنیا نییە لەوەی عێراقییەکان هەندێ ڕووداو لە سەر سنووری ئێران و عێراق بخوڵقێنن کە ببێتە هۆی ئەوەی مەسەلەی کورد ببێ بە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی؛ مەسەلەکە بە شۆڕای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕاگەیێنراوە ــ کە بە بڕوای ئەو لەو پەڕی بێ کەڵکیدایە. بە کورتی وا دەردەکەوێ کە ناوبراو لە جیهەتی تێگەیشتن لەگەڵ عێراقدا لە مەسەلەی کورد بچێتەپێشەوە، بەڵام نازانرێ ئەوەی تاچ ڕادەیەک بۆ دەلوێ. لە عەینی کاتدا، شا دەیەوێ درێژە بە یارمەتیدانی کوردان بدات.»

من ئەو مەترسییانەم وەبیری شا هێنایەوە کە خۆی لەمەڕ تێکشکانی کوردان دەیخستەبەرچاو و دەیگوت ناوچەکە تووشی ئاڵۆزیی دەکات. هەروەها گوتم ئەو زامنەی وا سەددام لەمەڕ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان دەیدات بێ بایەخن لەبەر ئەو ڕاستییەی کە سۆڤیەتییەکان پاشەکشەکردنی ئێران بە لاوازیی زیاتری ڕۆژئاوا دادەنێن، دوور نییە کاری سەرشێتانەیان تەنانەت لە بەرەکانی شەڕیشدا بەرەو زیادی بڕوات. ڕەخنەکانی من وێدەچوو زانایانە بووبێتن.

لەبەرئەوەی کوردان چیتر بە هۆی پرۆگرامی نهێنیی ئێمەوە نەدەپارێزران،

درێژەی خەباتیان پێویستی بە خۆ تێهەڵقوتانی زۆری ئێرانییەکان دەکرد، بۆ ئەم کارەش کەم یا زۆر پێویست بە دوو لەشکری ئێرانی و بودجەیەکی ساڵانە ۳۰۰ ملیۆن دۆلاری هەبوو. هەروەها ئێرانییەکان دەبوایە سەیری میدیای ئێمە بکەن و بزانن چۆن لەمەڕ هیندوچین دەدوێین و تێبگەن کە لەوێ هیچ پشتیوانییەک بۆ ئەم سیاسەتە لە ئارادا نییە. لە ۲۲ی فیبریوەری ـ ماوەیەکی کەم دوای چاوپێکەوتنم لە گەڵ شادا، سدێنیتزسم ئاگادار کردەوە:

«ئەو [شا] لەوە دەترسێ کە کورد ئیتر توانای نەمابێت. ئەگەر لە نزیکێک چاویان بەیەکتر بکەوێ، ئەوا دوور نییە لە بەرانبەر «ڤیتۆ»ی بارزانی لە حاڵەتی وەدەرنانیدا لەگەڵ عێراقییەکاندا بکەوێتە وتووێژەوە. من بە توندی لەمەڕ ئەو مەسەلەیە وشیاریم پێ دا».

لە ۹ی مارچ، دوای ئەوەی پێکهاتنی شا و سەددام ڕاگەیێنرا، ئەم شتانەم بە وردی بە [ئیسحەق]رابین ڕاگەیاند:

«ناوبراو لە زوریخ بە شێوەیەکی ڕیاکارانە پێی گوتم: "ئەگەر چاوم بە سەددام دەکەوێت..."، ئینجا ئەو بابەتانەی وا ئێستا لە پێکهاتنەکەدا هاتووە، هەمووی وەک بیرۆکەی خۆی ڕاگەیاند ـ بەتایبەت فکری ئەوەی کە عێراقییەکان زامنی ئەوە بکەن هیچ کۆمۆنیستێک [لە ناوچەی خودموختاریی کورد] دانەنێن».

شا ئەوەی نەگوت کە سات و سەوداکەی بە ڕێگەوەیە یاخود داوای کۆنترۆڵی تەواو و کەماڵی عێراق بە سەر ناوچە کوردنشینەکاندا دەکات. وەک ئەنجامی ئەوەش، من هەر درێژەم دا بە هاندانی بارزانی و لە ۲۰ی فیبرەوەری دا وەڵامی نامەیەکم دایەوە کە داوای چاوپێکەوتنی منی کردبوو:

«من گەلێک بە وەرگرتنی نامەی ۲۰ی جانیوەریتان خۆشحاڵ بووم. دەمەوێ ئاگاداری ڕێزی خۆمانتان بکەمەوە بەرانبەر بە خۆتان، گەلەکەتان و هەوڵی ئازایانەتان لە پێناو ئەو تەنگوچەڵەمە گەلێک دژوارانەی وا ڕووبەڕووتان بۆتەوە. ڕێزی هەڵسەنگاندنتان لەمەڕ بارودۆخی نیزامی و سیاسی دەگرم کە خوێندمەوە. دەتوانن دڵنیا بن کە پەیامەکەتان لە بەرزترین پلەکانی ولاتە یەکگرتووەکاندا دەکەوێتە بەر سەرنجی جیددی و ئەوەش بە هۆی گرینگییەکەیەوە کە ئێمە پێی دەدەین. ئەگەر بتانەوێ نوێنەرێکی باوەڕپێکراو بنێرنە واشینگتن و زانیاریی زیاتر لەمەڕ بارودۆخەکە بدەنە حکووتی ولاتە یەکگرتووەکان، ئەوا ئێمە شانازی و پێخۆشیمان بۆ میوانداریی کردنی دەبێت.»

زیاد لە دوو هەفتە پاش ئەوە وکاتێ لە ٦ی مارچدا خەریک بووم خۆم بۆ سەفەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئامادەبکەم، شا بە ڕاگەیاندنی هەواڵی ئەوەی لەگەڵ سەددام حۆسێندا گەیشتۆتە پێکهاتنێک و بە گوێرەی ئەو ئیتر کوردی بەجێهێشتووە، گێژی کردین. لە بەرانبەر دانپێدانانی عێراق بە سەر چۆمی شەتتولعەرەبدا ـ کە ڕووبارێکە سنووری ئێران و عێراق دیاری دەکات. شا سنوورەکانی خۆی داخست و هەرچەشنە یارمەتییەکی کوردانی وەستاند.

کردەوەی شا لە باری مرۆڤایەتییەوە بێبەزییانە بوو و جێگەی هیچ

**تەفسیری بارزانی لە خودموختاریی هەرگیز لەلایەن شا (و هەروەها تورکیا)وە پەسند نەکرابوو. ولاتە یەکگرتووەکانیش لە سەر ئەو هەڵوێستە نەبوو کە خۆی بە تەنیا هەموو ئەو پارەیەی وا بارزانی داوای دەکرد ئاراستەی بکات، تەنانەت مەبلەغێک کە داخوازی دەکرد لەو ڕادەیە تێپەڕببوو کە ولاتە یەکگرتووەکان گرتبوویە ئەستۆ.**

**بەڵام هەر ئەوەندەی کە سەددام حوسێن هێرشی دەرکردنی هەمووانی بەڕێوەبرد، نوێنەرانی سیا لە ناوچەکە بە هۆی تراجیدییەکەوە کە لەبەرچاویاندا دەقەوما، دەست و پێی خۆیان ون کرد.**

داکۆکی کردنێک نییە؛ بەلام لەلایەنی هەڵسەنگاندنی لەسەرخۆیانەی ئاسایشی ئێرانەوە، بڕیارەکەی بۆ ئەوە دەبێ لێی تێبگەی ـ هەرچەندە بەئازاریشەوە بێت. ئێستا ئیتر تەنیا دەستێوەردانی بەربڵاوی ئێران دەیتوانی کوردان رزگار بکات؛ مەسرەفی کارەکەش لە ڕادەی ئەو ۳٦۰ ملیۆنە تێپەڕی کردبوو کە بارزانی لە ساڵی ١٩٧٤دا داوای دەکرد.

ولاتە یەککگرتووەکان کە لە توانەوەی هیندوچیندا خنکابوو، نەیدەتوانی تەنانەت بیریش لە کردنەوەی بەرەیەکی نوێی سوپایی بکاتەوە و خۆ ئەگەر شێوازی کاری کۆنگرێس بگیرێتە بەرچاو، تەنانەت پشتگیریکردنی سیاسیش دژوار دەبوو. من گوێم نەدایە کاری شا و لەوەش کەمتر گوێم دایە شێوازە فێڵبازانەکەی. لە ۱۰ی مانگی مارچدا تێلگرافێکی سارد و سڕم بۆ نارد؛ لە تێلگرافەکەدا پشتگیرییەکی ئەوتۆی کردەوەییم نەکرد و گوتم گومانم هەیە سوودی بۆ خۆیشی هەبووبێت:

«سەبارەت بەمەسەلەی کورد من هیچی ئەوتۆم نییە لەو قسانەی زیاد بکەم وا لە چاوپێکەوتنی ئەم دواییانەدا گوتم. ئاشکرایە خاوەنشکۆتان دەتوانێ لەمەڕ قازانجی گەلەکەی بڕیار بدات. سیاسەتی ئێمە ئەوە دەبێت کە وەک هەمیشە پشتگیریی ئێران وەک دۆستی نزیک و وەفاداری ولاتە یەکگرتووەکان بکەین. دیارە من بە گرینگایەتی زۆرەوە سەرنج دەدەمە گۆڕانکارییەکانی پێوەندیی عێراق ـ ئێران و سیاسەتی عێراق لە ناوچەکەتان بە گشتی و بەنیسبەت یەکیەتی سۆڤیەت بەتایبەتی.»

کاتێ هەموو شت تەواو بوو، قارەمانانی بەربەرەکانیی دواکەوتووانە، بێبەزییانە کەوتنە گیانی بەڕێوەبەرایەتی فۆرد و بەتایبەت من ـ بە ناوی ئەوەی کە «کوردم بەجێهێشتووە». بەڵام ئەوە شا بوو کە بڕیاری دا و ئێمە نە پێکهاتنێکی ئەوتۆمان هەبوو، نە ستراتیجییەک کە پێشی کارەکەی پێ بگرین. ئەو چارەسەرەش کە هەندێ لە ڕەخنەگرانمان پێشنیاریان دەکرد ـ کە دەبوایە بە هۆی بڕینی یارمەتییەوە هەڕەشەمان لە شا بکردایە ـ هیچ واتایاکی نەبوو. ئێمە چۆنمان دەتوانی زەخت بخەینە سەر هاوپەیمانێکی سەرەکیمان بۆ ئەوەی خۆی بە تەنیایی عەمەلیاتێکی عەسکەریی بەڕێوە ببات و ـ ئەوەش تاقە شتێک بوو کە دەکرا لە جێگەی کارەکەی شا

دابنرێت ــ لە کاتێکدا کۆنگرە یارمەتی ئەو هاوپەیمانانەی دەوەستاند وا چەقۆ لە سەر ملیان ڕاگیرابوو؟

ڕووداوەکانی دوای ڕووخانی حکوومەتی شا، بایەخی داوەریکردنەکانی ئێمەی دەرخستووە کە ئێرانێکی دۆست لە هاوسەنگیی ناوچەیی و جیهانیدا پێداویستییەکی تەواو بوو. منیش بە هێرش کردنی سیاسی بۆ سەر شا یاخود بڕینی یارمەتیمان لە ئێران، ئەگەر هاوپەیمانێکی سەرەکی خۆمانم لە گرێژنە ببردایە، دەبوومە کەسێکی بێ خەیاڵ و دوور لە بەرپرسی.

بەرپرسایەتی ئێمە لەمەڕ داکۆکی کردنی ئێران، چاکەیەک نەبوو کە ئەگەر پێی خۆشحاڵ نەبین وەری بگرینەوە، بەڵکوو دەربڕینی بەرژەوەندیی جینۆ پۆلیتیکاڵی خۆمان بوو. دەنا من دەبوایە ببمە بینەری بە کوێلەبوونی خەڵکێکی دۆستی دیکەمان و ئاگاداریش بووم لەو ڕاستییەی کە لە کاتێکدا دەتوانرێ کردەوەی شا وەک بیانوویەک بەکار بهێنرێ، هۆی مەسەلەکە ئەو قەیرانە ناوخۆییەی خۆمان بوو، کە تەواو پەکی خستبووین. کاتێ بەربەرەکانیی کورد تێکشکا، مانۆڕی ئاسایی و شێوازپێدراوی واشینگتن بۆ دابەشکردنی سەرکۆنەکردن دەستی پێکرد.

کۆلبی یەکەم کەس بوو کە دەبوایە قسەی لێ ببیسترایە. ناوبراو لە ١٣ی مارچدا کەڵکی لە داواکارییەکی بارزانی لەمەڕ یارمەتیی ڕاستەوخۆی ئەمرکا وەرگرت بۆ ئەوەی بڵێ سیا لە سەرجەمی مەسەلەکە بە دوور بووە. کۆلبی نووسی: لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئەمریکا ئەوەبوو کە یارمەتی لە ڕێگەی ئێرانەوە ئاراستە بکات، ئێستا کە بەربەرەکانیی کورد تێکشکاوە، ئیتر ناردنی هەر چەشنە یارمەتییەکی ڕاستەوخۆ کەمتر دەتوانێ جێگە داکۆکی کردن بێت لەوەی پێشتر ئاراستەمان بکردایەن».

ناوبراو گومانی لەوەدا دەکرد کە شا ــ کاتی خۆی یارمەتییەکانی بارزانی وەستاندووە ــ ئامادە بێت درێژە بەگەیاندنی «سووک و سانا» ی یارمەتییەکانی ئێمە بدات. ئینجا بۆ ئەوەی کاتی پێویستی پێبدرێت، کۆلبی جەختی لە سەر ئەوە دەکرد کە داواکاریی کورد [لەمەڕ یارمەتیی خێرا]، پێویستە دوای گەڕانەوەی من لە سەفەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیراسە بکرێت و دیارە لە ڕێگەی سەرچاوە ئاسایشییەکانی خۆیەوە بە باشی دەیزانی کە ئەودەم ئیتر گەلێک درەنگ دەبێت.

لە عەینی کاتدا کۆلبی گوتی لەبەر ئەوەی کوردان گەلێک ئیحساساتی و بێ ئیحتیاتن، با یارمەتی مانگی مارچی «سیا»شیان پێ بدرێت ــ کە لەچاو ئەو تراجیدیایەی وا خەریک بوو بە سەر کورد بێت ــ چارەسەرێکی بچووک و بێ ڕێز بوو. کاتێکیش کە شتەکە ڕوویدا، نوێنەرانی کۆلبی لە ناوچەکە نەیاندەتوانی خۆیان ڕازی بە هەڵسوکەوتێکی وا خەمسارانە بێن. تا ئێرە، ئەوان بەبێ ئیستیسنا دژ بە زیادکردنی یارمەتی کوردان بوون و لایکەم ئەو مەسەلەیە لە نامەکانی کۆلبی بۆ کاخی سپی دەردەکەوت. بەڵام هەر ئەوەندەی کە سەددام حوسێن هێرشی دەرکردنی هەمووانی بەڕێوەبرد، نوێنەرانی سیا لە ناوچەکە بە هۆی تراجیدیایەکەوە کە لەبەرچاویاندا دەقەوما، دەست و پێی خۆیان ون کرد. کاتێ من لە هاتوچۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووم، چەندین داواکاریی ڕێبەرانی کوردیان لەمەڕ یارمەتی دەست بەجێ پێڕاگەیاندم و کاتێ کە داواکارییەکان بێ وەڵام مانەوە، کارەکەی خۆیان بە یادداشتێکی سەرکۆنەکردن کۆتایی پێهێنا.

وەک لە مەسەلەی هیندوچینیشدا هاتە پێشەوە، ناوی یارییەکە بریتی بوو لە خەتاخستنەسەر خەڵکی تر و دائیرەکەی من ڕاست ئەو شوێنە بوو کە تۆمەتکارییەکان ڕوویان لێی بوو. بۆ ماوەی ساڵێک هەر یارمەتییەکی زیادیی ئەمریکا بە کورد درابێت، ئەنجامی ئەو زەحمەتەی من بووە کە بە سەر دژایەتی نواندنی سیادا زاڵ دەبوو؛ ئەوەش کە ئیتر وەڵامی داواکاریی خێرای یارمەتییەکانم نەدەدایەوە لەبەر ئەوەبوو کە هیچم نەبوو بیڵێم و نووسەران [ی نامەکان] دەیانزانی کاتێ کە سنووری ئێرانمان لە سەر داخرا، ئیتر هیچ یارمەتیدانێکی دەست بەجێ لە گونجان نەدەهات.

قەیرانی کورد گەیشتە ئەنجامێکی تاڵ ــ وەک لە ماوەی ٢٠ ساڵ دوای ئەویش لەبەر هەندێ هۆی کەم بایەختر بە هەمان شێوە درێژەی کێشا: جوغرافیایەکی یاساخکراو، بوونی هاندەری ناتەبا لە وڵاتانی دراوسێ و ڕوانگەی نەگونجاوی نێو خودی کۆمەڵگای کورد.

ئەوانەی وا دواتر بە خێرخواییەوە قسەیان لە «بەدگومانی» و «خەیانەت» [ی ئێمە] دەکرد ــ لێرەدا بێدەنگ مابوونەوە و لەوەش خراپتر هەرگیز لەمەڕ تراجیدیایەکی مەزنتری وەک ئەوەی لە هیندووچین هاتەکایەوە، بەرنامەیەکی جێگری ئەوتۆیان نەخستە بەرچاو کە ئێمە بمانتوانیایە بەڕێوەی ببەین.

وەک بابەتێک بۆ توژینەوە، تراجیدیای کورد کەرەسەمان بۆ ئاکام وەرگرتنێکی زۆر دەداتێ: پێداویستی ڕوونکردنەوەی ڕاستەقینەکان هەر لە سەرەتاوە؛ گرینگایەتی پێوەندیدانی ئامانجەکان بە دەرەتانی گونجاوەوە؛ پێداویستی پێداچوونەوەی ماوە بە ماوەی عەمەلیات و، گرینگایەتی هاوکاری لە نێوان هاوپەیمانەکاندا. هەموو ئەو نموونانە لە ڕاستیدا، جارێک لێرە و جارێک لەوێ ــ با بە دیقەتی پێویستیش نەبووبێ، بەکارهێنراون، بەڵام بەکارهێنانیان لە بارودۆخی نزیکدا، سابتیان کردووە کە کاتی و تێپەڕ بن.

لەبەر چەندین هۆی جیاواز، ئێمە نەماندەتوانی ئەو یارمەتییانەی وا بۆ سەرکەوتن [ی کوردان] پێویست بوون ئاراستە بکەین؛ لەوەش زیاتر ئێمە نەماندەویست [کوردان] ڕووبەڕووی ئەنجامەکانی خۆکێشانەوە بێن. هەربۆیەش هەوڵی ماتکردنی سوپایی و پاشەکشەکردنی وردەوردەی دوژمنمان دەدا. ئەوەی وا لە کاتی دەستپێکردنی پرۆگرامی کورداندا نەدەزانرا ئەوە بوو کە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان دەتوانن دەسەڵاتی مانەوەمان [لە ناوچەکە] بەربەست بکەن. تەنانەت بە ئاوڕدانەوەی دوو دەیە، من جێگری ئەو کارانەم پێ باشترن کە ئێمە ئەودەم هانی بەڕێوەچوونیانمان دا و تەنانەت لەوە کەمتریش.

ئەگەر ئێمە عەمەلیاتی کوردیمان لە ساڵی ١٩٧٢دا بدایەتە دواوە و لێ بگەڕایەین کە هێزەکانی عێراق بە خەلیجەوە خەریک بن، وا هەبوو کاروباری دیپلۆماسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەیشتایەتە ئەنجامێکی تەواو جیاواز، بەتایبەت لە ماوەی شەڕی ساڵی ١٩٧٣ و دوای ئەویش. دیارە ئەو قسەیە بۆ گەلی کورد ــ ئەو قوربانییە هەمیشەییەی مێژوو ــ هیچ دڵدانەوەیەکی تێدا نییە.

تەواو

# جەنگ و جینۆساید
# و
# سامانی هۆشی نەتەوەیی کورد

مەهاباد قەرەداغی

جەنگ، گەورە بێ یان بچووک، ناوخۆیی بێ یان ناوچەیی و جیهانی، بارودۆخێکی نائاسایی دەخوڵقێنێ و کەشێکی نائارام و نادڵنیا دێنێتەئاراوە. هەلومەرجی ژیان لەوبارودۆخە نائاساییەدا دژوار و، باری دەروونی مرۆڤ ئاڵۆز دەبێ. هیچ گومان لەوەدا نییە کە جەنگ و ئاکامەکانی جەنگ چەند و چۆن کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر کەسایەتی مرۆڤ بە گشتی بەجێدەهێڵن. لە سەختترین شێوەیدا و لەبەرە هەرە ترسناکەکانی جەنگدا کاریگەری ترس و تۆقین دەگاتە رادەی لەدەستدانی وزەی فیزیکی و دەروونی مرۆڤ، مردن و کەمئەندامبوون لە ئاکامە نێگەتیڤە فیزیکییەکانی شەڕن و نەخۆشییە دەروونی و عەقڵییەکانیش لە ئاکامە دەروونییەکانن. ئەمە ئەگەر لە ریزی پێشەوە، یان بەرە گەرمەکانی جەنگدا بێت، کە ئەمڕۆ بەهۆی داهێنانی مۆدێرنی چەک و بەرهەمەکانی جەنگ دوورترین مەودا دەتوانێ ببێتە بەرەی جەنگ. لە ریزەکانی پشتەوەی شەڕیش هەژاری و برسێتی و گرانی و پەتا و نەخۆشی تری دەروونی و جەستەیی وەک ئاکامە ئاساییەکانی شەڕ ژیانی مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە. هەرگیز شەڕ ئاکامی چاکە و پۆزەتیڤی بۆ مرۆڤایەتی نەبووە و نابێ، بەڵام بۆ نامرۆڤایەتی سوود و دەسکەوتی بێئاماری هەبووە و دەبێ. هۆی ئەوەیە لەم جیهانەدا جیاوازی ستانداردی ژیان، ناوەندی تەمەن، رادەی ئارامی و پێشکەوتن لە ولاتێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. هەروەها لە هەندێ ولاتدا مرۆڤ لەبەر برسێتی وشک دەبێتەوە، لە هەندێکی تردا لەبەر دانەبەزینی نرخی خواردن، یان بۆ بنبڕینی بەربەرەکانیی بازاڕ بە هەزاران تەن خواردن فڕێدەدرێنە دەریاکانەوە. لە هەندێ ولاتدا مرۆڤ بە ژەهری چەکی کیمیایی بە هەزارانیان لە یەک چرکەدا دەمرن، لە هەندێ ولاتی تردا زاناکانیان لە بەر پێشکەوتن و داهێنان لە زانستی کیمیادا خەڵات دەکرێن. شەڕەکان ژمارەی ترسناکیان لە بیرماندا تۆمار کردووە، وێناکردنیان مەحاڵە، بەڵام فاکتەکان پێمان دەڵێن:

ـ لە شەڕی یەکەمی جیهانی(١٩١٤ ــ ١٩١٨)دا ، ٣٣ دەوڵەت بەشدار بوو ، ٧٤ ملیۆن کەس راستەوخۆ و بەچەکەوە بەشدارییان تێدا کرد، ٢٠٨ ملیار دۆلاری تێچوو، ١٠ملیۆن کەسی تیا کوژراو ، ٢٠ ملیۆن کەسی تیا سەقەت و کەفتەکار بوو.

ــ شەڕی دووەمی جیهانی (ئەیلولی ١٩٣٩تا ئایاری١٩٤٥)، ٧٢ دەوڵەتی تیا بەشدار بوو، ١١٠ ملیۆن کەس بەشداری ڕاستەوخۆی سوپایی بوون، ١٣٨٤ ملیار دۆلاری تێچوو، ٥٠ ملیۆنی تیا کوژرا، نزیکەی ٢٨ ملیۆنی تیا سەقەت بوو.[1]

ــ لە ساڵی ١٩٨٦دا جەنگ لە نێوان ٣٠ دەوڵەت و٤٠ دەوڵەتدا هەبوو( واتە هەندێک لەو دەوڵەتانە لە هەمان کاتدا دوو جەنگیان بەڕێوە دەبرد)، ٧٠ ملیۆن کەس ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداری ئەو جەنگانە بوون ، لە شێوەی چالاکی سەربازیدا، کە ٢٥ ملیۆنیان بە شێوەی سەربازی دەستووریی و یاسایی بەشداری جەنگ بوون.

ـ سالانە ١٠٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ ئەرکە سەربازییەکان بەکاردەهێنرێت.

ــ (٥٠٪)ی زانایانی ڕۆژئاوا لە بواری داهێنانی سەربازیدا کار دەکەن.

ــ لە شەڕە مۆدێرنەکاندا زۆربەی کوژراوەکان کەسانی مەدەنی و بێدیفاعن ، ژنان و مندالان و پیر و بەسالاچووەکان و پیاوانی بێ چەک دەبنە قوربانی ئەو جەنگانە، بۆ نموونە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا تەنها (٥٪)ی کوژراوەکان خەڵکی مەدەنی بوون، بەڵام لە شەڕی دووەمی جیهانیدا ئەم ڕێژەیە بەرزبووەوە بۆ(٥٠٪)، لە شەڕی ڤێتنامدا (٨٠٪)ی قوربانییەکان سیڤیل بوون، لە لوبنانیشدا ئەم ژمارەیە بەرزبووەوە بۆ ڕێژەی (٩٠٪).[2] تا داهێنانی زیاتر لە پیشەسازی جەنگدا بکرێت، بەرەی جەنگەکان فراوانتر دەبنەوە و مەودا دوورەکانیش هەر وەک نزیکەکان، خەڵکی سیڤیل هەروەک سەربازە بەشدارەکان تێوەدەگلێن و زیانمەند دەبن.

ــ بە پێی ئەو فاکت و دێکۆمێنتانەی کە دەربارەی ولاتانی لە ئەزمونی شەڕ ژیاودا دەکرێن جۆرەها نائارامیی دەروونی تووشی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە هاتوون، کە تەقینەوە و مەرگی چاوەڕوانکراو و نادڵنیایی لە ژیان دروستییان دەکەن، لە بۆسنیا لەو چەند ساڵەی شەڕدا کە لە دواساڵەکانی سەدەی بیستەمدا بەڕێوەدەچوو، هەزاران منداڵ و گەورە لە ئەنجامی تەقینەوە لەناکاوەکاندا تووشی نەخۆشییە دەرونییەکانی وەکوو تۆقین و ترسان بوون، لە ئەنجامدا عەقڵیان لەدەستداوە.[3]

ئەی ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی کوردستان و نەتەوەی کورد بدەینەوە و بڕوانینە کوردستانێ کە نزیکەی پێنجسەد ساڵە جەنگ و شوێنەواری جەنگی تیا نەبڕاوەتەوە، هەر لە سەردەمی شەڕی چالدێران و دابەشکردنی کوردستان لە نێوان دوو ئیمپراتوری سەفەوی و

عوسمانی له ساڵی ١٥١٤ ز، تا ئەمڕۆ، چ کاریگەرییەکی کردۆتە سەر کەسایەتی مرۆڤی کورد و، گەمارۆدانی وزە و هۆشی نەتەوەیی کورد ڕەنگدانەوەی چۆنی هەبووە و دەبێ.

زیرەکی نەتەوەیی Intelligence National یان دەتوانرێ بگوترێ "سامانی هۆشی نەتەوەیی" بریتی یە لە ڕێژەی سەدیی زیرەکی نەتەوەیەک، بۆ نموونە: ئەو کۆمەڵگایانەی کە ڕێژەی پیر و بەساڵاچوویان بەرەو کەمی و نزمی بڕوات و لاوانی بەرەو زیادبوون و بەرزبوونەوە بڕوات ، ئەو کۆمەڵگایانە سامانی هۆشیان زیاد دەکات ، بە پێچەوانەشەوە کەم بوونەوەی ڕێژەی لاوان لەچاو پیروبەساڵاچوواندا ، سامانی هۆشی نەتەوەیی نزم دەکاتەوە . هۆی ئەمەش تەنها ئەوەیە کە توانای هۆشی لاوان بە شێوەیەکی گشتی زیاترە لە هی پیرەکان، توانای گەشەسەندن و داهێنانیان زیاترە ئەگەر هەل و مەرجێکی گونجاویان بۆ دابین کرابێ و پەروەردەیەکی هۆشمەندانە کرابن.

ئێستا با ئاوڕێکی زۆر خێرا لە ڕەفتارەکانی ئەو وڵاتانە بدەینەوە کە کوردستانیان بەسەردا بەخشراوەتەوە، لەناوبردنی ئەو کەسانەی کە لەتەمەنی لاویدان (کە سامانی هۆشی نەتەوەیی کوردن) بە مەبەستەوە و بە بەرنامەڕێژییەوە بووە، هەر بۆ نموونە لە کارەساتی ئەنفالدا کە ڕژێمی بەغدا بە مەبەستێکی شۆڤێنییانە بەسەر نەتەوەی کوردیدا هێنا و سەد و هەشتاو دوو هەزار مرۆڤی کوردی لەو هێرشانەی ناوی نابوون ئەنفال، لەناوبرد. زەبرێکی کوشندە بوو لە هۆشی نەتەوەیی کورد، کە ئەمەیان مەبەستی سەرەکی ڕژێم بوو لە ئەنجامدانی ئەو هێرشانەیدا. ژمارەیەکی زۆریان لە تەمەنی نێوان ١ تا ٤٠ ساڵیی بوون، ئەو ژن و پیاوانەی کە لە تەمەنی پەنجا و بەرەوژوورتر بوون هەر لە سەرەتاوە، پێش ئەوەی بیانگەیەننە بیابانەکانی خوارووی عێراق بەریاندان، بەڵام هەموو لاوە کوڕ و کچەکانیان بردن و لەناویان بردن. کە ئەمە خۆی بەڵگەی نیاز و مەبەستە ترسناکەکەی ڕژێم دەردەخات کە زەبروەشاندنە لە هۆشی نەتەوەیی کورد. بەڵگەیەکی تریش، هەشت هەزار پیاوی بارزانی کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا بێسەروشوێن کران، کە زۆربەیان لە تەمەنی ئاماژەپێکراودا بوون. لەوەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش پەیدا بووە و هەتا ئەمڕۆش زیندانەکانی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان پڕن لە لاوی کورد، بە تایبەتیش لاوی هوشیار و خوێندەوار کە پێگەیشتنی هۆشیاری نەتەوەییان بۆ خەباتی سیاسی پاڵی پێوە ناون.

لە و جەنگانەشدا کە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دژ بە کورد هەڵیان گیرساندوون و هەڵیان دەگیرسێنن، زیانمەندی سەرەکی لە ڕیزی لاواندا بوون و دەبن، چونکە چ لە ڕیزی پێشمەرگە و گەریلا و چ لە ڕێزی جاشەکانیشدا لاوان هێزی سەرەکین. بێگومان لەناوچوونیان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی سامانی هۆشی نەتەوەیی کورد.

جەنگ و جینۆساید، کە لەمێژە دژی کورد هەڵدەگیرسێنرێن و ئەنجام دەدرێن، بە شێوەیەکی ترسناکیش لە سەدەی بیستەمدا و لە چواربەشکردنەکەی کوردستان بەدواوە، لە لایەن هەر چوار دەوڵەتی کۆلۆنیالیستییەوە و بە ڕاستەوخۆ، کارەساتی گەورەیان ناوەتەوە و کاریگەریی قورسیان هەبووە لە کزبوونەوەی هێز و هۆشی نەتەوەیی. ئەو گورزانەی کۆلۆنیالیستان وەشاندوویانە و دەیوەشێنن، چاوەڕوانکراو بوون و چاوەڕوانکراویشن. چونکە لە خەسڵەتی کۆلۆنیالیستاندا و، لە ئەنجامی سیاسەتی بەکۆلۆنی هێشتنەوەی کوردستاندا هەر دەبێ لەو هێزە هەستیارە بدەن. هۆشی نەتەوەیی یەکەمین ئامانجی ئەوان دەبێ بۆ پەلامار. چونکە بە لەناوبردن یان کەمهێزکردنەوەی لاوانی نەتەوەیەک، ئەو نەتەوەیە ئیفلیج دەبێ. ئەوانیش ئیفلیجبوونی کۆلۆنییەکانی خۆیانیان دەوێ، لە پێناوی هەنگاونانی دەسەڵاتخوازانە و کۆلۆنیالیستانەی خۆیان. بۆیە گورزەکوشندەکانی ئەوان جێی سەرسوڕمان نین و لە لێکۆڵینەوەی سیاسەت و هاوکێشەی بەرژەوەندی دا، ئەو ڕەفتارە نائاساییانە کراون و دەکرێن و بە ئاساییش دەبینرێن.

ئەوەی کە جێی سەرسوڕمانە و، کە نیشانەیەکی گەورەی پرسیارمان لا دروست دەکات، کزکردنەوەی هۆشی نەتەوەیی کوردە بەدەست هێزە سیاسییەکانی کورد خۆی. شەڕی ناوخۆیی، شەڕی خۆکوژی، براکوژی، یان هەرناوێکی تری لێ بنێی، گورزی کوشندەیان لە هۆشی نەتەوەییمان داوە، شوێنەواری گورزە خۆییەکان کاریگەرییان لە ڕووی دەروونییەوە زیاترە، شەڕی کۆلۆنیالیستان ئەگەرچی زیانی فیزیکی و دەروونی بێئەژماریان لێداوین، بەڵام هاوکات لە ڕووی دەروونییەوە ئەو سوودەشی هەبووە کە بووەتە هەوێنی وزە و، هێزێکی بەرگری لە مرۆڤی کورددا دروست کردووە و بەربەرەکانی و بەرهەڵستی توند و کۆڵنەدانی لە کەسایەتی کوردا جێگیرکردووە ، کە ئەمەش یەکێکە لە سیفەتە پۆزەتیفەکان لە کەسایەتی مرۆڤی کورددا و زۆر لە گەشتیاران و لێکۆڵەر و سیاسەتمەدارانیش ئاماژەیان بە سیفەتی کۆڵنەدان و توانای بەربەرەکانی کورد کردووە. بە پێچەوانەی ئەمەش شەڕی ناوخۆیی هەستی بێمانایی ژیان و بێهودەیی و بێزلەخۆهاتنەوە لەکەسایەتی کەسانی بەشداری ئەو شەڕانە دروست دەکات، ئەو هەستانەش باری دەروونی لاوانی ئێمە دەشێوێنێ و تواناکانیان سنووردار دەکاتەوە، لە ئاکامیشدا هۆشی نەتەوەییمان کەمهێز دەکاتەوە. لە بێئاگاییەوە بێت، یان بە ئاگایی، بە بەرنامەوە بێ یان بێ بەرنامە، ئەو هێزانەی لاوانی وڵاتەکەمان دەکێشنە مەیدانی شەڕی ناوخۆیی و خۆکوژی گورز لە سامانی هۆشی نەتەوەییمان دەوەشێنن.

ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی جەنگ لە وڵاتێکدا دەیهێنێتە ئاراوە، مرۆڤ ناچاری پەنابردن بۆ وێستگەیەکی ئارامتر دەکات. لەوەتی شەڕ و پێکدادان مێژووی مرۆڤایەتی تەڵخ کردووە، دیاردەی کۆچیش هاتووەتە ئاراوە. ئەو کەشەی کە لە کاتی جەنگدا دەخولقێ هەستی بێمانایی ژیان لەلای مرۆڤەکانی ئەو دەڤەرە جەنگاوییە دروست دەکات. لە سیفەتی مرۆڤیشدا گەڕان بە دوای مانایەک بۆ ژیان هەیە و لە پێناوی دۆزینەوەی ئەو مانایە بۆ بوونی خۆی لەو کەشە هەڵدێ. کۆچکردن دیاردەیەک نییە تایبەت بێ بە ئێمەی کوردەوە، ئەگەر

تەماشای شەپۆلەکانی کۆچ بکەین لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە هەموو ئەو شوێنانەی کە جەنگ تاریکی کردوون، شالاوی کۆچ بەتەوژم بووە. لە مێژووی ئێمەدا جگە لە دیاردەی کۆچکردن و پەنابردن کە مرۆڤی کورد بە ناچاری وەک ئەڵتەرناتیڤی ژیانێکی لەوەی خۆی باشتر هەڵیبژاردووە، جۆرە تارکردن و جێلەقبوون و دوورخستنەوەیەکی زۆرەملیش لە ئارادا بووە، کۆچپێکردن و نیشتەجێکردنی زۆرەملی لە شوێنی نادڵخوازدا سیاسەتێکی پیادەکراو بووە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە. شەپۆلی یەکەمی کۆچ وەک دیاردە لە حەفتاکانەوە دەستی پێکرد، لە هەشتاکاندا، لێشاوێکی تری کۆچ بەهۆی شەڕی نێوان عێراق ــ ئێران کە کوردستانیشی دەستی پێکرد و لە نەوەتەکاندا بوو بە دیاردەیەکی مەترسیدار. لاوان بەشێکی دیاری ئەم لێشاوی کۆچە پێکدەهێنن. جێگەی ئەم لاوانە لەناوەوەی وڵاتدا بە بەتاڵی دەمێنێتەوە، ژمارەی لاوان کەم و پیروپەساڵاچووان زیاد دەبێتەوە. وزەی ئەم لاوانە لەدەرەوەی بازنەی مەبەست خەرج دەبێ کە ئەمەش زەبرێکی ترە لە هۆشی نەتەوەیی.

کورد نەتەوەیەکی ئابلۆقەدراوە بە هۆی جوگرافیای سیاسی ئابلۆقەدراویەوە، کوردستان جێگەیەکی نائارام بووە. جەنگ و جینۆساید دووانەیەکی ترسناکی پەیڕەویکراون بۆ سەر کورد بە گشتی و لاوانی کورد بە تایبەتی. کردنی کوردستان بە تاقیگەی چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژی ساڵانی تۆقێنەری پەلاماری رژێمە داگیرکەرەکان بۆ سەر کورد، بە تایبەتیش کارەساتی کەموێنەی هەڵەبجە و هێرش و جینۆسایدی ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٨٨ دا، دەیان دیاردەی نائاسایی هێنایە گۆڕێ و کەسایەتی مرۆڤی کوردی شێواند. کولتووری جەنگ، کە تاڵان و شەڕەخۆری و دزی و رەشەکوژی و شێواندنی بەهامرۆڤایەتییەکان دەگرێتەوە، تێکەڵ بە کولتووری کورد کراوە و یەکێکیش بووە لە مەبەست و ئامانجە سەرەکییەکانی داگیرکەرانی کوردستان. بۆ هەموومان ئاشکرایە کە لە ساڵانی هەشتاکاندا رژێمی بەعس داهێنانی جۆراوجۆری دەکرد لەبواری شێواندنی کەسایەتی لاوانی کورددا. بۆ ئەم مەبەستەش پارەیەکی زۆری تەرخان کرد. داهێنانی موستەشار و فەوجەکانی خەفیفە و راهێنانیان بە دژی خۆبوون و بەتاڵکردنەوەیان لە هەستی نەتەوایەتی و دواتریش بەکارهێنانیان لە پەلامارەکانی ئەنفالدا، هاوکات دەیان مەبەستی ژەهراوی پێکا. لاوانی کورد کە سامانی هۆشی نەتەوەیی کوردن، بەشی هەرە هەرە زۆری جاشەکانی ئەو فەوجانەیان پێکدەهێنا. مەبەستی هەمەلایەنانەی رژێم لەو کارەی بە پێی لێکدانەوەی من ئەمانە بوون.

١- ویژدانی ئەو لاوانە بە پارە سڕ کات. بێویژدانی و لەپێناوی پارەدا کوشتنی هاوزمان وهاوڕێ بکاتە باو و بیسەپێنێ، کە ئەمە دواتر نائارامی و ئازاری دەروونی بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات کە بە تاوانی لەو جۆرە هەڵدەستن.

٢-کولتووری شڕەخۆری و تاڵان بسەپێنێ، وەک ئەوەی لە کارەساتی ئەنفالەکاندا روویدا و سەرباز و جاشەکان سەرپشک کرابوون لە دزین و تاڵانکردنی دێهاتەکان.

٣- سەپاندنی کولتووریی رقەبەرایەتی و تۆڵەسەندنەوە، کە ئێستاش و رەنگە تا ماوەیەکی درێژتریش کاریگەری بمێنێ. چونکە کۆمەڵانی خەڵک ناتوانن بە ئاسانی لەوە خۆش بن کە لە جینۆسایدی ئەنفالەکاندا ئەو جاش و موستەشارانە هێزی کاریگەر و پێش لەشکری سوپای داگیرکەری عێراق بوون.

هەموو ئەمانە کاریگەری دوولایەنەی نێگەتیڤیان هەبووە، لە لایەکەوە زیانی گیانی لەهەردوو لادا کورد بووە و ئەمەش ئامانجی ئەوی داگیرکەرە، لە لایەکی تریشەوە زەبری درێژمەودا و کاریگەرە لە هۆشی نەتەوەیی کورد.

لاوانی کورد، کە سامانی هۆشی نەتەوەییمانن، ئامانجی هەموو پەلامارەکان بوون و لەناو قوربانییەکانیشدا ئەوان زیانلێکەوتووترین گروپی کۆمەڵگەی کوردن. بەڵام ئەم زیانە هاوکات زیانێکی نەتەوەیی یە. ئەمڕۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان، گەر بیانەوێ دەتوانن ترسناکی ئەو دیاردانە کەم کەنەوە کە زیان لە هۆشی نەتەوەییمان دەدات. لێکۆڵینەوەی وردی سۆسیۆلۆژییانە، سایکۆلۆژییانە، پۆلیتیکییانە و ئابوورییانەی ئەو دیاردانەی کە جەنگ و جینۆساید لە کۆمەڵگەی کورددا هێناویانەتە ئاراوە پێویستن و کەسانی پسپۆر لەم بوارانەدا بەرپرسیارێتی یەکەمیان دەکەوێتە ئەستۆ. پێشنیاز بۆ چارەسازی کۆمەڵایەتی، دەروونی، سیاسی و ئابووری بە تیۆری کاری پسپۆرانی ئەو بوارانەیە، بەڵام بە پراکتیک دەکەوێتە ئەستۆی سیاسەتمەدار و هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بە تایبەتیش ئەو دوو هێزەی ئەمڕۆ باشووری کوردستان بەڕێوەدەبەن.

لافلێدانی نەتەوەییبوونی هێزەکان هیچ ناگەیەنێ، ئەگەر بە پراکتیک هەنگاو بۆ چاکسازی نەنێن و بەرنامەیان بۆ پاراستنی سامانی هۆشی نەتەوەیی نەبێت. پێویستە بنیادنانەوەی کەسایەتی لاوانی کورد، کە سامانی هۆشی نەتەوەی کوردن ببێتە پرۆژەیەکی سەرەکی و بیرلێکراوەی ئەو هێزانەی کە کوردستان بەڕێوەدەبەن. کارکردن بۆ ئەم پرۆژەیە و هەنگاونان بۆ بنیاتنانەوەی باڵەخانەی کەسایەتی شێوێنراوی لاوانی کورد سەلماندنی لۆژیکی نەتەوەییبوونی ئەو هێزانەیە، پێچەوانەی ئەمەش راستە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد ـ چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد ـ بەشی یەکەم ـ چاپی سوێد ـ ٢٧٨.

2) Barn i krig - Röster och fakta - Lars H Gustafsson, Agneta Lindkvist, Birgitta Böhm- Rädda barn-1987. sid17.

ئەم ئەژمارە لە لایەن فەرمانبەرێکی UN دوە کراوە ، کە پیاوێکی ئێرانییە و بە ئاغای غازی ناودەبرێ، راپۆرتێکی گشتگر و بەرفراوانە دەربارەی شەڕ و ئاکامەکانی.

٣) ئەم جۆرە دێکۆمێنتانە زۆرجار لە کەناڵی یەکی تەلەفیزیۆنی سوێدی پیشان دەدرێت، چەند جارێک لەسەر بۆسنیا و ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی شەڕەوە تووشی نەخۆشییە دەروونییەکان و عەقڵییەکان بوون پیشان دراوە.

# تیرۆری سمایل ئاغای شکاک

ئاجودان «هاشمی ئەحمەدزادە»

پێشەکی و وەرگێڕانەوە و پەراوێزنووسین: **سەید عەبدوڵلا سەمەدی**

**بەرایی**

«هۆزی شکاک و سەربردەی ژیانیان بە ڕێبەرایەتی سمایل ئاغای سمکۆ»[1] ناوی کتێبێکی قەوارە بچووکە بە پێنووسی کاک **ئەحمەدی شەریفی**، کە لەساڵی ۱۹۷۰ لەلایەن کتێبفرۆشی سەیدیانەوە چاپ و بڵاو کرایەوە.

هەرچەند ناوی کتێبەکە زۆر لە ناوەڕۆکی گەورەتر بوو، بەڵام تەنیا ئەو سوودەی هەبوو کە هەندێ باس و لێدوانی خستە ناراوە و هەندێ کەسیشی چ بە وتە و چ بە نووسین، وە قسە خست، کە ئەگەر ئەو کارەی کاک ئەحمەد نەبوایە، ئەو ڕاستیانەش دەچوونە ژێر گڵ.

یەک لەوانە، نامەی دە لاپەڕەیی «هاشمی ئەحمەدزادە»یە کە خۆی لە ڕووداوی تیرۆری سمایل ئاغادا، لە دەورگێڕانی سەرەکی بووە. ناوبراو لە ساڵی ۱۹۷۷بەهەڵکەوت لە تاران تووشی کتێبەکەی کاک ئەحمەد دەبێ و دیارە بە وردی دەیخوێنێتەوە. بە وتەی خۆی، چونکە ناوەڕۆکی کتێبەکە لە گەڵ ڕاستی ڕووداوەکە یەک ناگرنەوە، بە تووڕەیی نامەیەک بۆ «ئیدارەی فەرهەنگ و هونەری مەهاباد»، کە ئیزنی چاپی ئەو کتێبەی دابوو دەنووسێ و، ڕەخنە لەو کارە دەگرێ و چۆنیەتی ڕووداوەکەش بە کورتی دەگێڕێتەوە. هەروەها پێشنیار دەکا کە ئەگەر کتێبێک لەو بارە دا بنووسرێ، ئەو ئامادەیە هاوکاریی پێویست بکا و چی دەزانێ بیدرکێنێ.

بێگومان ئەگەر لەکاتی خۆیدا لە زانیاری و بیرەوەرییەکانی کەڵک وەرگیرابا زۆر گرینگ دەبوو. بەڵام وا دیارە جگە لەو نامەیە، کە ئەویش هۆیەکەی کاک ئەحمەدی شەریفی بووە، هیچی لەم بارەوە لەپاش بەجێ نەماوە. چونکە وەک خۆی باس دەکا لە کاتی نووسینی نامەکەدا، لە تاران پیر و پەککەوتە و خانەنشین بووە و ئاماژەیەکیش بەوە ناکا کە بیرەوەرییەکانی نووسیبێتەوە. بەڵکوو ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ بۆ یارمەتی کەسانێک کە لەمەو دوا شتێکی ئەوەتۆ بنووسن.

سمایل ئاغا لە ساڵی ۱۹۳۰کوژراوە. ئەگەر ئەودەم ئەحمەدزادە، کە ئاجودانی سەرهەنگ نەورۆزی بووە و دەوری بەرچاوی بینیوە، تەمەنی لانیکەم سی ساڵ بووبێ. نووسەر، ئەم نامەیەی لە تەمەنی حەفتا و حەوت ساڵیدا نووسیوە، و ئەگەر ئێستا لە ژیاندا بێ، تەمەنی سەد و یەک ساڵە.

لێرەدا من نە کتێبەکەی کاک ئەحمەد دێنمە بەرباس و لێکۆڵینەوە و نە نامەکەی ئەحمەدزادە تاوتوێ دەکەم. بەڵکوو بە پێویستی دەزانم کە وەکی بەڵگەیەکی مێژوویی بڵاوی بکەمەوە و بیخەمە سەر ئەو باس و وردە باسانەی کە لەم بارەوە نووسراون. سا بەڵکوو کەڵکێک بە مێژووی نووسراومان بگەیەنێ.

بەڵام، ئاماژەیەکی کە لە دوایی ئەم بەرایی یەدا زۆر بە پێویستی دەزانم و ناتوانم بەهیچ کلۆجێک خۆی لێ ببوێرم، ئەوەیە: دەڵێن مێژوو، چرایە بۆ ڕێگای داهاتوو. بەڵام تا ئێستا ئەوە بۆ ئێمە نەهاتۆتە دی. لەمەو دواش نازانم. بۆ بەڵگە مشتێک لە خەروارێک هەڵدەگرم و تەنیا ئاماژەی گۆشەیەکی بچووکی مێژووی خۆمان دەکەم. ئەگینا ئەم بەرایی یە چەند قاتی بابەتەکەی لێدێ!

۱ـ سەرتیپ موقەددەمی ئەحمەدی، بە نامەیەک داوای لە سمایل ئاغا کرد کە بۆ وتوویژی ئاشتی بێتە شنۆ. سمایل ئاغا ملی ڕێگای گرت و هاتە بەردەمی، ئەویش کوشتی.

۲ـ حوسێنقولیخانی برای نیزاموسسەلتەنە، پێشکاری ئازەربایجان، بۆ وتوێژ داوای لە جەعفەرئاغای شکاک، برا گەورەی سمایل ئاغا کرد کە بێتە تەورێز. پشتی قورئانیشی بۆ مۆر کرد و بە شاهید بۆی نارد. جەعفەرئاغا بێ یەک و دوولێکردن هاتە تەورێز. ئەویش کوشتی و تەرمەکەی کردە دوو کوت و، سەرەوبن لە دەرکی سەربازخانەی تەورێز هەڵیواسی.[2]

۳ـ حەسەنعەلیخانی ئەمیر نیزامی گەڕووسی، حاکمی سابڵاغ، داوای لە هەمزاغای مەنگوڕ کرد کە بۆ وتوێژ بێتە سابڵاغ و قورئانێکیشی

بۆ مۆر کرد و بە میرزا قاسمی قازیدا بۆی نارد. هەمزاغا بەلەز خۆی گەیاندە ئۆردووی حەسەنعەلیخان. هەر لەوێ کوشتیان و سەریان بڕی و سەرەکەیان نارده تاران، خزمەت ناسرەددین شای قاجار.[3]

٤ـ میرمحەممەدی ڕەواندز، «میری گەورە» پاشی سەرکەوتنێکی یەکجار زۆر، تورک ترسیان ڕێنیشت و بەرەنگاری بوون. بەڵام لە هەموو تێکهەچوونێکدا سەرکەوتن بە میری گەورە بوو. ناچار، مستەفاڕەشید پاشا، کاربەدەستی پایەبەرزی تورک، میری بانگهێشتن کردە ئەستەموڵ و سوێندی بە شەرەف بۆ خوارد کە بە شادی بیگەڕێنێتەوە سەر حوکمداری خۆی. میر یەک و دووی لێنەکرد. بەڵام لە تەرەبزوون و سێواس بە شەو ئیعدام و گوم کرا.[4]

٥ـ میرسەیفەددینی سۆران، کوڕی میرحوسێن، دەسەڵاتدارترین حاکمی سۆران بوو. بە ئەوپەڕی هێزەوە بە سەر خاکی باب و باپیرانیەوە فەرمانی دەکرد. سوڵتان سولەیمانی قانوونی لە هێز و دەسەڵاتی ئەو دەترسا. زۆر بە هاسانی بانگهێشتنی کردە ئەستەموڵ و ئەویش زۆر بە هاسان چوو. پێ لە بارەگای سوڵتان نان و کوژرانی یەک بوو.[5]

٦ـ فەتحعەلیشای قاجار قورئانێکی بۆ سادقخانی شقاقی مۆر کرد و سوێندی بۆ خوارد کە خوێنی نارێژێت. سادقخان خۆی بە دەستەوە دا. بەڵام بۆ یەکەمجار دوژمنی کورد سوێندەکەی درۆ دەر نەچوو، و خوێنی نەڕشت. بەڵکوو فەرمانی دا لە هۆدەیەکی بکەن و دەرک و پەنجەرە و هەموو کەلێن و کاژێرێکی لێ سواغ بدەن. ئەو کوردە شقاقییە بێ نان و ئاو و بێ پشوو گیانی دەرچوو. مارخام ی ئینگلیسی دەڵێ: کە دەرگایان لێ کردەوە، دەستی نەمابوون، لە برسان خواردبوونی.[6]

٧ـ شا عەباسی سەفەوی، هەواڵی خەڵات و مزگێنی بۆ قوبادخانی موکری نارد و بانگهێشتنی کرد بۆ گاودۆڵی مەراغە. قوباد بە خۆ و سەد و پەنجا کەیخودا و ڕدێنسپی و سەرکردەی کوردەوە چووە بەردەمی. بەڵام لەشکرێکی تەیار و پڕ چەک، دەوریان دان و نەیانهێشت تاکە کەسێکیشیان لێ دەربچێ.[7]

٨ـ ئەحمەدخانی مەراغە، سەرۆکی هۆزی موقەددەم، باوکی باپیرئاغای مەنگوڕی بانگهێشتن کرد. باوکی باپیرئاغا بە دووسەد سوارەوە لێی میوان بوو. بەپێی پیلانێکی لەبەرەوە دارێژراو، بەسەر ماڵەکانی مەراغەدا دابەشیان کردن. چەکدارەکانی ئەحمەدخان، کە یەکجێ دەرەقەتی کوردەکان نەدەهاتن، لە کۆمەڵی بچووک بچووکدا تێکیان شکاندن و بەو جۆرە بنەبڕیان کردن.[8]

٩ـ هەڵۆخان، حاکمی گەورەی ئەردەڵان، لوڕستانیشی لەژێر حوکم دابوو. لە دەسەڵاتدا کێبەرکێ و بەرامبەریی لەگەڵ شا عەباس دا دەکرد. شا عەباس بە لەشکرێکی گەورە بۆی چوو و لە ٩٥ کیلۆمەتری ڕۆژئاوای سنە لەشکر بەزی. بەڵام هەرچی کردی زاتی نەبوو دەگژ هەڵۆخان ڕابچێ. لە شکست و ئابڕووچوون دەترسا. هەر لەو جێیە ڕا گەڕایەوە ئیسفەهان و دەرکی ئاشتی و دۆستایەتی کردەوە و داوای لە هەڵۆخان کرد کە خان ئەحمەدخانی کوڕی بنێرێتە لای بۆ ئیسفەهان، تاکوو بە دیتنی کوڕی هەڵۆخان چاو و دڵی ڕوون ببێتەوە و دڵی بکرێتەوە و خۆشەویستییەکەی وەبیر بێتەوە. هەڵۆخان نە بیری لێ کردەوە و نە ڕاوێژی کرد. یەک و دووی لێ نەکرد و بۆی نارد. هەر لەو ڕێگەیەوە، شا عەباس، هەڵۆخانیشی بەردەست کرد و تا دوایی تەمەن لە ئیسفەهان دەست بەسەر ڕاگیری کرد.[9]

١٠ـ محەممەد سەعید سوڵتانی هەورامی کە لە شەڕ لەگەڵ فەرهادمیرزای قاجاردا کەس و کاری لە دەست دابوو و بە باشیش فەرهادمیرزای دەناسی و دەیزانی ئەو شازادەیە کە حاکمی کوردستان بوو، بە هیچ کلۆجێک قسەی ڕاستی بە زار دا نایە و، لە ژیانیدا تەنیا یەک وەعدە و بەڵێنی بە ڕاست دەرنەچووە. سەرەڕای ئەوە، کاتێک فەرهادمیرزا بانگهێشتنی کرد بۆ جوانرۆ تاکوو حکوومەتی هەورامانی لهۆنی پێ ببەخشێ! حەمەسەعید سوڵتان ، کە هەزار شایی لە دڵدا دەگەڕا و، لە ڕێگا خەونی حکوومەتی هەورامانی لهۆنی دەدیت، خۆی گەیاندە لای شەرەفولمولک، حاکمی جوانرۆ. حاکمیش بەپێی فەرمانی فەرهادمیرزا دەستووری دا هەر لەبەرچاوی خۆی، حەمەسەعید بە دوو نۆکەرەوە بە خەنجەر و شەمشیر لەت و پەت بکەن.[10]

١١ـ شۆڕشی درسیم لە١٩٣٦بە سەرۆکایەتی سەید ڕەزا هەڵگیرسا. دەوڵەتی تورک حەوت سپای بە پشتیوانی هێزی هەوایی هێنایە مەیدان. بەڵام هیچ سەرکەوتنێکی وەدەست نەهێنا. ناچار ڕایگەیاند دەوڵەت ویستی کوردەکان دابین دەکا! سەیدڕەزاش دەرسی لە مێژوو وەرنەگرت. بە دڵپاکی و ئومێدەواری، بە هەموو سەرۆکەکانی شۆڕش و سەردار هۆزەکانی کورد ڕووی کردە ئەرزەنجان بۆ وتووێژ. دەسبەجێ گیران و پاش چوار ڕۆژ محاکەمە، لە١٩٣٧/١١/١٨لە سێدارە دران. سەیدڕەزا هەر توانی ئەوەندە بڵێ:«شۆڕشی درسیم لە ئاستی درۆزنی و بێشەرەفی تورکاندا تێک شکا. من پیرە پیاوێکی حەفتاو پێنجساڵەم و دەچمە ڕیزی شەهیدانی کوردستان. بەڵام کورد و کوردستان هەر دەمێنن و لاوانی کورد تۆڵەمان دەستێنن. لەعنەت لە جاش و خۆفرۆشان.» ژمارەی کوژراوانی کورد لەم شۆڕشەدا گەیشتە چل هەزار کەس، و ناوی درسیم گۆڕا بە«تونجەلی».[11]

١٢ـ هەروەها وێژەی فۆلکلۆریشمان گەلێک ئاماژەی لەم بارەوە تێدایە و بەیتەکانمان وەکوو ئاوێنەیەک ئەم پەتایە دەنوێنن. بۆ نموونە بڕوانە بەیتی«قۆچ عوسمان»:

«کێ بوو لە سوڵتان، ئاقڵ دار و دانا
بۆ میر سەیفودینی مۆر کرد قورعانە
هەڵستێ بێتە ئێرەکانە
ئەگەر هات گەییە دیوەخانێ
دە ملی کەن کۆت و زەولانێ
مەیدوێنن
قورقوشمی بۆ وەتوێنن
نابێ بە زێڕی بخنکێنن.»[12]

درێژەی ئەو باسە دەدەمە دەستی خوێنەر، با لە کتێبە مێژووییەکاندا دەیان و دەیان نموونەی تر وەخوێنێ و بزانێ کە سەرجەم ڕووداوەکان یەک شتن، تەنیا ناوی کەسایەتییەکان دەگۆڕدرێن.

لە دواییدا پێویستە سپاسی سەید محەممەدی سەمەدی برام بکەم کە دەقی نامەکەی «هاشم ئەحمەدزادە»ی لە ئارشیوی خۆی پێدام و ئیزنی وەرگێران و بڵاوکردنەوەی دامێ.

## دەقی نامەکە

ئیدارەی ڕێزداری فەرهەنگ و هونەری مەهاباد، بەخۆمدا دەپەرمووم پێتان ڕابگەیەنم، لەو دوایی یانەدا لە تاران چاوم بە کتێبێک کەوت، بەناوی «سمایل ئاغای سمکۆ» گرداری و ئامادەکراوی کاک ئەحمەدی شەریفی. لە ژێرەوەی بەرگدا نووسراوە: بەپێی بەڵگە و بەڵێن، ودم و لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ هەمیشە بە دەست ناوەندی کتێبفرۆشی سەیدیانە لە مەهاباد. کتێبەکە ٧٤ لاپەڕەی قەوارە(١٠X ١٨)یە و بێگومان نموونەشی لە لای خۆتان هەیە، چونکە لە لاپەڕەی ٢نووسراوە: ڕادەی پێنسەد دانە بە ژمارە ٥ی ڕۆژی ٤٨/١٢/١٢ [١٩٦٩ز] ی ئیدارەی فەرهەنگ و هونەر، لە چاپخانەی ئەرژەنگ ی تاران، چاپکراوە.

پێتان ڕادەگەیەنم، من «هاشمی ئەحمەدزادە» ئەو دەم، یانی لە سەرەتای ساڵی١٣٠٩تا ١٣٢٠ی هەتاوی، یارمەتیدەر(ئاجودان)ی سەرۆک عەشایری شنۆ بووم[١٣] و سەرۆک عەشایر، یانی جەنابی سەرهەنگ سادقخانی ئەورۆزی، هەر سەوادی نەبوو و هەموو کارەکانی بەمن هەڵدەسووڕا. سەرجەمی ئەو کار و بار و نهێنییانەی کە پێوەندییان بە هاتنەوەی سمایل ئاغا و نامەگۆڕینەوە لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزان و سمایل ئاغا هەبوو و مانگێک یا پتری خایاند، هەموو بە دەست منەوە بوو و، نە لە تاران و مەهاباد و ورمێ(ڕەزائییە) و نە لە عەشیرەتەکانی مامەش و مەنگوڕ و زەرزا و پیران، چ کەس ئاگادار نەکرابۆوە و تەنانەت لە شنۆ، چ لە ئەفسەران و چ لە دانیشتووان، بەپێی فەرمانی سەرتیپ موقەددەم ئەحمەدی، کەس ئاگادار نەبوو، جگە لە تاکە کەسێک بە ناوی حاجی سەعدوونی سەرڕاج، کە لە ئاوالانی قەدیمی سمایل ئاغا بوو و، لەویشمان بە شێوەی ڕاسپاردەی نهێنی کەڵک وەردەگرت.

من کارێکم بە پێشینە نییە کە ئاغای شەریفی لە کتێبگەلی مێژوویی چ دەزانێ، بەڵام لە لاپەڕەی٦٢ تا دوایی کتێبی ئابراو، گشتی بە هەڵە دەزانم و تەنانەت وشەیەکی ڕاستی تێدا نابینم. نازانم ئەو زانیارییانە چۆن گردەوەکۆیی کراون کە پرسیار لە تاکە کەسێکی شنۆییش نەکراوە، بەڵکوو شتێکی لەم و لەو بیستووە و بڕوای پێکردوون. ئەوانەش کە ئاگاداری ڕاستییەکان بوون زۆریان مردوون و ئیدی کەسی وا نەماوە کە ڕەخنە بگرێ، هەربۆیە درۆ و دەلەسەی هەڵبەستووە و کتێبی لێ پێکهێناوە و بەناوی مێژوو داویەتە دەست جەماوەر.

کارەساتی سمایل ئاغا یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی ئازەربایجانە و نابێ بەچاوی ئەفسانە و خەیاڵات لێی بڕوانرێ. ئەگەر کەسێک گەرەکی بێ لەم بارەوە بکۆڵێتەوە، دەبێ هەموو کەلێن و کاژێرێکی ئەو ڕووداوە، بە وردەکارییەکانیەوە، تەنیا و تەنیا لە سینگی من دەربێنێ و بەس.

ئێستا کورتەیەکی ڕووداوەکەتان بۆ دەگێڕمەوە و ئێوەش لەگەڵ کتێبەکە هەڵیسەنگێنن بزانن تاکە وشەیەکیان ڕێک دەکەون یان نا، بێگومان، نا. لە بەرەوە دەمانزانی سمایل ئاغا پاشی شکانی لە



وێنەی لاپەڕەی یەکەمی نامەی «هاشمی ئەحمەدزادە»

شەڕی چهریقدا، ڕووی کردووەتە ناوچەی بارزان و لە ژێر چاوەدێری شێخ ئەحمەدی بارزانیدا دەژی. لە سەرەتای بانەمەڕی١٣٠٩ی هەتاوی[ئاوریلی ١٩٣٠]، گازندەی چەند کەس لە دانیشتووانی مەرگەوەڕ(گوندی زێوە)مان پێگەیشت کە گۆیا چەند سەر ئەسپی ئەوان لەلایەن پیاوەکانی سمایل ئاغاوە دزراون.

پێشتریش، لە هەوەڵی خاکەلێوەی ساڵی١٣٠٩ی هەتاوی، سەرهەنگ سادقخانی ئەورۆزی ئازەر، لەلایەن ناوەندی لەشکری تەورێزەوە، کرابوە سەرۆکی عەشایری شنۆ و ڕەوانەی ئەم ناوچەیە کرابوو هەر ئەودەم بە فەرمانی سەرتیپ موقەددەم، منیش لە ڕەزائییە[ورمێ]وە گوێزرامەوە شنۆ بۆ ئاجودانی و بنووسی سەرهەنگ سادقخان. سەرهەنگ، سەوادی نەبوو و کار و باری بەدەستی من هەڵدەسووڕا.

ئێمە لەسەر گازندەی باسکراو، نامەمان بۆ قایمقامی ڕەواندز ڕەوانەی عێراق کرد و داوامان کرد بە بەرهەڤانی شێخ ئەحمەدی بارزانی ئەسپەکان لە سمایل ئاغا وەربگرێتەوە. قایمقامیش لە وەڵامدا دەقی نامەی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی بۆ ناردینەوە کە نووسیبووی: جەنابی قایمقام، بۆ سەرۆکی عەشایر بنووسەوە کە سمایل ئاغا خەیانەت بە هاووڵاتی خۆی ناکات، تەنانەت سمایل ئاغا دەڵێ؛ ئەگەر جەنابی زەفەروددەولە(ظفرالدوله)یانی جەنابی سەرتیپ مەحەممەدخانی موقەددەم ئیزنی لەسەر بێ، من ئامادەم بگەڕێمەوە نیشتمانی خۆم، بەو مەرجە مەترسیم لەسەر نەبێ و زیانم پێ نەگات.

ئێمە لە وەڵامدا بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانیمان نووسی کە پێویستە سمایل ئاغا خۆی ئەم داوایە بۆ زەفەروددەولە(سەرتیپ موقەددەم) بنووسێ و بەخشین و ئیزنی گەڕانەوەی لێ بخوازێ. نامەکەمان بە یەکێک لە دانیشتووانی شنۆ دا بە ناوی حاجی سەعدوونی سەرڕاج، کە خۆی لە مریدانی شێخ ئەحمەد و دۆستی

**ئێمە بەو هیوایە کە بەپێی بڕیاری پێشوو، سمایل ئاغا بە دوو سێ کەس لە نزیکانییەوە دێتە شنۆ، هیچ بیرمان لە هێزێکی یاریدەر نەکردبۆوە. سبەی سەر لەبەیانی سمایل ئاغا، ئامادەی وەڕێ کەوتن بوو. لەناکاو پەنجا سواری چەکداری بارزانی گەیشتنەجێ و بەدوای ئەویشدا سەد و پەنجا شکاکی چەکداریش پەیدا بوون و سەرجەم بەرەو سنووری دالانپەڕ ملی ڕێگامان گرت.**

قەدیمی سمایل ئاغا بوو ڕەوانە کرد و چۆنیەتی ئەم ڕووداوەمان بە ڕەمز بە سەرتیپ موقەددەم ڕاگەیاند و چاوەڕوانی دەستوور و فەرمانی ئەو ماینەوە. سەرتیپ موقەددەم بەلەز وەڵامی ناردەوە کە پێوەندییەکە مەپسێنەوە و ئەگەر هات و سمایل ئاغا خۆی داوای بەخشین و گەڕانەوەی کرد و ئەو مەرجەی سەلماند کە هەوەڵ خۆی و دوو سێ کەس لە نزیکانی بە بێ چەک بۆ وتووێژ لە شنۆ بێتە لای من و پاشان دەرفەتی گەڕانەوەی هەموو دەست و پێوەندەکان دەڕەخسێنین، پێم ڕابگەیەنن تا خۆم برۆمە تاران و لە شاهەنشا پەهلەوی نامەی لێبوردن وەرگرم و بۆ سمایل ئاغای بنێرم تاکوو ئەرخەیان بێ و بە مەتمانەوە بۆ وتووێژ بێتە شنۆ. هەروەها سەرتیپ پێی داگرتبوو کە ئەم باس و خواسە تا ئاکام لای کەس نەدرکێ و کەس بۆن یا سۆزەیەک نەکا.

حاجی سەعدوون بە نامەی سمایل ئاغاوە گەڕایەوە. نامەکە بریتی بوو لە پەژیوانی لە ئاکاری ڕابردووی و داوا و تکای بەخشین و لێبوردن لە سەرهەنگ سادقخان کە بە هەر چەشنێک بێ، سەرتیپ موقەددەمی بۆ ڕازی کا کە لێی ببوورێ.[14] شێخ ئەحمەدی بارزانیش چەند ڕستەیەکی لە ژێر نامەکە نووسیبوو و لە سەرهەنگ سەرۆک عەشایر، بەزەیی و دلۆڤانی بۆ سمایل ئاغا خواستبوو. ئێمە وەڵامی تێر و تەسەلمان بۆ سمایل ئاغا نووسییەوە و مەرجەکانی سەرتیپ موقەددەممان پێ ڕاگەیاند. من خۆم لەگەڵ حاجی سەعدوونی سەرڕاج بەرەو بارزان وەڕێ کەوتین، لەوێوە شێخ ئەحمەد پیاوێکی ڕەگەڵ خستین و ڕوومان کردە دارستانی عاری[؟]. دارستانی عاری لە شەش یا حەوت کیلۆمەتری باشووری زەنجیرە کێوەکانی زاگرۆس هەڵکەوتووە. لای ڕۆژئاوای ئەم دارستانە، تورکیایە و باکوورەکەی ئێرانە و خاکی بارزان لە عێراق دەکەوێتە ڕۆژهەلات و باشووری. بەر لە دارستانەکە، دەگەیە گوندێکی بچووک بە خانووی لە گڵ و چرپی و بەرهەیوانی دارینەوە، کە سەرجەم دژوێن و نالەبارن. هەندێکیش تاوڵی ڕەنگاوڕەنگ هەڵدرابوون کە تاوڵی سمایل ئاغا بە ڕەنگی سپییەوە لە بەرەوەی تاوڵەکان خۆی دەنواند. شێخ ئەحمەد، پێشتر هەواڵی ئێمەی بە سمایل ئاغا ڕاگەیاندبوو. هەرچۆنێک بوو، گەیشتینە جێ، سمایل ئاغا خۆی بەرەو پیرمان هات و بە پێکەنین و خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێکردین و گوتی: ئێوە ڕاسپاردەی خۆش خەبەرن. دەمەو ئێوارە بوو، ئەو شەومان بە خۆشی ڕابوارد و لە دوو مەرجە پێشنیارەکەی سەرتیپ زەفەروددەولە دواین. سمایل ئاغا گوتی: سەرتیپ زەفەروددەولە باشتر من دەناسێ، باوکمان بەیەکەوە دۆستایەتییان هەبوە. من هەموو مەرجێکی ئەو بە گیان و دڵ دەسەلمێنم. سمایل ئاغا زمانی تورکیی عوسمانی و تورکیی ئازەربایجانی هەردوو بەباشی دەدوا و لێیان شارەزا بوو.

سبەی سەر لە بەیانی وەڕێ کەوتین. سمایل ئاغا بە مەودای کیلۆمەترێک لە تاوڵەکانەوە بە پێیان ڕەوانەی کردین و حاجی ڕاسپارد کە خۆی نامەی لێبوردنەکە بهێنێتەوە. حاجی لە وەڵامدا گوتی: ئەگەر خوا مەیلی لەسەر بێ دیهێنم، هەر پێکەوەش دەچینەوە تاران. ماڵئاواییمان کرد و ملی ڕێگامان گرت.

لەوێ گاڤێدا عەشیرەتەکانی عێراق دەهاتنە لەوەڕگاکانی ئێران. عەشیرەی خورشید لە کوێستانی سینا و عەشیرەی هەرکیی سەرحادی لە ڕێی دالانپەڕ و چەند عەشیرەی بچووکی خەیلانی و سوورچیش لە لەوەڕگاکانی کێلەشینەوە دەهاتن.

هەواڵەکانیان بە سەرتیپ ڕاگەیاند و ئەویش لە برووسکەیەکدا پێی داگرت کە هەرچی دەیزانن لای خۆتان سەرپۆشی کەن. من دەچمە تاران تا لە خاوەنشکۆ پەهلەوی، بەرژەوەند و عەفونامە بخوازم. ئێوە چاوەڕوانم بن.

لە ماوەی چوون و هاتنەوەی سەرتیپ موقەددەمدا، سەرهەنگ نەورۆزی لەگەڵ ڕاسپاردەکانی (دارایی) و (گومرگ) بۆ وەرگرتن و کۆکردنەوەی (ماڵیات) بەرەو سنوورەکان ڕۆیشتن و کارەکەیان بە ئەنجام گەیاند و گەڕانەوە. سەرتیپ موقەددەمیش کە لە تاران گەڕابۆوە، بە تێلگراف پێوەندییان گرت و فەرموویان: من نامەیەک بۆ سمایل ئاغا دەنووسم و عەفونامەکە دەخەمە پاڵی، کەسێکیش بە ناوی تەیموورخانی شکاک دەنێرمە لاتان کە خۆی لە دۆستانی قەدیمی سمایل ئاغایە. ئێوەش نامەکە بە تەیموورخان و بنووسەکەی خۆتاندا ڕەوانە بکەن و لەوێ بەوردی نامەکان و عەفونامەکە بۆ سمایل ئاغا شی بکەنەوە و کارێکی وا بکەن سمایل ئاغا لەسەر پەیمان و بەڵێنەکانی خۆی ڕاوەستێ. ئەودەم بە یەکەوە وەڕێ کەون و وەرنە شنۆ. کە سمایل ئاغا گەیشتە جێ، بەمن ڕابگەیەنن تاکوو منیش لە ورمێوە بەرەو شنۆ وەڕێ بکەوم و، هەر ئەو جۆرەی لە پێشداش باسم کردووە وتووێژی لەگەڵ دەکەم و کاروباری گەڕانەوەی پیاوەکانیشی دەڕەخسێنم.

بە گەیشتنی تەیموورخان، ئێمەش بەگورجی نووسراوەی خۆمان ئامادە کرد و سێ کەسی، یانی من و تەیمووربەگ و حاجی سەعدوون ڕوومان کردە خاکی عێراق. لە سەر ڕێگە بەلای عەشیرەتی هەرکیی سەرحادیدا، کە هاتبوونە لەوەڕگاکانی ئێران، تێپەڕین. بەپێی فەرمانی سەرهەنگ نەورۆزی، ئەمجارە فەتاح ئاغا بە تەواوی سەری سووڕما و دۆش داما کە چلۆن سمایل ئاغا بڕیاری داوە بگەڕێتەوە! فەتاح ئاغا گوتی: کەوایە ئێمەش دەبێ سبەینێ بۆ پێشوازی خۆمان ئامادە بکەین. پێم گوت: جەنابی فەتاح ئاغا، سبەی بەیانی(سەرهەنگ نەورۆزی خۆی دێتە لای ئێوە تاکوو بەیەکەوە پێشوازی لە سمایل ئاغا بکەن.

چیدی ماتڵ نەبووین و ڕێگامان بڕی تاکوو گەیشتینە لای شێخ ئەحمەدی بارزان. کە هەواڵەکەمان پێ ڕاگەیاند، بەلەز سوارێکی



سمایل خانی سمکۆ، خەسرەوخان(کوڕی سمکۆ)، سەرهەنگ سادقخانی نەورۆزی، ڕەزاخانی پووردادو، لەگەڵ مەزنان و سەرۆک عەشیرەتەکانی شکاک، هەرکی و بارزانی. (لە کتێبی «تاریخ هجدمساله آذربایجان» وەرگیراوە)

ڕەوانەی لێرەوار کرد و پاشان ئێمە وەڕێ کەوتین. گەیشتینە دارستان. سمایل ئاغا زۆر بە خۆشحاڵی وەری گرتین، ئێمەش نامەکان و عەفونامەکەمان وێدا و پێمان ڕاگەیاند کە سبەی، سەرهەنگ و فەتاح ئاغا لە سەر ڕێ پێشوازیتان لێدەکەن. زۆر شاد و ڕازی دەهاتە بەرچاو. خەسرەوی کوڕی و جەجۆی برازای کە دەساڵان دەبوون، لە جیاتی لیستۆک، کایەیان بە قوڵەتفەنگی سێ تیری عوسمانی دەکرد و نیشانەیان داکردبوو و تێیان هەڵدەکرد.

ئێمە بەو هیوایە کە بەپێی بڕیاری پێشوو، سمایل ئاغا بە دوو سێ کەس لە نزیکانییەوە دێتە شنۆ، هیچ بیرمان لە هێزێکی یاریدەر نەکردبۆوە. سبەی سەر لەبەیانی سمایل ئاغا، ئامادەی وەڕێ کەوتن بوو. لەناکاو پەنجا سواری چەکداری بارزانی گەیشتنەجێ و بەدوای ئەویشدا سەد و پەنجا شکاکی چەکداریش پەیدا بوون و سەرجەم بەرەو سنووری دالانپەڕ ملی ڕێگامان گرت.

ئێمە دەستوورمان پێدرابوو کە ئەگەر سمایل ئاغا دژ بە پەیمان و بەڵێنەکانی پێشووی جووڵایەوە، ڕەخنەی لێ نەگرین و هیچ نەڵێین. سەرەڕای ئەوە، ئێمە پێمان وابوو ئەو سوارانە هاتوون سمایل ئاغا بەڕێکەن و لەسەر سنوور ڕا دەگەڕێنەوە. کەچی لە تخووبی دالانپەڕ دەستە سوارێکمان لێ وەدەرکەوت کە بەلەز بەرەو ئێمەیان داژۆت. تەیمووربەگ لە سمایل ئاغای پرسی: ئەو سوارانە کێن؟ ئەوان گوتیان: مەترسێن، خۆمانەن. جەنابی شێخ بۆ ڕەوانەکردنی ئێمەی ناردوون. ئێمە هەروا بێدەنگ ماینەوە. تەنیا ئەوکاتەی سنوورمان بەزاند، بۆ وەبیرهێنانەوەی مەرجەکان، بە سمایل ئاغامان گوت: جەنابی سەردار، لێرە بەملاوە خاکی ئێرانە. ئەویش بەبێ ئەوەی ئاماژەیەک بە سوارەکان و گەڕانەوەیان بکا، گوتی: هەیهەی! ئەم کێوانە چەند دڵگرن! خاکی ئێران زۆر جوانە، بۆنی نیشتمانی لێدێ! بەم جۆرە، سوارەی شکاک و بارزانی کە سەرجەم بە تفەنگ و خەنجەر تەیار بوون، بەدوای ئێمەدا پێیان نایە خاکی ئێران.[15]

مەودای سەر سنوور هەتا چادرەکانی فەتاح ئاغا، نزیکەی دوو و نیو کیلۆمەتر دەبوو. نیوەی ڕێگامان بڕیبوو کە سەرهەنگ نەورۆزی و فەتاح ئاغا لەگەڵ دەستەیەک مەزن و پیاوماقووڵی هەرکی وەدەرکەوتن. گەیشتنە یەک، سمایل ئاغا لەگەڵ سەرهەنگ یەکتریان ماچ کرد و چاک و چۆنییان کرد، سەرهەنگ لە دەرفەتێکدا خۆی لە ئێمە نزیک کردەوە و گوتی: نەکەن لە بابەت زۆریی ژمارەی سوارەکانەوە قسەیەک بکەن. ئەوانە مەبەستێکیان هەیە. بزانین چۆن دەبێ!

ئێمە لە لایەنی خۆمانەوە، تەنیا چوارسواری ناردەڵمان لەگەڵ بوو. سەرهەنگ کە لە شنۆ وەدەرکەوتبوو، سێیانی بەیناویەین لە سەر ڕێگە دانابوون و یەکیشی بۆ گەیاندنی تێلگراف لەگەڵ خۆی هێنابوو. هەر گەیشتینە چادرەکانی فەتاح ئاغا، من چۆنیەتی بار و دۆخی خۆمانم بە هێما نووسی و بە سوارەکەدا بەڕێم کردە تێلگرافخانە، تاکوو بە سەرتیپ موقەددەمی بگەیەنن. تا ئەم کاتە کەسێک، چ ئەفسەرانی حازر و تەنانەت ئەو چوار سوارە ناردەڵە کە لەگەڵ سەرهەنگ بوون، هیچ شتێک ئاگادار نەکرابوون.

کە شەو داهات هەموو سوارەکانی شکاک و بارزانی لە چادرەکان دابەش کران و بە پێشنیاری فەتاح ئاغا، سەرهەنگ فەرمانی بە داڕۆغەی شنۆ(کلانتر اشنویه) دا کە هەرچی زووتر بگەڕێتەوە شنۆ و

**سەرتیپ لێکدا لێکدا بەڵێنی پلە و پایە و خەڵاتی پێدەداین و دەیگوت ئەگەر ئەرکەکان بەباشی بەڕێوە بەرن و سەرکەون، وا و واتان بۆ دەکەم. دەیفەرموو پیاوەکانتان بەباشی ڕابێن کە لەم پلانەدا هەڵەیەک نەکەن.**

خەڵکی شار بۆ پێشوازی ئامادە بکا و جێگا و ڕێگاش بۆ سوارەکان وەبەرچاو بگرێ. سبەی بەیانی لە موڵکی فەتاح ئاغاوە وەڕێ کەوتین و جگە لە چوارسەد سواری شکاک و بارزانی، نزیکەی پەنجا کەسیش لە پیاو ماقووڵان و گەورەکانی هەرکی لەگەڵ فەتاح ئاغا وەڕێ کەوتن. دەمەو نیوەڕۆ بوو کە پێمان نایە شنۆ، سەرجەمی بازاڕییەکان و دانیشتووانی شنۆ پێشوازییان لێکردین و لە لایەن شێخەکانی شنۆوە خوتبەی دوور و درێژ خوێندرایەوە. پاشان ڕوومان کردە ساختمانی سەرۆکایەتی، کە شوێنی دانیشتنی نەورۆزی بوو. کاری ئێمەش ئەوە بوو کە سات بە سات سەرتیپ موزەفەر تێبگەیەنین و ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوتێکی بکەین.

لای ئێوارە، ئێلی زەرزا، کە لە عەشیرەتەکانی دەور و بەری شنۆن، هەواڵیان پێگەیشت. حاجی هەمزاغا، سەرۆکی زەرزا و موساخان و عەبدوڵلاخان لە پیاوە مەزنەکانی زەرزا، هاتنە خزمەت سمایل ئاغا و بۆ سبەی ڕۆژێ خورشیدئاغا، سەرۆکی تیرەیەکی تری هەرکی و تاهیرئاغا سەرۆکی هەرکیی دەشتەبێلی ئێران و هەروەها حاجی شێخ سمایل و حاجی مەحموود، لەپیاوە گەورەکانی شنۆ، چاویان بە سمایل ئاغا کەوت و هەر بەم چەشنە دوو کەس لە ئەفسەرانی شنۆ بەناوی ئیسماعیل خانی جەلالی سەرۆکی ئیسکادرانی سوارە و ڕەزاخانی پووررداد، ناسراو بە موشیرنیزام، لەلایەن سەرهەنگەوە بە سەردار[سمایل ئاغا] ناسێندران، کە ئەمانە، هەردوو، نایبی ئەوەڵ واتەسیتوان یەکەم بوون.

ئەوێ شەوێ نەورۆزی لەلایەن سەرتیپ موقەددەمەوە بۆ تێلگرافخانە بانگهێشتن کرا. منیش لەگەڵ سەرهەنگ چووم. سەرتیپ بۆ ئەوەی سەرۆکی تێلگرافخانە تێمان نەگا، بە تێلگرافی ڕەمزی پێوەندی پێوە گرتین و گوتی: سەرهەنگ! سمایل ئاغا بەم لەشکرکێشییەوە کە کردوویەتی، دژ بە بەڵێنەکانی خۆی جووڵاوەتەوە و لەوەوە دەردەکەوێ کە مەبەستی ئەوەیە من بکێشێتە شنۆ و بمگرێ و سەرلەنوێ بۆ چەندەم جار، دەست بکاتەوە بە چەپاو و هێرش بۆ سەر سندووس و مەهاباد و ڕەزائییە. ئەگەر خەیاڵێکی وای نەبوایە ئەم هەموو سوارە چەکدارەی لەگەڵ خۆی نەدەهێنا. پێویستە ئێوە زۆر ئازایانە بجووڵێنەوە و بە هیچ کلۆجێک نەهێڵن سمایل ئاغا بە زیندی لە ئێران بچێتە دەر. ئێوە بەرامبەری فەرمانێک کە بە«محەممەد»ی پیاوی خۆمدا بۆتان دەنێرم دەست بەکار بن، بێگومان سەردەکەون. بە سمایل ئاغا بڵێن سەرتیپ ئیمڕۆ دەگاتە ڕەزائییە، و ئەگەر خودا بیهەوێ سبەی دەگاتە شنۆ و زۆر بەوە خۆشحاڵە بتانبینێ.

هەروەها ئێمە هەر دوو، بەفەرمانی سەرتیپ، دوو جێ تێلگرافمان لە زمان ئەوەوە نووسی و دامانە دەستی سەرۆکی تێلگرافخانە. یەکیان بۆ سمایل ئاغا بوو و ئەوی تریان بۆ سەرهەنگ نەورۆزی. بە سەرۆکی تێلگرافمان ئەسپارد کە خۆی ئەم تێلگرافانە بە حزووری سمایل ئاغاوە بێنێ و بیداتە دەستی ئێمە. سەرۆکی تێلگرافیش ئەوکارەی کرد و لە کاتێکدا هەموو لە ناوەندی سەرۆکایەتیدا دانیشتبووین، سەرۆک وەژوور کەوت و پاکەتەکانی دایە دەستی من و گوتی لەلایەن سەرتیپەوە هاتووە. سمایل ئاغا بەلەز ڕاستەوە بوو و گوتی: لەلایەن سەرتیپەوە هاتووە!؟ سمایل ئاغا ئاماژەی میرزاکەی خۆی، کە پیاوێکی بارزانی بوو، کرد. چونکی ئەو شارەزایی کەم بوو، بەیارمەتی من خوێندمانەوە. نووسیبووی: سمایل ئاغا سەلام! ئیشەڵلا حاڵتان باشە. خۆشحاڵم کە تەشریفتان هاتووەتە شنۆ. من هاتوومە ڕەزائییە و ئەگەر خودا حەز بکا، سبەی بە خزمەتتان دەگەم. ئیدی باسێک لە زۆری چەکدارەکان نەکرابوو.

تێلگرافەکەی تر بۆ سەرهەنگ بوو، نووسرابوو : ئاغای سەرهەنگ! پیرۆزبایی هاتنی سمایل ئاغاتان لێدەکەم. ئەو پاشی ماوەیەکی زۆر دووری لە زێد و وڵات، گەڕاوەتەوە و میوانێکی خۆشەویستە، تا من دەگەمە جێ، ئێوە بەباشی میوانداری لێبکەن.

سمایل ئاغا یەکجار بەم تێلگرافە خۆشحاڵ بوو. لەلایەکی تریشەوە خەڵکی شنۆ بە وەبیرهێنانەوەی چەپاو و هێرش و تاڵانەکانی ڕابردوو، هەترەشیان چوو بوو. دەیانزانی سمایل ئاغا بەم هێزە تەیارەوە بێکار ڕاناوەستێ.

باسەکە بە وردی ناگێڕمەوە. بەیانەی ڕۆژی سێیەم لە تێلگرافخانە لەگەڵ سەرتیپ بە هێما وتووێژمان بوو. سەرۆکی تێلگراف هیماکانی وەردەگرت و وەمنی دەدا. منیش بۆ ئەوەی ئەو تێمان نەگا، دەمبردە هۆدەیەکی تر کە سادقخانیش لەوێ بوو، هیماکانم دەدۆزییەوە و سەرهەنگم تێدەگەیاند.

سەرتیپ لێکدا لێکدا بەڵێنی پلە و پایە و خەڵاتی پێدەداین و دەیگوت ئەگەر ئەرکەکان بەباشی بەڕێوە بەرن و سەرکەون، وا و واتان بۆ دەکەم. دەیفەرموو پیاوەکانتان بەباشی ڕابێن کە لەم پلانەدا هەڵەیەک نەکەن. سەرهەنگ پێی گوت: ئێمە لە شنۆ پیاوەکانمان کەمن.

ئێمە پێنج پۆستی عەسکەریمان لە گوندەکان و لەنێو ئێلات و عەشیرەتەکانی سەرسنوور هەبوو، تاکوو بەرگری لە دەستدرێژی ئەوان بۆ لەوەڕگاکانی یەکتر و تێکهەڵچوونیان بکەن. هەر پۆستەی دو سوار و دە پیادەی لێبوو، بەم بۆنەوە لە ناوەندی شنۆ تەنیا هەشت کەس پیادە و شازدەکەس سوارەمان هەبوو. سەرتیپ فەرمووی: هەر بەوەندە هێزەوە دەتوانن دەست بەکار بن و یارمەتیشتان زوو پێدەگەیەنین، ئێوە تەنیا وشیاری ئەوە بن کە سمایل ئاغا بنگێون و بیکووژن.

ئێمە لە تێلگرافخانەڕا گەڕاینەوە. سەرهەنگ ڕۆیشتەوە لای سمایل ئاغا و منیش چوومە لای ئەفسەرەکانی خۆمان، کە سێ کەس بوون، نایب ئەوەڵ ڕەزاخانی پووررداد و نایب ئەوەڵ ئیسماعیل خانی جەلالی

فەرماندەکانی پیادە و سوارە، و عەبدوڵڵاخانی بورنجی، فەرماندەی دەستەی پیادە. چۆنیەتی ڕووداوەکەم بۆ گێڕانەوە و گوتم: سەرتیپ موقەددەم دەستووری داوە کە سمایل ئاغا دەبێ بکوژرێ. ئێمە دەبێ شوێنێکی نەدیو و قایم بکەینە مەتەرێز و لەوێوە تەقە لە سمایل ئاغا بکەین، هەرچی دەبێ با ببێ. هەروەها سەرتیپ فەرمانی داوە کە گوردانێکی تەیار لە ڕەزائییەوە تا کاتژمێری چواری ئەمڕۆ خۆ بگەیەننە بەرزاییەکانی ڕۆژئاوای شنۆ. هەر بەو پێیە فەرمانی داوە تا گوردانێکی تەیاری تریش لە مەهابادەوە تا کاتژمێر سێی ئەمڕۆ خۆ بگەیەننە نزیکی سەربازخانە و سەنگەر بگرن و بە بیستنی تەقە، دەسبەجێ هێرش بکەن. ئێمە دەبێ سەعاتی چوار تا چوار و نیو دەست بەکار بین.

ئەفسەرەکان گوتیان ئێمە سەربازمان نییە، چۆن دەتوانین خۆ لە کارێکی ئاوا بدەین؟! پێم گوتن: سەرهەنگ خۆی لەم بارەوە قسەتان لەگەڵ دەکا. ئێوە تەنیا وریای ئەوە بن شکاکەکان سۆزمیەک نەکەن.

کە گەڕامەوە چاوم بە ئوتۆمبیلێکی ڕەش کەوت کە لە دەرکی سەرۆکایەتی ڕایگرت. سێ کەس وەکیل چەپ(گوربان سێ)و پیاوێکی ناعەسکەری لێی دابەزین. ناعەسکەرەکە محەممەد بوو و گوتی ئێمە هاتووین مزڵ و جێی سانەوە بۆ سەرتیپ ئامادە بکەین و بە دزییەوە سەرهەنگی تێگەیاند کە نامەی نهێنی پێیە. سەرهەنگ گوتی بیدە بە ئاجودانەکەم و بە منیشی گوت بچوە ماڵی حاجی مەحموودئاغا و هۆدەیەک بە محەممەد بسپێرە ئامادەی بکا و بە حاجی مەحموودیش ڕاسپێرە پێداویستییەکانیان دابین بکات.

من و محەممەد بەرەو ماڵی حاجی وەڕێ کەوتین. لەوێ نامەکەم وەرگرت و هەڵمپچڕی و خوێندمەوە. سەرتیپ نووسیبووی: ئەوکاتەی هەواڵی وەڕێکەوتنی من لە ڕەزائییەوە ڕادەگەیەنن، خۆتان بۆ پێشوازی ئامادە بکەن. بێگومان سمایل ئاغاش ڕەگەڵتان دەکەوێ. پاشان ڕابگەیەنن کە ئوتۆمبیلی من لە سندووس خراب بووە و هاتنم وەدرەنگی دەکەوێ. جا لە گەڕانەوەدا، لە شوێنێکی لەبار، تەقە لە سمایل ئاغا بکەن و بێگومان دەبێ بکوژرێ. بۆ سێرە گرتن و ئەنگاوتنیش لەم سێ گوربانە و لە محەممەد کەڵک وەرگرن.

سمایل ئاغا، لەگەڵ تەیمووربەگ و حاجی هەمزە و مووساخان و عەبدوڵڵاخان، لە مەزنانی ئێلی زەرزا، لە ناوەندی سەرۆکایەتیدا دانیشتبوون و قسەیان دەکرد. سەرهەنگ نەورۆزی بەبیانووی ئامادەکردنی مزڵی سەرتیپ، وەدەرکەوت. ئەفسەرەکانی ئێمە لە دەوروبەری ناوەندیدا لە هاتوچوو دابوون و چاوەڕوانی فەرمان بوون.

من ئەفسەر و ئیستیوارم کۆ کردنەوە و بردمنە ماڵی حاجی مەحموود. سەرهەنگ پەیدا بوو و بە یەکەوە پلانی مەتەرێز و سەنگەرەکانمان بەم چەشنە دابەش کرد:

پاش ئەوەی سمایل ئاغا و ئێمە، هەموو بۆ پێشوازی چووین، ١ــ سیتوان ڕەزاخانی پوور[داد] بە خۆ و بە چوار کەسی ناردراوەوە و چوارکەسیش سەربازی پیادە، شوێن: هۆدەی خەستەخانە. ٢ــ سیتوان سێ، عەبدوڵڵاخان و مەتەلیب خانی نایب، بە چوارکەس ناردەڵی سەرۆکایەتییەوە، شوێن: هۆدەی ناوەندی گومرگ. ٣ــ ئاجوودان هاشم خان، بەچوارکەس مەئمووری قەلعەبەیگی[دیزبانی]ەوە، شوێن: هۆدەیەک لە نهوومی دووی ناوەندی سەرۆکایەتی.

قسەمان کردە یەک، لەگەڕانەوەدا، کاتێک سمایل ئاغا گەیشتە ئاستی باغی گشتی، تەقەی لێ بکرێ. بەڵام هەوەڵ گوللە دەبێ لە هۆدەی خەستەخانەڕا لە سینگی سمایل ئاغا بدرێ و ئەوانی دی بە بیستنی دەنگی هەوەڵ گوللە، هەموو پێکەوە تەقە لە سمایل ئاغا بکەن. کەوابوو هەرکەسە لە کاتی ڕۆیشتندا دەبوو پیاوەکانی خۆی کۆکاتەوە و لە شوێنی دیاریکراو جێگا بگرێ.

سەرهەنگ گەڕایەوە لای سمایل ئاغا، نیوەڕۆ بوو. لەگەڵ حاجی هەمزە و مووساخان و عەبدوڵڵاخان و تەیمووربەگ، هەموو چوونە باڵەخانە نەهاریان خوارد و ڕۆیشتن. سمایل ئاغا گوتی: جەنابی سەرتیپ کەی دێت، بچینە پێشوازی. سەرهەنگ گوتی: هەر تەلەیفوون بکەن خەبەرت پێ دەدەم.

شەوانە سمایل ئاغا و من و خەسرەو و جەجۆ، لە باڵەخانە دەنووستین. سمایل ئاغا دەمانچەیەکی دەتیری لوولەدرێژی هەبوو، بە قەتاری فیشەکبەندەوە لە پەنا سەرینەکەی دادەنا و بەیانیان لەخۆی دەبەستەوە.

چەکدارەکان بەسەرماڵاندا دابەش کرابوون و ئەسپەکانیشیان هەر لە هەمان ماڵ بوو، بەڵام زۆربەی ئەسپەکان بە ڕەخت و زینەوە لە باغەکانی باشوور و ڕۆژئاوای شنۆ لە دارەکان بەسترابوونەوە و ئەسپی سمایل ئاغاش لە گۆشەیەکی باغی گشتی بەسترابۆوە.

سەرهەنگ لەلای سمایل ئاغا بوو، و دەور و بەری سەعات سێ، لەسەر قەراری پێشوو لێیان وەژوور کەوتم و هەواڵی وەڕێ کەوتنی سەرتیپ و ئاجوودانەکەی بە ناوی یەحیاخانی والی، لە ورمێوە بەرەو شنۆم پێ ڕاگەیاندن(هەڵبەت ڕاست نەبوو).

سەرهەنگ زوو وەدەرکەوت کە فەرمانی پێشوازی بدات. پێوەندی بە پیاوەکانی خۆمانەوە گرت و گەڕایەوە و لەگەڵ سمایل ئاغا بەرەو سەربازخانە ڕۆیشتن و هەواڵەکە بە هەموو شکاک و بارزانییەکان و دانیشتووانی شنۆ گەیشت. سەرجەم وەڕێ کەوتن. بارزانییەکان کە دیسیپلینی سەربازییان هەبوو، بەر لە هەمووان لەبەر دەرکی سەربازخانە بە تفەنگ و خەنجەرەوە سەفیان بەست. شکاکەکانیش هەر بەو جۆرە. سمایل ئاغا لەگەڵ فەتاح ئاغا و خورشیدئاغا و حاجی هەمزەی زەرزا و سەرهەنگ نەورۆزی، لە ناوەندی ڕەزێکی نزیک سەربازخانە دانیشتن. منیش بە سەنگەرە دابەشکراوەکانی خۆماندا دەگەڕام تا بزانم هەموو لەسەر جێی خۆیانن یان نا. لەو کاتەدا ڕەزاخانی پووردداد کە لە سەنگەری خەستەخانە دابوو منی بانگ کرد و گوتی: ئەم محەممەدەم داناوە کە هەوەڵ گوللە باوێژێ. کەچی ئێستا وەک مێژۆکە دەلەرزێ و دەڵێ گوللە بە سمایل ئاغاوە نان کاڵتە نییە. دەسبەجێ گشتمان دەکوژن و شنۆش تاڵان دەکەن. دەبێ هەرچی زووتر چارەیەک بدۆزینەوە، چونکە ئەوانە هیچیان بۆ ئەم کارە ئامادە نین.

دەسبەجێ چوومە سەربازخانە. ئیستیوار یەکەمێک بوو بە ناوی

**سمایل ئاغا گەیشتە بەر دەرکی باغی گشتی. تەقەی تفەنگی یۆسف خان دەنگی دایەوە. بەدوای ئەو تەقەیەدا لە سێ شوێنەوە دەسڕێژ کرا. لە باڵەخانەوە چاومان لە تێکەوە گلان و بەربوونەوەی سمایل ئاغا بوو، هەروەها دەسڕێژمان دەکرد.**

یۆسف خانی قەرەجەداغی، کە لە وریایی و ئەنگێوەییدا ناوبانگی هەبوو. لەگەڵ خۆمم هێنا. محەممەد تفەنگەکەی بە دەستەوە بوو و دەلەرزی. تفەنگم لە دەست ئەستاند و دامە یۆسف خان. بەڵام ئەو بە پێچەوانەی محەممەد گوتی: ئەو پدەر سوختە [باوک سووتاو]ە[16] چییە کە هەموو لێی دەترسن؟! هەر ئێستا مێشکی دەپژێنم. هاتە بەرەوەی ڕیزی تفەنگچییەکان و چاوەڕوان وێستا.

فەرمانم دا هەموو لە مەتەرێزی خۆیاندا ئامادە بن. ولات چۆل ببوو. گشتیان چووبوونە پێشوازی. من بەلەز خۆم گەیاندە لای سەرهەنگ و سمایل ئاغا و گوتم: هەر ئێستا لە نەغەدەوە هەواڵیان پێداین کە ئوتۆمبیلی سەرتیپ لە نزیکی حەسەنلوو، لە سندووس خراب بووە و سەرتیپ ڕایگەیاندووە کە تا سبەی بەیانی زوو چاوەڕوانی من مەبن. سمایل ئاغا بە پەلە و بە گرژییەکەوە گەڕایەوە. فەتاح ئاغا و تاهیرئاغای دەشتەبێڵیی ئێران و حاجی هەمزەی زەرزا، هاتنەلای سمایل ئاغا. هەروەها سەرکردەکانی بارزانی و شکاکەکان دەوری سمایل ئاغایان دا. سمایل ئاغا لە پێشیانەوە دەڕۆیشت. کە گەیشتە بەرماڵی حاجی مەحموودئاغا، سەرهەنگ بە بیانووی ئەوە کە مزڵی سەرتیپ موقەددەم بە فەتاح ئاغا و تاهیرئاغا نیشان بدا، ئەوانی لەگەڵ خۆی برد و جیا بۆوە. سمایل ئاغاش لەگەڵ سەرکردەکان بەرەو مزڵی خۆی ملی ڕێگای گرتبوو. ڕیزی پێشوازیکەرانیش لە سەربازخانەوە تا بەردەرکی ماڵی حاجی مەحموودئاغا کێشرابوو. خەسرەو و جەجۆ، نزیکەی بیست هەنگاوێک لە دواوە لەگەڵ چاوەدێریکەرانی خۆیانەوە دەهاتن. هەموو پیادە دەڕۆیشتن.

سمایل ئاغا گەیشتە بەر دەرکی باغی گشتی. تەقەی تفەنگی یۆسف خان دەنگی دایەوە. بەدوای ئەو تەقەیەدا لە سێ شوێنەوە دەسڕێژ کرا. لە باڵەخانەوە چاومان لە تێکەوە گلان و بەربوونەوەی سمایل ئاغا بوو، هەروەها دەسڕێژمان دەکرد. ڕیزی پێشەوە هەموو بەربوونەوە و ئەوانی پاشەوە بڵاوەیان کرد. بەختی ئێمە هێنابووی و تاکە سەرکردەیەک نەمابوو کە فەرمانی شەڕ بە پیاوەکانی بدات. نزیکەی سێ سەعات دەستیان کردەوە و بە پرژ و بڵاوی تەقەیان دەکرد. ئەمجار وردە وردە خۆیان دەرباز کرد.

فەرماندەی سوارەکان کە بە شازدە کەسەوە بۆ پێشوازی هاتبوون، دەستووری پێدرابوو کە تەقە دەستی پێکرد، لە پشتەوەڕا چەکدارەکان بداتە بەر گوللە. ئێمە هەموو لەو جەنگەیەدا وازری گەیشتنی یارمەتی و هێزی پشتیوانی بووین. بەڵام لای بەیانی لە نەغەدە و سندووسەوە هەواڵیان پێداین کە گورهانێکی پیادەی تەیار گەیشتوونە نەغەدە. دیار بوو شەو بە ڕێگادا هاتبوون. من بە تەلەیفوون پێم ڕاگەیاندن کە کار لەکار ترازاوە و سمایل ئاغا کوژراوە و سەربزێویشمان نییە. ئەوانیش پاشی یەک ڕۆژ سانەوە، هەر لەوێوە بەرەو مەهاباد زڤرین. لە بەرامبەر چوارسەد کەسی لێهاتوو و تەیار بە خەنجەر و تفەنگ، ئێمە هەشت کەس بووین و لە ڕەزائییەشەوە یارمەتیمان پێ نەگەیشت.[17] یانی ڕەزائییە لەکاتی ناردنی گوربانەکان، و مەهابادیش وەختی بەڕێکردنی گورهانی باسکراو بە ڕووداوەکەیان زانی.

ئەوێ شەوێ تەرمی کوژراوەکانمان کێشایە بن دیوار و هەر بە شەو بەهۆی دارۆغە(کلانتر)ی شار و سەرباز، بە هەموو ماڵەکانمان ڕاگەیاند، هەرکەس خۆی حەشار داوە، دەرفەتی هەیە بە ئازادی لە شار بچێتەدەر و ئێمە وەدوای کەس ناکەوین. پاشی ئەوەی دڵنیا بووین کەسیان لە شنۆ دا نەماوە، ئاگادار بووین کە خەسرەو و جەجۆ، لەلایەن چاوەدێریکەرانیانەوە گەیاندراونە پشت دیواری باغی گشتی و بە سواری ڕایانکردووە.

سبەی سەرلەبەیانی، تەرمی سمایل ئاغامان بە هەمان ئەتۆمبیلە ڕەشەی کە سێ گوربان و محەممەد پێی هاتبوون، ناردە ڕەزائییە. لەوێ خێزانی سمایل ئاغا چاوی پێکەوت و سەلماندی کە سمایل ئاغا خۆیەتی لەلایەن هەمان ژنەوە کە دایکی خەسرەو بوو، لە ڕەزائییە نێژرا.[18]

سەرتیپ لە تێلگرافخانەی تەورێز هەروا چاوەڕوانی دوایی کارەکە بوو. هەر شەوێ هەواڵی کوژرانی سمایل ئاغامان پێدا. هەروەها پێمان ڕاگەیاند، چونکە خورشیدئاغا و چەند کەسی تری هەرکی کوژراون، زۆر وێدەچێ هەرکی بەسەر شنۆ دادەن. ئەویش فەرمانی دا سەرهەنگ کەلبعەلیخانی نەخچەوانی، کە بە ئازا و بوێر ناوبانگی دەرکردبوو، هاتە شنۆ و ماوەیەک لەوێ مایەوە. بەڵام کەس زاتی هێرشکردنی نەمابوو. بەم جۆرە هەموو شتێک کۆتایی پێهات.

لە تەواوی ئەو کارەساتەدا، تەنیا کەسێک بەناوی میرزامحەممەد سەرجۆخەی پیادە، سووکە برینێکی لە شانی ببوو و کەریمخانی خەیلانیش بە قسەی خۆی بۆ یارمەتی ئێمە هاتبوو، دەستێکی بریندار ببوو. ئەویش ڕاستی نەدەکرد، چونکە کەس ئاگاداری پلانی ئێمە نەبوو تا لە بەرەوە بڕیاری یارمەتی یا دژایەتی گرتبێ.

لە پاشان هەوڵێکی زۆرمان دا تاکوو خەسرەوی کوری سمایل ئاغا بگەڕێتەوە، بەڵام سەرنەکەوتین. چونکە شێخی بارزان خەسرەوی دابوویە دەست دەوڵەتی تورک.

ئەودەم فەرماندەی هەنگی مەهاباد سەرهەنگ وەدیعی بوو و پێوەندییەکی بەکار و باری عاشایرییەوە نەبوو. لە ڕەزائییەش فەرماندەی تیپ، سەرهەنگ حوسێن پوور بوو، کە ئاگاداری ڕووداوەکە نەکرابوو. دەورگێڕی سەرەکی من بووم. بەڵام نەمزانی ئەو«بزورگی ئیبراهیمی»یەی کاک ئەحمەدی شەریفی سەر و بنی قسان هاتۆتەوە سەر ئەو، کێیە؟! ئایا ئەفسەر بووە، ناعەسکەر بووە؟![19] [کە]لەشکرکێشی بۆ سەر سنوورەکان کردووە و، پێی عەشیرەتەکانی مەنگوڕ و مامەشی هێناوەتە ناو. ئەوانە هیچی

وانەبووە. سەرۆکەکان، هەرکام سەد کەس و سەد و پەنجا کەسیان لەگەڵ بووە و ئێمەش هەشت کەس. ئیدی ئەو قۆشەنەی ئەو لە شنۆ سازی کردووە بناغەیەکی نییە. من نازانم ئەو ئاغای شەریفی یە چ خەونێکی دیوە و چۆنی ئەم تان و پۆیە لێک هاڵاندووە! من درەنگم بەو کارە زانی. زۆربەی خەڵکی مهاباد و شنۆ هێشتا ناوی منیان لەبیر ماوە؛ واتە هاشم خان، ئاجودانی عەشایر و میرزابنووسی سەرۆکی عەشایر.

سەرهەنگ نەورۆزی و هاورێکانی، تا دوایی تەقەکە و تەواوبوونی ڕووداوەکە لە ماڵی حاجی مەحموود ئاغا مانەوە.

داواکارم بە کتێبفرۆشی سەیدیان لە مەهاباد ڕابگەیەنن کە بەبێ لێکۆڵینەوە شتی وا بێبایەخ بڵاو نەکاتەوە. هیوادارم ئیشەڵڵا بتوانن خەتی من بخوێننەوە، چونکە دەستم لەرز بووە و ناتوانم بنووسم. ئەگەر بخوازن ڕووداوی سمایل ئاغا بڵاو بکەنەوە، پێویستە لەمن و تەنیا لەمن کەڵک وەربگرن. سەرجەمی ڕووداوەکە بەهەموو لایەن و پاژەکانییەوە کتێبێک هەڵدەگرێ.

لە ٢٥٣٦/٨/٢٠ی هەتاوی[20] نووسرا

ناجودان و میرزابنووسی پێشووی سەرۆکی عەشایر و کەلانتەری سنووری شنۆ و خانێ، هاشم ئەحمەدزادە

ئیمزا

ناونیشان: تاران ـ شەقامی جەمشیدئاباد، شەقامی دیلمانی، ژمارەی خانوو ١٤، ئەحمەدزادە

### پەراوێزەکان

١)ـ عەشایر شکاک و شرح زندگی آنها به رهبری اسماعیل آغا سمکو.

٢)ـ تاریخ مشروطەی ایران، احمد کسروی، ج ١، ل ١٤٣ـ١٤٥؛ هەروەها، پنجاه خاطره از پنجاه سال، ابراهیم صفائی، ل ٥٤ـ٥٥.

٣) ـ خاطرات حاج سیاح یا دورەی خوف و وحشت، بکوشش حمید سیاح، به تصحیح سیف الله گلکار، ل ٢٥٥؛ هەروەها، بڕوانە: بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ، سروەی ژمارە٢٨ تا ٣٢، سەید عەبدوڵڵا سەمەدی.

٤) ـ مێژووی میرانی سۆران، حوسێن حوزنی موکریانی، ل ٨٧.

٥) ـ شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، وەرگێڕاوی هەژار، ل ٤٩٤ ـ ٤٩٥.

٦)ـ حرکت تاریخی کرد به خراسان، کلیم الله توحدی(کانیمال).

٧)ـ تاریخ عالم آرای عباسی، اسکندربیگ ترکمان، ج ٢، ل ٨١٣ .

٨)ـ وتاری د. جەوادی قازی، گۆڤاری سروە ژمارە ١٨، ل ٢٥.

٩)ـ شەرەفنامە، ل ٢١٣ـ ٢١٤ .

١٠)ـ تاریخ و جغرافیای کردستان، موسوم به «سیرالاکراد»، عبدالقادر ابن رستم بابانی، به اهتمام محمد رئوف توکلی، ل ١٠١.

١١)ـ جنبش ملی کرد، کریس کوچرا، ترجمەی ابراهیم یونسی، ل ١٥٣ـ ١٣٦.

١٢)ـ تحفەی مظفریه، ئوسکارمان، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردی ماموستاس هێمن، ل ٦١٢ـ٦٣٩.

١٣)ـ لە ئەرتەشی ئەودەمی ئێراندا، بەشێک هەبوو بەناوی«امور عشایر» واتە «کار و باری عەشیرەتەکان». ئەرکی ئەو بەشە ئەوە بوو کە لەگەڵ سەرۆک هۆزەکان پێوەندی هەبێ و هەموو چەشنە جموجۆڵێکی هۆزەکان بداتە ژێر چاوەدێری.

١٤)ـ هەرچەند تاکوو ئێستا نامەیەکی وا لە سمایل ئاغا وەدەست نەهاتووە، دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە نووسەری ئەم نامەیە خۆی یەکێک لە پیلانگێڕانی تیرۆری سمایل ئاغایە، ئەگینا سمایل ئاغا ئەوەی زانیوە کە لە دەسەڵاتی سەرتیپ موقەددەم دا نییە کە لە بابەت ئەوەوە دوا بڕیار بدات.

١٥)ـ لە لاپەڕەی ١٠ی دەستنووسەکەدا، کە دوایین لاپەڕەی نامەکەیە، نووسەر، ناونیشانی خۆی لە تاران، بەم چەشنە نووسیوە: (آدرس ـ تهران، خیابان جمشیدآباد، خیابان دیلمانی، کاشی١٤ـ احمدزاده) و لە ژێر ئەم ناونیشانە، وەک وەبیرهاتنەوە و پەراوێزێک، سێ دێڕی نووسیوە، کە پێوەندی بە ژمارەی دەست و پێوەند و چەکدارەکانی ئەم بەشەوە هەیە و دەڵێ:«کە لە دارستان وەڕێ کەوتین، ١٥٠کەس شکاک و ٥٠کەس بارزانیمان لەگەڵ بوو، لە سنووری دالانپەڕ ٢٠٠ بارزانیشمان پێگەیشت، کە سەرجەم بووینە ٤٠٠کەس. لە خاکی ئێرانیشدا ٥٠کەس هەرکی لە پیاوەکانی فەتاح ئاغا هاتنە باڵمان و بووینە ٤٥٠کەس. خورشیدئاغاش بە نۆکەرێکەوە و کەریم خانیش بە نۆکەرێکەوە لە گەڵمان بوون و بەم چەشنە گەیشتینە شنۆ.» [کەوایە، ژمارەی هاورێکانی سمایل ئاغا دەگاتە ٤٥٤کەس].

١٦)ـ «پدرسوخته» (باوک سووتاو) جنێوێکی فارسی یە و مەبەست لەوەیە کە باوکی شیاوی سووتانە لە ئاگری دۆژە دا. بەدجسن، بەد ڕەگەز.

١٧)ـ لێرەدا نووسەر بەئاشکرا ئەوە دەشارێتەوە کە بەپێی قسەکانی پێشووی خۆی٣٥کەس لە پیلانەکەدا دەوریان هەبووە. جگە لەوە، سەربازخانەی شنۆش دەحیساب ناهێنێ!

١٨) تیرۆری سمایل ئاغای سمکۆ، ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ١٨ی July ١٩٣٠ـ ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٠٩ ـ ٢١ی سەفەری ١٣٤٩ .

شیاوی باسە، کە زۆربەی ڕۆژ ژمێرە کوردییەکان (١٩٣٠/٦/٢١)یان دەسنیشان کردووە و بەداخەوە ڕۆژژمێرەکانی تریش یەک لە یەکیان وەرگرتووە و ئەو هەڵەیان چەندپات کردووتەوە.

سەرتیپ موقەددەم، لە ڕاپۆرتێکی نیزامی دا، کە لە ١٣٠٩/٤/٣٠ ، واتە سێ ڕۆژ دوای کوژتنی سمایل ئاغا، بە ژمارە ٢٣٦٧ و برووسکەی ژمارە ٢٩٩٧، دەریکردووە، ڕاستەوخۆ ئاماژە دەکا کە سمکۆ لە ١٣٠٩/٤/٢٧ لەلایەن نیزامییەکانی پادگانی شنۆوە کووژراوە.

هەروەها«ئیستیفانی کرۆنین» لە کتێبی «ئەرتەش و حکوومەتی پەهلەوی»دا و گەلێک مێژووی باوەڕ پێکراوی تریش ئاماژە بە هەمان ڕۆژ دەکەن.

١٩)ـ لێرەشدا شتێکی سەیرە کە نووسەر، خۆ لە «بزورگ ئیبراهیمی» نەناس دەکات! هەڵبەت لەوانەیە لە ڕووداوی سمایل ئاغا دا دەورێکی نەبووبێ، بەڵام ئیبراهیمی لەساڵی١٣٠٧ی هەتاوی، واتە دووساڵ بەر لە کارەساتی تێرۆری سمکۆ، هەر بەناوی بەرپرسی کاروباری عەشایر(مسئول امور عشایر)دەورێکی بەرچاوی هەبووە لە شۆڕشی مەلاخەلیلی گۆڕەمەڕ دا.

لە لاپەڕە ٢٢٠ی کتێبی«ئاوڕێک وەسەر مێژووی مەهاباد»ی سەید محەممەدی سەمەدی دا، ئاماژەیەکی کەم و پوخت لە بابەت بزورگی ئیبراهیمی یەوە هەیە بەم جۆرە: «بزورگ خانی ئەمیر ئیبراهیمی، کوڕی خەسرەو، لەدایکبووی ١٢٧٩ی هەتاوی[١٨٦٢/٦٣]، لە خولەکانی حەڤدە و هەژدە دا نوێنەری خەڵکی تەورێز بووە لە (مجلس شورای ملی)دا، و لە خولی نۆزدەهەمدا(کە دەکاتە ١٠ی جۆزەردانی ١٣٣٥ هەتا ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٣٩ی هەتاوی) نوێنەری خەڵکی مەهاباد بووە لە هەمان مجلیس دا. ناوبراو لەو نیزامییانە بووە کە ساڵەها لە مەهاباد ماوەتەوە و بەرپرسی کار و باری عەشایری بووە.».

٢٠)ـ هەڵبەت ئەو ساڵە(شاهەنشاهی)یە، کە لە ئاخر و ئۆخری حکوومەتی پەهلەویدا لەجێی ساڵی هەتاوی دانرا. بەرابەرە لەگەڵ١٣٥٦ی هەتاوی، و ڕێکەوتە لەگەڵ ڕۆژی هەینی١٩٧٧/١١/١١.




# «فەرهەنگی هەرمان» و ڕیزی ئەلفوبێ کەی

عەبدوڵڵا ئیبراهیمزادە

لەم هەفتانەی دواییدا فەرهەنگێکی نوێی کوردی بە ناوی **فەرهەنگی هەرمان**(بەرگی یەکەم) لە نووسین و ئامادکردنی کاک **«عەلی نانەوازادە»** چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە، وەک بەرگی یەکەمی فەرهەنگەکە، پیتەکانی(ئا و ب)دەگرێتە خۆ و ٤٩٥لاپەڕەیە.

هەرچەندە زمانی کوردی تا ئێستا خاوەنی ژمارەیەک فەرهەنگی جۆربەجۆر بووە و گشت ئەو فەرهەنگانە، چ سەبارەت بە ئەرک و زەحمەتی دانەرەکانیان و چ سەبارەت بە خزمەتکردنیان بە زمان و ئەدەبی کوردی، جێگەی ڕێز و پێزانینن، بەڵام بەداخەوە گشت ئەو فەرهەنگانە، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی و بە پێی لێکۆڵینەوەی ورد و درێژخایەن دانەندراون، لە ئەنجامدا کۆمەڵێک کەموکوڕی و ناتەواوییان تێدا بەدی هاتووە و نەیانتوانیوە وەڵامدەری نیازەکانی سەردەم بن. تاکە فەرهەنگێکی ئاوارتە لەم ناوەدا فەرهەنگی (قامووسی زمانی کوردی -١٩٧٧)ی «مامۆستا زەبیحی»یە، کە دەتوانین بە هەنگاوێکی ڕچەشکێن و کارێکی نموونەی دابنێین لە مەیدانی فەرهەنگنووسیی کوردیدا. بەداخەوە فەرهەنگەکەی مامۆستا زەبیحی هەرتەنیا دوو بەرگی(ئ) و (ب)ی لەچاپ درا و، بەشەکانی دیکەی دەگەڵ خودی دانەرەکەی تووشی چارەنووسێکی تراژیک هاتن و بەمەش زەبرێکی گەورە و گران لە زمان و ئەدەبی نەتەوەکەمان کەوت و، گەلی کورد بە درێژایی تەمەنی وەچەیەک لە فەرهەنگێکی زانستی بێ بەری مایەوە.

بەهەرحاڵ ئێستا، پاش بیست و پێنج ساڵێک تێپەڕین بەسەر فەرهەنگە ناکامەکەی زەبیحی دا، کارێکی نوێ، واتا ***فەرهەنگی هەرمان*** دێتە ئاراوە و مزگێنی ئەوەمان بۆ دێنێ کە زمانی کوردیش سەرەنجام ببێ بە خاوەنی فەرهەنگێکی شیاو، فەرهەنگێکی زانستی و تێر و تەسەل کە مرۆڤی کورد بتوانێ بە دڵنیاییەوە پشتی پێ ببەستێ و وەڵامی پرسیارەکانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. کاک عەلی نانەوازادە، دانەری فەرهەنگەکە، لەلایەکەوە بە وردبوونەوە و خۆ بواردن لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی فەرهەنگەکانی ڕابوردوومان و، لە لایەکیش بە ڕەچاوکردنی ڕێبازێکی زانستی و کەڵک وەرگرتن لە ئەزموون و شێوازی فەرهەنگنووسیی ئەورووپییەکان و پشت بەستن بە سەرچاوەی جۆراوجۆری کوردی و بیانی هەوڵی داوە ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە تا ئێستا لە مەیدانی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسیی کوردیدا بەردەوامە. خوێنەری کورد، کاتێک ئەم فەرهەنگە دەخوێنێتەوە، بەڕاستی هەست بەوە دەکا کە دەگەڵ بەرهەمێکی نوێ و جیددی و داهێنەرانە ڕوو بە ڕوویە و، وێڕای خۆشحاڵی و چێژلێوەرگرتن هیوای ئەوە دەکا چی زووترە بەرگەکانی دیکەش ئامادە و چاپ بکرێن.

بەکورتی، ئەم فەرهەنگە هەوڵی داوە ئەوەی زانیاریی پێویست بێ، سەبارەت بە هەر وشەیەک، بیخاتە بەرچاوی خوێنەر و جێگە بۆ هیچ گیر و گرفتێک نەهێڵێتەوە. تەنانەت ڕادە و قەبارەی زانیارییەکان هێندێک جار لەوەش زۆرترن کە خوێنەری مام ناوەنجی مەبەستی بێ. جۆری وشەکان لەباری ڕێزمانییەوە (چاوگ، ناو، کردار و...) شێوەکانی وشەکان دە زاراوە جۆربەجۆرە کوردییەکاندا، هەڵسەنگاندنی دەگەڵ زمانە کۆنەکانی وەک ئاڤێستا و سانسکریت و پەهلەوی لە زۆر جێگەدا، مانا کردنەوەی تێر و تەسەل، ڕوونکردنەوەی چەشنی بەکارهێنانی وشەکان دە ڕستەدا بە نموونەهێنانەوەی زۆر و زەوەند، دەسنیشان کردنی وشە وەرگیراوەکان و ئەو زمانانەی لێی وەرگیراون، لێکۆڵینەوە لە ڕیشەی وشە کوردییەکان و ساخکردنەوەی پێوەندی ئێتیمۆلۆژیی ئەوان دەگەڵ یەکدی[1]، بەکارهێنانی هێما و نیشانەی جۆربەجۆر بۆ کارهاسانیی خوێنەر و گەلێک زانیاری و تێبینی بەکەڵکی دیکە، ئەو شتانەن کە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و وەڵامی گەلێک لە پرسیارەکانی بۆ ڕوون دەکاتەوە.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم فەرهەنگە، کە هەوێنی ئەم باسەی ئێمە پێک دێنێ، ئەوەیە کە دانەر ڕیزی ئەلفوبێی کوردی(بە خەتی عەرەبی)بە شێوەیەکی جیاواز لە فەرهەنگەکانی دیکە دەست نیشان کردووە و، هەوڵی داوە شێوازی باو لەم بارەوە وەلابنێ و شێوازێکی نوێ بهێنێتە ئاراوە. (لەمەودوا هەرکات لە توێی وتارەکەدا باس لە ئەلفوبێی کوردی دەکەین، مەبەست ئەمەیانە کە بە پیتی عەرەبی دەینووسین، نەک ئەوەی لاتینی). ئەو ڕیزی ئەلفوبێی کوردی بەمجۆرە دەست نیشان دەکا:

ئـا، ب، پ، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، و، ئو، ئۆ، ئوو، ه، ئە، ی، ئی، ئێ، ئیی، ء.

ئەمەش بەپێچەوانەی فەرهەنگەکانی دیکەیە کە هەموو ئەو وشانەی بە بزوێن(ڤاول) دەست پێدەکەن، لە بن یەک و لە ژێر ناوی(هەمزە)دا ڕیزیان کردوون. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە بەرگی یەکەمی فەرهەنگەکە ناوی(ئا ـ ب)ی لێندراوە و لە بەشی(ئا)دا تەنیا ئەو وشانە باسکراون کە بە(ئا)دەست پێدەکەن[لەوشەی ئا تا دەگاتە وشەی ئاییەی ـ پاشان پیتی ب دەست پێدەکا). نیتر ئەو وشانەی کە بە بزوێنی دیکە دەست پێدەکەن

و ده نووسینی کوردیی ئێمەدا گشتیان هەمزەیان بەسەرەوەیە، داندراون بۆ بەشەکانی دیکەی فەرهەنگەکە و بەپێی ڕیزی ئەلفوبێی فەرهەنگەکە هەرکامیان دەکەونە خانەی پیتێکی جیاوازەوە.
ئەم گۆڕانکارییە لە ڕیزی ئەلفوبێی کوردیدا، بوو بە مایەی ڕەخنەگرتن لەلایەن هێندێک لە خاوەن ڕایانەوە کە باوەڕیان وایە نەدەبا دەنگی هەمزە بەم جۆرە لەت لەت کرابایە و پێویست بوو هەر وەک شێوەی باو تەواوی وشە «بە هەمزە دەست پێکراوەکان» لە بەرگی یەکەمدا و لە ژێر «پیتی هەمزە»دا ڕیز کرابان.[۲]
بەداخەوە کاک عەلی نانەوازادە، دە کورتە نووسینێکی ناو کتێبەکەدا لە ژێر ناوی «ڕیزی ئەلفوبێی ئەم فەرهەنگە»، نەک هەر هەوڵی نەداوە بیر و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە پێویستیی دەستێوەردان لە شێوەی باوی ئەلفوبێی کوردی ڕوون بکاتەوە و کارەکەی خۆی لەم بارەوە بەڵگەدار و سەلمێنەر بکا، بەڵکوو تووشی هێندێک گرێ و گۆڵ و ئاڵۆزیش لە باسەکە دا بووە و، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆیەک بێ بۆ ئەوەی ڕەخنەگرانی لە مەبەستەکەی نەگەیشتبن.
سەبارەت بە گرینگی باسەکە، واتا دەستێوەردان لە ڕیزی ئەلفوبێی کوردی(جا دروست بێ یان هەڵە)، هەروەها ئەو ئاڵۆزییەی لە نووسینەکەی کاک عەلی دا دێتە بەرچاو و، لە لایەکی دیکەشەوە هێندێک باس و دەمەتەقەی ڕەخنەگرانە بەرانبەر بە کارەکەی، حەز دەکەم منیش وەک هۆگرێکی باسەکە خۆم لە قەرەی بدەم و چەند بیر و ڕایەک لەم بارەوە پێشکەش بکەم. دیارە ئەم بیر و ڕا دەربڕینە، ئەگەریش لێرە و لەوێ بۆنی ڕەخنەی لێ بێ، بەو ئامانجە نییە کە لە نرخی فەرهەنگەکە کەم بکاتەوە، چونکوو هەر وەک لەسەرەوە باسم کرد فەرهەنگەکە بە باوەڕی من لە چەشنی خۆیدا بێ هاوتایە، هەرچەند لێرە و لەوێش هەڵەی تێکەوتبێ یان تێی نەکەوتبێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم باسەی ئێمە سەبارەت بە«ڕیزی ئەلفوبێی کوردی» چ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ناوەرۆکی فەرهەنگەکەوە نییە. هەروەها لەوکاتەدا حەزدەکەم بە ڕەخنەگرانی کاک عەلیش ڕابگەیەنم ڕاستە دانەر ڕوونی نەکردۆتەوە بە پێی چ بەڵگە و پێودانێک ڕیزی ئەلفوبێی ستانداردی کوردی گۆڕیوە، بەڵام دەستێوەردانەکەی، جا بە هەر بیانوو و بەڵگەیەک کردبێتی، شتێکی گرینگ و سەرنجڕاکێشە و، ناکرێ هەر بەتاوانی لادان لە «شێوەی ستاندارد» بەرپەرچ بدرێتەوە. لەبەر ئەمە، پێویستە ئەم دەستێوەردانە بکەینە سەرەتایەک و دەرەتانێک بۆ باسێکی هەمە لایەنە و بەربڵاو لەسەر چۆنیەتی ئەلفوبێی ستانداردی کوردی و ئەوەی کە ئایا ئەم ستانداردە پێویستی بە گۆڕان هەیە یان نا.
لێرەدا پێویستە سەرەتا ئاوڕێک لە نووسینەکەی کاک عەلی لەژێر ناوی «ڕیزی ئەلفوبێی ئەم فەرهەنگە» بدەینەوە. وەک لە سەرجەمی نووسینەکەی دەردەکەوێ کاک عەلی بەداخەوە دوو چەمکی(پیت) و (فۆنێم)ی لێک جودا نەکردۆتەوە. بۆ وێنە کاتێ دەڵێ «ئاخۆ کورد چەند پیتی دە زمانەکەی دا هەیە» یان کاتێک باس لە «پیتی بزوێن» و «پیتی بێدەنگ»، یان «پیتی زاراوەیی» و «پیتی ئەدەبی» دەکا؛ لە بارەی «پیتی زاراوەیی» دا ئاماژە دەکا بە نموونەی(ذ)ی هەورامی، (نگ)ی ئەردەڵانی، (ک)ی موکریانی، (ص) و هتد.... ئەم هەڵەیەی تێکەڵکردنی(پیت) و (فۆنێم) پێشتر لەلایەن هێندێک لە زمانەوانە کوردەکان کراوە و دەمێکی زۆر دەناو زمانەوانەکانماندا دەمەتەقەی لەسەر کراوە و بۆیە نەدەبوو کاک عەلی تووشی دووپاتکردنەوەی ببێتەوە. ئاشکرایە کە باسی ژمارەی پیت کردن دە زمانی کورد دا دروست نییە، چونکوو ئەمە بەستراوەتەوە بەوەی کە کورد بۆ زمانەکەی چ خەتێک بەکار دەهێنێ(خەتی عەرەبی یان لاتینی یان کریلی یان...). دیارە مەبەستی کاک عەلی لێرەدا ژمارەی فۆنێمەکانە کە ئەو بە هەڵە ناوی پیتی لێناون. ئەمجار باسکردن لە«پیتی بزوێن» و «پیتی بێدەنگ» دروست نییە. چونکوو پیت، لە ڕوانگەیەکەوە، هەمووی بێدەنگن، پیتەکان شێوەیەکن لە دەربڕینی فۆنێمەکان لەسەر کاغەز، وەک پەیکەرێکی خامۆش و بێ بزاڤ وان کە بۆ فۆنێمەکان دروست کراون. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، هەموو پیتەکان دەنگدارن، واتا دەنگێک نیشان دەدەن! سەبارەت بە «پیتی زاراوەیی» کاک عەلی دەنووسێ :«پیتی زاراوەیی بریتییە لەو پیتانەی کە خەڵکی ناوچەکانی جۆراوجۆر هەیانە و لە قسەکردندا بەکار دەهێندرێ بەڵام لە نووسین و خوێندنەوەدا هێشتا جێگەی خۆیان نەکردۆتەوە...»[۳] لێرەشدا دەبینین کە مەبەستی نووسەر لە ڕاستیدا فۆنێمە نەک پیت، چونکوو پیت لە قسەکردندا بەکار ناهێندرێ و تەنیا لە نووسیندا بەکار دەهێندرێ، وەک ئامرازێک بۆ نیشاندانی دەنگی فۆنێمەکان. ئەو نموونانەی کە بۆ «پیتی زاراوەیی» بە دەستەوە دراون، هیچکامیان پیت نین، بەڵکوو شێوەی جۆر بە جۆرن لە دەنگی فۆنێمێکی دیاریکراو. بە وتەیەکی دیکە فۆنێمێک دەتوانێ بە دوو یان چەند جۆرە دەنگی جیاواز خۆ نیشان بدا و بەم شێوە دەنگانە دەگوترێ(allophone). فۆنێمەکانی(س)، (ج)، (ز)، (گ) و هتد دە زمانی کوردیدا هەرکام بە دوو دەنگی جیاواز دەبیسترێن، واتا دوو ئاڵۆفۆنیان هەیە. فۆنێمی(ک) تەنانەت سێ ئاڵۆفۆنی هەیە.
کاتێک ئێمە باسی ئەلفوبێی زمانێکی دیاریکراو دەکەین، دەبێ سەرەتا لە فۆنێمەکانی زمانەکە بدوێین و دواتر بێینە سەر چەمکی (پیت). فۆنێم ئەو دەنگانەن ـ نەک هەر دەنگێک ـ کە وشەکانیان لێ دروست دەبێ، واتا بچووکترین یەکانەی وشەکانن کە بە گۆڕین و لابردنیان مانای وشە دەگۆڕدرێ یان تێک دەچێ. پیت وەک نیشانە و هێمایەک وایە بۆ دەربڕینی دەنگی فۆنێمەکان. پیت خۆی شتێکی سەربەخۆ نییە، لەلایەکەوە بەستراوەتەوە بە فۆنێم و دەربڕی ئەوە لە نووسیندا و، لە لایەکی دیکەشەوە شتێکی دەستکرد و داندراو و بگۆڕە.
ئەمڕۆ بۆ نووسینی فۆنێمەکانی کوردی لە چەند جۆرە پیت(عەرەبی، لاتینی، کریلی و...) کەڵک وەردەگیرێ و، بێگومان لە سەردەمە کۆنەکانیشدا دەبێ پیتی دیکە لە کار دابووبن. کەواتە مرۆڤ دەتوانێ بۆ فۆنێمێک یان سەرجەم فۆنێمەکانی زمانێک شکڵ و شێوەی جۆر بەجۆر(پیتی جۆر بە جۆر) بەکار بێنێ و هەر کاتێک بە پێویست زاندرا، گۆڕانکاریی لە ئەلفوبێ کەدا پێکبێنێ. جیاوازییەکی دیکەی فۆنێم و پیت لەوە دایە کە جار هەیە فۆنێمێک بە دوو یان چەند پیت نیشان دەدرێ، بۆ وێنە فۆنێمی (ش) دە زمانی ئاڵمانیدا بە سێ پیتی sch و دە ئینگلیزیدا بە دوو پیتی sh نیشان دەدرێ، هێندێک جاریش یەک پیت دەنگی دوو فۆنێم دەگەیەنێ وەک پیتی x دە ئینگلیزیدا. واش هەیە

کە یەک پیت بۆ گەیاندنی دەنگی دوو فۆنێم کەڵکی لێ وەربگیرێ، وەک پیتی c کە دە ئینگلیزیدا کە جارێک دەنگی فۆنێمی k و جارێکیش فۆنێمی s دەردەبڕێ.[٤]

شتێکی دی، کە هەر لەم پێوەندییەدا شیاوی باسە، جیاوازیی نێوان دوو چەمکی(دەنگ) و (فۆنێم)ە. ئەم جیاوازییە دەتوانن ئاوا دەربڕین کە هەر فۆنێمێک دەنگە، بەڵام هەر دەنگێک فۆنێم نییە. بە دەیان دەنگی جۆر بە جۆر لە سروشت و دنیای دەور و بەر دەبیسرێن کە هیچیان فۆنێم نین و وشە دروست ناکەن، هەروەها مرۆڤیش دەتوانێ جۆرەها دەنگ لە قوڕگییەوە دەربێنێ کە پێوەندییان بە سەر فۆنێمەوە نییە. جۆرێکی دیکەش لە دەنگی مرۆڤ هەیە کە خۆی فۆنێم نییە، بەڵام پێوەندی بە فۆنێمەوە هەیە، وەک ئاڵۆفۆن کە لەسەرەوە باسکرا.

بەکورتی، کاتێک لە ئەلفوبێی زمانی کوردی دەدوێین، دەبێ لە پێشدا بزانین فۆنێمەکان کامانەن و، ئەو جار بەپێی چۆنیەتی و ژمارەی ئەوان پیتەکان دیاری بکەین.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر باسی«هەمزە» (ئـ). ئەم نیشانەیە کە دە ئەلفوبێی کوردیدا وەک پیت دەناسرێ و جێی خۆی کردۆتەوە، بێگومان دەربڕی دەنگێکی دیاریکراوە. بەڵام ئایا ئەم دەنگە فۆنێمە یان نا؟ سەبارەت بە دەنگی هەمزە لەمێژە دە نێو زمانەوانەکاندا کێشە و دەمەتەقە هەیە. زۆربەی زمانەوانەکان دەنگی هەمزە بە فۆنێم دانانێن. «د. ئەوڕەحمان حاجی مارف» دە وەڵامێکی دا بۆ مامۆستا «مەسعوود مەحەممەد» کە لایەنگری فۆنێم بوونی دەنگی هەمزەیە، ئاوا دەنووسێ: «هەرچی هەمزەیە لە زمانی کوردیدا وەک دەنگێکی یاریدەدەر و لە سەرەتای ئەو وشانەوە یا خود ئەو بڕگانەوە پەیدا دەبێ کە بە بزوێن دەست پێدەکەن... هەمزە فۆنێم نییە و دەنگە.... »[٥] مامۆستا «جەمال نەبەز» دە وتارێکی دا بە دروستی ڕەخنە لە مامۆستا زەبیحی دەگرێ سەبارەت بەوەی کە ئەو دە قامووسەکەیدا ناوی بەرگی یەکەمی هەمزە( ء)داناوە و هەموو ئەو وشانەی بە ڤاوڵی جیارازەوە دەست پێدەکەن، خستووەنیە ژێر ناوی هەمزەوە و لەم بارەوە دەنووسێ:«...ئا، ئە، ئو، ئوو، ئۆ، ئی، ئێ، ئەمانە هەمزە نین، تیپی دەنگداری کورت و درێژن... هەمزە دەنگێکی تایبەتی یان جۆرە بزوێنێکی یەکجار کورتە دە عەرەبیدا...».[٦] (لێرەدا مامۆستا نەبەزیش سەرەڕای دروستیی بیر و ڕاکەی سەبارەت بە هەمزە تووشی ئەم هەڵەیە بووە و بزوێنەکان بە تیپی دەنگدار ناو دەبا).

بەگشتی دەنگی هەمزە بە پێی ئەو بەڵگانەی خوارەوە دە زمانی کوردیدا فۆنێم نییە و واشی بۆ دەچم دە زمانە هیندوئەوروپییەکانی دیکەش دا هەر وابێ.

١ـ ئەم دەنگە لە نێوەڕاست و کۆتایی وشەی کوردیدا نایە. دە کاتی لێکدانیشدا(وشەی لێکدراو) تێدا دەچێ یان دەگۆڕدرێ وەک: بەر+ئاوەژوو=بەراوەژوو، بەرد+ئاش=بەرداش، سەر+ ئێشە= سەرێشە. دە وشە عەرەبییەکانی ناو زمانی کوردیدا، دیسانیش دەنگی هەمزە یان دەگۆڕدرێ یان نامێنێ، وەک: مسئلە=مەسەلە، بئر=بیر، دائم=دایم و هتد....

٢ـ لەسەرەتای وشەدا ئەم دەنگە بەندە بە بزوێنەکانەوە، وەک دەنگێکی یاریدەر بۆ دەربڕینی دەنگی ئەوان دێتە کایەوە(ئا، ئو، ئی و...)کەواتە دەنگێکی سەربەخۆ نییە. هەرچی بزوێنەکانن، دەنگی سەربەخۆن، چونکە ئەوان لە نێوەڕاست و کوتایی وشەدا بە بێ یارمەتی هەمزە دەنگی خۆیان دەردەخەن.

٣ـ لە سەرەتای زۆر وشەدا دەنگی هەمزە دەگۆڕدرێ بە (هـ) یان (ی)، بێ ئەوەی گۆڕانێک لە مانای وشەدا بەدی بێ، وەک: ئومێد=هومێد، ئەستاندن=هەستاندن، ئالاندن=هالاندن، ئەرد= هەرد، ئاریکاری=هاریکاری... لێرەشدا دەنگێک کە بتوانین بە فۆنێمی دابنێین، دەنگی(هـ) و (ی)یە، چونکوو ئەوان دە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ هەن، کەچی هەمزە نییە.

٤ـ ئەگەر دەنگی هەمزە فۆنێم بێ، ئەوسا دەبێ وای دابنێین کە(ئا، ئو، ئی ....)هەرکامیان لە دوو فۆنێم پێکهاتبن: فۆنێمی(ئـ)+یەکێک لە بزوێنەکان(ئـ+ا، ئـ+و، ئـ+ی....)، باشە ئەگەر ئەو دەنگانەی سەرەوە دوو فۆنێم بن، بۆچی کاتێک دەچنە ناو وشەوە، یان دەنگێکی دیکەیان دێتە سەر، دەنگی هەمزە بزر دەبێ و تەنیا بزوێنەکە دەمێنێتەوە؟(د+ئار=دار)، (پ+ئەل=پەل)، (ڕ+ئوو=ڕوو) و...). وەک دەبینین دەنگی(ئـ)نامێنێ، ئەگەر فۆنێم بایە، لەجێی خۆی دەماوە.

٥ـ لە ئەلفوبێی زمانە هیندوئەوروپییەکاندا وەک لاتینی، کریلی و هیتر، پیت بۆ دەنگی هەمزە نییە، واتە ئەم دەنگە دەو زمانانەدا فۆنێم نییە و بۆیەش پێویستی بە پیت نەبووە. لەو باوەڕە دام کە دە خەتەکانی کەوناراشدا ئەم زمانانە پیتیان بۆ دەنگی هەمزە پێویست نەبووە و دایاننەناوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامە کە دەنگی هەمزە(ئـ) دە زمانی کوردیدا فۆنێم نییە و هەر وەک د. ئەوڕەحمان حاجی مارف دەڵێ، دەنگێکی یاریدەدەرە بۆ دەربڕینی بزوێنەکان و کاتێکیش بزوێنەکان کۆنسۆنانتێکی دیکەیان بێتە سەر، ئیتر پێویستیان بەم دەنگە یاریدەدەرە نامێنێ و دەنگەکە بزر دەبێ. پرسیارێک کە لێرەدا سەر هەڵدەدا ئەمەیە ئەگەر هەمزە وەک دەنگ فۆنێم نەبێ، ئایا دەبێ دە ئەلفوبێ کەماندا پیتی بۆ دابندرێ؟ بێگومان نا، چونکوو وەک باسکرا پیت شکڵ و شێوەی فۆنێمە دە نووسیندا. ئەگەر دەنگێک فۆنێم نەبوو، ناشتوانێ خاوەنی پیت بێ. پرسیاری دووەم ئەمەیە کە ئەدی بۆچی دە زمانی کوردیدا هەمزە وەک پیت هاتۆتە حیساب کردن؟ لێرەدا دەبێ بڵێین ئەمەش یەکێکە لەو گیر و گرفتانەی کە خەتی عەرەبی بۆ زمانی کوردی پێکی هێناوە. دە خەتی لاتینیدا کە شێوەی کرمانجی سەروو بەکار دێنێ، پێویستیان بە پیت بۆ هەمزە نییە و ئەم گێرە و کێشەیەی ئێستا لەسەر دەنگی هەمزە و گەلێک کێشەی دیکەش لە ئارا دا نین. ئێمە کە بە خەتی عەرەبی دەنووسین، لە لایەکەوە تا ڕادەیەک لەژێر کاریگەری ئەو خەتە و بە لاساکردنەوەی هەمزەی عەرەبی و، لەلایەکی دیکەشەوە ناچارین بەهۆی بەرتەسک بوونی ژمارەی پیتەکان(وێنەی پیتەکان) دە خەتی عەرەبیدا لە هێندێک جێگەدا وێنەی هەمزە بەکار بهێنین، بۆ ئەوەی بتوانین فۆنێمی (و/w/) لە فۆنێمی (ئو/u/) و هەروەها فۆنێمی(ی/y/) لە فۆنێمی (ئی/i/) جیا بکەینەوە. لەم دوو حاڵەتەدا ئەگەر هەمزە لە نووسیندا بەکار نەهێنین، نووسینەکەمان لێ دەشێوێ.، بەڵام بەکارهێنانی هەمزە لەم حاڵەتە پێویستانەدا بەو مانایە نییە کە هەمزە ناوەڕۆکی (پیت)ی وەرگرتبێ،

بەڵکوو دەبێ هەر وەک نوختــە و چوکڵــە و ســەرکــەش بە هێــما و نیشانەیەکی بزانین، کە بۆ جیاکردنەوەی دوو یان چەند فۆنێمی جیاواز دە نووسیندا بەکاری دێنین.

ئێستا ئەگەر ئەو لێکدانەوەی سەرەوە بکەینە بەردی بناخەی بڕیاردان لە سەر ڕیزی ئەلفوبێی کوردی، واتا لەسەر ئەمە ساخ بینەوە کە ١) هەمزە دە زمانی کوردیدا دەنگە، بەڵام فۆنێم نییە، ٢) پیت شکڵ و شێوەی دەیاریکراوە بۆ فۆنێم و، ٣) لەبەر ئەمە وێنەی هەمزە دە ئەلفوبێی کوردیدا پیت نییە، بەڵکوو نیشانەیەکە هەر وەک نیشانەکانی دیکە، ئەوسا بەناچاری دەگەینە ئەم ئەنجامە کە شێوەی ستانداردی ئەلفوبێ کەمان لەسەر ڕێبازێکی دروست و زانستی دانەندراوە و پێویستی بە دەستێوەردان هەیە. دە هەموو فەرهەنگەکانی بەر لە ***فەرهەنگی هەرمان*** دا، هەمزە وەک یەکەم پیتی ئەلفوبێکە داندراوە و گشت ئەو وشانەی بە بزوێن(ڤاول)ە جیاوازەکانی i, û, u, o, ê, e, a دەست پێدەکەن، لەبن یەک و لە بن بەناو «پیتی هەمزە» ڕیزکراون! کەچی ئاشکرایە ئەمانە فۆنێمی جیاوازن و پیتی جیاوازیان گەرەکە و وشەکانی دەست پێکراو بەم فۆنێمانەش دەبێ بە جیا و هەرکام لەبن پیتی خۆی بنووسرێن.

بەم جۆرە دەبینین کە نوێخوازی و داهێنانەکەی کاک عەلی نانەوازادە لە دەستێوەردانی ڕیزی ئەلفوبێی کوردی و خۆبواردن لەوەی کە گەلێک وشە بە فۆنێمی جیاوازەوە تێکەڵ بکا و بیانخاتە خانەیەک بەناوی هەمزەوە، کارێکی دروست و پێویستە. بەڵام سەیر لەوەدایە کە کاک عەلی، ئەگەر لە لایەکەوە نوێخوازی دێنێتە کایەوە، لە لایەکی دیکەوە هەر خۆشی تووشی هەڵەی جاران بۆتەوە و هەمزەی وەک پیتێک خستۆتە ناو لیستی پیتەکانەوە، بەم جیاوازییە کە ئەو جار «پیت»ەکە کراوەتە دوایین پیت دە ڕیزی ئەلفوبێ کەدا!! بەڕاستی، من لێرەدا ناتەبایی و ئاڵۆزییەکی گەورە لە بۆچوونی کاک عەلی دا دەبینم. ئەگەر هەمزە دە ئەلفوبێی کوردیدا وەک پیت بێتە حیساب کردن، ئەوسا ئەو هەموو گێرە و کێشە و خۆ ماندووکردن بۆ گۆڕینی شێوەی باوی ئەلفوبێکە بۆچی؟

ئەگەر پیتی هەمزەمان هەبێ، ئەوسا ناچارین هەروەک تا ئێستا باو بووە، هەموو ئەو وشانەی دە نووسیندا بە هەمزە دەست پێدەکەن، لەبن یەک و لەژێر ناوی هەمزەدا ڕیزیان بکەین. هەروەها ئەوسا ناتوانین لەوە تێبگەین کە بۆچی کاک عەلی نوێخوازی کردووە و ئەو وشانەی سەرەتایان بە هەمزە دەنووسرێ، دابەشی کردوون بەسەر چەند بەش واتا چەند پیتی جیاوازەوە.

هەر لە پێوەندی دەگەڵ ڕیزی پێشنیارکراوی ئەلفوبێکەی کاک عەلی دا گیروگرفتێکی دیکە، جگە لە هەمزە، بەدیدەکەم و حەز دەکەم لێرەدا بیخەمە بەرچاو. لە ڕیزی ئەلفوبێکە دا دوو پیتی (ئی) و (ئیی) دیاری کراون. بەداخەوە وێنەی ئەو پیتانە بەلاتینی نەنووسراون، تا مەبەستەکە بە باشی ڕوون ببێتەوە. ئەگەر مەبەست لە (ئی) ئەو کورتە بزوێنە بێ کە ئێمە دە خەتە عەرەبییەکەماندا وێنەمان بۆی نییە و هەر بۆیەش نایینووسین(بزرۆکە ـ الکسرە المختلسە ـ Marmel vokal بە ئەڵمانی)، ئەوسا نەدەبا پیتی بۆ دانابا و خستبایە ناو ڕیزی ئەلفوبێکەوە. چونکوو مادام پیتی هەبێ، دەبێ لە نووسینیشدا پیتەکە بەکار بێنین. بەکارهێنانی پیتێکی ئەوتۆ، نووسینی کوردی بەتەواوی دەگۆڕێ و تووشی ئاڵۆزییەکی زۆری دەکا و، بۆ وێنە دەبێ لە جیاتی(برینج دەکرین) بنووسین (بیرینج دەکیریین)! نەک کاک عەلی خۆی و، نە کەسێکی دیکەش تا ئێستا ڕێنووسێکی ئەوهایان بەکار نەهێناوە و، جێی پرسیارە کە چۆن کاک عەلی پیتی بۆ (بزرۆکە) داناوە، خۆ ئەگەر من لە کاک عەلی خراپ تێگەیشتبم و مەبەستەکەی وی لە پیتی (ئی) و (ئیی) شتێکی دیکە بێ، ئەوا خۆشحاڵ دەبم بە دیتنی ڕوونکردنەوەی وی لەم بارەیەوە.

دیارە، چارەسەرکردنی ژمارە و ڕیزی پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی لە هێندێک لایەنی دیکەشەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و دەمەتەقە هەیە، بەڵام ئەمانە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەم باسەی ئێستاوە نییە. گرینگترین لایەن لەم بارەوە ئەمەیە کە هەمزە وەک (پیت) دە ڕیزی ئەلفوبێی کوردیدا نەمێنێ و بۆ ئەو وێنەیەی کە ئێمە لە هەمزە بەکاری دێنین، تەنیا حیسابی هێما و نیشانە بکرێ. کاک عەلی لەم بارەوە هەنگاوێکی نوێخوازانەی گرینگی هەڵگرتووە، بەڵام بە هێشتنەوەی هەمزە وەک پیت لە ڕیزی ئەلفوبێ یەکەیدا هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە بێتە دی...

لە کۆتاییدا من وەک هاووڵاتییەک پڕ بە دڵ پیرۆزبایی و ماندوونەبوونی لە کاک عەلی دەکەم بۆ کارە جوانەکەی و هیوادارم بە سەرکەوتنەوە درێژە بە کارەکەی بدا و، هەرچی زووتر چاومان بە بەرگەکانی دیکەی ***فەرهەنگی هەرمان*** ڕوون بکاتەوە. دیارە ئامادەکردنی فەرهەنگێکی ئەوها قەبە و تێر و تەسەل کە لەوانەیە زیاتر لە دە بەرگ بکا، وەک کارێکی تاکەکەسی یەکجار سەخت بێ، بەتایبەتی بۆ نووسەری کورد کە نەک هەر مرۆڤێکی تەنیا باڵە، بەڵکوو زۆر جاریش بێ پشت و پەنایە. لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیام لێزانی و دڵسۆزیی کاک عەلی بۆ زمانی کوردی، وەک لە بەرگی یەکەمی فەرهەنگەکەی دەردەکەوێ، لەوە زۆرترە کە لە ئەرکی درێژەدان و بە ئەنجام گەیاندنی کارەکەی ـ کە خۆی بە «دۆڵپای سەلیم جەوهەری» ناوی دەبا ـ بیپرینگێنێتەوە. هیچ شانازییەک لەوە مەزنتر نییە کە مرۆڤ خزمەتێکی مێژوویی بە گەلەکەی بکا، بەتایبەتی کە گەلەکەی چەوساوە و بندەست بوو و هیچ خزمەتێکی مێژووییش نایەتە دی بەبێ لەخۆ بوردوویی، ڕەنج و کاری سەخت و بێ وچان و بەبێ تێکەوتن دەگەڵ «دۆڵپای سەلیم جەوهەری».

گەلاوێژی ٢٠٠١، ئاڵمان

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- وەک کەسێک کە چەند ساڵێکە خەریکی لێکۆڵینەوەی ئێتمۆلۆژیک لە سەر زمانی کوردیم، دەبێ بڵێم کاک عەلی سەبارەت بە ڕیشەی وشە کوردییەکان و خزمایەتییان دەگەڵ یەکتری، لە زۆر جێگەدا سەرنج و ڕامانی وردبینانەی پێشکەش کردووە. لە هێندێک جێگەدا من بیر و بۆچوونی دیکەم هەیە جیاواز لە هی ئەو. بە هیوام لە دەرفەتێکی دیکەدا بتوانین لەم بارەوە باس و دەمەتەقە بکەین.

٢- بە وێنە هاوڕێی بەڕێزم «هێندی»، وتارێکی لەم بارەوە لە سەر ئینتەرنێت، لاپەڕەی (کوردستان پرێس) بڵاوکردەوە بە ناوی «فەرهەنگی هەرمان».

٣- فەرهەنگی هەرمان، چاپی یەکەم، ل ٢٢.

٤- لەم بارەوە بڕوانە: د. کەمال فوئاد، (فۆنێمەکانی زمانی کوردی)، چاپی یەکەم ـ سوێد ١٩٩٥، ل ٥-١.

٥- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چەند وشەیەک دەربارەی وتاری "لەگەڵ دەنگسازی کوردیدا، گۆڤاری بەیان، ژمارە٦٢.

٦- د. جەمال نەبەز، "سەرنجێک لە چەند زاراوەیەکی تازە بەکارهاتوو و کۆڕی زانیاری کورد"، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، ژمارە ٢٢، ساڵی ١٩٧٨.

# لە کلۆڵیدا هێشتنەوەی نەتەوەگەل و نەریتەکان

ئیدوارد سەعید Edward W. Said
مامۆستای زانکۆی ئەدەبیاتی دانیشگای کۆلۆمبیا ـ نیۆیۆرک (ئەمریکا)

کـتـێـبی بەناوبانگی «جـولین بێندا»، *خەیانەتی ڕۆشنبیران*، ئـەو هەسـتـەی دەورووژێنـێ کـە ڕۆشـنـبـیـران لە فـەزایەکی ئامـاڵ جـیـهـاندەبەرگـردا ژیان دەبنەسـەر؛ فـەزایـەک کـە نە دە سنووره نەتەوەییـەکـانـدا تەنگەبەر دەکـرێ و نە دە هـەبووگـە قـەومـی و نەژادییەکاندا. لە سالّی ١٩٢٧، بێندا وای بۆدەچوو کە دڵبەستن بە مەسەلەگەلی ڕۆشنبیریی واتە تەنیا چاولێکردن لە ئورووپاییەکانە (حـەزرەتی مەسیح تەنیا ئورووپاییەکە کە بێندا بە پەسنەوە یادی دەکا).

لەوکاتەوە تائێستە بارودۆخ بەشێوەیەکی قووڵ گۆڕدراوە. یەکەم، ئورووپا و ڕۆژئاوا ئیدی دیاریدەرەکانی پێوانەی چاڵتێنەکەوتوو بۆ باقی جیهان نین. هەڵوەشانەوەی ئیمپراتوریە موستەعمەرەکان لە دوای شـەڕی جـیـهـانـی دووهەم، بەسـتـێنی توانایی ئورووپای بۆ تیشکەئاوێژی ڕۆشنبـیـریـی و سـیـاسـی لەر سـەر ناوچەگەلێک کە پێشتر شوێنە تاریکەکانی کورەی زەوی بە حیسابدەهاتن، کەم کردەوە. بە بەدیهاتنی شەڕی سارد، قوتبوونەوەی جیهانی سێهەم و، ویستی (نەک بەپێویست گەلاڵەی قانوونی) جیهاندەبەرگری ئازادی لە لایەن ڕێکخـراوی نەتەوەکـان، ئێسـتـا ئیـدی نەتەوە و نەریتـە نائورووپاییەکانیش بایەخی ئەوەیان پێکهێنابوو کە بە خورتی سەرنج ڕابکێشن.

دووهـەم، بەربلاویـی باوەڕنەکـراوی هاتوچۆ و پێـوەندییـە پێکهێنەرەکانی کەشـەی زانیاریی تازە، سـەبارەت بەو شتـەی کـە «جیاوازی» و «ئەویدیکە»ی پێدەگوترێ. بە بەیانێکی سادە، مانای ئەو قسەیە ئەوەیە کە ئەگەر ئێوە سەبارەت بە ڕۆشنبیران بدوێن، ئیدی ناتوانن وەکوو پێشـوو هەمـوویان بەیەک چاو بنواڕن، چونکە بۆ نموونە، ڕوانگەی ڕۆشنبـیـرێکی فـەڕانسـەیی سـەبارەت بە هاوتا چینییـەکانی خۆی، لە باری مێژوو و شێـوەی نووسین بەتەواوی لێکجیاوازە. بە واتایەکی تر، ئەوڕۆ قسەکردن لە بارەی ڕۆشنبیران قسەکردن لە بارەی جیاوازییەکان و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی، ئایینی و تەنانەت قـارەییش دەگـرێتـەوە؛ ئەو جـیـاوازی و تایبەتمەندییانەی کە ڕواڵەتی هەرکام لەوان بە تەنێ پێویستییان بە لێکۆڵینەوەی جیا هەیە. بۆ وێنە، ڕۆشنبیرانی ئەفریقایی یا ڕۆشنبیرانی عەرەب هەریەک لە هەلومەرجی تایبەت و شاز لەگەڵ ئاڵۆزییەکان، ئاسییەکان، سەرکەوتنەکان و تایبەتمەندییە شازەکانی خۆیان گەشەیان کردووە.

لە چاو ئێمـە، ئەو ڕوانینە تەسک و خـۆمـاڵیکردنەی ڕۆشنبیـران، تاڕادەیەک بەزیادکردنی ئەوپەڕی ئاسایی لێکۆڵینەوە پسپۆڕییەکان گرێدەدرێ کە شوێنیان بەشێوەیەکی سـەلمێن دە گەشـەی نەخشی ڕۆشنبـیـران لە ژیانی مـۆدێرندا دەکـەوێتـەبەرچاو. لە ڕۆربەی زانستگاکانی موعتەبەر و کتێبخانە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژئاوا، هەزاران عـینوان لەبارەی ڕۆشنبیران لە ولاتە جۆراوجۆرەکان لە ئاست بنیادەم قوتدەبێتەوە کە بەدەستهێنانی کارامەیی و زاڵبوون بەنیسبەت هەرکام لەوان ساڵەها وەختی گەرەکە. بێ لەوەش، ڕۆشنبیران زمانگەلی جیاوازیان هەیە کە بەشێک لەوان وەک عەرەبی و چینی وروورژێنەری پێوەندییەکی شاز لە نێوان وێژیاگی ڕۆشنبیریی مۆدێرن و نەریتەکۆنەکانە، کە ئەغلەب زۆر دەوڵەمەندن. لێرەش مێژوونووسێکی ڕۆژئاوایی کە بەخورتی تێدەکۆشێ تا ڕۆشنبیرانی دیکە وێڕای نەریتەجیاوازەکان بفامێ، پێویستی بەوەهەیە کە بۆ فێربوونی زمانی وان سالانێک وەخت بەخت بکا. لە هەمان کاتدا، بەپێچەوانەی تەواوی ئەو جیاوازی و ئیدیکەبوونانە و، سەرەڕای سوانی دوورلەچاوڕوانی مەفهوومی جیهاندەبەرگرێتی کە مانای ڕۆشنبیر دەیبەخشێ، وا دێتەبەرچاو کە بەشێکی ڕوانگە گشتییەکان لە بارەی تاکی ڕۆشنبـیـر ــ کـە لێـرەدا مـەبەسـتی منە ــ دەکارهێنانێکی ئەولاتری لە دەکارهێنانی تەنێ خۆماڵی هەبێ.

یەک لەو بوارانەی کە من گەرەکمە لێرەدا باسی بکەم، نەتەوەیی و ئەم کوڵخانەیە واتە ناسیۆنالیزمە کە لەگەڵ وی گەشەی کردووە. هیچ ڕۆشنبیرێک لە دەورانی مۆدێرندا ــ چ سیماگەلێکی ناسراو وەکوو «نوئام چامسکی» و «بێرتراند راسێل» و چ کەسانی دیکە کە ناوبانگیان لەو حەدەدا نییە ــ بە زمانی ئیسپرانتۆ، یانی زمانێک کە

یا بۆ تەواوی جیهان گەڵاڵەکراوە و یان سەر بە هیچ وڵات و نەریتێکی تایبەت نییە، نانووسێ. هەر ڕۆشنبیرێک لە ناو زمانێکدا پەروەردەبووە و، زۆرتری کاتەکانی ژیانی خۆی لەگەڵ ئەو زمانە، کە پێوەندی سەرەکیی کردەوەی ڕۆشنبیرییەکەیەتی، بەسەردەبا. ئەگەرچی زمانەکان بێگومان هەمیشە یا قەومین یان نەتەوەیی ــ یۆنانی، فەڕانسەیی، عەرەبی، ئینگلیسی، ئاڵمانی و ئەوانە ــ بەڵام نوکتەیەکی سەرەکی کە دەمەوێ لێرەدا لێی بدوێم، ئەوەیە کە ڕۆشنبیر ناچارە زمانێکی نەتەوەیی دەکاربێنێ. ئەو ناچارییە نە تەنیا بە پێی هۆگەلی ئاشکرا و ڕوونی ڕاحەتی و ئاشنایی ئەو زمانەیە، بەڵکوو هەروا بەو هۆیەشە کە ئەو هیواداره کە بە دەنگێکی شاز، ڕاوێژێکی تایبەت و، لە دواییشدا بە ڕوانگەیەک کە تایبەتی خۆیەتی، لە سەر زمان تەئسیر دابنێ. بە هەرحاڵ، موشکیلەی تایبەتی ڕۆشنبیر ئەوەیە کە لە هەر کۆمەڵگەیەک کۆمەڵێکی زمانیی هەیە کە پێڕەوی عادەتگەلی شێوەی ئاخافتنە کە لە پێشتر هەبووە. یەکێک لە ئاکارە سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵە زمانییە ڕاگرتنی دۆخی ئێستە و مەتمانەی ئەوەش کە کارەکان ئارام، پایەدار و، چاڵتێنەکەوتوو بچنەپێش. «جۆرج ئۆروڵ»، لە ریسالەی خۆیدا لە ژێر عینوانی ***سیاسەت و زمانی ئینگلیسی*** لەبارەی ئەو مەسەلەیە بە شێوەیەکی زۆر سەلمێنەر قسەدەکا. بە بۆچوونی وی، زاروێژە لەپێکەوتووەکان، ئیستیعارە سواو و کڕاوەکان و، نووسینە سستەکان نموونەگەلی «پواویی و زەواڵی زمان»ن. لە ئاکامدا زەین کڕ و بێهەست دەبێ و ناچالاک دەمێنێتەوە و، مادام زمان کارتێکراوی مۆسیقای دەق لە بازاڕێکی گەورەدا بێ، زانیاری لەبەین دەچێ و زەین بۆ ساوەساو وەرگرتنی ئیدەگەل و ئیحساسە تاقینەکراوەکان ئامادە دەبێ.

نیگەرانی ئۆروڵ لەم ریسالەیەدا، کە لە ساڵی ١٩٤٦ نووسراوە، دەستدرێژییەکی ئارام بوو کە لەلایەن سیاسەتمەدارانی هەڵخەڵەتێن بەسەر فکر و زەینی ئینگلیسییان داسەپێندرابوو. بە بۆچوونی وی، «زمانی سیاسی بۆ ڕاستی نیشاندانی درۆکان، ڕێزگرتن لە ئینسانکوژییەکان و، بەڕواڵەت ڕێکنیشاندانی ئاڵۆزییەکان گەڵاڵە کراوە ــ ئەو مەسەلەیە، بە جیاوازیگەلێک، سەبارەت بە هەموو حیزبە سیاسییەکان، لە کۆنپارێزەکانەوە بگرە تا دەگاتە ئانارشیستەکانیش ڕاستە».[1] بەڵام مەسەلەکە هەم گرینگتر و هەمیش لەپێکەوتووتر لەوانەیە و، دەکرێ بە چاوێکی ڕێگوزار لایەنی زمان کە ئەوڕۆکە بەرەو شێوەی گشتیکردن، هاوبەشێتی و ڕەسمی بوون دەڕوا، ڕوون بکرێتەوە. بۆنموونە، ڕۆژنامەگەریی وەک بوارێک لەبەرچاو بگرن. لە وڵاتە یەککگرتووەکان[ی ئەمریکا]، هەرچی قەڵەمڕەو و دەسەڵاتی ڕۆژنامەیەک زیاتر بێ، لە فەرماندانێکی بێ خەتەرتر بەرخۆدارە و لەچاو تاقمێکەوە، زۆرتر لە گرووپێک نووسەر و خوێنەرەوە برەو وەدەستدێنێ. جیاوازیی ڕۆژنامەیەکی عەوامپەسند لەگەڵ ڕۆژنامەی نیۆیۆرک *تایمز* لەوەدایە کە ئەمەی دوایی ئەو بەرزەفڕییەی هەیە کە بە ڕۆژنامەیەکی نەتەوەیی سەبتکراو دابندرێ (وە ئاساییش هەرواسە) و، ئاکامی سەروتارەکانی نەتەنیا نەزەری ژمارەیەک لە پیاوان و ژنان، بەڵکوو وێنەیەک لە دەرکی حەقیقەت، هەم بۆ نەتەوە و هەمیش لە گشت نەتەوەوە بەحیساب بێ. بەپێچەوانەوە، ڕۆژنامەی عەوامپەسند، بە گوێرەی نووسراوەگەلی ڕاتڵەکێن و نماد و نیشانەگەلی بەرچاو، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کاتی گەڵاڵەکراوە. هەر مەقالەیەک کە لە نیۆیۆرک *تایمز* چاپ دەکرێ، هەڵگری ڕێبەرییەکی لەسەرەخۆ و مەتین، دەستنیشانی لێکۆڵینەوەیەکی درێژخایەن، تێڕوانینێکی سەنگین و هەڵسەنگاندنێکی ورده. دەکارهێنانی وشەگەلێک وەک «ئێمە» و «بە ئێمە» لە سەروتارەکان، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ بە سەرنووسەر و بەرکاران ئاماژە دەکا، بەڵام لە هەمان کاتدا بە هەبووگێکی نەتەوەیی و مافدارێتی، وەک «ئێمە خەڵکی وڵاتە یەککگرتووەکان»یش ئیشارەدەکا. لە جەریانی شەڕی کەنداوی فارس، دەمەتەقێ و باسە گشتییەکانی دوروبەری بوحران، بەتایبەت لە تەلەڤیزیۆن و هەروا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بوونی ئەو هەبووگە نەتەوەییەیەی «ئێمە»ی ئاشکرادەکرد کە لەلایەن هەواڵنێران، ئەرتەشییەکان و هاووڵاتییانی ئاسایی بە شێوەی یەکسان دووپاتدەکراوە: «ئێمە چ زەمانێک شەڕی زەمینی دەستپێدەکەین؟» یا، ئایا ئێمە کەوتووینە ژێرباری تەلەفات؟

ڕۆژنامەگەریی تەنیا شەرحدەر و درێژەدەری شتێکە کە بە لاپاڵی لە ناو ژیانی زمانێکی نەتەوەیی وەک ئینگلیسی، یانی کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی، هەبووگێک یا کەسایەتییەکی نەتەوەییدا هەیە. «ماتیۆ ئارنۆڵد» لە ریسالەی خۆیدا لە ژێر عینوانی ***فەرهەنگ و هەرج و مەرج*** Culture and Anarchy(١٩٦٨)پێ زیاتر ڕادەکێشێ و دەڵێ کە دەوڵەت نوێنەری باشترین ڕوحی نەتەوەیی و فەرهەنگی میللی بەرزترین بریقەی هەموو گوتە و ئەندێشەکانە. ئارنۆڵد باوەڕی وایە کە بێ ئەوەی حەوجێ بە سەلماندن بێ، «ئینسانگەلی خاوەن فەرهەنگ» دەبێ ئەو بەرزترین ڕوحی نەتەوەییە و ئەو باشترین ئەندێشانە دەرببڕێ و نوێنەریان بێ. واوێدەچێ مەبەستی وی هەر ئەو شتەیە کە من ئەوانم بە ڕۆشنبیران نێودێرکردووە. یانی کەسانێک کە ئیستیعداد و شیاوبوونیان، بۆ بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن، ئەوانی بۆ نوێنەریکردنی باشترین ئەندێشەکان ــ یانی خودی فەرهەنگ ــ شیاو و گونجاوکردووە کە بە زاڵبوونی فەرهەنگ کۆتایی دێن. ئارنۆڵد ڕاشکاوانە بەو نوکتەیە ئیشارەدەکا کە هەمووی ئەوانە دەبێ بۆ بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵگە و، نەک تەنیا لە پێناو بەرژەوەندی چینێک یا گرووپێکی کچکەی کۆمەڵگە بن. لێرەدا، وەک بواری ڕۆژنامەگەریی، دیسان نەخشی ڕۆشنبیران دەبێ یارمەتیدان بە کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی لە پێناو بەرزکردنەوەی هەستی هەبووگێکی هاوبەشی درەوشاوە و هەرەبەرز بێ.

لە پاڵ باسی ئارنۆڵددا ترسێک حەشاردراوە کە دە ڕەوتی گەشەکردنی دێمۆکراسی لە کۆمەڵگەدا و ویستی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بۆ مافی دەنگدان و مافی ئازادیی هەراوتر لە پێناو ئەنجامدانی کارە دڵخوازەکانیان، ئەو کۆمەڵگەیە سەرکێشتر و هەوسارەکەشی دژوارتر دەبوو. لە جێی خۆیدا ئەوە کۆسپێک بوو لە سەر ڕێگەی ئەو شتەی ئارنۆڵد «کردەوەی یەکسان»ی پێ دەگوت. لەم

**ئورووپا و ڕۆژئاوا ئیدی دیاریدەرەکانی پێوانەی چاڵتێنەکەوتوو بۆ باقی جیهان نین. هەڵوەشانەوەی ئیمپراتورییە موستەعمەرەکان لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم، بەستێنی توانایی ئورووپای بۆ تیشکەئاوێژی ڕۆشنبیریی و سیاسی لەر سەر ناوچەگەلێک کە پێشتر شوێنە تاریکەکانی کورەی زەوی بە حیسابدەهاتن، کەم کردەوە.**

ڕووەوە، بە لایاڵی حەوجێ بە ڕۆشنبیران بوو کە خەڵک ئەهومن بکەنەوە و نیشانیان بدەن کە باشترین ئەندێشەگەل و چاکترین کارە ئەدەبی و هونەرییەکان ئەوانەن کە ڕێگە بۆ ئاوێتەبوون بەرەو کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی تەخت بکەن. ئەو کارە بە نۆبەی خۆی ئەم کۆسپەی پێکدێنا کە هەرکەس هەرچی پێی خۆش بێ بیکا. ئەوە بابەتێکە پێوەندیدار بە دەیەی ١٨٦٠.

بە نەزەری بێندا، لە دەیەی ١٩٢٠ ڕۆشنبیران لە مەترسیی پێڕەویکردنی لغاودامالدراوی ئامۆژگارییەکانی ئارنۆڵددا بوون. ڕۆشنبیران، بۆ نیشاندانی گەورەیی زانست و ئەدەبیاتی فەڕانسە بە فەڕانسەییەکان، ئەوەشیان بە هاوولاتییان فێردەکرد کە سەر بە کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی ئاکامێک لە پێناو خۆیە، بەتایبەت ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە نەتەوەیەکی گەورەی وەک فەڕانسە بێ. بەپێچەوانە، بێندا پێشنیاردەکا کە ڕۆشنبیران دەبێ لە بیرکردنەوە لە چوارچێوەی هەستی تێکڕایی گرژ و توندوتیژ دوورەپەرێز بن و بە جێگەی ئەوە سەرنجی خۆیان بۆ لای بایەخەبەرزەکان ڕابکێشن؛ ئەو بایەخانەی کە بە شێوەی جیهاندەبەرگرانە بۆ هەموو نەتەوەکان و تەواوی خەڵک شیاوی ڕاپەڕاندن بێ. هەروەک پێشتر ئیشارەم کرد، بێندا باوەڕی وابوو کە ئەو بایەخانە، نە چینی و نە هیندی، بەڵکوو بایەخگەلێکی ئورووپایین. ڕۆشنبیرانێکیش کە ئەو ددانی پێدادێنان، پیاوانی ئورووپایی بوون.

واوێدەچێ کە هیچ ڕێقوتاربوونێک لە سنوور و چوارچێوەگەلێک کە نەتەوەکان و یا ئەوان جۆرە کۆمەڵگایانەی کە لە دەورووبەری ئێمە سازکراون(وەک ئورووپا، ئەفریقا، ڕۆژئاوا، یا ئاسیا) لە ئارادا نییە؛ ئەوانە نەتەوەگەل و کۆمەڵگەیەکن کە زمانی هاوبەشیان هەیە و، بە زنجیرەیەک لایەنگەلی یەکبوویی و هاوبەش وەک بیروبشکی و عادەتگەلی نەگۆڕی بیرکردنەوە خوویان گرتووە. لە وێژیاکی گشتییانە شتێکی ئاساییتر و ڕاهاتووتر لە زاروێژگەلێک وەکوو «ئینگلیسییەکان»، «عەرەبەکان»، «ئەمریکاییەکان» و یا «ئەفریقاییەکان» لە ئارادا نییە؛ زاروێژگەلێک کە نەتەنیا بە سەر تەواویەتی فەرهەنگێکدا ئیشارەدەکەن، بەڵکوو جۆرە لایەنگیرییەکی فکریش دەستنیشان دەکەن.

ئەو کارە ئەورۆ تەواو لەبەر چاوە کە لە گەلاڵەکردنی جیهانی ئیسلام، ژمارەیەکی زۆر لەکۆمەڵگەی جۆراوجۆر بە زیاتر لە میلیاردێک نفوس و، گەلێک زمانی جۆر بەجۆری وەک عەرەبی، تورکی، فارسی و ئیدی کە زیاتر لە یەک سێی کورەی زەوی دادەگرن، جێگەی سەرنجن. ڕۆشنبیرانی ئاکادێمیکاری ئەمریکایی و ئینگلیسی، بە شێوەیەکی بەکەمگرانە و، بە نەزەری من، نائەمەگدارانە، لە شتێک بە ناوی «ئیسلام» قسە دەکەن. واوێدەچێ کە ئەوان، بە بەهرەوەرگرتن لەو وشەیە، ئیسلام بە بابەتێکی سادە دادەنێن کە دەکرێ هەزار و پێنسەد ساڵ مێژووەکەی بگشتێندرێ و، لە پێشەوە سەبارەت بە پێکەوەسازانی ئیسلام و دیمۆکراسی، ئیسلام و مافی مرۆڤ و، ئیسلام و پێشڕەفتی تێسرەوانە داوەری بکرێ.[2]

ئەگەر ئەو باسانە تەنیا وریاکردنەوە و ڕەخنەگەلێک بوونایە کە لە لایەن لێکۆڵەرەوانێک وەکوو ئاغای کازابۆن Mr. Casaubon لە بەرهەمی **جۆرج ئێلیوت**، وەک کلیلێک بۆ هەموو ئوستوورەکان عینوان کرابا، بنیادەم دەیتوانی ئەوان وەکوو ڕاتڵەکانێکی داپۆشراو و نهێنی بە نەبینراو دابنێ. بەڵام ئەوانە لە هەلومەرجی دوای شەڕی سارد دەقەومێن کە، بە زاڵبوونی ولاتە یەکگرتووەکان بە سەر هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی، هاوڕاییەک لە بارەی نوێکردنەوەی ژیانی ئیسلام، یا گەشەی ئیسلامی بنەماخواز، لە ئارادایە کە جێگەی هەڕەشەی کۆمۆنیزمی گرتووەتەوە. لێرەدا بیرکردنەوەی تێکڕایی و نەتەوەیی باعیس نەبووە کە ڕۆشنبیران ببنە کەسانێک بە زەینیەتی پرسیارکەر و دڕدۆنگ ئەوجۆرەی کە ئەوانم وەسف کردووە؛ کەسانێک کە نەک نوێنەرانی یەکبوویی، بەڵکوو بە پێی بنەمای عەقڵانی، ئەخلاقی و سیاسی ــ تەنانەت ئەگەر بنەمای ڕەوشتشناسیش لەبەرچاونەگرین ــ سەبارەت بەوی شک و دوودڵی نیشان بدەن. بەپێچەوانەوە، وەها بیرکردنەوەیەک بەدیهێنەری جۆرێک هاوئاوازی بووە کە دەنگدانەوەی بیروڕای سیاسی ئێستایە و، ڕەوتی وی بەرەو لایەنی بیرکردنەوەی تێکڕایی و نەتەوەیی خێراتر دەکا و، بەشێنەیی ئەوی زیاتر و زۆرتر بەرەو ئەو هەستە ناعەقڵانییە دەبا کە «ئێمە» لەلایەن «ئەوان» پەلامار دەدرێین. نەتیجەی وەها بیرکردنەوەیەک لەبری زانست و پێکەوەهاوکاریکردن، ناتابوشتی و ترس و هەراسە.

بەڵام حەیف کە دووپاتکردنەوە و گوتنەوەی شتە گشتییەکان زۆر ئاسان دێتەبەرچاو، هەربۆیەش کە دەکارهێنانی یەکلای زمانی نەتەوەیی (هەڵبژاردنێکی دیکە لە ئارادا نەبووە) ئێوەی سەبارەت بەو شتەی لەهەموان زیاتر لە بەردەستدایە، ئەمەگدارکردووە و لە ناو زاراوەگەلی ئاسایی و ئیستیعارەگەلی عەوامپەسندی «ئێمە» و «ئەوان» یەکگرتوودەکا؛ زاراوەگەل و ئیسعارەگەلێک کە زۆرێک لە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەگەریی، ئاکادێمیکاری حیرفەیی و گونجاو لەگەڵ فامی تێکڕایی ڕەواجی پێدەدەن. ئەوانە تەنیا بەشێک لە ئامرازگەلی ڕاگرتن و پاراستنی هەبووگی نەتەوەیین. بۆ نموونە، بۆ ڕوونتر نیشاندانی ئەو مەسەلەیە، دەتوانرێ ئیشارە بەو زاروێژەی ژێرەوە بکرێ: «ڕووسەکان دەیانەوێ بێن، هەڵمەتی ئابووریی ژاپۆنمان لە سەرە، ئیسلامی کێشەهەڵانیستێن لە حاڵی پێشڕەویدایە». ئەو زاروێژگەلە نەتەنیا بۆ ئەزموونی وریاکردنەوەی تێکڕایی، بەڵکوو بۆ پتەوکردنی هەبووگی «ئێمە» بە عینوانی هەبووگی گەمارۆدراو و لە قۆناخی خەتەردا بەکاردەبرێن. یەکێک لە مەسەلەگەلی سەرەکی بۆ ڕۆشنبیری ئەورۆیی ئەوەیە کە چۆن دەبێ

لەتەک ئەو مەسەلانە ڕووبەڕوو بێ. ئایا حەقیقەتی «نەتەوەیی»ی تاکی ڕۆشنبیر کە لێرەدا مەکۆی سەرنجی ئێمەیە، لە بەرانبەر خولق و خووی گشتی و بۆ دەلیلەکانی یەکێتی، وەفادارییی سەرەتایی یا نیشتمانپەروەری ئەمەگدار دەکا؟ یا دەتوانرێ دۆخێکی باشتر بۆ ڕۆشنبیر، بە عینوانی بەرهەڵستکەری هاوئاوازیی تێکڕایی، لەبەرچاوبگیرێ؟

وەڵامی کورت بەو پرسیارانە، هەرگیز یەککگرتوویی بەر لە ڕەخنە نییە. ڕۆشنبیر هەمیشە لە مافی ئەو هەڵبژاردنە بەرخۆدارە کە لایەنی لاوازتر، بە نەخشی کەمڕەنگتر، فەرامۆشکراوتر یا نەبینراوەکان بگرێ و، یان لایەنی کەسانێک کە خاوەنی دەسەڵاتی زیاترن. لێرەدا بیرخستنەوەی ئەو نوکتەیە پێویستە کە زمانە نەتەوەییەکان خۆی لە خۆیدا و تەنێ بۆ ئەو مەبەستە لە ئیختیاری ئێمە دا نین، بەڵکوو دەبێ بۆ وەها مەبەستێک ئامادە بن. بۆ نموونە، مەقالەنووسێکی ئەمریکایی لە دەورانی شەڕی ڤێتنام لەبەرچاوبگرن کە وشەگەلی وەک «ئێمە» و «بۆ ئێمە» بەشێوەی ئاوەڵناوی نێرەمووک و بێلایەن ڕیزدەکا و لە نێوان وان، یا بە هەڵمەتی جینایەتکارانەی نەتەوەیەکی دوورەپەرێز لە ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات و، یان (لە حاڵەتێکی چەتوون تر) بە دەنگەتەنیاکانی بەرهەڵستکارێک پێوەندییەکی ئاگایانە بەرقەراردەکا، کە شەڕی ئەمریکا بە شەڕێکی شێتانە و ناعادڵانە دادەنێن. ئەوە بە مانای دژایەتی لە پێناو خودی دژایەتیدا نییە؛ بەڵکوو بە مانای کەلاڵەکردنی پرسیارگەلێک، دانانی جیاوازییەکان و بیرهێنانەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە گەرەکیانە فەرامۆش بکرێن و، یا بە تاڵووکە بوونەتە کردەوە و هەڵسەنگاندنە تێکڕاییەکانی ڕابردوو. بە لەبەرچاوگرتنی یەکێتی گرووپی و هەبووگی نەتەوەیی، ئەوە ئەرکی ڕۆشنبیرە کە نیشانی بدا کە گرووپ کیانێکی سروشتی و باربوویەکی پێشکێشکراو نەبووە، بەڵکە بابەتێکی سازکراو و بەدیهێنراوە و، تەنانەت زۆرجاریش داهێنراوە، وێڕای مێژوویەک لە خەبات و سەرکەتوویی لەپاڵ ئەوەکە جارجار ئەو گرینگییەش بەدەستدێنێ کە نوێنەری تاکەکان بێ. لە وڵاتە یەککگرتووەکان، «نوئام چامسکی» و «گور ویدال» لەوان کەسانەن کە ئەو ئەرکەیان بە هەوڵێکی شێلگیرانە نیشان داوە.

یەکێک لە باشترین نموونەکان بۆ ئەو مەبەستە ریسالەی «ویرجینیا ڤۆڵف» لە ژێر عینوانی «ژوورێکی تاکە کەسی»یە؛ دەقێکی دژوار بۆ ڕۆشنبیری فێمینیستی مۆدێرن. لە سەرەتای قسەکردنی پێشنیارپێکراو لە بارەی ژن و چیرۆک، ڤۆلف بڕیاردەدا کە بۆ ئەولاترچوونی نەتیجەگیری خۆی ـــ بۆ نووسینی چیرۆک، ژنێک دەبێ پارە و ژوورێکی تاکەکەسی هەبێ ـــ دەبوایە مەسەلەکە بە بەڵگەهێنانەوەی عەقڵانی کەلاڵە بکا؛ بەڵگەهێنانەوەیەک کە بە نۆبەی خۆی ئەوی لە ئاست ڕەوتی داهاتوو ئەمەگدار دەکا کە خۆی ئاوای دەردەبڕێ: «بنیادەم تەنیا دەتوانێ نیشانی بدا کە چۆن ئەو عەقیدە و ئەندێشەی هەیەتی پێیگەیشتووە». ڤۆلف دەڵێ، بەڵگەهێنانەوەی ژنێک، شوێن دیاریکردنێکە بۆ گوتنی ئاشکرای حەقیقەت، جا چونکە جنسێتی جەدەلێکە تا دەمەتەقێک کە لەوانەیە بەدوایدا بێ، «ئینسان

**به باوەڕی من هەڵبژرادنێکی سەرەکی کە ڕۆشنبیر لەگەڵی ڕووبەڕووە ئەوەیە کە یا لەگەڵ سباتی زاڵبووان و فەرمانڕەوایان هاودەنگ بێ و یان ڕێگەیەکی دژوارتر بگرێتەپێش و ئەم سباتە بە عینوانی دۆخێکی نەویەڕی ئاسایی دابنێ کە لە کەسانێک هەڕەشەدەکا کە دەرفەتی کەمتریان هەیە و لە حاڵی لەناوچوونی تەواودان.**

تەنیا دەتوانێ ئەو دەرفەتەی بدا بە بیسەرانی خۆی کە بە دیتنی کەموکوڕییەکان، بیرویشکییەکان و بوغزاندنەکان و، تایبەتمەندییە شازەکانی قسەبێژ، بە ئاکامی دڵخوازی خۆیان بگەن». ئەگەرچی ئەو کارە لە باری تاکتیکییەوە جۆرێک دەستبەسەرکردنە، بەڵام لەگەڵ خەتەری شەخسیش تێکەڵاوە. وەها تێکەڵاوییەک لە ئاسیبگەیاندن و بەڵگەهێنانەوەی عەقڵانی، ڕێگەیەک بۆ ڤۆڵف دەکاتەوە کە ئەو دەتوانێ بە گوێرەی وی بێتە ناو باسەکەی خۆیەوە؛ نەک بە عینوانی دەربڕینی جەزمییانەی بیروڕای شەخسی، بەڵکە بە عینوانی ڕۆشنبیرێک کە نوێنەری «جنسی زەعیفتر»ی فەرامۆشکراو بە زمانێکە کە تەواو بۆ ئەم کارە گونجاو بێ. لەم ڕووەوە، کارتێکەریی ریسالەی «ژوورێکی تاکە کەسی» بریتی یە لە جیاکردنەوەی زمان و دەسەڵات لەو شتەی کە ڤۆڵف بە باوکسالاری دەریدەبڕێ؛ حەساسیەتێکی تازە بۆ جێگەی ژن بە عینوانی بوونەوەرێکی وابەستە و خۆئاسایی نائەندێشەکراو بەڵام داپۆشراو. وە پاشان لاپەڕە پڕ زەڕق و بەرقەکان سەبارەت بە «جین ئاستین» کە دەستنووسی خۆی شاردبووەوە، یا ڤینی داپۆشراوی شارلۆت برۆنتە، یا ورووژێنتر لە هەمووان، لە بارەی بایەخەکانی پێوندیی بەینی جنسی نێرینە، یانی جنسی زاڵ و، جنسی مێیینە، یانی جنسی لاوەکی و داخراو.

کاتێک ڤۆڵف چۆنێتی بایەخە لەپێشدیاریکراوەکانی جنسی نێرینە ـــ زەمانێک کە ژن قەڵەمەکەی بۆ نووسین بە دەستەوە دەگرێ ـــ شیدەکاتەوە، ئەو لە حاڵی شیکردنەوەی پێوەندییەکیشە کە لە کاتی نووسین یا قسەکردن بۆ تاکی ڕۆشنبیر ئامادەکراوە. هەمیشە سازکراوێک لە دەسەڵات و نفوز هەیە، هەمیشە مێژوو کۆمایەک لە بایەخگەل و ئیدە لە پێش بەیانکراوەکانی ئێستان و، هەروا لە ژێر هەمووی ئەوانە و، لە هەمووش گرینگتر بۆ تاکی ڕۆشنبیر، ئیدەگەل، بایەخگەل و خەڵکێک هەن کە وەکوو ژنانی نووسەری شەرحدراو لەلایەن ڤۆڵفەوە، ژوورێکی تاکە کەسییان پێ نەدراوە. بە قەولی «والتر بنیامین»: «هەرکەس تائەوڕۆ زاڵبوو دەرکەوتووە لە ڕەوتێکی سەرکەوتووانەدا بەشدارە کە تێیدا فەرمانڕەواکانی ئەوڕۆیی لێقەوماوان و هەژاران پێشێل دەکەن». ئەو خەیاڵە دراماتیکییە لە مێژوو، لە تەک خەیاڵی گرامشی هاودەنگە؛ کەسێک کە بە نەزەری وی خودی واقیعیەتی کۆمەڵایەتی لە نێوان فەرمانڕەوایان و ژێرفەرمانان دابەشکراوە. به باوەڕی من هەڵبژرادنێکی سەرەکی کە ڕۆشنبیر لەگەڵی ڕووبەڕووە ئەوەیە کە یا لەگەڵ سباتی زاڵبووان و فەرمانڕەوایان هاودەنگ بێ و یان ڕێگەیەکی دژوارتر بگرێتەپێش و

**ڕۆشنبیران لە دوو نوختەی تەواو گرژێتیدا هەڵکەوتوون: ئەوان یان لە بەرانبەر ڕەوشتەباو و زاڵەکان ڕاوەستاون، یان لە ئەساسدا بە ڕێگەیەکی سازانکارانە، بۆ ئامادەکردنی ،نەزم و درێژەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی، حزوریان هەیە.**

ئەم سیفاتە بە عینوانی دۆخێکی ئەوپەڕی ئاسایی دابنێ کە لە کەسانێک هەڕەشەدەکا کە دەرفەتی کەمتریان هەیە و لە حاڵی لەناوچوونی تەواودان. لەو ڕێگوزارەدا، ڕۆشنبیر هەروا دەبێ تاقیکردنەوەی ژێرفەرمانی هەر بەو نیسبەتە لەبەرچاو بگرێ کە خاترەی دەنگدانەوەکان و فەرامۆشکراوەکان بێ. هەروەک بنیامین دەڵێ: بەیانی مێژوویی ڕابردوو بە مانای دەرکی وی بەم جۆرەی کە بووە نییە... بەڵکە بە مانای ڕفاندن و ڕاگرتن و پاراستنی خاترەیەک لە زەمانێکە کە ئەم خاترەیە دەرخەری چرکەی خەتەر بێ».[3]

یەکێک لە تاریفە ستانداردەکان لە ڕۆشنبیری مۆدێرن تاریفێکە کە ئیدوارد شیلز Edward Shils (کۆمەڵناس) کردوویەتی:

«لە هەموو کۆمەڵگاکان... کەسانێک بە حەساسیەتێکی نائاسایی سەبارەت بە ئەسپەندگەل، وێڕای ڕەنگدانەوەی ناباو سەبارەت بە سروشتی خودایانی خۆیان و قانوونگەلی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا، پەیدا دەبن. لە هەر کۆمەڵگەیەک کەمایەتییەک لە کەسان هەن کە زیاتر لە کەسانی ئاسایی کۆمەڵگەی خۆیان، دۆزەر و خوازەری بەشداریی پەیتاپەیتا لەگەڵ نمادگەلێکن کە لە هەلومەرجی ئێستاکیی هەستپێکراو و عەینی ڕۆژانە گشتیترن و، لە تێخوێندنەوەکانی خۆیان گرینگییەکی وەها بە زەمان و مەکان نادەن. لەو کەمایەتییە بۆ نیشاندانی لێکۆڵینەوە و داخوازی لە وێژیاگی زارەکی و نووسراوەییدا، لە نواندنی شاعیرانە یا کڵێشەیی، لە یادداشتەکان یا نووسراوەی مێژوویی و، لە بەجێهێنانی ڕێورەسمی مەزهەبی ـ نەریتی و ئایینگەلی دوعایی و پاڕانەوەیی نیازێک لە ئارادایە. ئەو نیازە دەروونییە بۆ خۆتێخزاندنی ئەو بەری تۆڕی ئەزموونی ئێستای هەستپێکراو و عەینی، نیشانەی هەبوونی ڕۆشنبیران لە هەموو کۆمەڵگاکانە».[4]

ئەم تاریفە، تارادەیەک دەربڕینی سەرلەنوێی گوتەی بێندا ـ ڕۆشنبیران کەمایەتییەکی ئاماڵ ڕوحانین ـ و نەختێکیش شەرحدانێکی گشتیی کۆمەڵناسانە بەحیساب دێ. دواتر، شیلز لێی زیاددەکا کە ڕۆشنبیران لە دوو نوختەی تەواو گرژێتیدا هەڵکەوتوون: ئەوان یان لە بەرانبەر ڕەوشتەباو و زاڵەکان ڕاوەستاون، یان لە ئەساسدا بە ڕێگەیەکی سازانکارانە، بۆ ئامادەکردنی «نەزم و درێژەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی» حزوریان هەیە. نەزەری من ئەوەیە کە لە دوو حاڵەتی یادکراودا تەنیا حاڵەتی یەکەم (یانی بەربەرەکانی لەتەک ڕەوشتەباو و زاڵەکان) نەخشی حەقیقی و سادقانەی ڕۆشنبیرانی مۆدێرنە، بەوردی بەو هۆیەش کە ئەورۆ ڕەوشتە زاڵەکان بە شێوەیەکی زۆر خۆمانە و داپۆشراوانە بە نەتەوەوە نوساون (چونکە فەرمانی وی لە سەرووڕا دراوە)، لەبەر ئەوەیکە هەمیشە لاوێنەری سەرکەوتن، هەمیشە لە دۆخی فەرماندەرێتی دان، هەمیشە، بە زۆر، خوازەری وەفاداریی و خۆبەدەستەوەدان لە جێی لێکۆڵینەوە و ئاکاری ڕۆشنبیرانە و ئەزموونی سەرلەنوێی شتگەلێکن کە هەم ڤۆڵف و هەم بنیامین قسەیان لەسەرکردووە.

بێ لەوەش، ئەورۆ لە زۆربەی فەرهەنگەکان، ڕۆشنبیران لەڕاستیدا بە جێگەی پێوەندی بەرقەرارکردن لەگەڵ نمادە گشتییەکان کە شیلز لێیان دواوە، ئەوان دەبەنە ژێر پرسیارەوە. کەوابوو، گۆڕانی لایەنێک لە هاوئاوازیی و یەکێتی نیشتمانپەروەرانە بە دڕدۆنگی و بەربەرەکانی شکڵی گرتووە. بۆ ڕۆشنبیرێکی ئەمریکایی وەکوو کرکپاتریک سێل Kirkpatrick sale تەواوی ڕیوایەتی دۆزینەوەی بێ عەیب و دەرفەتە ناتەنگەبەرەکان کە زامنی دەگمەنێتی ئەمریکاییەکان لە دامەزرانی کۆمارێکی تازەدا بووە و، لە ساڵی ١٩٩٢ دا جێژنی بۆگیرا، بە شێوەیەکی ناسەلماو ناتەواوە؛ چونکە بۆ گەیشتن بەوی بەهایەکی زۆری لە تاڵان و قەتڵوعامی بەکۆمەڵ تێچووە کە لەناچوونی هەلومەرجە سەرەتاییەکانی پێکهێناوە.[5] ئەساسی نەریت و بایەخگەلێ کە زەمانێک پیرۆز بوون، ئێستا ڕیاکارانە و نەژادپەرستانە دادەنرێن. لە زۆربەی زانستگاکانی ئەمریکا، دەمەتەقێ لەبارەی قانوونە گشتییەکان ـ کە جاری وایە بە شێوەیەکی گەمژانە گوێئازاردەر و ساویلکانە و خۆبینانە دێنەبەرچاو ـ دەرخەری ڕەفتارێکی ڕۆشنبیرانەی ئاماڵ ناپایدارە سەبارەت بە نمادە نەتەوەییەکان، نەریتە پیرۆزەکان و، ئیدەگەلی ڕەسەنی ڕێتێنەچوو. بۆ نموونە، لەگەڵ هەموو درێژەپێدانە سەیرەکان و نمادە پتەو و بناغەییەکانی ئێستای فەرهەنگی ئیسلامی و چینی، ڕۆشنبیرانێک وەکوو عەلی شەریعەتی، ئەدۆنیس کەمال ئەبودیب و، ڕۆشنبیرانی بزووتنەوەی چوارەمی مانگی مای[6]، بە شێوەیەکی وورووژێنەر ئارامیی دڵگیر و دوورەپەرێزیی پێشێلنەکراو و هەرماوی نەریتیان شێواندووە.

بە نەزەری من، ئەوکارە بێگومان سەبارەت بە وڵاتانێک وەک وڵاتە یەکگرتووەکان، ئینگلستان، فەرانسە و ئاڵمانیش ڕاستە. لەو کۆمەڵگایانە بەم دواییە و بەشێوەیەکی ئاشکرا خودی ئیدەی هەبووگی نەتەوەیی، بەدەلیلی ناتەواوبوون، نەتەنیا لەلایەن ڕۆشنبیران بەڵکە لە لایەن حەقیقەتێکی سەرژمێرانەی خورتی نفوسشناسانەش، کەوتووەتە لێژی و بەربەرەکانی. هەرئێستا پەنابەرانێک لە وڵاتانی ئیستیعماریی پێشوو لە ئوڕووپادا دەژین کە ئیدەگەلی «فەرانسەیی» و «ئینگلیسی» و «ئاڵمانی» ئەوجۆرەی کە لە ساڵەکانی ١٨٠٠ و ١٩٨٠ دەکاردەکرا، ئەوان دەبەرناگرێ. سەرەڕای ئەمەش، بزووتنەوە بەهێزکراوەکانی فێمینیستی و هاوجنسبازی، لە هەمووی ئەو وڵاتانە، لەحاڵی داکەوتن و بەربەرەکانی لە تەک ڕەوشتە باوکسالارییەکان و پیاوانەیین کە تائێستا ڕێکخەری کۆمەڵگا بوون.

له وڵاته یەکگرتووەکان، ژمارەی ڕووله زیادی پەنابەرانی تازەهاتوو و، هەروەها خەڵکی خۆماڵی که بەشێنەیی دەنگیان زیاتر بیستراوه و بەرچاوتر بوون، سوورپێستگەله فەرامۆشکراوەکان که سەرزەوییەکانیان داگیرکراوه و بارودۆخی سروشتییەکەیان یابەجارێک لەناوچووه و یان لەلایەن کۆماری ڕوویه پێشڕەفت گۆڕانکاری بەسەرداهاتووه، گەواهی خۆیان وێڕای گەواهیی ژنان، ئەمریکاییەکانی ئەفریقایی تەبار و کامایەتییه جنسییەکان زیادکردووه تا لەو ڕێگەوه لەتەک نەریتێک بکەونه بەربەرەکانی که بۆ ماوەی دوو سەده له پاکدینانی ئەیالەتی نیۆئینگڵەند و خاوەن مەزرا و بەردەگەلی باشوور بۆیان ماوەتەوه. ڕووهێنانەوەی سەرلەنوێ له نەریت، نیشتمانپەروەری و بایەخه سەرەکییەکان، یا به قەولی دۆن کوێل، جێگری پێشووی سەرۆک کۆماری ئەمریکا، بایەخه خێزانییەکان، وەڵامێکه که تائێستا بۆ چارەسەریی ئەو ئاڵۆزییانه دراوەتەوه. ئەو وەڵامانه هەمووی پێوەندیداره به ڕابردوویەک که ئیدی شیاوی چاککردنەوه نییه مەگەر به لەبەرچاونەگرتن، یا به جۆرێک کەمبایی‌دان به ئەزموونی زیندووی کەسانێک که، به قەولی «ئەمه سەزەر» خوازەری شوێنێک له ژوانگەی سەرکەوتن.[۷]

تەنانەت له زۆرێک له وڵاتانی جیهانی سێهەم تێکهەڵچوون و ناکۆکیی توند له نێوان دەسەڵاته کۆنپارێزەکانی دەوڵەته نەتەوەییەکان و خەڵکی زیاندیتوو بەرقەراره که یا دەنگیان نابیسرێ و یان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوه سەرکوت دەکرێن. هەرئەو ناکۆکی و تێکهەڵچوونه بەدیهێنەری دەرفەتێکی واقیعی یه بۆ ڕۆشنبیر تا له ئاست پێشڕەوی زاڵبووان پایەداری و خۆڕاگری بنوێنێ. له وڵاتانی ئیسلامی ــ عەرەبی هەلومەرجێکی دژوارتر زاڵه. وڵاتانێک وەکوو میسر و تونس که دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بۆ ماوەیەکی درێژ، لەلایەن حیزبه نەتەوەییه نامەزهەبییەکان بەڕێوەدەبران، که بەشێنەیی هەتڵه بوون و ئێستا بوونەته گرووپ و دەستەگەلی بەرتەسک و دیاریکراو، لەنەکاو لەتەک گرووپه ئیسلامییەکان تێکهەڵچوون که لەلایەن ستەم لێکراوان و هەژارانی شارەیی، وەرزێڕانی بێزەویی گوندەکان ــ هەموو ئەو کەسانەی که هیوایەکیان جگه له ڕابردووی ئیسلامی زیندووکراوه و بووژاوه نییه ــ ئەرکێک له سەر شانی خۆیان هەست پێدەکەن که به گوتەی خۆیان هەڵگری عەدالەتێکی شیاوی سەرنجه. زۆرێک له خەڵک پێیانخۆشه له پێناو ئەو ئیدەگەله تا دەمی مەرگ خەبات بکەن.

بەڵام بەهەرحاڵ، ئیسلام دینی زۆرینەیه و به عەقیدەی من نەخشی ڕۆشنبیر ئەوه نییه که به هاسانی بڵێ «ئیسلام تەنیا ڕێگه بووه»، شتێک سەبارەت به بۆچوونه جیاوازەکان نەڵێ و، زیاتر ناکۆکیی بیروباوەڕ و جیاوازییەکانی ئێستا هاوسان نیشان بدا. ئیسلام، هەر چۆنێک بێ، مەزهەب و فەرهەنگێکی تاقانەیه، مەزهەب و فەرهەنگێک که لەعەینی ئاوێتەبوون له یەکپارچەییش زۆر دووره. لەگەڵ ئەوەشدا، لەو جێیەی که ئیسلام ئایین و هەبووگی زۆربەی زۆری خەڵکه، ڕۆشنبیر به هیچ ڕوویەک ناچار نییه لەتەک پەسندەرانی ئیسلام هاودەنگ بێ، بەڵکه بەر لەهەر شت، به دەنگێکی بەرز ئیسلام

**یەکێک له شەرماویترین ڕووداو له مێژووی مۆدێرنی ڕۆشنبیریی زەمانێک ڕوویدا که ڕۆشنبیرانی ژاپۆنی و ئەمریکایی، له جەریانی شەڕی دووهەمی جیهانی، له ڕادەیەکی هەراودا لەپێناو شەڕی نەتەوەیی و نەژادیی بۆ بەدنێوکردن و لەدوایەش پەست و خوێڕی ئەژماردنی یەکتر بەشدارییان کرد.**

لێکبداتەوه و به جەختکردنەوەی پێچەڵپێچی و ئاڵۆزی، بووالەتی ئیدیکەبوونی وی بناسێنێ؛ هەر ئەو جۆرەی که بۆ ئەدۆنیس، شاعیر و ڕۆشنبیری خەڵکی سووریا، ئەو پرسیاره له ئارادایه که کام ئیسلام؟ ئیسلامی حوکمڕانان یان ئیسلامی شاعیران و فیرقەگەل به بیروباوەڕی جیاواز؟ وه دووهەم، له ڕێبەرانی ئیسلامی گەرەک بێ که لەگەڵ کەند وکلۆی کەمایەتییەنائیسلامییەکان ڕووبەڕوو ببن: مافی ژنان، خودی مۆدێرنیته به وردبوونەوه لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئینسانی و هەڵسەنگاندنی سادقانه، نەک تایبەتمەندییەکانی جەزمی و سرووده ئامالی خەڵکییەکان. خاڵی ناوەندی بۆ ڕۆشنبیرێک له ئیسلامدا نەک دوورەپەرێزی ساوەساو له سەرەڕۆیانی سیاسی یا ناحاڵییانی ڕواڵەتنوێن، بەڵکه بوژاندنەوەی ئیجتیهاد و لێکدانەوەی شەخسی یه.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆشنبیر هەمیشه له گەمارۆدان و، بەشێوەیەکی خەماوی، له حاڵی تێکەوتن لەگەڵ وەفاداری، ئەمەگداری و ڕاستی دایه. ئێمه هەموو، بێ ئاوارته، سەر به جۆرێک کۆمەڵگەی نەتەوەیی، مەزهەبی یا قەومین. هیچکام له ئێمه، هەر ئەندازه دەنگی نارەزایەتیمان بەرزبێ ــ ئەولاتر له پێوەندییه ئۆرگانیکییەکان هەڵنەکەوتووین که ئێمه له قەید و بەندی خێزان، کۆمەڵگه و، هەڵبەتا نەتەوەیی قوتار بکا. بۆ گرووپێکی تازەڕسکاو و گەمارۆدراو ــ بۆنموونه بوسنییەکان و فەلەستینەکانی ئەورۆ ــ ئەو هەسته که خەڵکی ئێوه له باری سیاسییەوه و، واش هەیه لەباری فیزیکییەوه، هەڕەشەی داپلۆسین و لەناچوونیان لێبکرێ ئێوه ناچار به پارێززگاری دەکا و واتان لێدەکا هەرچی له تواناتاندا هەیه له پێناو پاراستنی تێبکۆشن یا دژی دوژمنانی نەتەوەیی بەشەڕبێن. هەڵبەتا ئەوه ناسیۆنالیزمێکی پارێززگاری لەخۆکردنه؛ لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەو جۆرەی که «فرانتس فانون» بارودۆخی شەڕی ئازادیخوازیی ئەلجەزایری (١٩٥٤-١٩٦٢)دژ به فەڕانسه شیکردووەتەوه، ددانپێدانانی ناسیۆنالیزمی دژی ئیستیعماری و هاودەنگبوون له تەکیدا، بەجۆرێک که له حیزب و ڕێبەرایەتیدا شکڵ دەگرێ، بەس نییه. هەمیشه مەسەلەی مەبەست له ئارادایه که، تەنانەت له سەختترین هەلومەرجی شەڕ و تێکهەڵچوون، دەبەرگری لێکدانەوه و شیکردنەوەی ڕێگەگەلێکن که بۆ هەڵبژاردن بەرەوڕوومانن. ئایا شەڕکردنی ئێمه تەنیا له سۆنگەی ئەوەیه که خۆمان له کێشەی ئیستیعمار قوتاربکەین، که ئەوه خۆی مەبەستێکی پێویسته، یا لەوه بیردەکەینەوه که دوای دەرچوونی ئاخرین پۆلیسی سپیپێست دەبێ چ

**ئەرکی ڕۆشنبیر ئەوەیە کە بە ئاشکرایی تایبەتمەندییەکی جیهاندەبەرگر بداتە بوحران، پێوانەیەکی گەورەتری ئینسانی بۆ ڕەنجەکانی نەژاد یا نەتەوەیەکی دیاریکراو لەبەرچاوبگرێ و، ئەو ئەزموونە لەگەڵ ڕەنجی ئەوانیدیکە تێکەڵاو بکا.**

بکرێ؟ بەگوتەی فانون، مەبەستی ڕۆشنبیرێکی خۆماڵی ناتوانێ تەنیا لەجێدانانی پۆلیسێکی خۆماڵی لەبری پۆلیسێکی سپیپێست بێ، بەڵکە ئەو دەبێ ئافرێنەری ئەو شتە بێ کە فانون، بە نەقڵی قەول لە ئەمە سەزەر، ئەوی بە ڕەوان و گیانە زیندووەکان دادەنێ. بە واتایەکی تر، ئەگەرچی بۆ ڕۆشنبیر، دەستەبەرکردنی مانەوەی کۆمەڵگە لە دەورانی بوحرانە نەتەوەییەکان بایەخێکی نرخدارە، بەڵام وەفاداری وی بە شەڕی گرووپی، لە پێناو مانەوەیدا، نابێ هەستی ڕەخنەیی وی خاویکاتەوە، یا ئەو پێداویستییانەی کە هەمیشە بایەخێکی ئەولاتری مانەوەیان هەیە بە مەسەلەگەلی ڕزگاری سیاسی نزمیان کاتەوە. ڕۆشنبیر دەبێ لە ڕێبەرێتی ڕەخنە بگرێ و، لە پاڵ کێشەی سەرەکی هەڵبژاردەگەلێک بناسێنێ کە ئەغلەب لە قەراخدا بوون یا بە عینوانی مەسەلەگەلی ناپێویست بەلاوەنراون. تەنانەت لە نێوان ستەملێکراوانیشدا هەمیشە برەر و دۆڕاو هەیە، وەفاداری ڕۆشنبیر نابێ تەنیا بە یەکێتی لەتەک کۆدا تەنگەبەر بکرێ: ڕۆشنبیرانێک وەکو «تاگور» لە هیند و «خۆزە مارتی» لە کوبا نموونەگەلێک بوون کە هەرگیز لە پێناو ناسیۆنالیزمدا دەستیان لە ڕەخنە نەکێشایەوە، ئەگەرچی خۆیان ناسیۆنالیست مانەوە.

لەهیچ وڵاتێک زیاتر لە ژاپۆنی مۆدێرن پێوەندیی و شوێنی دوولایانە لە نێوان پێداویستییە تێکڕاییەکان و ڕیزبەندی ڕۆشنبیریی بە شێوەی تراژیک ئاڵۆز و ئازاردەر نەبووە. دوای دامەزرانی سەرلەنوێی می جی لە ١٨٦٨، کە ئیمپراتوری گەڕاندەوە، فیۆدالیزم هەڵوەشاوە و دەورەی بنیاتنانی ئاگایانەی ئیدەئۆلۆژیی ئاوێتە دەست پێکرا. ئەوە خۆی بەشێوەیەکی موسیبەتبار گەشە و پەرەپێدانی نیزامی فاشیستی و توانەوەی نەتەوەیی بەبارهێناکە لە لووتکەی خۆیدا بە تێکشکانی ئیمپراتوریی ژاپۆن لە ١٩٤٥ کۆتایی پێهات. ئەو جۆرەی کە «کارۆل گلوک»ی مێژوونووس پێیوایە، ئیدەئۆلۆژی ئیمپتراتوری، خەڵقکراوی ڕۆشنبیرانی دەورەی می جی بووە و؛ لە بەر ئەوەیکە سەرچاوەی سەرەکی وی لەلایەن هەستێکی بەرگریکەرانەی نەتەوەیی، ئەویش لە ڕادەی خوارەوە، پەروەردەکرابوو، لە ١٩١٥ بە ناسیۆنالیزمێکی تەواوعەیار وەرچەرخا کە لە عەینی حاڵدا دەیتوانی بە میلیتاریزمێکی گرژ، پیرۆزبوونی ئیمپراتور و، جۆرێک خۆماڵییەرستی بگۆڕدرێ کە تاک گوێڕایەڵی حکوومەت بێ.[٨]

ئەو ئیدەئۆلۆژییە هەروا باعیسی بەدنێوی نەژادەکانی دیکەش تاڕادەیەک بوو کە، بۆ وێنە لە دەیەی ١٩٣٠ئەو دەرفەتەی بۆ پێکهێنان کە لە ژێر نێوی شازێتی نەژادی ژاپۆنی بەئەنقەست دەست بە کوشتاری فەجیعی چینییەکان بکەن.

ئەو جۆرەی کە «جان دوور» شەرحی داوە، یەکێک لە شەرماویترین ڕووداو لە مێژووی مۆدێرنی ڕۆشنبیریی زەمانێک ڕوویدا کە ڕۆشنبیرانی ژاپۆنی و ئەمریکایی، لە جەریانی شەڕی دووهەمی جیهانی، لە ڕادەیەکی هەراودا لەپێناو شەڕی نەتەوەیی و نەژادیی بۆ بەدنێوکردن و لەدوایەش پەست و خوێڕی ئەژماردنی یەکتر بەشدارییان کرد.[٩] بە گوتەی ماسائۆ میۆشی، زۆربەی ڕۆشنبیرانی ژاپۆنی دوای شەڕ هاتبوونە سەر ئەو ڕایە کە کاکڵی ڕاسپاردەیی تازەی ئەوان نەک چەککردنی ئیدەئۆلۆژی حقوقی و یەکسان بەڵکە سازکردنی زەینیەتێکی تاکخوازیی لیبراڵی بوو کە بتوانێ لەتەک ڕۆژئاوا ڕقەبەری بکا. بەڵام ئەفسووس کە چارەنووس ئەو تاکەی کردە بەکارهێنەرێکی بۆش؛ بەکارهێنەرێک کە تەنیا ئاکاری کڕین، تاکێتی وی سەلماو و دەستەبەر دەکا. بەهەرحاڵ، میۆشی ئەوەش دەڵێ سەرنجێک کە ڕۆشنبیری دوای شەڕ بۆ سەر تاکی ڕاکێشاوە، دەبەرگری دەنگدانەوەیەکیشە سەبارەت بە مەسەلەگەلی بەرپرسێتی لە پێناو شەڕدا ــ ئەوجۆرەی کە مارویاما ماسائۆ لە نووسراوەی خۆیدا بە شێوەیەکی ڕوون لە «کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری پەشیمان» دەدوێ.[١٠]

هاووڵاتییانی ڕۆشنبیر، لە دەورانە تاریکەکان، لێی چاوەڕوانن تا سادقانە نوێنەی ئەوان بێ و دەرد و ڕەنجە نەتەوەییەکانیان دەرببڕێ. ئەوجۆرەی کە ئۆسکار وایلد لە وەسفکردنی خۆیدا دەڵێ، ڕۆشنبیرانی درەوشاوە هەمیشە لە پێوەندیی نمادییانە لەگەڵ زەمانی خۆیان دان: ڕۆشنبیران، لە ئاگاکردنەوەی تێکڕایی، سەرکەوتوویی، شۆرەت و ئیعتیبارێک نوێنەری دەکەن کە دەتوانێ بە قازانجی خەباتێک لە حاڵی پێشڕەفت یا کۆمەڵگەیەکی لە حاڵی شەڕدا وەخۆبخرێ. بەپێچەوانە، ڕۆشنبیرانی درەوشاوە ئەغلەب ژێرباری فشاری ڕیسوایی کۆمەڵگەی خۆشیان دەبن ــ چ کاتێک کە فیرقەگەلی ناو کۆمەڵگە، ڕۆشنبیر هاوبەشی لایەنی تاوانبار دەناسێنن (بۆ وێنە، ئەوکارە سەبارەت بە ئیرلەند و هەروا لە ناوەندگەلی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، لە ساڵەکانی شەڕی سارد و زەمانێک کە لە نێوان لایەنگران و دژبەرانی کۆمۆنیزم تێکهەڵچوون بەدیدەکرا، بە کارێکی زۆر ئاسایی و ژێرپێکەوتوو دادەندرا) و، چ زەمانێک کە گرووپەکانی دیکە خۆیان بۆ هەڵمەتێک ئامادە دەکەن. بە ئەرخەیانی ئۆسکار وایلد ڕەنجی گوناهی بیروانانی پێشڕەوی هەست پێدەکرد کە غیرەتی تێکەوتن لەتەک ڕەوشتگەلی چینە ماناونجییەکانی کۆمەڵگەیان هەبوو. لە زەمانی خودی ئێمەدا، پیاوێک وەکوو ئێلی ویزێل Elie Wiesel دەبێتە نمادی ڕەنجی شەش میلیۆن جوولەکە کە لە کوشتاری بەکۆمەڵی نازییەکان لەناچوون.

بەوان ئەرکە زۆر گرینگانە، ئەخشی نوێنەرایەتی ڕەنجی هاوبەشی خەڵکی خۆ، لەملدانی کوێرەوەرییان، پشتیوانی سەرلەنوێ لە تابووشتیان و، بەهێزکردنی بیرەوەرییەکانیان، شتێکی دیکەش دەبێ زێدەبکرێ کە بە ئەزەری من تەنیا ڕۆشنبیر ئەمەگداری ئەنجامدانەکەیەتی. هەرچۆنێک بێ لە کارە هونەرییەکاندا، زۆرێک لە

ڕۆماننووسان، وێنەگەران و شاعیران وەکوو مەنزۆنی، پیکاسۆ، یا نێرۆدا جەستەنوێنی ئەزموونە مێژووییەکانی خەڵکی خۆیان بوون کە لە جێی خۆیدا بە عینوانی شاکاری گەورە بە ڕەسمیەت ناسران. بە نەزەری من، ئەرکی ڕۆشنبیر ئەوەیە کە بە ئاشکرایی تایبەتمەندییەکی جیهاندەبەرگر بداتە بوحران، پێوانەیەکی گەورەتری ئینسانی بۆ ڕەنجەکانی نەژاد یا نەتەوەیەکی دیاریکراو لەبەرچاوبگرێ و، ئەو ئەزموونە لەگەڵ ڕەنجی ئەوانیدیکە تێکەڵاو بکا. تەنێ ددانپێداهێنانی ئەم کارە بەس نییە کە خەڵکێکیان بێبەش کردووە، ماف و بوونی سیاسییان لە ژێرپێناوە و ستەمیان لێکردووە و قەتڵوعامیان کردووە، بەڵکە دەبێ هاوکات کارێک ئەنجامدرێ کە فانون لە کاتی شەڕی ئەلجەزایر ئەنجامی دا، یانی بەرقەرارکردنی پێوەندی لە نێوان ئەم ترس و هەراسانە لەتەک موسیبەتە لەیەکچووەکانی خەڵکی دیکە. ئەم کارە بە هیچ ڕوویەک بە مانای لەدەستدانی تایبەتمەندییەکانی مێژوویی نییە، بەڵکە ئەوە بەزیادیش لەمپەرێک دەبێ لە بەرانبەر ئەو بوارە کە دەرسێک وا سەبارەت بە زوڵم و زۆری لە شوێنێک ئامۆژیاوە لە زەمان یا مەکانێکی تر فەرامۆش کراوە یا دستدرێژی بۆ کراوە و؛ تەنیا بەو دەلیلە کە ئێوە نوێنەری ڕەنج و دەردی خەڵکی خۆتانن و، ڕەنگە بۆخۆشتان ناچار تابوشتتان هێنابێ، باری ئەو ئەرکەتان لەسەر شانی هەڵناگرێ کە جیناياتێک کە لەوانەیە خەڵکی خۆتان ئێستا لە سەر قوربانییەکانی خۆیان بەرێوەی بەرن، لە قاونەدەن. بە عینوانی نموونە، بۆئێر[هولەندی تەبار]ەکانی ئەفریقای باشووری، خۆیان بە قوربانیی ئیمپریالیزمی ئینگلستان دەزانن؛ بەڵام مانای ئەو ڕووداوە ئەوە بوو کە دوای تێپەڕبوونی «دەستدرێژی»ی ئینگلستان، ئەو کۆمەڵگەیەی کە دانیل فرانسوا مەلان نوێنەری بوو، بە گوێرەی بەڕێوەبردنی ئامۆژەکانی حیزبی میللی، خۆی بە شایەنی پارێزگاری لە ئەزموونگەلی مێژوویی زانی، کە ئەمە خۆی بە حکوومەتی نەژادپەرستی ئەفریقای باشووری وەرچەرخا. بە لای ڕۆشنبیرانەوە، داکەوتن لە شێوەگەلی پاساودەرانە و هەقبەخۆدانێک کە لە ژێر نێوی قەومیەت و میللیەتی خۆیان بۆ ئەنجامدانی کرگاری پیس کوێریان دەکا، هەمیشە ساویلکانە و عەوامپەسندانەیە. ئەو مەسەلەیە بەتایبەت لە دەورانی کێژاو و بوحڕاندا وەڕاست دەگەڕێ. بۆ وێنە، ڕیزبوون لە ئاست ئاڵا، لە زەمانی شەڕەکانی فالکلەند و ڤێتنام، ئەو مانایەی دەدا کە دەمەتەقێ لە بارەی ئەوەیکە ئەو شەڕە عادڵانەیە یان نا هاوشانی خیانەت تەعبیر بکرێ. بەڵام ئەگەرچی هیچ شتێک ناتوانێ ئێوە تائەو ڕادەیە مەنفوور بکا، ڕۆشنبیر دەبێ دژی ئەو جۆرە گرووپخوازییانە دەنگ هەڵبڕێ و، بزانێ ئەم نرخەی کە دەیدا شتێک جگە لە لەعنەت و نیفرەت نییە.

**پەراوێزەکان**

1- Georg Orwell, *A Collection of essys* (New york: doubleday anchor, 1954), p. 177.

2- Orientalism (New York: pantheon, 1978); the phoney islamic Threat "*New York Times sunday magazine*. November 21, 1993.

Covering Islam (New York: pantheon, 1981)

3- Walter Benjamin, *Illuminations*, ed. hannah arendt, trans. Harry Zohn (New York: schocken books, 1969), pp. 256, 255.

4- edward Shils, "The intellectuals and the Powers: some perspectives for Comparative Analysis, "Comparative Studies in Society and History, Vol.1 (1958-59), 5-22.

6- Kirkpatrick sale, *The Conquest of paradise: Christopher Columbus and the Columbian Legacy*(new York: knopf, 1992).

٦- بزووتنەوەی خوێندکاریی چوارەمی مای ١٩١٩ی چین دژکردەوەیەکی دەستاولەجێ بوو بە کۆنفرانسی ڤێرسای لەوساڵەدا کە بوونی ژاپۆنییەکانی لە شانتۆنگ قانوونی ڕاگەیاندبوو. لەوکاتە ٢٠٠٠ خوێندکار لە مەیدانی تین ئان مێن کۆبوونەوە. ئەو یەکەمین نارەزایەتییەی خوێندکارانی چین، شوێنێک بوو بۆ دەستپێکردنی دیکەی بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی خوێندکاریی لە سەدەی بیستەم. لەو خۆپیشاندانە ٣٢ خوێندکار گیران و، هەر ئەو مەسەلەیە بوو بە هۆی وەخۆکەوتنێکی تازە لە خوێندکاران، نەتەنیا بۆ ڕزگاری خوێندکاران بەڵکە هەروا بۆ فشارخستنە سەر حکوومەت بۆ بڕیاردانی خێرا لە بواری مەسەلەی شانتۆنگ. هەوڵی حکوومەت بۆ سەرکوتی بزووتنەوە تێکشکا؛ بەتایبەت بەو دەلیلە کە چینی سەرمایەداران و کارگێڕان کە بەرژەوەندییان لە ڕقەبەری لەتەک ژاپۆنییەکان کەوتبوە مەترسییەوە، لەو بزووتنەوەیە پشتیوانیان کرد.

بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە سەرچاوەی خوارەوە:

John Israel, *Student Nationalism in China*, 1927-1937 (Stanford: stanford University press, 1966).

7- Aime Cesaire, The Collected Poetry, trans. Clayton Eshelman and Annette Smith (Berkeley: University of California press, 1983), p. 72.

8- See Carol Gluck, *Japan's Modern Myths: Ideology in the Late Meiji period* (princeton: princeton University press, 1985).

9- John Dower, War Without Mercy: Race and Power in the Pacific War (new York: Pantheon, 1986).

10- Masao Miyoshi, Off Center: Power and Culture Relations between Japan and the United states (Cambridge, Mass: Harvard University press, 1991), pp. 125, 108.

ماروياما ماسائۆ یەکێک لە نووسەرانی ژاپۆنی دوای شەڕ و یەکێک لە ڕەخنەگرانی ناوداری مێژووی پاشایەتی ژاپۆن و نیزامی ئیمپراتێوری یە. میۆشی ئەوی بە عینوانی کەسێک وەسف دەکا کە زێدە لەحەد ئاستی بەرزی ڕۆشنبیریی و هونەرشناسانە (ئیستەتیک)ی ڕۆژئاوای قەبوڵ کردووە.

**تێبینی:** ئەو نووسراوەیە لە کتێبی *نقش روشنفکر*، **ادوارد سعید**، ترجمە و پیشگفتار: دکتر حمید عضدانلو، انتشارات آموزش، چاپ اول ١٣٧٧ (لاپەڕەکانی ٣٥ تا ٥٨ بەشی یەکەمی کتێبەکە لە ژێر عینوانی «نەخشی ڕۆشنبیر») وەرگیراوە و لەلایەن گزینگەوە کراوەتە کوردی.

# له نێوان مزگەوت و زانکۆدا

حەمەسەعید حەسەن

نووسین: یەکلاییکردنەوەی کێشەکانە لەگەڵ ناخپووتەکاندا.
«جان جینێ»

**(١) سوعاد حوسنی**

زۆر لە دۆستانم وای بۆ دەچن، من گەلێ جار خۆم بە نووسینی بابەتی بێبایەخەوە خەریک دەکەم؛ بابەتی وا کە ئەوە ناهێنێ کەسێکی وەک من وەختی خۆیی بۆ تەرخان بکا. ئێستا ئەو دۆستانەم کە ناونیشانی ئەم نووسینەم دەبینن، دڵنیام هەمدیسان هەمان گلەییم لێ دەکەن. بۆ ئەوەی لە کورتی بیبڕمەوە و بچمە سەر باسەکەم، بەو دۆستانەم دەبێژم، کۆچی دوایی تەحییە کاریۆکا، ئەدوارد سەعیدی وەها هەژاند، نووسینێکی درێژی بۆ تەرخان کرد.

مامۆستام محەمەدی مەلا کەریم، ئەو سەروەختەی جێگری سەرۆکی نووسەرانی کورد بوو، لە هەفتەنامەی هاوکاریدا، کورتەباسێکی سەبارەت بە بزن، بڵاو کردبووەوە، پێمگوت: (کاکە حەمە، بزن چییە، کەسێکی وەک تۆ کە پێشەوای ئێمەی، لەسەری بنووسێ؟)

ئەو کاتە چونکە پێی وابوو هێشتا من هەر لە حیزبی شیوعی عێراقی سەر بە شوورەویدا کار دەکەم، بۆ دەمکوتکردنم گوتی: (یەک: نووسین نەبوو، وەرگێڕان بوو. دوو: سەرچاوەکەم سۆڤێتی بوو،) وەک خوێندنەوەی ئەمریکاییەکان بۆ بزن، لە هی سۆڤێتییەکان جیا بێ!

١٩٨٤ سەردەمی وتووێژی نێوان ینک و ڕژێم، تازە لە شاخەوە بۆ شار هاتبوومەوە، شاعیری گەورە لەتیف هەڵمەت شیعرێکی بڵاو کردبووەوە، تێیدا هێندەی لە بیرم مابێ، دەیگوت:

(کە دێمەوە لە سەربازیم
کچێ نییە ماچێکم باتێ،
کچێ نایە بۆ پێشوازیم.)

ئەو کاتە منیش گوتم: (ئەو کە لە عەسکەری هاتووەتەوە داوای ماچێ دەکا، دیارە من کە لە پێشمەرگایەتی هاتوومەوە، دەبێ داخوازیم زێتر بێ.)

کە لە کۆتایی ئەپریلی ٢٠٠١دا ئەنیستیتووتی کورد لە بەرلین فێستیڤاڵێکی بۆ ئەدەبی کوردی ساز کرد، منیشیان بانگهێشت کرد و بلیتی بالافڕیان بۆ ناردم. ئەوە بوو چووم لەوێ باسی شیعر و ڕەخنەی ئەدەبیم کرد. هاشمی ئەحمەدزادە، کە خوێندکاری خوێندنی بالایە لە زانکۆی ئوپسالا / سوێد، هەوڵێکی زۆری دا ئەویش داوەت بکرێ، تەنانەت ئامادە بوو لەسەر ئەرکی خۆی بگاتە بەرلین بە مەرجێ بواری بدرێ، چارەکێ باسی چیرۆک بکا، وەلێ درەختی ڕەنج و تەقەلای بەری نەگرت.

ئیدی هاشم ڕاپۆرتێک دژی سەرۆکی ئەنیستیتووتی کورد بۆ سەرۆکایەتیی ئەورووپای پەکەکە دەنووسێ و تێیدا ئەو گوتارانەی من بە ناوی ئاشکرای خۆمەوە، دەربارەی ملکەچکردنی ئۆجالانم نووسیون، بە دەستپاکییەوە دەکا بە تورکییەکی ڕەوان و بەم تێبینییە کۆتایی بە کارە زانستییەکەی دەهێنێ: (سەرۆکی ئەنیستیتووتی سەر بە پەکەکە، ئەم دوژمنە سەرسەختەی سەرۆک ئاپۆ بەسەر دەکاتەوە، وەلێ منی کۆیلەی دڵسۆزتان پشتگوێ دەخا!)

ئەگەرچی چاوەڕێی ئەوەم لە هاشم نەدەکرد، ئەو تورکییە جوانەی دەیزانێ بۆ مەبەستی ناشیرین بیخاتە گەڕ، بەلام چونکە یەکەم کەسە بەرهەمی خامەی من بکا بە تورکی، نەک هەر لێی زویر نەبووم، بەڵکوو (تەلەفۆنەسوپاس)ێکیشم بۆ کرد.

وەختێ خۆی کە حەکیم کاکەوەیس بە ناڕەوا سەنگەری لێ گرتم، هاتم بە ساتیرەڕەخنەیە، وەلامم دایەوە. وەک خۆی نکوولیی لێ ناکا، ئەو نووسەرێکی گومناو بوو، بە هۆی ئەو وەلامەی منەوە، ناوبانگی پەیدا کرد. لەوساوە هەر کۆلکەنووسەرێ هەوڵی دابێ، لە ڕێی پەلاماردانی منەوە بناسرێ، لێی نەهاتوومە دەنگ. هەنووکە وا دیسان کەستەکی بەزەییم تلیساوەتەوە و بەخشندانە ڕەوتارم لەتەک هاشمدا کردووە، بەڵکوو ئەم ئاوڕدانەوەیەم لێی، ببێ بە تاڤگەی ڕووناکی و بەسەریدا بڕژێ.

جارێکیان شێخ شەعراوی کە بێجگە لە ئامۆژگاریکردنی موسڵمانان، هیچ هونەرێکی دیکەی نەبوو، بە سوعاد حوسنی دەڵێ: (ئەو پارەیەی تۆ پەیدای دەکەی حەرامە.)[1] جێی سەرنجە یەکێ لە سەرچاوەکانی بژێویی شێخی ناوبراو، باجی سەر داهاتی هونەرمەندان بوو.

سوعاد حوسنی دە ساڵ بوو ناساغ بوو. لەو ماوەیەدا گەلێ جار میرانی عەرەب ویستیان ئەرکی چارەسەرکردنی بگرنە ئەستۆیان، وەلێ هەرگیز دەستی بۆ کۆمەکی کەسیان پان نەکردەوە. کە ئەو هونەرمەندە خوێنهەنگوینە کۆچی دوایی کرد، من لە میسر بووم؛ ئەو دڵبلندییەی وی بۆ من هێندە جێگەی ڕێز بوو، ناچار بووم، چەپکەگوڵی ئەم نووسینە بخەمە سەر گڵکۆکەی.

گەشت یەکێکە لە سەرچاوەکانی زانیاری. لەو گەشتەمدا بۆ میسر ئەوە فێر بووم کە (سیاسەتمەدار: پیاوێکە دەتوانێ سەعاتێ باسی مەسەلەیەک بکات، بێ ئەوەی هیچی لێ بزانێ.)[2]

کە ئەم نووسینە ناکەوێتە ژێر دەواری هیچ ژانرێکی ئەدەبییەوە، کە یەکێتیی بابەتی تێدا ڕەچاو نەکراوە، کە زێتر لە گەمەکردنەوە نزیکە، کە خەریکی کاولکارییە نەک ئاوەدانکردنەوە، کە دەشێ بە هەڵە لێک

بدرێتەوە، کە ڕوون نییە کام پەردەگرافی ڕاستییە و کامیان فانتازیا، ئەوانە زادەی سەرلێشێواوی نین، ڕەنگدانەوەی خەباتێکی درێژ و دژوارن، لە پێناوی نووسینی دەقێکدا کە سەر بە قوتاغی پۆست مۆدێرنیزم بێ.

٢٠٠١/٧/١

١) حكايه سعاد حسنى مع الشيخ الشعراوى، سعيد ابو العينين، اخر ساعه، ص١٢ القاهره ٢٠٠١/٦/٢٧.

٢) ئەنیس مەنسوور.

## (٢) جەنتڵمان و لاپەڕەی ئازاد

لەو وڵاتانەدا کە شنەی دیموکراتی قژی خەڵکەکەی دادەهێنێ، نەریتێکی جوان زاڵە؛ ئەوی هەستی کرد هەڵەی کردووە، پاساو بۆ هەڵەکەی ناهێنێتەوە، داوای لێ خۆشبوون ناکا، جەنتڵمانانە باجی هەڵەکەی دەدا. وا بزانم هێشتا لە بیرتانە کە لە پورتوگال، لە ئەنجامی هەرەسی پردێکەوە، سەرنشینانی پاسێک خنکان، یەکسەر وەزیری پرد و ڕێگاوبان وازی لە ئیشەکەی هێنا. کەچی لە کن ئێمە کە شۆڕشێک دوای هەزاران قوربانی هەرەس دەهێنێ، ڕێبەری شۆڕشە شکستخواردووەکە، دەبێتە سەرکردەی شۆڕشی داهاتوو. ئێمە نەک هەر پاساو بۆ شکستەکانمان دەهێنینەوە، بەڵکوو تێکشکانەکانمان وەک سەرکەوتن بەسەر ئەو خەڵکە هەژارەدا ساغ دەکەینەوە.

فازیل میران بەرپرسی ڕاستەوخۆی پاراستنی ئاسایشی ژیانی خەڵکی دەڤەری ژێر دەسەڵاتی پارتی یە، کەچی کە عوسمان سەرسۆری ئەندامی پەرلەمان تیرۆر دەکرێ، کە زوو زوو تی ئێن تی هەولێر دەهەژێنێ، کە ئیسلامی توندڕۆ گوڵی ژیانی ئاسایی شار دەژاکێنێ، تەنانەت کە لە نێوەندی پێتەختدا ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی پارتی، سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد و بەرپرسی لقی دوو دەکوژرێ، ئەو هەر لە بواری شارەزایی خۆیدا: (ڕەشکردنەوەی قژ و سمێڵ) پێشتر دەکەوێ.

(لە ئەورووپاش کاری تیرۆریستانە ڕوو دەدا.) کە دوای کوشتنی فەرەنسۆ هەریری، وەزیری ناوخۆ لە کوردستان تیڤییەوە، هانای بۆ ئەو پاساوە برد، کەسێ نەبوو پێی بڵێ: لە ئەورووپا دوای سکانداڵی وا، وەزیری ناوخۆ، ماڵئاوایی لە کورسیی وەزارەت دەکا.

مەلا سەیید ئەحمەد، کە سەر بە یەکگرتووی ئیسلامییە و لە هەولێر، لە مزگەوتی محەممەدییە، دەرسی خوشکانی سەرپۆشبەسەر دا دەدا، حەز لە یەکێکیان کە (چیمەن)ی ناو دەبێ، دەکات و سالحی کوڕی (مەلا محەممەدی شارەزووری)ش ڕۆڵی دەلالیان دەگێڕێ و سالانی ١٩٩٥ ـ ١٩٩٩ حوجرەی فەقێکانی مزگەوتی محەممەدییە، جێژوانیان دەبێ. شیاوی باسە منیش بە هەرزەکاری حەزم لە چیمەن ناوێ کرد بوو، لێ جێی داخە چیرۆکی ئەو دڵدارییە، کە بە نیگا دەستی پێ کرد، لە زەردەخەنە تێپەڕی نەکرد.

من وەک نووسەرێ کە زمان بە لامەوە ئامانجە، لە نامەکانی مەلاسەیید ئەحمەددا کە بە سالحدا بۆ چیمەنی ناردوون، تەنیا ئەوەم پێ جوان بوو، کە لە بری دەعبای خۆی، (کاکەسوور) و لە جیاتی کالانی چیمەن، (دادەسوور)ی نووسیوە، بەڵام ئەوە هیچ سەرنجی ڕانەکێشام کە لە یەکەم نامەیدا بەو خوشکە موسڵمانەی دەڵێ: (گیانە ئەو ڕۆژەی حوجرەی فەقێکان، هەموویم نەبرد، تەنیا هەر سەریم پێدا هێناوە.) ئاخر ئەم دەربڕینە لە قسەی سەر زاری فەقێیەک دەچێ، نەک لە نووسینی مامۆستایەکی زانا کە قازیی قازییان بێ.[1]

کە مامی سالح ئەم پێوەندییە نهێنییە ئاشکرا دەکا، مەلا لە بری ئەوەی وەک هەر جەنتڵمانێ باجی هەڵەکەی بدات و لە پێناوی پاراستنی شکۆی ئایینی ئیسلامدا، ماڵئاوایی لە جبە و مێزەر بکات، دەکەوێتە دەست و قاچ ماچکردن و پاساو هێنانەوە و بە دەم قوڵپی گریانەوە، دەبێژێ: (خۆ من فریشتە نیم هەڵە نەکەم، شەیتان یارانی پێغەمبەریشی بە هەڵەدا بردووە.)[2]

لە کوردستان پیاو زۆرە، بەڵام جەنتڵمان کەم، لە کوردستان ڕۆژنامە، هەفتەنامە، گۆڤار و بڵاوکراوە زۆرن، وەلێ نەک لاپەڕەیەکی ئازاد، ستوونێکی ئازادیش شک نابەم، ئەم نووسینەی بۆ بنێرم.

٢٠٠١/٧/٢١

١) قاضی القضاه.

٢) نامەی مەلا ئەحمەد شارەزووری (مامی سالح) بۆ ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی ٢٠٠١/١/٣ هەولێر.

## (٣) نامەیەکی درەنگوەخت بۆ مەلایەکی سەرسەخت

لە بیرمە جارێکیان فەرموو بووت: «ژن دوو جۆرە: یان سفوورە و وەک تەکسی بۆ هەمووان دەوەستێ تا سواری بن، یان خۆی پێچاوەتەوە و وەک ماشێنی تایبەتی، تەنیا مێردەکەی دەتوانێ سواری ببێ.»

دەزانی لە مێژە سەرەتە شتێکت لەسەر بنووسم، وەلێ هەمیشە کەسێ کە نیو هێندەی تۆ شیاوی بەسەرکردنەوە نەبووە، نۆرەبڕی لێ کردووی. ماڵی زەکەریا ئاوا بێ، فایلە تۆز لێنیشتووەکەتی تەکاند و لەبەر دەممدا قوتی کردەوە.

ئەو لاوانەی بە ئەفسوونی گۆرانییەکانی زەکەریا دەرەقسن، بە زوڕنای فەرموودەی تۆ هەڵناپەڕن. سەری فەرمایشتی خۆت بە تاوێردا مەدە. بۆ ئەوانە بدوێ، کە بە تامەزرۆییەوە، گوێت بۆ ڕادەدێرن، نەک بۆ ئەوانەی بە گوێزژمێرت دەزانن. زەکەریا دەرۆزەی سۆزی هیچ گوێگرێکی تۆ ناکا، دەبا بالای ئەفسی تۆش ئاوا بڵند بێ.

بیست ساڵە لەگەڵ منداڵاندا کار دەکەم و چیرۆکیان بۆ دەگێڕمەوە، لەو ماوە درێژەدا فێری ئەوە بووم: مامۆستا نابێ ڕاستەوخۆ ئامۆژگاری زارۆک بکات و نووسەریش نابێ ڕاستەوخۆ نەریتی جوان پیشانی منداڵ بدات.

هەیە گەر عەشقی سەرداری لە سەرتا
بکە مەشقێ لەوانەی چوونە سەر دار.

خۆت درۆ مەکە، منداڵ فێری ڕاستگۆیی دەبێ. خۆت دەستت پاک بێ، هاوڕێت دزیت لێ ناکا. خۆت سەنگەری پێشەوە لە دوژمن بگرە، پێشمەرگەت سڵ لە هێرشبردن ناکاتەوە. دەقی جوان بنووسە، بەیاننامەی ئەدەبی دادت نادا.

تا دەزگاکانی ڕاگەیاندن پتر دژی کۆچی لاوان بنووسن و بڵێن، لافاوی کۆچ بەگوڕتر دەبێ. تا تۆش پڕوپاگەندەی بەد دژی زەکەریا بڵاو بکەیەوە، لاوان لەو نزیکتر و لە خۆت دوورتر دەخەیەوە. شمشێرە دارینەکەت لە ژێر بالیفەکەتدا بخەوێنە و ڕۆمانەکەی سێرڤانتس بخوێنەوە، بزانە گەلێ

لایەنی هاوبەش لە نێوان خۆت و «دۆنکیخۆت»دا نابینییەوە؟
هێشتا هیچ مەینۆشێ لە بلندگۆیەکەوە، باسی لایەنە گەشەکانی عارەق خواردنەوەی نەکردووە، کەچی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باڵای ژمارەی عارەقنۆشان هەڵدەکشێ. هێشتا کەس لە قومارچییەکی نەژنەوتووە، لەسەر سەکۆیەکەوە بە باڵای قوماردا هەڵبڵێ، کەچی کۆڕی قوماربازان هەر گەرمتر دەبێ.
ئەوانەی ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن، پێویستیان بە مۆچیاری یە. ئەوانەی سووک سەرنجی عەقڵی خەڵکی دەدەن، عەقڵیان سووکە. ئەوانەی ڕێی ڕاستەمان پیشان دەدەن، خوار دەڕۆن. ئەوانەی لێ ناگەڕێن لاوان کۆچ بکەن، خۆیان هاوولاتی ئەورووپایین و کەسوکاریان لە هەندەرانە.
ئەگەر دەتەوێ خوێنی خۆت تاڵتر بکەی، سەرومر نەک تەنیا سەروەختی نوێژی هەینی، ئامۆژگاری ببەخشەوە!

شێخێ «هونەرمەندێکی» ئەدا وەعز و نەسیحەت
ئەو قوربەسەرەی دابووە بەر فەحش و فەزیحەت
خۆش هاتە جەواب و وتی تۆ حەقتە فەقەت من
قوتتاعی تەریقم، نەکوو قوتتاعی تەریقەت

٢٠٠١/٧/٢٤

شیعرەکان فەرموودەی حەزرەتی «مەحوی»ن.

## (٤) شنەی ئازادی

داهێنان لە ناخەوە هەڵدەقوڵێ و پێوەندییەکی پتەوی بە ژیانی خودی داهێنەرەکەوە هەیە. نوێخوازی ڕۆنانی دیوار نییە، لە نێوان دیرۆک و داهاتوودا، پردێکە مێژوو بە ئایندەوە دەبەستێتەوە. تازەگەری کانیاوێکە لە بناری ڕەسەنایەتییەوە هەڵدەقوڵێ.
من نازانم داهێنەری قورئان، چەند بە دەست نەفراندنی هەر ئایەتێکەوە ماندوو بووە، وەلێ کە دەنووسم، بە دەست نووسینی هەر ڕستەیەکەوە، هێندە ماندوو دەبم، دەڵێی سەرقاڵی داهێنانی دەقێکی پیرۆزم. ئەوە ڕێز لە خوێنەر گرتنە، هانم دەدا ڕاستییەکان بنووسم و بیر لە قازانجی تایبەتی نەکەمەوە، ڕووناکی بخەمە سەر ڕووخسارە دزێوەکان و ژیانی خۆم بخەمە مەترسییەوە. ئەم ژانی نووسینە، تەنیا نووسەری ڕاستەقینە و خوێنەری وریا هەستی پێ دەکەن و نرخی دەزانن.
کە نووسینێکم بڵاو دەبێتەوە و هەڵەی تێ دەکەوێ، جۆرە ژانێک پەڕەی دڵم دەسمێ، دەڵێی خەنجەرێکی ژاراویم لێ دراوە. سوپاس بۆ ئەو بڵاوکراوانەی دەرک بە بەهای نووسین دەکەن و بێ ڕەزامەندیی خۆم، نە باز بەسەر وشەیەکدا دەدەن و نە حەرفێکم دەگۆڕن. دوژمنی ڕاستەقینەم ئەو کەسەیە، لە دڵسۆزیی گەوجانەی خۆیەوە، دەستکاریی نووسینم دەکا.
ساڵی ١٩٨٣ بۆ ڕادیۆی «ینک»م دەنووسی، لەو ڕوانگەیەوە کە مێژوو بریتییە لە ململانێی چینایەتی، بەسەرهاتی گوندە ڕاگوێزراوەکانم دەگێڕایەوە و لە دیدی خۆمەوە باسی ئەدەبی بەرەنگاریم دەکرد.
بە درێژایی ئەو ماوەیە، لەگەڵ جیاوازیی نێوان بۆچوونەکانمدا، ئەو دەزگا گرنگەی ینک، گەر چی هەندێ جار ژانەسەریشم بۆ دروست دەکرد، باڵی کۆتری یەک وشەی نەکردم.

نیشتمانم ئەگەر ژنێ
پێ بەسەر بەردیشتا بنێ
خونچەی شیعر پێدەکەنێ.

ئەوە کۆپلەیەکە لە شیعری تریفە و زەریا، ساڵی ١٩٩٨ بۆ «گەلاوێژی نوێ»م نارد، مەلا بەختیاری ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، کە لە پشت گۆڤارەکەوە بوو، بەم جۆرە بڵاوی کردەوە:

نیشتمانم ئەگەر ژنێ
پێ بەسەر دەرپێشتا بنێ
خونچەی شیعر پێدەکەنێ.[1]

«بەرد»ی کردبوو بە «دەرپێ!» کەس هەیە هێندە گەشبین بێ، ئەوە بە هەڵەی چاپ تێبگا؟
لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی «ینک»دا، مام جەلال ٢٠٠١/٧/٢٤ لە قەلاچوالان گوتی:
(لە پێناوی بەدەستهێنانی متمانەی ڕووناکبیران و خەڵکیدا، پێویستە دەرگا بە ڕووی بیروڕای جیاوازدا بکەینەوە.)[2]
خەڵکی کاتێ متمانە بەو قسەیە دەکەن، لای کەم ئەو دەرگاوانەی دەروازەی کوردستانی نوێی زمانحاڵی «ینک»ی بە ڕووی هاتنە ژوورەوەی بیروڕای جیاوازدا، مەحکەم داخستووە، ترۆ بکرێ.[3] خۆ ناشێ ینک بە هیوا بێ، بە هیممەتی دیکتاتۆران، قەڵای دیموکراتی ڕۆ بنێ!

بە ڕیشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەماڵی تۆ
ئەدی بۆچی دەیانگوت دار کە پیر بوو تازە دانایە؟[4]

ئەوی هەنووکە کوردستانی نوێ بەڕێوە دەبا، پیرەدرەختێکە نەک شنەی ئازادی، گەردەلوولی دیموکراتیش هەڵبکا، مێشێ میوانی نییە. ئەو بۆ بەڕێوەبەری زیندان دەست دەدا، نەک سەرنووسەری ئۆرگانی لایەنێ بڕوای بە بۆچوونی جیاواز و ئازادیی بیروڕا دەربڕین هەبێ.
ئەگەر گەیبیشتن بە پۆستی سەرنووسەر لە بری پشتگیریی کەسێکی دەستڕۆیشتووی نێو پۆلیتبیرۆی ینک، بە هەڵبژاردن با و پیرەداریش خۆی کاندید کردبا، لە یەک دەنگ زێتری نەدەهێنا.

٢٠٠١/٧/٢٨

١) تریفە و زەریا، حەمەسەعید حەسەن، گەلاوێژی نوێ ژ: ١٠ ل ٨٣ سلێمانی ١٩٩٨.
٢) کوردستانی نوێ، ل١ ڕۆژی ٢٠٠١/٧/٢٥ سلێمانی.
٣) ترۆ بکرێ: دەربڕینێکی باوی نێو یەکێتی یە.
٤) تاریک و ڕوون، هێمن.

## (٥) گەمەی کۆتر

کە لەشکری بەعس بەهاری ١٩٩١ لە کوێت هەڵات، سەدان هاونیشتمانی ئەو وڵاتەی لەگەڵ خۆی بە دیلی بۆ عێراق برد. لەو وەختەوە بەردەوام کوێت داوای ئازادکردنی ئەو دیلانە دەکات و لەو بارەیەوە ئامادەی هیچ سازشێک نەبووە.
عێراق دە ساڵە، سەرسەختانە خەریکە لەژێر گوشاردا کوێت ناچار بکات، لەبری دیل، حسابی بزربوو، بۆ ئەو هاوولاتییانەی بکا، وەلێ هێشتا لە گوتاری هیچ کەسێکی دەسەڵاتدار، یان بێدەسەڵاتی کوێتیدا، لەبری دیل، بزربوو، نەهاتووە. هەرچەند عێراق دەبێژێ: لە هەموو جەنگێکدا خەڵکانێک بزر دەبن و گەلێک عێراقیش لە هەمان جەنگدا بزر بوون،

کوێت هەر لەسەر داوا ڕەواکەی خۆی سوورتر دەبێ.
لینین زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە شۆڕشگێڕان نابێ، لەژێر گوشاردا دەستبەرداری بۆچوونەکانیان بن. ئاخر ئەوی لە بواری تیۆریدا مل کەچ بکا، لە پراکتیکیشدا دەیکا. ئەوی دەستبەرداری بیروڕاکانی ببێ، دەست لە خواستەکانیشی هەڵدەگرێ.
هەر کە لە ١٥/٧/٢٠٠١ دا، سەددام حسێن، داوای وتوێژی لە کورد کرد، لە ٢٦/٧/٢٠٠١ دا پۆلیتبیرۆی پارتی و یەکێتی بە هەندێ پێشمەرجی سەرکز و لاوازەوە، بە دەنگ هەڕەشەکەیەوە چوون. یەکێک لە پێشمەرجەکان، ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکانە. وەلێ ئەو دوو زلحیزبە وشەی ئەنفالکراوەکانیان بەکار نەهێناوە، بەڵکوو لە ترسی زویربوونی سەددام، لەبری ئەنفالکراوەکان، بزربووەکانیان نووسیوە. ئەو دوو لایەنە لە دوورەوە، هێندە بە تەنگ دڵی سەددامەوەن، ئەنفالکراو دەکەن بە بزربوو. کێ گەرەنتی ئەوە دەدا، سبەی لە عەرشی (سەرۆکی بەڕێزی عێراق)*دا، فیدرالیش نەکەنەوە بە ئۆتۆنۆمی؟
ئایا خەوبینین بە عێراقێکی دیموکراتییەوە لە سایەی سەددامدا، درەختێکی زڕ نییە؟ درەختێکی زڕتان دیوە، لقێکی بەری گرتبێ؟ سەددامێک کە لە عێراقدا، هەموو مافەکانی ئینسان پێشێل بکات، چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێ، مافەکانی گەلی کورد بسەلمێنێ! ئێوە کە دە ساڵ لەمەوبەر جاڕی کوردستانی فیدراڵتان دا، هەنووکە کاتی ئەوە هاتووە، بانگی سەربەخۆیی بدەن، نەک وڵاتێکی دە ساڵ ئازاد، بکەنەوە بە لقێکی درەختێکی بێبەر.
لە دنیادا ڕژێمی نادیموکراتی زۆرن، ئەوە ئیشی کورد نییە، هەوڵی دیموکراتیزەکردنی ئەو ڕژێمانە بدات. ئەرکی دەستبەجێی کورد ئەوەیە، جاڕی سەربەخۆیی باشووری کوردستان بدات و لە کەلاوەکەی خۆیدا خەریکی ڕۆنانی کەچە خانوویەکی دیموکراتییانە بێ. بەشێکی گرنگی خەباتی کورد دەبێ بۆ ئەوە بێ، سەددام وەک هەر تاوانکارێکی جەنگ، بدرێتە دادگا، نەک لە ڕێی وتووێژەوە، هەوڵی سپیکردنەوەی ڕووخساری بدرێ.
(دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی، فیدرالی یان مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان.) چل ساڵ دەبێ، خواستی بزووتنەوەی کورد لە هەمان بازنەدا گیری خواردووە. بە ڕاست کاتی ئەوە نەهاتووە، ئێمە هەقی عێراقمان نەبێ و تەنیا باس لەوە بکەین خۆمان چیمان دەوێ. ئایا حیزبە کوردستانییەکان بە پلەی یەکەم لە پێناوی بەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی عێراقدا لە دایک دەبن؟ ئەگەر نا، ئەدی لەبەر چی خواستی خەڵکی عێراقمان پێش مافی گەلی کورد خستووە.
گەلان دەبێ کەڵک لە تاقیکردنەوەی یەکدی وەربگرن، ئێمە ئەگەر تەنیا سوودمان لە ئەزموونی خۆمان وەرگرتبا، لە مێژبوو (دیموکراتی بۆ عێراق)مان، بە قوژبنێکی مۆزەخانەی مێژوویی سپاردبوو. ئێمە چارەسەری برینی سەری خۆمانمان پێ ناکرێ و خۆمان لە خەڵکی عێراق کردووە بە حەکیم! بەدیهێنانی دیموکراتی بۆ عێراق، لە ڕزگارکردنی کوردستان دژوارترە. ئێمە دەبێ لە ئاسانەوە بۆ سەخت بچین، نەک بە پێچەوانەوە. ئەوە نییە دەیان وڵات، دەیان ساڵە ڕزگاریان بووە و هێشتا تامی بەری داری دیموکراتییان نەکردووە.
هەرگیز داکۆکیم لە بەعس نەکردووە، پارتی و یەکێتی بە ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەیان ناچاریان کردم، ئەوەش بکەم. ئەو دوو لایەنە ئەوە چەندان ساڵە کۆبوونەوەی هاوبەش و وتووێژیان نهێنییە، کەچی داوای وتووێژی ئاشکرا لە بەعس دەکەن! ئێوە کە خۆتان ڕێز بۆ خەڵکی کورد دانانێن و هەموو شتێکی گرنگی لێ دەشارنەوە، نەدەبوو بە هیوای ئەوە بن، بەعسی ڕقنەستوور هێندە شەففاف بێ.
٢٠٠١/٨/٢
البلاغ المشترک لاجتماع الحزبین الدیموقراطی الکردستانی و الاتحاد الوطنی الکردستانی. صلاح الدین ٢٦/٧/٢٠٠١ کوردستانی نوێ ل ٢، ژ: ٣٥١٦ یەکشەمە ٢٨/٧/٢٠٠١ سلێمانی.

## (٦) سەرۆک ناسر

ڕەخنەگری ترسنۆک ناوی خۆی ئاشکرا ناکا، ڕەخنەگری تۆقیو، نە ناوی خۆی ئاشکرا دەکا، نە ناوی ڕەخنەلێگیراو.
ساڵی ١٩٨٤ لە ساتیرەشیعری (پەشیمانی)دا، تیری ڕەخنەم ئاڕاستەی هەندێ لە سەرانی ینک کردبوو، حامیدی حاجی غالی بەوە نیگەران ببوو، ڕەخنەم لە شەوکەتی حاجی موشیری ئامۆزای گرتبوو، وەلێ ناوی ویم نەهێنابوو. گوتبووی: دیارە من بە پیاو نازانێ. زۆرن ئەوانەی خەو بەوەوە دەبینن، ڕاستەخۆ ڕەخنەیان لێ بگرم، یان هیچ نەبێ بیانکەمە قارەمانی ساتیرێک؛ لێ من گوڵی ئەو شانازییە لە بەرۆکی هەموو کەسێ نادەم. زۆر سوپاس بۆ ئەو خوێنەرەی بۆی نووسیبووم: حەیفە قوللەی قاف بچێتە شەڕی مێشوولەوە.
من لە ڕێی کتێبە بەناوبانگەکەی (ولیەم شیرەر)ەوە، کە باس لە سەرهەڵدان، گەشەکردن و نسکۆی دەسەڵاتی هیتلەر و حیزبەکەی دەکا، سەددام و حیزبی بەعسم ناسی. گۆبلز زوو زوو دەیگوت: (بیروڕا دەربڕین ئازادە، چیتان هەیە بینووسن. ئێمە سنگمان بۆ ڕەخنە فراوانە.) ناو بە ناو ڕۆژنامەنووسێکی خۆشباوەڕ، فریوی دەخوارد و ڕەخنەی دەگرت. چارەنووسی هەموو ئەو ڕەخنەگرە گەشبینانە، کوشتن یان کونجی زیندان دەبوو.
مام جەلال کە بۆ ژنان دەپەیڤێ، شای فێمینیستانە. کە ڕووی دەمی لە کرێکاران بێ، مارکس بە شاگرد ڕاناگرێ. لە ئاستی ڕۆژنامەوانان و نووسەراندا، خوای ئازادیی بیروڕا دەربڕین و دوژمنی سەرسەختی سانسۆرە. زوو زوو باس لە چەپکەگوڵ و ڕێز لە بیروڕای جیاوازی ئەوی دی گرتن دەکا. ناو بە ناو کەسێ بەو قسە شیرینانەی هەڵدەخەڵەتێ و سووکەڕەخنەیەک دەگرێ. ڕەخنەگری فریوخواردوو هێندەی زانی کەوڵ کراوە.
مەریوان مەسعوودی کارمەندی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ستوونەڕەخنەیەک لەسەر ناسری ڕەزازی دەنووسێ.[1] بۆ سبەینێ، کوردستانی نوێ داوای لێ بوردن لەو هونەرمەندە دەکات و دەبێژێ: (ڕێگا نادەین ئەو بۆچوونانە بە بێ وەڵامدانەوەی پێویست گوزەر بکەن.)[2] کورد بە شێوەیەکی گشتی کە هەڕەشە دەکا، جێبەجێی ناکا. کوردستانی نوێ ئەو ڕێسایەی ڕەچاو نەکرد و مەریوان مەسعوودی نانبڕاو کرد.[3]
لە عێراق، سزای ڕەخنە لە سەرۆک گرتن، زمانبڕینە. لە سلێمانی سزای

رەخنە لە ناسر گرتن، نانبڕینە. ئەگەر ڕەخنەیەکی دۆستانە لە گۆرانیبێژی دۆستی حیزب، باجەکەی نانبڕین بێ، بێ شک ڕەخنەگرتن لە خودی حیزب، باجەکەی زمانبڕین دەبێ.

۲۰۰۱/۸/٦

۱) کوردستانی نوێ، دوا لاپەڕە، ژمارە ۲۵۰۷ی ڕۆژی۲۰۰۱/۷/۱۷ سلێمانی.

۲) کوردستانی نوێ، لاپەڕەی دوایی، ژمارە: ۲۵۰۸ی ڕۆژی ۲۰۰۱/۷/۱۸ سلێمانی.

۳) با هەندێکمان گوێ لە ڕەزازی نەگرین، دانا فایەق، هاولاتی، ژ: ۳۲ (ل۸)، ڕۆژی ۲۰۰۱/۷/۲۲ سلێمانی.

## (۷)شیعری گۆرانی

جارێکیان ناسری ڕەزازی بە شێرکۆ بێکەس دەڵێ: شیعرێکم نووسیوە، بۆت دەخوێنمەوە، بزانە چۆنە؟ (شیعر)ە دەخوێنێتەوە و لە شێرکۆ دەپرسێ، ئەدی تۆ بەرهەمی تازەت بە دەستەوە نییە؟ ئەویش دەڵێ: خەریکی گۆرانییەکم، کۆپلەیەکیت بۆ بڵێم، بزانی چۆنە؟

ئەگەر نەڵێم هەموو، ئەوا زۆربەی هەرە زۆری گۆرانیبێژانی کورد، لە بواری ئەدەبدا، دەست و پێ سپین. شێرکۆ بێکەس دەڵێ:

لە گەرووتانا ڕەشەبای سلێمانین.

مەزهەری خالقی دەبێژێ:

لە گەردوونتانا ڕەشەبای سلێمانین!

بە لای عەدنان کەریمەوە، کاریگەرترین بەرهەمی خۆی، (ئەڕۆی ئۆغر)ە، کەچی لە گوتنیدا هەڵەی کردووە. گۆران دەڵێ:

بە دووتا ئەشکی حەسرەت خوێن ئەبارێنێ بەسەر دەشتا

تەماشای لالەزار(ی) ڕاگوزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟

عەدنان دەڵێ:

تەماشای لالەزار (و) ڕاگوزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟

گۆران بە کلاولار دەڵێ: فرمێسکی خوێنینم سەرەڕێتی کردووە بە لالەزار. لالەزار، گوڵجارە، لێ هەموو گوڵێک نا، جاڕی گوڵالەسوورە، یان مێلاقە، کە لە گوڵالەسوورە گچکەترە. سترانبێژ دەرکی بەو پێوەندییە پڕ وردەکارییەی نێوان بارانی فرمێسکی خوێنین و سەرهەڵدانی گوڵالەسوورە نەکردووە. ڕاگوزەر، دوو مانای هەیە: ڕێگای هاتوچۆ و ڕێبوار.

گۆران مەبەستی ڕێی هاتوچۆیە، بەو جۆرەی عەدنان دەیڵێت، بە مانای ڕێبوار دێت.

من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریکا/ هەتاوی بیر ڕووناک ئەکا بەر چاوم

کێشی (بەستەی ئەبەز)ی گۆران، یازدە بڕگەییە، کەسێک کالای ئاوازێکی هێناوە، کورت بە بالای ئەو شیعرە، بۆیە هاتووە، هەر دێڕە نا دێڕێ سێ بڕگەی کۆتایی بڕیوە، تا لەگەڵ ئاوازەکەیدا هاوبالا بن! لەو کارە بە ناو هونەرییەدا، شیعرەکەی گۆران بەم جۆرە کلک و گوێی کراوە:

من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریکا/ هەتاوی بیر ڕووناک ئەکا....

دەنگبێژ سێ بڕگەی کۆتایی فەرامۆش کردووە. ئەدی گوێگر نیشی چییە، با تەواوی بکا! ئەوە نییە هەندێ شاعیر بۆ ڕێزگرتن لە زیرەکیی خوێنەر، ڕستەکان تەواو ناکەن و بۆشایی و شوێنی سپی جێدەهێڵن!

کەسێکی دیکەی ئەورووپانشین بە پێچەوانەی ئەو ئاسیانشینەوە، شاخی لە شیعری (گۆمی خوێن) ڕواندووە. هێمن دەڵێ:

عەزیزم بۆچی تۆراوی لە خۆڕا؟

چ قەوماوە؟ دڵی تۆ بۆچی گۆڕا؟

ئەو دەبێژێ:

چ قەوماوە؟

دڵی تۆ بۆچی گۆڕاوە؟

تازەترین بەرهەمی دڵنیا قەرەداغی، (عەشقە قەدەغەکراوەکان)ە. هیتلەر لە هیچ ڕوویەکەوە کەسێکی ئاسایی نەبوو، تەنانەت لە بواری خۆشەویستیشدا، حەزی لە خوشکەزایەکی کردبوو. هۆمۆسێکسوال و لێزبیان ئەو پیاو و ژنانەن حەز لە هاوچەشنی خۆیان دەکەن. عەشقی قەدەغەکراو، ئەو جۆرە پێوەندییانەی بیر هێنامەوە، کە دڵنیام، مەبەستی دڵنیا عەشقی ئاسایی یە، نەک تابوو، بەڵام توانای دەربڕین بە هانایەوە نەهاتووە.

هۆزانڤانانی ئێمە، زۆربەی هەرە زۆریان تەنیا دەنگیان خۆشە و هیچی تر. بە دەگمەن ڕێ دەکەوێ، یەکێکیان توانای ژەنینی ئامێرێکی (بێجگە لە دەف کە لێدانی هێندەی بادانی دەستەسڕ زەحمەتە) هەبێ. وەک ئاستی ڕۆشنبیرییان نزمە، هیچ نەبێ ئەو شیعرەی هەڵیانبژاردووە، پێش گوتنی پیشانی شیعردۆستێکی نادەن! لەمەش کارەساتتر، زۆربەیان خۆیان بە شاعیر دەزانن و (شیعر)ی وا دەچڕن، سەربەقوڕ گوێی لێ بێ، قاقای دەگاتە ئاسمان.

بەهجەت یەحیا لە پێناوی هێنانەوەی سەروادا، لوقمانی حەکیمی کردووە بە حەکیمی لوقمان! هەندێ لەوانەی (گۆرانی) دەبێژن، تەنانەت دەنگیشیان یاریدەیان نادا. تیڤی و ڕادیۆکانیش، ئاو بە ئاشی ئەم پاشاگەردانییەدا دەکەن. ناهەقمە بڵێم: ئەوی بۆ گۆرانبێژ دەست دەدا، بۆ کەسی دیکە دەست نادا.

۲۰۰۱/۸/۹

## (۸) پدک داکۆکی لە خەزرەجی دەکا

لقی شەشی پدک ـ بیرۆی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان ۲۰۰۱/۱۰/۱۰ نامەیەکی بۆ وەزیری دادی دانمارک هەناردووە، تێیدا شێلگیرانە داکۆکی لە تاوانباری جەنگ «نیزار خەزرەجی» کە سەردەمی ئەنفال و بای مەرگ سەرلەشکری عێراق بووە، دەکات و بە بێ تاوانی لە قەڵەم دەدات و دەنووسێ: «نیزار خەزرەجی بەشداری لەو تاوانانەدا کە ڕژێمی عێراق لە کوردستاندا ئەنجامی داون، نەکردوە و دۆستایەتییەکی گەرم و پتەوی لەگەڵ پدک و پارتییە کوردییەکانی دیکە و ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا هەیە»*

پێموایە ئەم نامەیەش هەروەک ئەو نامەیەی مەسعوود بارزانی ۱۹۹٦/ ۸/۲۲ بۆ سەددام حسێنی نارد و ناپاکییە مەزنەکەی ۳۱ی ئابی ۱۹۹٦ی لێ کەوتەوە، پەڵەیەکی ڕەشی لە سڕینەوە نەهاتووە، بە تەوێڵی مێژووی پارتییەوە و بە توندی ئەم هەڵوێستە کە هەوڵێکی بێهوودەیە بۆ کۆکردنەوەی ئابڕووی تکاوی ڕژێمی بەغدا، شەرمەزار دەکەم.

۲۰۰۱/۱۰/۱۲

* ماڵپەڕی kurdishmedia. com

# سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی(عیراق)

(بەشی دەیەم)

**ئەمجەد شاکەلی**

**ڕوونکردنەوەیەک**: ئەم بەشی دەیەمە درێژەی ئەو گوتارەیە، بەو سەردێڕەی سەرەوە، کە نۆ بەشی دیکەی لە بڵاوکراوەی"پەیام"دا، بڵاو بووەتەوە. دوا ژمارەی پەیام، نەورۆزی ٢٠٠٠ دەرچوو و ئیدی لەو دەمەوە وەستاوە. دەرنەچوونی پەیام جێی داخ و کەسەرە و ئومێدەوارم هەرچی زووتر بکەوێتەوە کار. پێشم باشبوو، گوتارەکە بەردەوام بێت و ڕانەوەستێت. بۆیە هاوڕێیانی هێژای "گزینگ" بەڵێنی بڵاوکردنەوەیان دا، زۆریان سوپاس دەکەم.

ئەمجەد شاکەلی

**جەلالی پاش ١٩٧١ دەبنە چەند دەستەیەکەوە:**

١- بەشێکیان بەنێوی کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستانەوە کار دەکەن، کە ڕێکخراوێکی نهێنی دەبێ و هەر لە ساڵی ١٩٧٠و پێشترەوە دامەزرێنراوە، لە نێو پارتییدا بە نهێنی کار دەکەن.[1]

٢- بەشێکیان کارا و چالاک نابن، بەڵام هەر خەونی ڕووخاندنی بارزانی و زیندووبوونەوەی جەلالی دەبینن و چاوەڕوانی هەل دەکەن.

٣- بەشێکیان دەبنە پارتیی و پاراستن و تێکەڵ بە دەستگا و کارگێڕیی پارتیی و هەموو شتێکی دی دەبن.[2]

٤- بەشێکیان هەر بە ناوی پارتیی شۆڕشگێڕی کوردستانەوە دەمێننەوە و بە ئاشکرا دەدەنە پاڵ حکوومەتی عیراق.[3]

بێگومان ئەو تاقمانەی کە بە نێوی کۆمەڵە و شێخ سەتتار و مەلا ماتوورەوە ناو دەردەکەن، هەموو هەر درێژەپێدانی هێڵەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلالین و دەکرێ بە وەچەی دووەمی جەلالی نێونووس بکرێن. لە ساڵی ١٩٧٥دا و دوای هەرەس، جەلالی شێوەیەکی دیکە وەردەگرن و ڕێکخراوێک بەنێوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساز دەکەن.[4] ئەم ڕێکخراوە لە شێوەی نیمچە بەرەیەکدا کار دەکات و سێ ڕێکخراو -کە هەموویان هەر جەلالین- دەگرێتە خۆ، کە ئەمانەن: کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستان(پاشتر بوو بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)،[5] بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان[6] و هێڵی گشتی یا خەتی پان. ساڵانێکی دواتر بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتیی نیشتمانیی جوێ دەبنەوە و خۆ بە نێوی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان دەدەنە ناسین[7] و ئیدی وردەوردە ئەمان لە جەلالییەتی دوور دەکەونەوە، بەڵام لە نێو یەکێتیشدا وەک باڵێی ئەو بزووتنەوەی سۆسیالیستە هەر مابێ و لەگەڵ واندا بێت، نێوی بزووتنەوەکەی لای خۆیان دەگۆڕن و دەیکەن بە شۆڕشگێڕان.[8] چەند ساڵێک دوای ئەوانە، دەستەیەک لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان جوێ دەبنەوە و بە نێوی ئاڵای شۆڕشەوە، کە وەچەی سێیەم و چوارەمی جەلالین، خۆ دەدەنە ناسین. پاش ماوەیەک ئەمانیش وردەوردە، چەند کەسێکیان لێ دەرچێت، دەگەڕێنەوە ڕیزی حیزبی دایک[9] واتە حیزبەکەی جەلال تاڵەبانی. ئەو ڕێکخراوەیش کە نێوی کۆمەڵەی لە خۆ نابوو، پاشتر هەڵوەشێندرایەوە و لە نێو یەکێتیی نیشتمانیدا توایەوە. خەڵکانێک هەن پەیدابوون و چێبوونی کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بە بازدان و گۆڕان و وەرچەرخان و پێشکەوتنێکی گەورە دەزانن، لە ڕووی بیر و تێڕوانین و پێکهاتنەوە، لە ڕەوتی بزاڤی کوردایەتی و چەپایەتیدا لە کوردستان و پێیان وایە، کە ئەمانە خوێنی تازەیان خستەوە بەر کوردایەتی و لە ئەبوونەوە ڕێباز و سیمایەکی نوێی شۆڕشگێڕانەیان بە کوردایەتی دا. من پێم وایە کۆمەڵە لەبەر ئەوەی لە پزدانی جەلالییەتییەوە ئافرابوو، گۆشکراو و پەروەردەکراوی هەمان فێرگە بوو و لەسەر هەمان هێڵ دەڕۆیشت و درێژەپێدانی جەلالییەتی ٦٦ بوو،[10] هیچ جۆرە گۆڕانێکی باش و بەکەڵکیشی لە بواری چەپایەتی و کوردایەتیدا نەهێنایە گۆڕێ. ئەگەر شتێکی نوێتری خستبێتە سەر "فەرهەنگی" جەلالییەتی، ئەوە بڕێک نوێکاری بووە لە بەکاربردنی زەبر و توند و تیژیدا دژ بە غەیرەخۆیان. ئەوان و تەواوی بزاڤی جەلالییەتی ـ وەک بەڵشەڤیکەکان ـ لەو بڕوایەدا بوون و هەن، کە ئەوەی سەد لە سەد لەگەڵیاندا نەبێت، نەک هەر دۆستیان نییە، بەڵکە دوژمنیانە. کۆمەڵەییەکان دەیانەویست تەواوی بنەما و ڕەسەنایەتی و بەها فەرهەنگی و ئاکارییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بە کون فەیەکوون(کن فیکون) یێک بگۆڕن. ئەوان هێندە تیژڕۆ و توندڕۆ بوون، کە ئیدی پێکهاتە و سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگە و خەڵکی کوردیان نەدەخوێندەوە و بە لنگاوقووچی تێیان دەڕوانی.

ئەوەی کە ئەورۆ پێڕەوی بیروباوەڕی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلالییە و درێژەپێدانی ئەوانە و وەک ڕێکخستن لە ئارادایە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە بە پلەی یەکەم و پارتیی شۆڕشگێڕی کوردستانە[11] کە لەگەڵ حکوومەتی عیراقدایە. ئەمەی کە باسکرا تەنێ باشووری کوردستان دەگرێتەوە، بەڵام پێڕەوانی بیروباوەڕی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلالی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەن. ئێستاش لە نێو کوردی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستاندا، تاکە تاکەیەکی وا هەن، کە هێشتا وەک جەلالییانی باشووری کوردستان، گەرمەتەریقەتن و ئیبراهیم ئەحمەد بە فەیلەسووف و جەلال تاڵەبانی بە شۆڕشگێڕ دەزانن. جوێبوونەوەی هەندێ

باڵ یا کەس و خەڵکێک ـ هەندەک جار ـ لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بانگاشەی جیاوازیی بیر و بۆچوون، هەرگیز بنەما و زەمینەیەکی ئایدیۆلۆژی ڕاستەقینەی نەبووە، بەڵکە پتر سەرچاوەی جیاوازیی کەسەکی و نەگونجان لەگەڵ یەکدیدا و قەبووڵنەکردنی ئەوی دی و شەڕی دەستەڵات بووە. هیچ یەکێک لەوان ڕەفزی ڕێباز و دیتن و بنەمابیرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی نەکردووە و ناکات، بەڵکە ئەو یا ئەوان دژی فلانە کەس و فلانە سەری یەکێتین و ئەگەر ئەو فلانە سەرە و فلانە کەسە نەمێنێت، ئەوا ئەو یا ئەوان دەچنەوە نێو یەکێتی، هەر بۆیەش دەبینین چۆن خەڵکانی کۆمەڵە و ئاڵای شۆڕش و شێخ سەتتاریان بەرەبەرە گەڕانەوە نێو یەکێتی و هەموویشیان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی ڕازین و کۆڵێکیش خۆشحاڵن.

پێڕەوانی ئیبراهیم ئەحمەد زۆرجاران بانگاشەی چەپایەتییان کردووە و خۆیان لە کۆمۆنیستان پێ کۆمۆنیستتر بووە. بێگومان تەواوی خەڵکانی سەر بەو ڕێبازە لەو بڕوایەدان و وا بیر دەکەنەوە، بەڵام خەڵکانی مارکسی و چەپ و کۆمۆنیست، هەرگیز نە ئیبراهیم ئەحمەد و نە جەلال تاڵەبانی و نە پێڕەوان و هاوبیران و هاوڕێیانیان و نەش هەرچی لق و پۆ و وەچەی دووەم و سێیەم و چوارەم و چەندەمی ئەوانیشە و نە بیروباوەڕەکانیشیان، بە چەپ و مارکسی و کۆمۆنیست نەزانیوە، بەڵکە تەنێ بە بازرگانی چەپایەتی و مارکسایەتی و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم زانیوە. ئەگەر ساڵانی جاشایەتی ١٩٦٦- ١٩٧٠ بە سەردەمی گەشەکردنی بزاڤی جەلالییەتی، لە ڕووی تیۆری و بیروباوەڕەوە، بە ساڵانی ڕەسین و پێگەیشتنی جەلالییەتی دابنرێن، لە ڕووی بیری مارکسایەتییەوە، وەک سامی شۆڕش بۆی دەچێ، ئەوا لە بانگاشە و درۆیەکی شاخدار پتر هیچی دیکە نییە. ئەوەی تۆزێک بە هۆش بیر بکاتەوە و ویژدانی خۆی بکاتە دادوەر، ئەوا زۆر باش ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو ساڵانەی وا سامی شۆڕش شانازییان پێوە دەکات، لە ساڵانی ڕەسین و گەشەکردنی فەلسەفە و بیری جاشایەتی زێتر هیچی دیکە نەبوون، چونکە لەو ساڵانەدا بوو، کە ئیدی جاشایەتی خرایە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیاوە و تیۆری بۆ ساز کرا. ئایا هۆشگیرە، مارکسایەتی و ماویستی لە پەنا و پاڵی حکوومەتی بەعسی عیراقدا بڕەسێ و گەشە بکات، لە کاتێکدا کە ئەو حکوومەتە خەڵکانی مارکسی و ماوی و گیڤارایی و چەپیی ڕاستەقینە -کۆمۆنیستانی سەرکردایەتی نێوەندیێ (القیادە المرکزیە)-ی قڕان و بنبڕ دەکرد؟ من هیچ ناڵێم، پێم خۆشە سامی شۆڕش بۆ خۆی بیرێک لەو ڕابوردووە شەرمهێنەرە بکاتەوە و پاساوی تاوانی سەرانی ئەو ڕێبازە نەداتەوە. پێڕەوانی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی(جەلالی) و کۆمەڵەییەکان، لە بەغدای پێتەختی بەعسدا و بەبەرچاوی تەواوی دەستگا جاسووسی و سیخوڕییەکانی بەعسەوە، کتێبی ماویستی[١٢] و مارکسایەتییان چاپ و بڵاو دەکردەوە و کتێبفرۆشیی بیری نوێی پڕ بە ئەدەبیاتی مارکسایەتییان لە ناوەندیی بەغدایێ دانابوو و دەیانمارکساند و دەیانماواند، لە کاتێکدا کە خەڵکی دیکە، لەسەر بڵاوکراوەیەکی زۆر ساکار و سانا، کە هەر بیانزانیبا بۆنی چەپ و مارکسایەتیی ڕاستەقینەی لێ دێ، هەڵدەواسران و لەتوپەت دەکران، ئەگەر ئەوە بۆ خۆی جاشایەتی و جاسووسی و خۆفرۆشی و دووڕوویی جەلالییان نەبێت، دەبێ چی بێت؟ سەرانی ئەو ڕێبازە و چەکدارانی وان لەو سەردەمەی، کە سامی شۆڕش بە گەشەکردن و ڕەسینی مارکسایەتی دادەنێ، بووبوونە دەست و پێ و چاوی بەعس بۆ کوشتنی پێشمەرگەی کوردستان و وێرانکردنی گوندان و بەدەستەوەدانی خەڵکانی شۆڕشگێڕ و چەپی ڕاستەقینە -سەرکردایەتی نێوەندی- بەدەست بەعسەوە.[١٣] ئەم هێڵە لە ڕووی بیروباوەڕەوە هەرچەندە دەیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەرجارەو بەرگێکی پۆشیوە، شۆڕشگێڕی، مارکسایەتی، ماویستی، سۆسیالیستی، ئیسلامی، عیراقچێتی، کوردستانچێتی، نەتەوەیی، لیبرالیستی و سۆسیال دیموکراتیەتی[١٤] و...، بۆ خۆ هەڵبژاردووە و بانگاشەی پێوە کردووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەر یەک شت بووە، ئەویش ئیبراهیم ئەحمەدی ـ جەلالی.

ئەگەر بارزانی نیشانە و ڕێبەری پارتیی دیموکراتی کوردستان بووبێت و بارزانییایەتیش تێڕوانین و بیروباوەڕی پارتیی، ئەوا ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی نیشانە و ڕێبەری هێڵی ئیبراهیم ـ جەلال بوونە و جەلالییەتیش تێڕوانین و بیروباوەڕی وان و تاقمەکەیانە. لە نێوان ئەو دوو جۆرە تێڕوانین و بیرکردنەوەیەدا جیاوازییەکی زۆر هەبووە و هەیە. جەرجیس فەتحوڵلا، کە یەکێکە لەو کەسانەی ساڵانێکی زۆر لە نێزیکەوە لەگەڵ بارزانیدا بووە و زۆر باشی ناسیوە و لە هەرەشارەزایانی مەسەلەی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناڤینیشە، بەم شێوەیە کەسایەتیی مەلا مستەفای بارزانی هەڵدەسەنگێنێ و بە خوێنەری دەناسێنێ:

"بیری زۆر تیژ و بەهێز بوو، مەلا مستەفا پیاوێ بوو، یارمەتی لە ڕاست و چەپ وەردەگرت. پیاوی کار بوو، لە هەموو دەوڵەتەکان یارمەتی وەردەگرت. هەر لە ئیسرایل و ئێرانەوە تا یەکێتی سۆڤیەت. .مەلا مستەفا لە برایم ئەحمەد زیاتر شارەزای باری سایکۆلۆژیی عەرەب بوو، چاکی دەناسین، برایم ئەحمەد لەبەر ڕۆشنایی دەقی نێو پەرتووکەکاندا هەنگاوی دەنا. لەوە دەچێ، مەلا مستەفا ئۆرگانی هەستی شەشەمی بەهێز بووبێ.. ڕووسییەکی دەزانی، تەنانەت هێندێ ڕووس شەرمیان لێ دەکرد.. مەلا مستەفا ماوەی دوازدە ساڵی ژیانی لە ڕووسیا هەروا بە خۆڕایی بەسەر نەبردووە و ڕووسیی خوێندووە. .مەلا مستەفا وەکوو من و تۆ نەبوو، دابنیشێ و لە چوارچێوەی قاڵبێکی دیاریکراودا بیری خۆی دابڕێژێ.. مەلا مستەفا هەرگیز سەرۆکی هۆزی بارزان نەبووە، بەڵکوو یەکێ بوو لە بارزانییەکان.. وەک یەکێ لە بچووکترین جوتیارەکانی بارزان وا بوو.. مەلا مستەفا مرۆڤێ بوو، لە ڕێگای هێزەوە یا بە دەستی ئانقەست بەو شوێنە نەگەیشتبوو. بەڵکوو بەشێوەیەکی سروشتی بووبوو بە سەرۆک.. مەلا مستەفا ستراتیژیی بوو، لە سەرکردە زۆر چاکەکان بوو. هەروەها تاکتیکیش بوو. دەیزانی چۆن کەڵک لە هەل وەردەگرێ. ڕۆژێ لە ڕۆژان سەرکردایەتی جەنگێ لە جەنگەکانی لەسەر زەوی نەکردووە، بێ ئەوەی سەرنەکەوێ.. مەلا مستەفا بوو بە ڕۆشناییەک و ڕووناکییەک، تیشکێ، ڕێگای خەبات پیشانی پێشڕەوێکی دیکە دەدا. مەلا مستەفا هوشیاریی نەتەوەیی زۆر گەشەی سەندبوو. .مەلا مستەفا پیاوێ بوو، هەموو پۆلیتیکی خۆرهەڵاتی نێوەندی تاقی کردبۆوە، لەو بارەیەشەوە، کەڵکی لە هەنگاو و ئەزموونەکانی خۆی وەرگرتبوو. لەبەر ئەوە، هێندێ هەڵوێستی وەردەگرت بۆ من و تۆ و هێندێ ڕووناکبیری دیکەش وا دەردەکەوت، هەڵوێستێکی سەیر و نانەتەوەیی یە، بەڵام لە ڕاستیدا، هەمووی لە باری ئاڵۆزی پڕ لە گرێوگۆڵی

ڕیالیزمانەی پۆلیستیکی خۆرهەڵاتی نێودڕاستەوە هەڵی دەهێنجا.. لە هەموو ژیانی خۆمدا، کەسی دیکەی وەکوو مەلا مستەفام نەدیوە، بەو شێوەیە پێشوازی لە خەڵک بکا و وەک یەک ڕێزی گەورە و گچکە بگرێ. هەرکەسێ بچووایەتە دانیشتنەکانییەوە، یەکسەر وەکوو زەنبەلەک لەبەری هەڵدەستا.. لەو کاتانەدا کە تووڕەیان نەدەکرد، یا تووڕە نەبوو، دەکرایەوە و زۆر ڕووخۆش بوو، پاکترین و باشترین کەس بوو.. زۆر حەزی لە نوکتە دەکرد. نوکتەشی دەزانی. توانایەکی سەیری هەبوو، هێندێ جار، کاتێ بیویستایە، یا بیزانیایە دانیشتنەکە چۆن و چەند کەسانێکی پاک و ڕێکوپێکی لێیە و لەو کەسانە دڵنیا دەبوو، خەسڵەتە سەروەریی و سەرۆکییەکەی لە خۆی دادەماڵی و وەک مرۆڤێکی سادە و ساکاری لێ دەهات، لاسایی هێندێ خەڵکی دەکردەوە و دانیشتنەکەی گەرم دەکرد. هەر ئەوەش بوو، بارزانییە جەنگاوەرەکانی وا لێ کردبوو، هۆگری ببن و لە پێناوی مەلا مستەفادا ئامادەبن، قوربانی بە هەموو شتێ بدەن و لەژێر فەرمانیدا بجەنگن. قسەی مەلا مستەفا هەرگیز ڕەت نەدەکرایەوە، زۆر حەزی لە ڕاستگۆیی و ئازایی دەکرد، ڕێزی ئەو کەسانەی دەگرت، کە بە ڕاشکاویی قسەیان دەکرد، گوێی لە خەڵکی دەگرت"[15]

هەژاری موکریانی، کە زۆر لە نێزیکەوە لەگەڵ بارزانیدا بووە، لەبارەی ئەوەوە دەڵێ:

"زۆر جار گوتومە، بڕوای تەواوم وابو: هەر کەسێکی زۆر بەغیرەتیش، هەر دڕندەیەکی وەک شێر و پڵنگیش، هەرگا هەست بە خەتەری مەرگ دەکا، جۆرێک ترسی، جا با زۆر کەمیش بێ دای دەگرێ. کێ یە لە بەرانبەر مردندا هیچ نەبێ کەمێک تێک نەچێ؟ خوا لە هەمو ئافەریدەیەک دا کەم یا زۆر ترسێکی داناوە. بەڵام مەلایکەی ترس بەدەست، مەلا مستەفای لەبیر چود، ترس بەلای ئەودا نەهاتبو. لەوەتاغی دیوەخانی بەغدا، لەناو دۆست و ئاشنایان دا چەند روگەش و خاترجەم بو، لە جەنگەی گولله و ئاگر باراندا هەر ئەو پیاوە بو! نە ڕەنگی دەگۆڕا، نە قسەی تێکەڵ دەبون، نەوەیدەزانی مێشیکیشی لەدەورەیە. بەڵێ بەهۆی بەختیوکرانی لە کۆمەڵگای شێخانی بارزاندا لە خودا دەترسا، لە ئابڕونەمان و ئاوزڕان دەترسا، بەڵام لە مەرگ و دوژمن؟ هەرگیز. هەر ئەوم دیت گاڵتەی بە مردن بێت. ئازایەتی و نەترسانەکەی لەو هەمو ساڵانەی ڕابردوی و لەو هەمو شەڕانەدا کە کردبوی، وەک ئەفسانەیەکی خەیاڵی لێ هاتبو. کە ئەو مابەینە لە نزیکەوە دەگەڵی بوم، بڕوام هێنا کە هێشتا کەس نەیتوانیوە و کەسیش ناتوانێ ئازایەتی و نەترسانی مستەفا بارزانی وەک هەیە، دەیەکیشی پەی پێ بەرێ و بزانێ باسی بکا"[16]

بەو پێناسەیەی بارزانی، کە جەرجیس فەتحوڵلا و هەژاری موکریانی دەیکەن، وێنەیەکی تەواوی کەسایەتیی بارزانی دێتە بەرچاو، کە دەکرێ لە چەند وشەیەکدا وەک: ئازایی، ڕاسگۆیی، دڵپاکی، ڕەوشتبەرزی، سیاسەتزانی، گەلێری، سادە و ساکاری، لەخۆبوردوویی، جەنگگێڕی، هەستی کوردایەتی و...، کورت بکرێنەوە.

ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بۆ خۆیان دوو خوێندووی شاریی سەر بە چینی بۆرژوازی بچووکن.[17] تێڕوانین و دیتنیان لە چوارچێوەی کتێب و دیمانە و فەلسەفەی لە قالبدراوی چوارچێوەداردا خۆ دەبینێتەوە و سیاسەتیشیان هەر بەو بۆچوونەوەوە دەکرد و "ئەو قالب و لێکدانەوە تایبەتییانەی بەکاریان دێنن لە خوێندنەوەوە فێریان بوون".[18] ئیبراهیم ئەحمەد"پێنووس و ڕاستە بەدەستەوە دەگرێ، تا شتەکان بپێوێ و بیانبڕێ، پاشان وەک جلوبەرگ لەبەریان بکا"[19] و وەک سکرتێری پارتییش"دەیویست لەسەر دەقی نێو پەرتووکەکان بەڕێوە بڕوا"[20] و وەک خوێندوو و بۆرژوازییەکی بچووکیش، درێژدادڕی و زماندرێژیی و دانبەخۆدانەگرتن و بێئۆقرەییان پێوە دیارە. هەست بە کێماسی لای ئەو دووانە(ئەحمەد و تاڵەبانی) زۆر بەهێزە و هەمیشە بۆ داپۆشینیشی، پەنایان وەبەر، شکاندنەوەی خەڵک، پاشقولگرتن، پەسندانی زۆر و لەجێی خۆیدا نەبوو، لە پاشملە بە خراپ باسکردنی خەڵک، ڕقبوونەوە لە خەڵکی گەلێر و خۆشەویست و زیرەک، تێکدانی نێوان خەڵک و بەگژیەکدادانی تەنانەت نێزیکترین کەس و دۆستی خۆیان، مەرایی، دووڕوویی و بەخێرا بیروڕا گۆڕین، بردووە. ئیبراهیم ئەحمەد"هێندێ جار لە بڕیارداندا پەلە دەکا".[21] ئیبراهیم ئەحمەد"چاوی لە دەسەڵات دەبڕی. واتا چاوی لە سەرۆکایەتی بڕیبوو".[22] بەو پێناسەیەش وێنەیەکی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانیمان دێتە بەرچاو و جیاوازیی نێوان ئەو دوو جۆرە بیر و بۆچوونەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

**ماوەتی**

**پەراوێزەکان:**

١- کۆمەڵەی مارکسی ـ لێنینی کوردستان، وەک ڕێکخستنێک، لە بەهاری ١٩٧٠دا دامەزراوە. دامەزرانیشی بە کارتێکردنی دوکتۆر هاشمی شیرازی(کە بە دوکتۆر جەلال بەناوبانگ بوو) و چەند ئێرانییەکی دیکەوە بوو. شیرازی، کە بۆ خۆی ساواکی بوو، لە بەکرەجۆ و لەنێو خەڵکدا بە مارکسییەکی ماویست و فیدایی ئێرانیی دژی ڕێژیمی شا دەدرایە ناسین. ناسراوترین کەسانی کۆمەڵەی مارکسی ـ لێنینی کوردستان، شەهابی شێخ نووری، حەمەی میرزا سەعیدی مەلا عەباس، جەعفەر عەبدولواحید، فەرەیدوون عەبدولقادر، ئەنوەر زۆراب و ئاوات عەبدولغەفوور و...، بەڵام بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٦٩ دا چەکەرەی کرد، ئەویش بە سەرپەرشتیکردنی جەلال تاڵەبانی، کە لەو دەمەدا ئیدی وەک ماویستێک خۆی دەناساند و بەنێوی جقینی ڕەوشەنبیری و پێویستیی سازکردنی بناخە و بنەمای ڕێکخراوێکی مارکسی ـ لێنینی پێشەنگ و پارتیی پێشڕەو، کۆڕ و کۆبوونەوەی بە شاگردەکانی دەکرد و لەنێوان بەغدا و بەکرەجۆدا هاتووچۆی دەکرد. ئەو شاگردانەی تاڵەبانی، کە بەشداریی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەیان دەکرد و ئامادە دەکران بۆ ئەوەی ببنە ڕێبەرانی پێشەنگی ئەو کۆمەڵەیە، ئەوشیروان مستەفا، شازاد سائیب، فوئاد قەرەداغی، بەکر حوسەین، ڕەفعەتی مەلا و مەحموودی مەلا عیززەت و...بوون. کە کۆمەڵەش دامەزرا، تاکە کەسێک کە دەیزانی جەلال تاڵەبانی دامەزرێنەرێتی، شەهابی شێخ نووری بوو. جەلال تاڵەبانی دوای هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکەی لە ١٩٧١دا و تا ساڵانی ١٩٧٢ و ١٩٧٣، کە ئیدی چووە بەیرووت، بۆ خۆی و لە پەناوە هەڵسووڕێنەری کۆمەڵە بوو. لە نێوان ١٩٧٠-١٩٧٥دا شەهابی شێخ نووری، جەعفەر عەبدولواحید، ئەنوەر زۆراب، حەمەی میرزا سەعید، فەرەیدوون عەبدولقادر، ئاوات عەبدولغەفوور و... ڕێبەرانی کۆمەڵە بوون. پاش شەهیدبوونی شەهابی شێخ نووری و هاوڕێیانی لە ١٩٧٦/١١/٢١دا، ئیدی شاسوار جەلال(ئارام) ڕۆڵی پەیدا کرد، تا شەهیدبوونی لە ١٩٧٨/١/٣١دا، لە گوندی

"تەنگیسەر"ی ناوچەی قەرەداغی سلێمانی.

٢- ئەوانەیان کە دەبنە پاراستن و تێکەڵ بە دەسگا و کارگێڕییەکانی پارتیی دەبن، بە هەر مەبەستێک ئەو کارەیان کردبێ و ئەوڕۆ پاساوی بدەنەوە، گرنگ نییە، بەڵکە گرنگ ئەوەیە، کە ئەوان لەو دەمەدا بە ئارەزووی خۆیان بوویوونێ و کاریان تێدا کردووە. یەکێک لەو کەسانەی ، کە ئەو کارە دەکات، مەحموودی مەلا عیززەت دەبێت، کە ئەندامی لقی چواری سلێمانی و بەڕێوەبەری ئامادەیی بازرگانی دەبێت. وا باوە کە مەحموودی مەلا عیززەت کاری بۆ پاراستن کردووە و پێوەندی بە حەمەڕەحیم (هەڤاڵ جووجەڵە/خاڵەحاجی) ـەوە هەبووە. مەحموودی مەلا عیززەت تا ئەم ساڵانەی دواییەش لەکن دەیان خەڵک سەدان جنێوی ناشیرینی بە جەلال تاڵەبانی داوە و دژی وی قسەی کردووە، کارکردنی لە ڕێکخراوەکەی تاڵەبانیدا بە ڕاست نەزانیوە، کەچی لەپڕ گەڕایەوە کوردستان و کرا بە سەرنووسەری "کوردستانی نوێ"ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان. جەلال تاڵەبانی و شازاد سائیبیش پێوەندیان بە پاراستنەوە هەبووە. لە کۆتایی ٧٢ و سەرەتای ٧٣ دا جەلال تاڵەبانی، لە بارزانی و پارتیی داوا دەکات، بچێتە بەیرووت بۆ تەواوکردنی خوێندن و نووسین و هەندێ شتی دیکە. لە بەیرووت ماوەیەک دەمێنێتەوە و ئەوجا داوا دەکات، کار بکات. نوێنەری ئەو کاتەی شۆڕش و پارتی لە بەیرووت عەزیزی شێخ ڕەزا دەبێت، کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە پاراستنەوە دەبێت. پارتیی بە جەلال تاڵەبانی دەڵێن ئەگەر ڕازییە لەگەڵ عەزیزی شێخ ڕەزادا کار بکات، ئەوا ڕێگەی دەدەن. چونکە جگە لەوە کاری دیکەیان نییە و ناشتوانن عەزیزی شێخ ڕەزا لابدەن. لەبەر ئەوە، تاڵەبانی ڕازی بوو، وەک یاریدەرێک لەگەڵ عەزیزی شێخ ڕەزادا کار بکات. جەلال تاڵەبانی لەو ماوەیەدا گەلێک ڕاپۆرتی لەسەر باڵەکانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بۆ سەرکردایەتی شۆڕش ، دەناردەوە و تا هەرەسی ١٩٧٥ لەوێ مایەوە. تاڵەبانی جگە لەوەی یاریدەری عەزیزی شێخ ڕەزا بوو، هانی خەڵکیشی زۆر دەدا بۆ چوونە ناو پاراستنەوە. ئەو کاتە ڕێگە بە هەموو کەسێک نەدەدرا کە بچێتە نێو پاراستنەوە و کاری تێدا بکات. جەلال تاڵەبانی بەخۆی و دۆست و لایەنگرانی واسیتەیان دەکرد بۆ ئەوەی بینە پاراستن. جەلال تاڵەبانی خۆی لە پاراستن کاری دەکرد و مووچەکەشی ٢٠٠ دینار بوو، ٢٠٠ دیناری ئەو کات دەیکردە ٦٠٠ دۆلار. زۆر لەوانەی کە ئەوسا و ئێستاش سەر بە هێڵی جەلالین و کادر و کارگێڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن، ئەندامی پاراستن بوون و ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە و بە سوپاسگوزاریشەوە کاریان تێدا کردووە. شازاد سائیب کە یەکێکە لە کادرە هەرە پێشکەوتووەکانی جەلالییەتی، ڕاستەوخۆ لەگەڵ شەکیب عەقراوی، کاری دەکرد و لە کادرە هەرە پێشکەوتووەکانی پاراستن بوو. لەمەڕ پاراستنبوونی جەلال تاڵەبانی و شازاد سائیب، بڕوانە: هەریری، بۆ ئەوەی... ، ل ١٨-١٩ ، ٩٦-٩٧، ١١٣.

٣- کە حیزبی جەلالی هەڵوەشێندرایەوە و چوونە نێو پارتیی دیموکراتیی کوردستان(سەرکردایەتیی بارزانی) ـەوە، دەستەیەک دژی ئەو کارە بوون و بەنێوی "دەستەیەک لە پێشکەوتنخوازانی کورد= لفیف من التقدميين الاكراد" ـەوە، بڵاوکراوەیەکیان دەرکرد. عەبدولسەتتار تاهیر شەریف(شێخ سەتتار)، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل(مەلا ماتۆڕ)، شێخ لەتیفی قەتەوی، عەبدوڕڕەحمان زەبیحی(عولەما ) و شێخ جەبار، کەسانی ناسراوی ئەم دەستەیە بوون. مەلا ماتۆڕ ساڵی ١٩٧٤ بە ناوی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانی کوردەوە، خۆی ناساند. ئەمیش وەک شێخ سەتتار و حیزبەکەی هەر لەگەڵ حکوومەتدا بوو. شێخ سەتتار پاش ساڵانێکی زۆر خزمەت بە حکوومەتی عیراق، هاتەوە کن حیزبە کۆنەکەی-جەلالی- خۆی. جەلال تاڵەبانی بۆ ماوەیەک کردی بە یاوەر و ڕاوێژکاری خۆی و دواتریش لای جەلالییانەوە گەیشتە هەندەران.

٤- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پێزانین و ڕەزامەندی و کارناسانیی سووریا-یا ڕاستتر موخابەراتی سووریا- و لە سووریا دامەزرا. پارە و پووڵ و چاپەمەنی ئەو حیزبەش هەر لە موخابەراتی سووریاوە بوو و هەر ئەوانیش کارناسانیی پەڕاندنەوەی چەکیان لە سووریاوە بۆ تورکیا و لە تورکیاوە بۆ کوردستانی عیراق بۆ دەکردن و تا ڕادەیەکیش تورکیا چاوپۆشی لەو جۆرە چالاکییانە دەکرد.

٥- کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٨دا نێوی گۆڕدرا بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ـ عیراق. دواتر عیراقەکەی لێ کرایەوە و پاش ئەوەش هەر بە تەواوی لەبەینبرا و بوو بە مێژوو.

٦- ناسراوترینیان ڕەسووڵ مامەند، عەلی عەسکەری و تاهیر عەلی والی بوون، بەڵام ئەم ڕێکخراوەیە لە سەرەتادا لەسەر دەستی جەلالییان دانەمەزرێنرابوو، بەڵام جەلالییان تێدا بوو و خەڵکانی وەک: سەیدا ساڵح یووسفی، تاهیر عەلی والی، ڕەسووڵ مامەندیشی تێدا بوو، کە جەلالی نەبوون.

٧- ناسراوترینیان ڕەسووڵ مامەند، دوکتۆر مەحموود عوسمان، تاهیر عەلی والی، سەیید کاکە، مەلا ناسیح، قادر جەباری، قادر عەزیز و دواتریش موحەممەدی حاجی مەحموود و موحەممەد شاکەلی بوون.

٨- ناسراوترینیان عومەر دەبابە و عەلی حەویز بوون.

٩- ناسراوترین ئەوانەی، کە گەڕانەوە نێو و کن حیزبی جەلالی، ئەجمەددین عەزیز(سالار)، مەلا بەختیار، عیماد سەیفوور بوون. فازیل کەریم ئەحمەد، بە ڕەسمی ئەچووەتەوە ناویان، بەڵام بە هەڵسوکەوت و کردەوە و بیروباوەڕ و ڕەوتار و گوتار و هەڵوێست، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەواندا نییە. ناسراوترین ئەوانەی کە ئەگەڕانەوە نێویان، حاجی مەمۆ (کاکەباس)یە، کە نەک هەر نەگەڕایەوە ناویان، بەڵکە لە حیزبایەتیش دوور کەوتەوە و هەڵوێستی ڕوون و ڕەخنەگرانەی خۆیشی پاراستووە.

١٠- شاسوار جەلال(ئارام)، کە یەکێک بوو لە سەرانی کۆمەڵە و لە جەلالییەتیشدا ڕۆڵێکی لەبەرچاوی هەبوو، تەواوی کار و خەباتی بارزانی دەسڕێتەوە و تێکڕای پێ خراپە و خۆیانی(یەکێتی نیشتمانی و کۆمەڵە)ی پێ هەموو شتێکە و تەواوی ڕاستییەکان لەکن خۆیان دەبینێتەوە. ئەو لەبارەی بارزانی و پارتییەوە دەڵێ: "گەلەکەمان ئەگەر واز لە بیرکردنەوەی کون و ڕزیو نەهێنێت و ئەو ڕێبازە چەوتەی کە بارزانی ئێستاش نوێنەرایەتی ئەکات ڕیسوا نەکات و ڕێبازی نوێ ی شۆڕشگێرانە ئەگرێت هەرگیز بەتەمای سەرکەوتن نەبێت و یا خوی ئامادە بکات ئەوەی تاوناتاوێک سەرکردایەتیەک ڕێبازێکی وەک ئەوەی بارزانی بکەوێت و هەر چەند ساڵ جارێک لە هەڵدێرێک بخرێتە خواری و لەناو ببرێت، ئێستاش بارزانی وازی نەهێناوە خوشی ئەمێنێت هەیە لەدوای ئەو ئالا شرەکەی بەرزکاتەوە و دوورنییە لەپڕ ببینی کە پارتیە داروخاوەکەی مەلا زیندو بکرێتەوە و چەند گەوجێک و ساویلکەیەک بکەونە دەهۆل و زورنا لیدان(بو پیشەوە بارزانی)" و لە بارەی هەڵوێستی بارزانی و ڕێبازەکەیەوە دەڵێ:"ئەم هەڵوێستەی بارزانی ..ڕێبازە و ڕێبازی چینە کونەپەرستە دژ بە شورشەکانە، ڕیبازی خزمەت کردنی ئیمپریالیزم و داردەستە کونەپەرستیە لە ناوچەکەدا بە هەموو توانایەوە. ڕیبازی باوەڕنەبونە بە هێزی بی سنوری جەماهیری گەل وە باوەڕبونە بە هیزی ئیمپریالیزم و دارودەستە کونەپەرستەکانی" و کە باسی سەکردایەتیی بارزانی دەکات، دەڵێ: "سەرکردایەتی یە عەشایەریی یە کونەپەرستەکە..". بنۆڕە: هەڵبژاردەیەک لە نووسینەکانی شەهید ئارام، ،بەشی یەکەم، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ـ عیراق، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، کانونی دووەم ١٩٨٠، ل١٧، ٢٦، ٦٤. ئەو نووسینانەی شەهید ئارام لە ڕووی ڕێنووسەوە، زۆربەی هەڵەیە، ئیدی هەڵەی ئەوە یا هی ئەوانەیە کە چاپیان کردووە، بە من ساغ ناکرێتەوە. تەواوی ئەو بۆچوونانەی ئارامیش، گرێدراویی یەکێتی نیشتمانی و کۆمەڵە، بە جەلالییەتەوە و درێژەپێدانی جەلالییەت لە یەکێتی و کۆمەڵەدا، دەگەیەنێت.

١١- گەڕانەوەی خەڵکانی وەک شێخ سەتتار و شێخ لەتیفی قەتەوی و...بۆ

نێو حیزبی جەلالی و دەستپاراستنی ڕێکخراوی هەڵۆی سووری سەر بە جەلالی، لە بەغدا، لە لێدانی کەسانی وەک شێخ سەتتار و شێخ لەتیف و خەڵکانی دیکەی کۆنە جەلالی و دەستوەشاندنیان لە خەڵکانی ناجەلالی وەک عوسمان فائیق و هەوڵی کوشتنی عەزیز عەقراوی، هەموو نیشانەی ئەوەن، کە ئەو پارتییەی شێخ سەتتار و ئەو کۆنەجەلالییانەی بەغدا، کە هەرچەندە بە ئاشکرا سەر بە حکوومەتی بەعس بوون و هەن، هەر لە بازنەی جەلالییەتدان.

١٢- هەر لەو سەردەمەدا بوو، کە کتێبی "چەپکێک لە وتەکانی ماو تسی تۆنگ"یان چاپ کرد و وەک قورئان و ئینجیل و تەورات، بۆ ڕاکێشانی لاوانی کورد بەرەو جەلالییەتی و خۆ ڕەنگکردن بە بۆیەی مارکسی ـلێنینی و خۆهەڵواسین بە چەپدا، بۆ پێتر خۆدوورخستنەوە لە پارتیی و سازکردنی ـ بە قسەی خۆیان ـ حیزبی جیاواز و "پێشڕەو و پێشەنگ" ، بەکار دەبرد.

١٣- عومەر دەبابە کە لە سەرانی جەلالی بوو، لەو ساڵانەدا ٦٦- ٧٠، چاو و گوێ و دەستی بەعس بوو، بۆ بۆمبارانی گوندەکانی کوردستان و ڕاونانی پێشمەرگە و بەدەستەوەدانی شۆڕشگێڕانی نێو شار. دەبابە ببووە شارەزای فڕۆکان، گوندانی دۆستی شۆڕشی بۆ دەستنیشان دەکردن. حکوومەتی بەعس-هەژاری موکریانی گوتەنی- ناوی لێ نابوو "الاخ عمر البطل"، برا عومەری قارەمان. هەزاران کەس-بە خۆیشمەوە- بە چاوی خۆیان جەلال تاڵەبانییان دیتووە کە وەپێش پتر لە سێسەد چوارسەد چەکدار کەوتووە و لە کەلارەوە بە دەشتی شاکەل و شێروانەدا ڕێگەی گرتووەتە بەر بۆ شەڕ-ئەوان خۆیان بە غەزایان دادەنا-ی پێشمەرگە لە هەردەی زەنگەنە. هەروەها بنۆڕە: الحاج، عزیز، حدث بین النهرین، الجزء الاول، باریس ١٩٩٤، ص١٠٧.

١٤- ساڵی ١٩٩٢ جەلال تاڵەبانی بانگەوازێکی بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی خەڵکانی "چەپ" بگەڕێنەوە نێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خەڵکانی چەپیش بە ڕای ئەو، کۆنەجەلالییان و پێڕەوانی ئەو هێڵەن. پاش ماوەیەکی زۆر کەم ئەجمەددین عەزیز(سالار)، گوتارێکی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاو کردەوە و دەستخۆشیی لە تاڵەبانی کرد و خۆشحاڵیی خۆی لەو بانگەوازە دەربڕی و یەکێتیی نیشتمانیی، بە سۆسیال دیموکرات دایە قەڵەم و سۆسیال دیموکراتیشی بە چەپ و چەپی ڕاستەقینە دانا. سالار کە تا پێش ئەو کاتە مارکسییەکی دووئاتەشە بوو، سۆسیال دیموکراتی هەلپەرست و لادەر و کوڕی ڕۆژ-کە بە وشە سۆسیالیستن و بە کردار سەرمایەدار-و کە لەگەڵ خەڵکانی دز و پارەخۆر و ئەوانەدا یەک دەگرنەوە، لێ بووبوو بە چەپی ڕاستەقینە. سالار لەگەڵ فازیل کەریم ئەحمەددا، پێش ئەو ماوەیەش، کتێبی "تیدی ناکرێ بێدەنگ بین = لم یعد الصمت ممکنا"یان نووسیبوو، تێیدا هەرچی ناشێ، بە ئەوشیروان مستەفا و جەلال تاڵەبانییان گوتبوو و وانەی "زانستی شۆڕشگێڕی و وڵاتپارێزی و ئاکار و ڕەوشتبەرزی"یان بە خەڵک دەگوتەوە و ناڕەوایی و لایەنە دزێوەکانی نێو یەکێتییان ڕۆ دەکرد. لە فازیل کەریم ئەحمەد دەگێڕنەوە، کە پاییزی ١٩٨٧، لە سەردانێکیدا بۆ ستۆکهۆڵم، دەیگوت کە سەدان نامەی جەلال تاڵەبانی لایە و ئەگەر هۆڵێکی بۆ بگرن، ئامادەیە هەموو ئەو نامانە بخوێنێتەوە و هەموو ساختەکاری و فڕوفێڵ و تەڵەکەبازییەکانی تاڵەبانی لە قاو دات و باس بکات و حەیا و حورمەتی بۆ نەهێڵێت.

١٥- عەزیز...، خولانەوە...، ل٣٧، ٦٦، ٧٧، ٨٢، ٨٧، ٨٩-٩٠، ٩٣-٩٥، ٩٧-٩٨.

١٦- هەژار...، چێشتی...، ل٤٠٠.

١٧- ئیبراهیم ئەحمەد، وەک پارێزەر و سیاسی سەر بە چینی بۆرژوازی بوو. باوکیشی لە ڕووی چینایەتییەوە کاسبکار(کورتان درو) بووە. ئیبراهیم ئەحمەد، کە باس لە خۆی دەکات بە بلەی ئەحەڕەشی فەتاحەڕەشی مستەفا خۆی دەناسێنێ. بنۆڕە: عەزیز...، پێنج...، ل٨٨. دایکی ئیبراهیم ئەحمەد، ژنێکی کارگەری هەژار بووە. لە سەردەمی حکوومەتی شێخ مەحموددا، لە ماڵە ئینگلیزەکاندا، کارەکەر بوو. بنۆڕە: محمد، مسعود، المجتمع البشری...؟ لماذا یشبه مستشفی المجانین؟، الجزء الاول، دار ئاراس للطباعه والنشر، اربیل١٩٩٩، ص٢٩. ئیبراهیم ئەحمەد بە پێچەوانەی چینی هەژاری دایک و باوکییەوە، دواتر، بەهۆی پلە و پایەی سیاسییەوە، خۆی لە چوارچێوەی چینێکی دیکەدا دیییەوە. جەلال تاڵەبانی، چ وەک پارێزەرێک و دواتریش وەک سیاسییەک، چ وەک بنەماڵە و بنەچەش سەر بە چینی بۆرژوازی و بنەماڵەیەکی ئایینی و دەرەبەگە. ئەو لە هۆزی تاڵەبانییە، کە بە شێخ بەناوبانگن و پەیڕەوی تەریقەتی قادرین و خاوەن تەکیەن. وەک هۆزیش، تاڵەبانی لە بنەچەدا، دەگەڕێنەوە سەر شێخ ئەحمەدی هیندی ـکە لە هیندستانەوە هاتووە و لەگەڵ کچی مەلا مەحموودی زەنگەنەدا زەماوەندی کردووە ـ و عەشیرەتی زەنگەنە. شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە بارەی بنەچەی عەشیرەتی تاڵەبانییەوە دەڵێ:

خوا وەختێ کە حەز کا بەندەیێکی خۆی بکا خۆشنوود
لە ڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بە پێی خۆی شاهیدی مەقصوود
لە هیندستانەوە شەش مانگە ڕێ تا خاکی کوردستان
خوا شێخ ئەحمەدی هیندی ڕەوان کرد بۆ مەلا مەحموود
مەلا مەحموودی زەنگنە یەعنی قوطبی دائیرەی ئیرشاد
لە دەوری مەرقەدی هەر دەنگی یاهو دێت و یامەعبوود

تاڵەبانییەکان سەر بە ئاینزای سوننەن. دانیشتووی دەڤەری کەرکووک و دیالەن. موڵکدار بوونە و لە هەموو عیراقدا لە ساڵی ١٩٥٨دا، ١١ خێزانیان خاوەنی ١٣٧١٦٣ دۆنم زەوی بوونە. بنۆڕە: بطاطو، حنا، العراق الطبقات الإجتماعیه والحرکات الشوریه، الکتاب الاول، ترجمه عفیف الرزاز، مؤسسه الابحاث العربیه، بیروت ١٩٩٥، ص ٨٢. دەمڕاست و ناوداران و سەرانی تاڵەبانییەکان- شێخ ڕەزای شاعیری لێدەرچێت کە پتر ئەبسووردیست، ئەنارکیست و دژەدەسەڵات بووە- زۆرجاران میانڕەو بوونە و لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتدا، پاشایەتی، قاسم، عارف، بەعس و هەرکەسێکی تر، لە عیراق خۆیان گونجاندووە و بەرژەوەندی خۆیان پاراستووە. پیاوانی ناسراوی وەک: شێخ ڕەزای تاڵەبانی(شاعیری مەزنی کورد)، شێخ عەبدوڕڕەحمانی تاڵەبانی، شێخ موحەممەد خالیصی، شێخ عەلی تاڵەبانی، شێخ جەمیلی تاڵەبانی، شێخ حەمیدی تاڵەبانی، شێخ وەهابی تاڵەبانی، موکەڕڕەم تاڵەبانی، شێخ عەتای تاڵەبانی، جەلال تاڵەبانی، نووری تاڵەبانی و گۆران تاڵەبانی لەنێو تاڵەبانییاندا هەڵکەوتوون. بۆ ئەو شیعرەی شێخ ڕەزای مەزن بنۆڕە: دیوانی شیخ رضای طالەبانی، کۆکردنەوە و چاپکردنی علی الطالبانی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا ١٩٤٦، ل١٤. بێگومان جەلال تاڵەبانی دوای ئەو حەمکەساڵەی سیاسەت و ڕێبەرایەتی بزاڤێک، توێژاڵی ئەو چینەی خۆی فڕێداوە و لە چینێکی بۆرژوازی گەورەتر و دەستڕۆیشتووتر و زێدەدەوڵەمەندتردا خۆ دەبینێتەوە. بەپێی زانیارییەک، کە لە ڕادیۆی بی بی سی(BBC) بەشی عەرەبی و لە پرۆگرامی حەفتانەی (الرصید والاموال)دا، کە لە ناوەڕاستی مانگی ١٩٩٣/٨ دا، بڵاو کرایەوە و پرۆگرامەکە لەسەر سەرۆک و لێپرسراوانی کورد بوو، کە باسی سامانی جەلال تاڵەبانی هاتە گۆڕێ، بە ١٨٥ میلیۆن دۆلار و سامانی جەبار فەرمان، کە ئەویش "یەکجار شۆڕشگێڕە" وپێڕەوی هێڵی جەلالییە، بە ٤٥ میلیۆن دۆلار، ژمێردرا. لەمەڕ سامانی جەلال تاڵەبانی و جەبار فەرمان، بنۆڕە: بەیاننامەی "ڕێکخراوی ئازادی دیموکراتیی ڕزگاریی کوردستان-کادر" ی ١٩٩٤/٥/١٢.

١٨- عەزیز...، خولانەوە...، ل٣٨.

١٩- سەرچاوەی پێشوو.

٢٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

٢١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣-١٠٤.

٢٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.

# شێوەی کۆن و نوێی پەروەردەکردنی منداڵ

د. فریال ژیان

لە میوانییەک دا هەڵسوکەوتی پیاوێکی بە تەمەن و دنیادیدەیەک دەگەڵ نەوەکانی سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەو لە نەوە گەورەکەی کە خەریکی کایەکردن بوو، تووڕە بوو و گوتی: «دامەزریێ بزانم، ئەوە بۆ هێندە هەڵبەز دابەزێ دەکەی؟ خۆ تۆ منداڵ نی». لەهەمان کاتدا ڕووی لە نەوە بچکۆلانەکەی کە تەمەنی دوو ساڵ و نیو دەبوو کرد و زۆر بە ڕوو خۆشییەوە گوتی: «ئەی چاوەکەم کایەی خۆت بکە، هەرچی دەتهەوێ بیکە، حەزێ دەکەی دنیا بڕووخێنە». دوایەش ڕووی لە بووک و کوڕەکەی کرد و گوتی: «ئەوە گەورەیە و دەفامێ و دەبێ پێی بگوترێ، ئەوەی دیکە بچکۆڵەیە و نازانێ، نابێ لێی بەدڵ بگرن و دەتوانێ هەموو کارێک بکا.»

لەو کاتەدا، من وەڵامی پرسیارێک کە لەمێژ بوو بیرم لێ دەکردەوە، دیتەوە. پرسیارەکەش ئەوە بوو: بۆ لە ناو خێزانی کوردەواریدا زۆربەی جاران تەنانەت لەناو هێندێک لە خێزانە ڕووناکبیرەکانیشدا منداڵ گوێ ناداتە قسەی دایک و باوکی و، ئەوان بە سەزادانێکی قورس و لێدان و کوتان منداڵەکەیان ناچار دەکەن ئەرکی سەرشانی بەجێ بێنێ؟

جوابی پرسیارەکەش ئەوەیە کە لەناو ئەو خێزانانەدا منداڵ بە نەزان و نەفام دادەنێن، بۆیە زۆرجاران چاوپۆشی لە هەڵەی منداڵێکی ٢ـ٣ساڵانە دەکرێ. لەکاتێکدا ئەگەر منداڵ بەشێوەیەکی دروست و لەکاتی خۆیدا پەروەردە بکرێ زۆر خێراتر و زووتر لەوە کە گەورەکان بیری لێ دەکەنەوە، فێر دەبێ و تێدەگا.

ئەگەر لە یەکەم ڕۆژی لەدایک بوونەوە، منداڵ گشت ڕۆژێک حەمامی پێ بکرێ و پاش ددان هاتنی فێری ددان خاوێن کردنەوە بێ، کە تەمەنی بوو بە دە ساڵانە خۆی لە کاتی دیاریکراو ئەو کارانە دەکا و پێویست بەوە ناکا دایک و یان باوک دە جاری وەبیر بێننەوە و لە ئاکامدا بە شەڕ و هەڵلا و ناخۆشی منداڵەکە ناچارکەن ئەو ئیشە سەرەتاییانە بکا.

کاتێک باسی ڕەوشتی پەروەردەکردنی منداڵ لە کۆمەڵی کوردەواری دەکرێ، دەگوترێ کە«لەناو کوردەواریدا پەروەردەکردنی منداڵ شێوەیەکی سەربازی هەیە. کەوابوو باوک فەرماندەی گشتی یە و گەورەترین و سەختترین ژیان و دەسەڵاتی هەیە، دایک وەک جێگری ئەو و منداڵەکانیش بەپێی گەورەیی و بچووکی وەکوو پێوەندییەکانی ئەفسەر و سەربازەکانی هەمان سەربازگەیە.»[1] بەڵام ناکرێ ئەوەش نەڵێین کە لە پەنا ئەو ڕەوشتە کۆنە بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردەواری ڕەوشتی دیکەش بۆ پەروەردەکردنی منداڵ لە نەسلێک بەم لاوە خەریکی پەرەگرتنە. ئەوەش زۆرتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ڕەوشتی کۆنی دایک و باوکیان بەدڵ نییەو، دەیانەوێ شێوەیەکی دیکە کە جیاوازی دەگەڵ ڕەوشتی کۆن هەیە و، لە سەر بناخەی بەنرخ نەگرتنی کەسایەتی منداڵ، نەبوونی گفتوگۆ، ترسی بچووک لە گەورە و سەزادانی سەختی فیزیکی بە هەر بیانوویەکی بەجێ یان نابەجێ دامەزراوە، ڕەچاو کەن.

داهێنانی نوێ و وەلانانی شێوەی کۆن بەداخەوە بەبێ گیر و گرفت نییە و، گەلێک جاران سەرکەوتووانە بەڕێوە ناچێ. بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەی پێشوو تووشی هەڵەیەکی دیکە دەبن کە ئەویش زۆرجاران بۆ داهاتووی منداڵەکانیان زیانبارە. هەڵەکەش دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتی تێگەیشتن و لێکدانەوەی وشەی دێمۆکڕاسی و دیموکڕاتیزە کردنی ژیانی خاو و خێزان لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی دیمۆکڕاسی یان سەرەڕۆ دا. تەنانەت هێندێک لە ڕوناکبیرانی ئێمە بە هەڵە لە وشەی «دێمۆکڕاسی» دەگەن و نەبوونی دیسیپلین واتە ئانارشیسم لە جێگەی دیمۆکڕاسی دادەنێن. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە پێیانوایە خۆشەویستیی منداڵ بەو مانایەیە کە نابێ توندی لێبگرن و دەبێ پێشی منداڵ بەرەڵا بکەن کە هەرچی پێی خۆش بوو بیکا.

هێندێک لەم جۆرە خێزانانە و بەتایبەت ئەوانەی وەک پەنابەر لە وڵاتانی ئورووپایی یان ئەمەریکایی دەژین، لە دوای ئەو بۆچوونە دەدەن کە پێشکەوتوویی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە سەر ڕەوشتی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و گۆیا «ئەوان قەت بە منداڵەکانیان ناڵێن «نا» و پێشی منداڵەکانیان ئاوەڵە دەکەن هەرچی پێی خۆش بوو بیکا».

لە ڕاستیشدا لە ساڵانی حەفتا دا لە ڕۆژئاوا ئەو شێوەیە برەوی زۆر بوو، بەڵام ئێستا ئەو شێوەیە لە ناو ڕوناکبیرانی ئورووپایی لە باو کەوتووە. دیارە دانیشتووانی ئورووپا وەک ئێمە بەسەر شێوەی جووڵانەوەکانیاندا دەچنەوە و تێدەکۆشن ڕەوشتێکی باشتر بۆ پەروەردەکردنی منداڵ ببیننەوە کە هەم بۆ داهاتووی منداڵ بە کەڵک بێ و هەم ژیانی خۆیان بە چەشنێکی داخواز ببەنە پێش.

لە وڵاتی هۆلەند دەیان گۆڤار و نووسراوە لە سەر بابەتی پەروەردەکردنی منداڵ دەردەچێ و، بەردەوام پسپۆڕانی پەروەردەکردنی منداڵ کتێبی جۆراوجۆر لە چاپ دەدەن کە دەبنە بابەتی باس و گفتگۆ لە کۆمەڵدا. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە بۆچوونەکانی بەڕێز«گابریێل ڤان دێن برینک» لە سەر پەروەردەکردنی منداڵ بکرێ.

ناوەرۆکی ئەو بۆچوونانە لە زۆر بابەتانەوە بۆ ئێمەی کورد جێگای سەرنجە و، دەکرێ بە پێی پێویست و هاتنەوەی دەگەڵ بارودۆخی کوردستان و داب و نەریتمان سوودی لێ وەربگرین. بۆچوونەکانی ئەو نووسەرە لە سەر پەروەردەکردنی منداڵ ئەوە دەسەلمێنێ کە بۆ ئەو ئەرکە گرینگە دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە «هەموو شت بەخوێ و خوێش بە ئەندازە».

«گابرێل ڤان دێن برینک» لە کتێبەکەیدا دەنووسێ: «بیروڕایەکی تازە لەناو ئەو خێزانانەی منداڵیان هەیە لەسەر بابەتی خاو و خێزانی ئیدەئال هاتۆتە گۆڕێ و ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتر ڕیشە دادەکوتێ. خێزانانی مۆدێرنی ئەمڕۆ هەر دێ و زیاتر هەست بەوە دەکەن کە دەبێ شێوەیەکی نوێ و لەبار بۆ هاوسەنگ کردنی نێوان توند لێگرتن و پێش بەرەڵلاکردنی، نێوان خۆشەویستی و دیسیپلین و هەروەها نێوان دەبێ و نابێ ببیننەوە.»[۲]

ئەو لە لێکۆڵینەوەکانیدا دوای خوێندنەوەی کۆمەڵێک کتێب و نووسراوە و دەیان گفتوگۆ دەگەڵ خاو و خێزانی جۆراوجۆر، گەیشتۆتە ئەو ناکامە کە وەک ناو بۆ کتێبەکەی هەڵیبژاردوە.

ئەو لەم کتێبەدا بەوردی باسی چۆنیەتی گۆڕانی بۆچوونی خێزانەکان لەپاش سالانی حەفتا دەکا و دەڵێ: پەروەردەکردنی منداڵ دژوارە بە تایبەت بۆ خێزانی ئێستا کە دەیانهەوێ شێوەیەکی دیکە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ بیبیننەوە کە دەگەڵ ڕەوشتی دایک و باوکەکانی سالانی حەفتا جیاوازی هەبێ لە هەل و مەرجێک کە ئەوان لایەنی«دژی سەرەڕۆیی» ئەم شێوەیان بە دڵە و دەیانهەوێ سوودی لێوەربگرن. ئەو دایک و باوکانەی سالانی حەفتا کە شێوەی نوێ «دژی سەرەڕۆیی»یان بەکارهێنا قازانجێکی وایان دەست نەکەوت و لە ئاکامدا بەوە گەیشتن کە دەبێ بە چەشنێک دەسەلاتی خۆیان لەناو خێزاندا بەدەست بێننەوە و لە ڕەوشتی بە تەواوی بەرەڵلاکردنی منداڵ دەست هەڵگرن و هاوسەنگێک لە پێوەندییەکانی نێوان خێزاندا دەبێ پێکبێنن.

ئەوە دووهەمین تێکۆشان بۆ دیتنەوەی جێگرێک لە بەرامبەر شێوەی کۆنی پەروەردەکردنی منداڵ بوو. لە ناو ئەم جۆرە خێزانانەدا، ئەندامەکانی، پێوەندییەکی قووڵیان پێکەوە هەبوو، بەلام تا ئەو جێیەی دەستی دابا لە بەرپرسیارکردنی یەکتر خۆیان دەپاراست. پەروەردەکردنی منداڵ لە خێزانێکی وادا پێویستی بە هێمنی و لەسەرەخۆییەکی زۆر لەلایەن دایک و باوک بۆ گفتگۆ دەگەڵ منداڵەکانەوە هەبوو. بەلام ئەو شێوەیەش سنووردار بوو. بەتایبەت ئەم شێوەیە بۆ ئەو دایک و باوکانەی لە ژیانی خۆیاندا ئارەزوو و ئامانجیان زۆر زیاتر لە «پەروەردەکردنی منداڵ» بوو، دەستی نەدەدا. ئەم دایک و باوکانە نەیاندەتوانی هەتاهەتایە دەگەڵ منداڵەکانیان گفتوگۆ بکەن. بۆ ئەو کارە نە کاتیان هەبوو و نە تاقەت.

بەم جۆرە ڕەوشتێکی سێهەم وەک ئالتێرناتیڤ لە بەرامبەر شێوەی سوننەتیدا هاتەئاراوە. «گابرێل ڤان دێن برینک» وای بۆ دەچێ کە ئەم ڕەوشتە نموونەی خێزانێکی پەسندکراو، بۆ کۆمەڵگای داهاتوویە. لە خێزانێکی ئاوادا ئەندامانی خێزانەکە پێوەندییەکی قورس و قایمیان پێکەوە هەیە و کۆمەڵێکی پڕ لە خۆشەویستی پێکدێنن. بەلام لە هەمان کاتدا دەبێ و پێویستە هەریەک لەوان دیسیپلینی هەبێ و لە بەرامبەر یەکتردا هەست بە بەرپرسیاری بکەن. ئەو شتەی بە دڵیانە دەتوانن بیکەن، بەلام لە زۆر شتیش دەبێ خۆ بپارێزن. بڕیار چۆن درا ئاواش دەبێ بە جێ بهێندرێ.

لەوانەیە زۆر کەس ئەو شێوەیان دەگەڵ ڕەوشتی کۆن لێ تێکبچێ. بەلام ئەو شێوەیە دەگەڵ جۆری پەروەردەکردنی منداڵ بەشێوەی«سەرەڕۆیی» کە داب و نەریت سەپاندوویەتی و ڕێزگرتنی دوولایەنە لە یەکتر لە ناو خێزاندا هیچ شوێنەوارێکی نییە، جیاوازی هەیە. لەناو ئەو خێزانانەی کە خوویان بە شێوەی «سەرەڕۆیی» پەروەردەکردنی منداڵ گرتووە. ڕێزگرتنی چکۆڵە لە گەورە، یان لە ترسانە یان لە ڕووی ناچاری یە. هەر لە زووە منداڵ فێر دەبێ تەنیا ئەگەر زۆر و زەبری لە سەر بوو بە دڵی دایک و باوکی بکا. لەم جۆرە خێزانانەدا زۆربەی جاران بە زۆری و لێدان و سزادانێکی قورس و نالەبار منداڵ ناچار دەکەن کارێک بکا یان نەیکا. دەنا منداڵ قەت بە گفتوگۆ و خۆشی ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ ناهێنێ. لەکاتێکدا منداڵ ئەگەر بە شێوەێکی زانستییانە پەروەردە بکرێ زۆر زوو فێردەبێ ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ بێنێ و، دەزانێ کەی چۆن بجووڵێتەوە. بەلام هەر ئەو منداڵە ئەگەر بە جنێو و لێدان و سەزادان پەروەردە بکرێ، کەسایەتییەکەی جۆرێکی دیکە دەردەچێ.

سالانی سالە زانستی دەروونناسیی منداڵان ئەوەی سەلماندووە کە ئەوانەی بە گەورەیی تووشی تاوانکاری و دزی و لادان لە یاسا دەبن، هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە سەر شێوەی پەروەردەکردنی منداڵەکە و ئەو شوێنەی تێیدا ژیاوە. واتە ئەو کەسانەی زۆریان زەخت لەسەر بووە یان زۆریان لێدراوە و قەت نەلاواندراونەتەوە، ناتوانن ئەرکی سەرشانی خۆیان بەرامبەر بە دایک و باوک و خوشک و برا و دواتر بەرامبەر کۆمەڵگا دا بەجێ بێنن.

بە کورتی، ئەو شێوەیەی کە «گابرێل ڤان دێن برینک» باسی دەکا بادانەوەی دەقا و دەق بۆ ڕێبازی کۆنی پەروەردەکردنی منداڵ نییە، بەڵکوو کەڵک وەرگرتن لە لایەنێکی ڕەوشتی کۆن ، واتە بوونی دیسپلین و هەست بە بەرپرسیاری کردن لە نێوان ئەندامانی خێزان دایە، کە لە ڕەوشتە کۆنەکە پلەیەک بەرزترە. لە بەر ئەوەیکە لە هەمان کات پێوەندی لەناو خێزاندا لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە کەسایەتی یەکتر و بەرپرسیاری وە ئەستۆگرتن لە ئاست یەکتر دامەزراوە. تەنانەت لەکاتی سەزادان لە شێوەی نارەوا و توند وەک لێدان، جنێودان و بێحورمەتی بە کەسایەتی یەکتر خۆ دەپارێزن.

لە کۆتاییدا پێویستە جەخت لە سەر ئەو ڕاستییە بکرێ کە سەرکەوتوویی و مسۆگەربوونی ئەو شێوەیە بەو مەرجەوە بەندە کە پەروەردەکردنی منداڵ دەبێ یەکدەست و بە ڕەچاوکردنی شێوەیەک، بەبێ بازدان و ڕاڕایی کردن بێ. گەرای پەروەردەبوونی منداڵ نەک پاش لەدایکبوون، بەڵکوو لە ناو زگی دایکدا دەبەسترێ و گەرەکە دایک و باوک هەر لەو کاتەوە ڕێبازی پەروەردەکردنی منداڵەکەیان دیاری بکەن.

**سەرچاوەکان:**

١)ڕەوشتی خێزان لە کۆمەڵی کوردەواریدا، مستەفا قەرەداغی ، گۆڤاری گزینگ ژمارە٢٨ ، هاوینی ٢٠٠٠.

2) Gabriêl van den Brink; Hoge eisen, ware lifde.

# شەکرە شــــــــارەکەم «سولەیمانی»

د. حوسێن محەمەد عەزیز

**ئەم نووسینە، بە بۆنەی ٢١٦ ساڵەی دامەزراندنی شاری «سولەیمانی»یەوە نووسراوە. پێشکەش بێ، بە گیانی پاکی هەر دوو میری بابان: «برایم پاشا، یەکەم فەرمانڕەوا و دامەزرێنەری شار، «عەزیز بەگ، دوا میری ئازا و نیشتمانپەروەر، کە لە شەڕێکی نابەرابەری سەختی خوێناوی بەرگریی شارەکەدا، دژی لەشکری داگیرکەری تورکە «عوسمانی»یەکان، ساڵی ١٨٥١، بڕوانامەی دڵسۆزی لە دایکی نیشتمان وەرگرت و شەهید کرا.**

### دڵۆپێ لە زەریای مێژووی شار:

وەک چۆن حەوزی پانوبەرینی زەریاکان، لە تنۆکەتنۆکەی بارانی ئاسمان پێکهاتوون، خۆشەویستیی کوردستانی گەورەش، لە خۆشەویستیی «ماڵ، بەردەرگە، کۆڵان، گەڕەک، گوند و شار»ەکانەوە دەستپێدەکا. بێچووە مەلی خۆشەویستیی جیهانیش، لە گەرای خۆشەویستیی دایکی نیشتمانەوە سەر دەجوقێنێ. چونکە، هەر کەسێ شارەکەی خۆی خۆش نەوێ، هەرگیز ناتوانێ، تۆوی خۆشەویستیی نیشتمانەکەی، لە ئینجانەی دڵ و دەروونیدا بڕوێنێ. هەر کەسێ نیشتمانەکەی خۆی خۆش نەوێ، هەرگیز ناتوانێ، پەری ڕازاوەی بووکی ئەندێشەی جیهان، لە جۆڵانەی دڵە ساواکەی خۆیدا ڕابژێنێ.

ناوچەی «سولەیمانی» بە گشتیی، لە بەرەبەیانی مێژووەوە، لای کورد، گەلانی ناوچەکە و بێگانەش ناسراوە. سەرەتا، «ئاشووریی» و پاشان «بیشدایی» و دوایی «میدی، هەخامەنشی، ئەسکەندەر لە سەدەی چواری پ.ز، ئینجا دەوڵەتی ئەشکانی، ساسانی، تا پەیدابوونی ئیسلام، یەک لە دوای یەک دەستیان بە سەردا گرتووە. دوای ئەوەش، لەشکری عەرەبە ئیسلامەکان لە ٦٤٣ ز دا داگیریانکردووە. لە سەدەی چواری کۆچییدا بە دەست کورد خۆیەوە بووە. لە ساڵەکانی ٣٥٠-٣٤٨ی کۆچییدا، لە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی «حەسنەویی»یەی کوردییدا بووە. ماوەیەکیش بە دەست «سالاری مەرزەبان»ی «ڕووادیی»یەوە بووە. ئینجا سەلجوقیی، ئەتابەکیی، ئەیوبیی، مەغۆلیی، جەلائیریی، هەر دوو دەوڵەتی تیرەی بەرخی ڕەش و سپی، پاشان تەیموری لەنگ لە ١٤٠٠ز داگیریان کردووە. دواتر ئەردەڵانی، سەفەوی، بابان، عوسمانی و بریتانیای گەورە دەستیان بە سەردا گرتووە. پاشان، ساڵی ١٩١٨-١٩٢٥، «شێخ مەحموودی حەفید» فەرمانڕەوایی تێدا کردووە، تا دوا جار ئینگلیزەکان بە «عێراق»ی عەرەبییانەوە داڕووە.

پێش ئەوەی شاری «سولەیمانی» دروستکرێ، «بابان»ەکان لە گەلێ جێگەی وەک: مەرگە، دارشمانە، ماوەت، بەکراوا و قەڵاچوالان، ناوەندی میرنشینەکەیان دامەزراندبوو. شاری «قەڵاچوالان»، لە سەر چەمی «قەڵاچوالان»، لە دامێنی شارۆچکەی «چوارتا» و لە ناوچەی «شارباژێڕ» هەڵکەوتووە. «بابان»ەکان، ساڵی ١٦٦٩ز، ئەم ناوچەیەیان ئاوەدانکردۆتەوە. ١٢٥ ساڵ فەرمانڕەواییان تێدا کردووە. تا ساڵی ١٧٨٤ز، شاری «سولەیمانی»یان دروسکردووە و گواستوویانەتەوە بۆ ئەوێ.

گەلێ نووسەر و زانای گەورەی وەک: «محەمەد ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبیی، جەمال بابان، ئەکرەمی سالحی ڕەشە، د. فوواد حەمە خورشید»، دەربارەی ناو، دامەزراندن، هەڵبژاردنی جێگە، باری ڕامیاریی، کۆمەڵایەتی، خوێندەواریی و بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمەی شارەکەیان نووسیوە.

### هۆکانی دامەزراندنی شـــار:

سەرەتا با بزانین ئەو هۆیانە چی بوون، پاڵی بە «بابان»ەکانەوە ناوە، واز لە «قەڵاچوالان» بێنن و شاری «سولەیمانی» دروستکەن؟ پوختەی بیروباوەڕی هێندێ لەو نووسەرانە، سەبارەت بە دامەزراندنی شاری «سولەیمانی»، خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێ:

١- جوگرافیا: «قەڵاچوالان»، لە شوێنێکی لاڕێ و چەپەکدا هەڵکەوتووە. لە ڕێگەی سەرەکیی شارەکانی دیکەی کوردستانەوە دوورە. زۆر بە کەڵکی کاری «فەرمانڕەویی، ڕامیاریی و بەڕێوەبردن» نەهاتووە. بەڵام، ڕێگەکان لە هەموو لایەکەوە، لە شاری «سولەیمانی» یەکدەگرنەوە. شارەکە، هەموو ڕێگەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. هەر دوو دەشتی «شارەزوور و بازیان»یش پێکەوە گرێدەدا. جگە لەوەی، ئاوێکی زۆر، خاکێکی بە پیت و جێگەیەکی باشی هەبووە، کە دەتوانرا، کشتوکاڵێکی زۆر و هەمەجۆرەی لێ بکرێ، بەرهەمیش زیادکرێ، لەو ڕێیەشەوە، تیرە و هۆزە کۆچەرییەکانی کورد جێگیرکرێ.

٢- تۆپۆگرافیا: ناوچەی «قەڵاچوالان»، لە کۆمەڵێ بەرزایی و گردۆڵکەی بەرتەسک پێکهاتووە. چواردەوری بە شاخ گیراوە. ماوەی فراوانبوون و پەرەسەندنی نەبووە.

٣- ستراتیژ: لەبەرئەوەی، میرنشینی «بابان»، سەر بە والی «بەغدا» بووە، هەموو «عێراق»ی ئەو سەردەمەش بە باشووری کوردستانیشەوە، لە بندەستی ئیمپراتۆریای «عوسمانیی»دا بووە، لە سنوورەکانی «ئێران»ەوە زۆر نزیکبووە. زۆربەی کات، ئەو ناوچەیە، لە لایەن لەشکری «سەفەوی»یەوە، هەڕەشەی پەلاماردانی لێ کراوە. ناوچەی «سولەیمانی» لەو ڕووەوە، لە «قەڵاچوالان» هێمنتر و ئاساییشتر بووە.

٤- حەز و ئارەزوو: «برایم پاشا» خۆی، ماوەیێ لە «بەغدا» ژیاوە. ئارەزوویەکی تایبەتی هەبووە و ویستوویەتی، شارێکی جوان، ڕێکوپێک

و گەورە دروستکا، وەک یادگاریّ لە میّژووی نەتەوەی کوردا، بۆ خۆی و بنەماڵەکەی بەجێیبێلیّ و ئەو ڕاژە گەورەیەیان پیّ ببڕیّ.

٥- ئاوەدانی: لە دامێنی چیای «گۆیژە»، گوندی «مەلکەندیی» هەبووە و ئاوەدانبووە. لە «کانیسکان»، ئاوێکی زۆر و پڕ کانیی لیّ بووە، بە بێشەلانێکی چڕوپڕی گەورە داپۆشراوە. جێگەی سەیران، غارغارێن، ڕاوی باڵندە و ئاژەڵی کێویی بووە. جگە لەمانەش، «مەحموود پاشا»ی مامی «برایم پاشا»، ساڵی ١٧٨١ز، قەڵایەکی سەربازیی دروسکردووە، کە ئەو سەردەمە بە «دەبۆ» یا «قشڵە» ناوبراوە، شوێنی گەرماوی قشڵەی کۆن دەگرێتەوە، کە کاتی خۆی، پیاوێکی ئاوداری وەک «حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا» دروستیکردووە.

هەموو ئەو هۆیانە، پاڵی بە «برایم پاشا»ی «بابان»ەوە ناوە، بیر لە دروستکردنی شاری «سولەیمانی» بکاتەوە. تا، لە سەرەتای ساڵی ١٧٨٤ز دا، لە نزیک گوندی «مەلکەندی»، ڕەنگی «خانوو، بازاڕ، مەڵبەندی کارگێڕیی میرنشین»ەکەیان ڕشتووە و بناغەیان هەڵکەندووە. پاشان ئاوەدانیانکردۆتەوە. ئینجا، لە ڕۆژی هەینیی ڕێککەوتی ١٤ی نۆڤەمبەری١٧٨٤ز دا، بە ئاهەنگێکی گەورە و بە خۆشییەکی لە ئەندازە بەدەر، پێتەختی میرنشینەکەیان گواستۆتەوە. ئیدی لەو ڕۆژەوە، «سولەیمانی» چ وەک پێتەخت و چ وەک شار، ڕۆڵێکی گەورەی لە مێژووی کورددا وازیکردووە.

سەبارەت بەو کارە مەزنەی «برایم پاشا»، گەلیّ هۆنەر، نووسەر و ڕووناکبیر»ی کوردی وەک: مەولانا خالیدی نەقشبەندی، محەمەد ئەمین زەکی، قانیع و نەجمەدین مەلا ... تاد، بە شانوبازوویاندا هەڵداوە، دەست خۆشانەیان لیّ کردووە و ستاییشیانکردووە. لەو بارەیەوە، مامۆستا «نەجمەدین مەلا» گوتوویەتی: "ناتوانم، بڵێم: «برایم پاشا» لە «ئەسکەندەری مەقدونیی» و «ئەبو جەعفەری مەنسوور» زیاترە، کە شاری «ئەسکەندەریە» و «بەغدا»یان بنچینەناوە. بەڵام، خۆ لەوان کەمتر نییە."[1]

**ناونانی شارەکە:**

دەربارەی ناونانی شارەکە، چەن بۆچوونێکی جیاواز هەیە. لەوانە:

١- لە مێژووی فەرمانڕەوایانی میرنشینی «بابان»دا، چەن «سولەیمان» ناویّ هەبووە. وەک: «سولەیمان بەبەی کوڕی فەقیّ ئەحمەدی دارشمانە، سولەیمان پاشای گەورەی قەڵاچوالان». هەروەها، کوڕەکەی «برایم پاشا»ش، هەر ناوی «سولەیمان» بووە. والی «بەغدا»ش هەر ناوی «سولەیمان پاشا» بووە. گوایە، شاری «سولەیمانی»، لە ناوی یەکیّ لەو «سولەیمان» ناوانەوە هاتووە. بەڵام، لە ڕاستیدا ڕوون نەبۆتەوە، بە ناوی کامیانەوە ناونراوە.

٢- دەڵێن: لە کاتی دروستکردنی شارەکەدا، کرێکارەکان ئەموستیلەیەکیان دۆزیوەتەوە، ناوی «سولەیمان»ی لە سەر هەڵکەندراوە. گوایە، ئەموستیلەی «سولەیمان» پەیامبەر بووە. «برایم پاشا»ش، لە بەر گەورەیی ئەو پەیامبەرە و پیرۆزیی ناوەکەی، شارەکەی بەو ناوەوە ناوناوە.

٣- «ئەمین زەکی بەگ» پێی وایە، شاری «سولەیمانی»، لە شوێنی شاری «ستلوونا»ی کۆن دروستکراوە. گوایە، ئەو شارە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی «لۆلۆ» و «گۆتی»یەکاندا دروستکراوە و بە باپیرە گەورەی دانیشتووانی ناوچەکە دادەنریّ.[2]

٤- بۆچوونێکی دیکەش هەیە، گوایە، مەحموود پاشای مامی برایم پاشا، ساڵی ١٧٨١ز، دەبۆیەکی گەورەی بە فەرمانی «سولەیمان پاشای جەلیل»ی والی «موسڵ» دروستکردووە. کاتیّ «برایم پاشا» شاری «سولەیمانی» دروستکردووە، بە یادی ئەو پیاوەوە ناویناوە.

هەرچی چۆنێک بیّ، تا ئێستە، بە تەواوی زۆر ڕوون نەبۆتەوە، «برایم پاشا» لە بەر کام هۆیان، شارەکەی بەو ناوەوە ناوناوە.

**سنووری شار:**

سنووری پارێزگەکە، لە باکوورەوە بە ناوچەکانی پارێزگەی «هەولێر»، لە خوارووەوە بە ناوچەکانی شاری «دیالە»، لە ڕۆژهەڵاتەوە بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەشەکەی «ئێران» و لە ڕۆژئاواشەوە، بە ناوچەی کەرکووک و تکریت دەورەدراوە. پارێزگەی «سولەیمانی»، بە پێی هەڵکەوتی جوگرافیایی، لە ژووروی «عێراق» دایە.

**جوگرافیا و ئاووهەوا:**

شاری «سولەیمانی»، لە سەر هێڵی پانی ٣٥,٥ پلە و هێڵی درێژی ١٦پلە هەڵکەوتووە.. پانتایی ناوچەی «سولەیمانی»، خۆی لە ٣٣٨١٣ کیلۆمەتری چوارگۆشە دەدا. لە ڕووی تۆپۆگرافیاوە بە بەشیّ لە ناوچە شاخاوییەکان دادەنریّ. بۆیە، لە ڕووی بەرزیی و نزمییەوە، لە دوو بەش پێکهاتووە:

١- ناوچەی گرد و تەپۆڵکە و چیا نزمەکان: هەموو ئەو دەشت، شیو و دۆڵانە دەگرێتەوە، کە بەرزاییان لە نێوان ١٠٠٠ - ٢٠٠٠ مەتر دایە.

٢- ناوچەی چیا سەرکەشەکان: بەرزاییەکانیان لە نێوان ١٠٠٠ - ٣٦٠٠ مەتر دەبیّ. ئەمانیش دوو جۆرن:

ـ چیا بیّ پێچویەناکان: بەرزاییان لە نێوان ١٠٠٠- ٢١٠٠ مەتر دەبیّ. لە دوو زنجیرە چیا پێکهاتووە و نێوانیان بە «گردۆلکە، دەشتایی پان، چەم و ڕووبار» پڕبۆتەوە، وەک: چیاکانی «کانی مستەفا ـ ١٤٠٠م، کانی شینەحەسەن ـ ١٤٤٤م، سەگرمە ـ ١٧٣٥م، چیاکانی قەرەداخ ـ ١٧٨١م و گلەزەردە ـ ١٨٢٥م.

ـ چیا پێچاوپێچەکان: بەرزاییەکانیان لە نێوان ٢١٠٠-٣٦٠٠ مەتر دەبیّ. دۆڵی زۆر قووڵی تێدایە، وەک: چیاکانی «قەندیل ـ ٣٤٥١ م، کونەکۆتر ـ٢٧٦٥م، کاروخ ـ ٢٥٩٦م و پشدەر ـ ٢٢٣٩م». هەروەها، چیاکانی «هەورامان و پیرەمەگروون». «پیرەمەگروون» بە بەرزترین چیای دەوروبەری «سولەیمانی» دادەنریّ کە ٩٧٠٠ پیّ، لە ڕووی زەریاوە بەرزە.

ئاووهەوای ناوچەی «سولەیمانی»، لە ئاووهەوای ناوچەی زەریای «سپی ناوەڕاست» دەچیّ. لە هاویندا گەرم و وشکە. لە مانگەکانی «یون، یول، ئۆگوست و سێپتێمبەر»دا، باران نابارێ. زۆرترین باران، لە مانگی مارس دا دەبارێ. لە زستاندا، سارد و بە بارانە. پلەی گەرما لە هاویندا، خۆی لە ٣٩ و ٤٠ پلە دەدا و لە زستانیشدا، لە خوار سفرەوەیە. لە زەریاوە دوورە، لەبەرئەوە، هەواکەی شێدار نییە. بەفر، بە زۆریی لە مانگی «دێسەمبەر و ژەنیوەری»دا دەبارێ. ڕەشەبایەکی زۆر توندی هەیە، هێندێ جار ٢ تا ٣ ڕۆژ و هێندێ جاریش ٢ تا ٣ هەفتە بەردەوام دەبیّ. لەو کاتانەدا ڕەشەبا هەڵدەکا، لە زستاندا هێندەی دیکە هەواکەی سارد دەبیّ و لە هاوینیشدا گەرمتردەبیّ. جگە لەوەی زیانێکی زۆریش لە

کشتوکاڵ دەدا، نێو شارەکەش پیسدەکا. هێندێ جاریش، خۆڵی لەگەڵ دەبارێ.

## نەخشەی شار لە سەرەتای دامەزراندنیدا:

گەر «برایم پاشا»، یەکەم بەردی بناغەی شارەکەی، لە گوندی «مەڵکەندی» دانابێ، ئەوا گەڕەکی «گۆیژە»، بە «سابوونکەران، قاوەخانەی سەرچیمەن و گاوران»یشەوە، بە یەکەم گەڕەکی شار و کۆنترینیان دادەنرێن، هەر لەوێشەوە، شاری «سولەیمانی» دەستیپێکردووە. پاشان، گەڕەکی «دەرگەزێن» دروسکراوە، کە ئەو سەردەمە، زۆر لەگەڵ گەڕەکی «سەرشەقام»دا لێک جیا نەکراونەتەوە. سێیەم گەڕەک «کانیسکان» بووە. دوا گەڕەکیش «سەرشەقام و چوارباخ» ئاوەدانکراونەتەوە.

## ئاوەدانبوونەوە و پەرەسەندنی شارەکە:

دیارە، دوای ئەوەی «برایم پاشا»، ناوچەی «قەڵاچوالان»ی جێهێشتووە، گەر هەموو دانیشتووانی شارەکە، لەگەڵیدا نەیانگوێزابێتەوە، ئەوا بەگوێرەی ئەوەی، پێتەختی تازە بووە، زۆربەی زۆری بنەماڵەی «بابان، کاربەدەستانی میرنشینەکە، کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو سەردەمە، بازرگان، دوکاندار و خاوەن پیشە»کانی دیکە، لەگەڵ «پاشا»دا، بەرەو هەواری نوێ ملیان ناوە. پاشان، لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە، وەک کەرکووک، هەولێر، ڕەواندوز، شارەزوور، سنە، هەمەدان، سەقز، بانە و مهاباد»، خەڵکێکی زۆر و بە لێشاو، ڕوویان لە «سولەیمانی کردووە. لە هەموو جۆرە ناوچەیەکەوە، لێی خڕبوونەتەوە، خاوەن بیروباوەڕی ئایینی جیاوازی وەک «موسوڵمان، جوو و فەلە»ی تێدابووە. لەوانەیە، لە سەرەتادا هەر دە هەزار کەسێکی تێدابووبێ، پاشان وردەوردە زۆربووە. مستەر «ڕیچ»،ساڵی ١٨٢٠ و لە سەردەمی مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشای باباندا، سەری لە «سولەیمانی» داوە. دەربارەی ژمارەی دانیشتووانی ئەو کاتەی شار نووسیوێتی: «ئەو ساڵە دوو هەزار ماڵی ئیسلام، ١٣٠ ماڵە جوولەکە، ٩ ماڵی کەلدان، پێنج ماڵی ئەرمەن، پێنج گەرماو، پێنج مزگەوت و پێنج خانی تێدا بووە.»[٣]

بەو شێوەیە دەبینین، لە لایەکەوە، لە ئەنجامی زاووزێکردن و لە لایەکی دیکەشەوە، لە بەر کۆچکردنی خەڵک و جێگیربوونی خێڵە کۆچەرییەکان، ڕۆژبەڕۆژ تا هاتووە، ژمارەی دانیشتووانی شارەکە زیادیکردووە. لە هەمان کاتیشدا، ژمارەی دانیشتووان و پەرەسەندنی شارەکە، هەمیشە لە هەڵکشان و داکشاندا بووە. لەو بارەیەوە، «جیمس فلکس جونز» نووسیوێتی: «ژمارەی خانووەکان لە ساڵی ١٨٤٤دا کەم بووەوە بۆ نیوەی ئەوەی کە «ڕیچ» لە ساڵی ١٨٢٠دا دیبووی».[٤]

دوای ئەوەی، دەستەڵاتی «بابان» نەما و ناوچەی «سولەیمانی»، دەستت عوسمانییەکان کەوت، سنووری شارەکە فراوانتربوو. چونکە، سنووری بەڕێوەبردنی شاریان فراوانترکرد، کردیان بە «لیوا» و هەر چوار ناوچەکەی «بازیان، هەڵەبجە، شارەزوور و مەرگە»شیان پێوە بەستەوە. ئینجا، بارودۆخەکە هێمن بۆوە، شارەکە ئاوەدانی تێکەوتەوە، جموجۆڵی بازرگانی و پیشەسازی دەستیی و کاری کشتوکاڵی گەرم بوو. «لێک لاما»، ساڵی ١٨٦٨، ژمارەی دانیشتووانی شارەکەی بە ٦٠٤٥ خێزان و ٣٠ هەزار کەس داناوە. «مۆنسل» ساڵی ١٨٩٢ نووسیوێتی: «ژمارەی خانووەکانی لە ٢٥٠٠ زیاتر دەبوو، ژمارەی دانیشتووانیشی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، خۆی لە چل هەزار کەس دەدا». دوای ئەوە کە، «عوسمانی»یەکان لە جەنگی یەکەمدا تێکشکاون، شارەکەیان چۆڵکردووە و ئینگلیزەکان دەستیان بەسەردا گرتووە. پاشان، زنجیرە شۆڕشەکانی «شێخ مەحموود»ی نەمر دەستیپێکردووە. ئەو کاتە ژمارەی دانیشتووانی شار، لە دە هەزار کەس تێپەڕی نەکردووە. واتە: ئەو ژمارەیە بۆ پێش سەد ساڵی سەردەمی «بابان» و هەڵسەنگاندنەکەی مستەر «ڕیچ» گەڕاوەتەوە، کەمی کردووە و زیادی نەکردووە. بەڵام، لە دوای ئەو ساڵانە و دوای ئەوەی جەنگی دووەمی جیهانی تەواوبووە، ئیدی بەرەبەرە، شاری «سولەیمانی» ئاوادان بۆتەوە، ژمارەی دانیشتووانیشی زیادیکردووە، تا ئەوڕۆ، بە یەکێ لە شارە گەورەکانی کوردستانی مەزن و «عێراق» دادەنرێ و ژمارەی دانیشتووانیشی پتر لە یەک ملیۆن دەبێ.

## هۆی پەرەسەندنی شارەکە:

١- ڕامیاری: بەو پێیەی، «سولەیمانی» پێتەختی میرنشینی «بابان» بووە، مەڵبەندی دەستەڵاتی «ڕامیاری، سەربازی و کارگێڕی فەرمانڕەوایی» بووە، ڕۆژبەڕۆژ تا هاتووە، پتر پەرەیسەندووە، بۆ فراوانبوونی شارەکە، پرۆژەی نوێ بەگەڕخراوە، دوکان و بازاڕ و خانووبەرەی پتری لێ دروسکراوە.

٢- ئایین: لەگەڵ دامەزراندنی شارەکەدا، «برایم پاشا» مزگەوتی گەورەی دروسکردووە، «شێخ مارفی نۆدێ»، کە پێشتر مامۆستای خوێندنگەی «قەڵاچوالان» بووە، هاتۆتە «سولەیمانی» و سەرپەرشتیی خوێندنگە و مزگەوتەکەی کردووە. لەبەرئەوە، بە یەکەم پیاوی ئایینیی شارەکە ناسراوە، وەک ڕێبەرێکی ناسراوی ڕێبازی «قادری»، ناوی لە هەموو کوردستاندا دەرکردووە. پاشان، ساڵی ١٨١٦-١٨١٧، خانەقای «مەولانا خالید» لە گەڕەکی «سەرشەقام»، لە لایەن «مەحموود پاشا»وە، دروسکراووە. «مەولانا خالید»، خوێندنی لە «سولەیمانی» تەواوکردووە و ڕووی لە «هیندستان» کردووە. لەوێ لەسەر دەستی «سوڵتان عەبدوڵڵای دەهلەوی»دا، مۆڵەتی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ «سولەیمانی». ئیدی، لەو ڕۆژەوە خەریکبووە، بیروباوەڕەکەی خۆی بڵاوکردۆتەوە، خەڵکێکی زۆری لێ کۆبۆتەوە. نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو، لە هێندێ وڵاتانی ئیسلامیشەوە، سەردانیان کردووە و بڕوای خۆیان داوەتێ. بە هۆی ئەم دوو پیاوە مەزن و ئەو دوو ڕێبازە ئایینییە بەناوبانگەوە، شارەکەش پتر ڕووی لە فراوانبوون کردووە.

٣- بازرگانی: شاری «سولەیمانی»، شوێنێکی ستراتیژی هەبووە. هەروەها، دانیشتووانی گەلێ چالاک بوون، زۆربەشیان لە «بازرگان، دوکاندار و خەڵکی دەسترەنگین» پێکهاتبوون، لە لایەکەوە، جووڵانەوەیەکی بازرگانیی گەورە لە نێوخۆدا گەشەیکردووە. لە لایەکی دیکەشەوە، پێوەندیی بازرگانی لەگەڵ شارەکانی وەک: «بەغدا، موسڵ، کەرکووک، هەمەدان، سنە، تەورێز، ئەرزڕۆم ... تاد»دا پێکهاتووە. بەروبوومی کوردستان وەک: «توتن، ڕۆن، پەنیر، کەتیرە، ترش، پیو، ئاوریشم، مازوو، جەوت، هەنگوین، لۆکە، میوە، برنج، مەڕومالات»یان، بۆ ئەو شوێنانە بردووە. لە وێشەوە، «خورما، قاوە، قوماش، پێڵاو، خام، جامانە، پۆڵا و ئاسنی خاو»یان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەتەوە. بەرهەمی

هەموو ناوچەکانیشیان، بۆ ناوچەیەکی دیکە گواستۆتەوە. بەو شێوەیە قەرەباڵغییەکی زۆر رووی لە شاری «سولەیمانی» کردووە و وەک ناوەندی بزووتنەوەیەکی بازرگانیی چالاکی لێهاتووە.

٤- رێگەی هاتوچۆ: شاری «سولەیمانی»، وەک «قەڵاچوالان» دووردەستت نەبووە. بەڵکوو، بە چەقی رێگەکانی هەموو ناوچە و شارەکانی دەوروبەری دانراوە و هەموو ئەو شوێنانەی پێشتر پەنجەمان بۆ راکێشان، بە یەکییەوە بەستوونەتەوە.

٥- کشتوکاڵ: لە ناوچەی «سولەیمانی»، ئاوێکی زۆر هەبووە و بارانێکی باشی لێ باریوە، دەشتێکی فراوان و خاکێکی بە پیت و بە پرشتی هەبووە و هەیە، ساڵانە بەروبوومی هەمەجۆرەی «دەغڵودان، سەوزە و میوە»یەکی زۆری لێ بەرهەم هێنراوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا، خەڵکێکی زۆری بۆ ئەم ناوچەیە راکێشاوە، وای لێ کردوون، کۆچی بۆ بکەن و بە تەواوی لێی جێگیربن.

٦- پیشەسازیی ناوخۆ: لە نێو شاری «سولەیمانی»دا، تا ئەندازەیەک، پیشەسازییە دەستییەکان پەرەیسەندبوو، کە بەشی بەکارهێنانی ناوخۆی دانیشتووانی دەکرد و زیادەکەشیان بۆ دەرەوە دەنارد. ئەو پیشەسازییانەی لەو سەردەمەدا بڵاوبوون، وەک: «پێڵاو دروستکردن، ئاسنگەری، مزگەری، خومچێتی، دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ، چەخماخسازی وەک دروستکردنی شیر، خەنجەر، رم، تفەنگ ـ مارتینیی ـ گوللە، پێویستییەکانی کشتوکاڵ و دروستکردنی خواردەمەنی جیاواز ... تاد».

## رووداو و کارەساتەکانی شارەکە:

لە سەردەمە جیاجیاکانی مێژوودا، شاری «سولەیمانی»، تووشی گەلێ کارەساتی ماڵوێرانکەرانەی سروشتی بووە. هێندێ رووداوی گرینگی مێژوویی و نەتەوەییش، یەخەی خەڵکی شارەکەی گرتووە. گرینگەکانیان ئەمانەن:

١- ناکۆکیی نێوان میرەکانی «بابان» لە سەر دەستەڵات و فەرمانڕەوایی.

٢- دەستدرێژییەکانی «ئێران»، بە تایبەتیی هەر دوو هێرشە بەرفراوانەکانی ساڵی ١٨٤١ و ١٨٤٤، کوشتارێکی زۆریان لە خەڵکی ناوچەکە کرد و شارەکەشیان وێرانکرد.

٣- نەخۆشی: بە تایبەتی، نەخۆشیی رشاندنەوە گەورەکەی ساڵی ١٨٣١، خەڵکێکی زۆری کوشت و هێندێکیش لە تاوا دەربەدەربوون.

٤- جەنگی یەکەمی جیهانی: ١٩١٤/٠٦/٢٨ ـ ١٩١٨/١١/١١.

لە نێو خەڵکی کوردستاندا بە «سەفەربەرلک» ناوی دەرکردووە و ١٩١٤/٠٨/٠٢، تورکەکان جاری «سەفەربەرلک»یان داوە. کاتێ شەڕ دەستیپێکرد، هەرچی پیاو و لاوەکان هەبووە، چەکیان دراوەتێ و بۆ بەرەکانی جەنگ رەوانەیان کردوون. تەنیا «مناڵ، ژن، پیر و پەککەوتە»کان ماونەتەوە. لەبەرئەوە، باری ئابووری زۆر خراپ تێکشکاوە، کشتوکاڵ کزبووە، پیشەسازیی نێوخۆ لاوازبووە. بێکاری، گرانی، برسێتی، دزی، جەردەیی و راووڕووت، بە شێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەیکردووە. هیچ کارێ بێ بەرتیل وەرگرتن جێبەجێ نەکراوە. جەندرمەی تورک، بە ئاشکرا جەردەییان کردووە، دەستیان بۆ نامووسی خەڵکی راکێشاوە. خەڵکێکی زۆر لە برساندا مردوون، بە ئەندازەیەک، فریای شاردنەوەی لاشەی مردووەکان نەکەوتوون. لە تاوا گۆشتی وڵاخیان خواردووە. داوێنپیسی و لەشفرۆشییەکی زۆر بڵاوبۆتەوە. لە ئەنجامدا، ژمارەی دانیشتووانی شارەکە، زۆر کەمبۆتەوە. «ماسۆن کینیز» نووسیوێتی: «ژمارەی دانیشتووانی سولەیمانی، لە چل هەزار کەسەوە، هاتە سەر نۆ هەزار کەس». [٥] مەگەر هەر «مەلا حەمدونە کوێرە»ی هۆنەر توانیبێتی، بە ٣٢ دێڕ هۆنراوە، بە تەواوی باسی کارەساتی ماڵوێرانکەرانەی ئەو جەنگە بگێڕێتەوە، کاتێ گوتوویەتی:

ئەم رۆژە چ رۆژێکە کە عالەم شڵەژاوە؟
هەر کەس بە جەخاری جگەری قیمەکراوە
دنیا پڕی ئاشووبە، خەلایق بە عومومی
ئاسایشی لێ مەنعە، ئەڵێی هێرشی ئاوە
ئەم زاڵمی سەفەفاکی «سەفەربەرلگە» ئەمرۆ
فەرمانی بە خوێنڕشتنی ئەم عالەمە داوە
ژاندرمە ئەسوڕێتەوە، وەک واشەیی برسی
بۆ لاشەیی میللەت، بە فروفێڵی غەزاوە[٦]

٥- دوو دەوڵەتی کوردیی، لە شاری «سولەیمانی» بە سەرکردایەتی «شێخ مەحموودی حەفید» دامەزراوون. یەکەمیان لە ١٩١٨/١١/٠١ و دووەمیشیان لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢ ـ ١٩٢٤دا بوون.

٦- بۆمباران: دوو جار ئینگلیزە دیمۆکراسیخوازەکان، شاری «سولەیمانی»یان بۆمبارانکردووە. جاری یەکەم لە رۆژی ١٩٢٢/٠٢/٢٩ و جاری دووەمیش لە رۆژی «١٩٢٣/٠٣/٠٤»دا بوو. گەلێ کەس کوژراوە و شارەکەش کاولبووە.

٧- خەڵکی شار، لە راپەڕینەکەی بەر دەرکی سەرای «سولەیمانی» و رۆژی رەشی ٦ سێپتێمبەری ١٩٣٠، پتر لە سەد کەس بریندار و کوژراویان داوە.

٨- لافاو: لە مێژووی شارەکەدا، چەند لافاوێ هەستاوە. بەڵام، گرینگترینیان ئەو دوو لافاوە گەورەیە بووە، کە شاری «سولەیمانی»یان پەرێشان کردووە. یەکەمیان لە ٣٠-١٩٣١ و دووەمیشیان لە رۆژی ١٨/ ١٠/ ١٩٥٧دا بوون. زیانێکی ماڵی و گیانیی گەورەیان، بە خەڵکی شارەکە گەیاندووە. بە تایبەتی، چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ و هەژارەکان، زۆر پەرێشان بوون. ئەوەتە، هۆنەرێکی وەک «حەمدی»، دەربارەی لافاوە گەورەکەی ساڵی ١٩٣٢، بە ٢٦ نیودێڕە هۆنراوە گوتوویەتی:

ساڵی جارێ هەر دەبێ، شار ببێتە مەزبەلە
یا بە بۆمبا، یا بە ئاگر، یا بە بارانی پەلە
ئاگرت تێبەربێ گەردون، وا ئەبێ دەور و خولت
نایەڵی قەت مەزرەعەی ئومێدی کورد بێ دووپەلە[٧]

٩- لە ١٩٣٢/٠٢/٢٥دا، بەفرێکی زۆر گەورە باریوە، خەڵکێکی زۆر لە سەرمان و برساندا رەقبوونەتەوە.

١٠- جەنگی دووەمی جیهانی: ١٩٣٩/٠٩/٠٢ ـ ١٩٤٥/٠٥/٠٩.

دیسانەوە، خەڵکی کوردستانیش، وەک هەموو شوێنەکانی دیکەی جیهان، لە زیانە ماڵوێرانکەرەکانی ئەو جەنگە بە دوور نەبوون.

١١- هەموو ئەو راونان، گرتن، کوشتن و برین، دەربەدەرکردن و ناخۆشییانەی، بە هۆی شۆڕشی ١١ سێپتێمبەرەوە، تا ئەورۆ، خەڵکی شار دوچاری بوون. بە تایبەتی، «منع التجول» و کارەساتە جەرگبڕەکانی ٩ یونی ١٩٦٣، ئەنفالەکان و کیمیابارانی دەوروبەری شارەکە، زیانێکی زۆریان بە خەڵکی شار گەیاندووە..

١٢- جەنگی نێوان عێراق و ئێران: ١٩٨٠-١٩٨٨، هەشت دانە ساڵی ڕەبەق، خەڵکی تووشیماڵوێرانی، ترس، ڕاکردن، کوشتن و بڕین کردووە.

١٣- جەنگی نێوخۆ: سێ جەنگ ڕوویداوە. جەنگی نێوان «جەلالی و مەلایی» (٦٦-١٩٧٠)، جەنگی نێوان «یەکێتیی و لاکانی دیکە» ٧٦-١٩٨٦)، پاشان جەنگی نێوان «پارتیی و یەکێتیی» (٩٤-١٩٩٦) و بەرە ژوور. بە هۆی ئەو جەنگە چەپەڵانەوە، بە هەزاران ماڵی کورد بە گشتی و خەڵکی شارەکە بە تایبەتی، تووشی برسێتی، نەهامەتی، ئاوارەبوون و ناخۆشی بوون. بە سەدان کەسی شارەکە بەخۆڕایی تێداچوون. چۆڵکردن، داگیرکردن، دیسان چۆڵکردن و داگیرکردنەوەی یەک لە دوای یەک، لە لایەن هێزەکانی پارتی و یەکێتییەوە، یەکێ لەو ناخۆشی و گرفتە گەورانە بووە، بەربینگی خەڵکی شارەکەی گرتووە.

١٤- هەر لە کۆنەوە تا ئەوڕۆ، گەلێ کەڵەپیاوی قارەمانی شارەکە، لە پێناوی کورد و کوردستاندا تێکۆشاون. لەبەرئەوە، دەزگە داپڵۆسێنەرەکانی دەوڵەتی داگیرکەری «عێراق»، لە سەردەمە جیاجیاکانی دەستەڵاتیاندا، لە قوژبنی گرتووخانەکان توندیان کردوون. ئەوانیش، بە هیچ جۆرێ سڵیان لە مردن نەکردۆتەوە، لە سێدارە دراون و زۆر بێ باکانە گیانی خۆیان بەخشیوە. وەک مەحموود جەودەت، محەمەد قودسی، شەهابی شێخ نووری... تاد. یا دژی هێزەکانی داگیرکەر ڕاپەڕیون و بە خوێنی خۆیان، شەقامەکانی شاریان سوورکردووە. وەک هەڵۆ بەگ، عەولەسیس، ئەختەر... تاد. جگە لەمانەش، بە هەزاران لاوی کورد، لە نێو کۆڵانەکانی شار و سەر شەقامەکان، لە قوژبنی گرتووخانە تاریکەکان و لە سەر لووتکەی بڵندی چیاکانی کوردستان شەهیدکراون.

**شوێنە خۆشەکانی شار:**

شاری «سولەیمانی» و دەوروبەری، چ لە کۆن و چ ئێستە، گەلێ شوێنی خۆش و پڕ لە ئاووهەوای سازگاری لێ بووە. لەوانە:

١- کانیبا: کانییەکی پچکۆلەیە و لە پشت گردی «سەیوان»دوەیە. جاران، خەڵک هەم بۆ سەیران و هەم بۆ سەردانی دەچوون. گوایە، نەخۆشیی باداری چاک کردۆتەوە. تەنانەت لەو سەردەمانەدا، لاوەکان و دەنگخۆشەکان بە گۆرانی، باسی یار و ئەو کانییەیان کردووە و گوتوویانە:

داویە بە سەریا سەرپۆش و عەبا/ دەچێ بۆ زیارەت بۆ سەر کانیبا

٢- گردی سەیوان: گردێکی گەورەیە، لە ڕۆژهەڵاتی شاری «سولەیمانی» هەڵکەوتووە. کاتی خۆی دارستان و باخی سێو و ڕەز بووە، جێگەی سەیرانی میرەکانی بابان بووە. بەڵام دوای ئەوەی شارەکە گەورە بووە، کراوە بە گۆڕستان. زۆربەی پیاوە ناسراوەکانی شار، لەم گردە نێژراون. زۆربەی زۆری هونەرانی کورد، لە هۆنراوەکانیاندا، ناوی ئەم گردەیان بردووە.

٣- کانیسکان: ئاو و سەوزاییەکی زۆری هەبووە، خەڵکی بۆ سەیران چوونەتە ئەوێ. بەڵام، ئێستە تەنیا کارێزەکەی ماوە و هەموو ئەو ناوە بووە بە خانوو.

٤- تانجەرۆ: چەمێکی گەورەیە و لە خوارووی شارەکەوە هەڵکەوتووە، جێگەی سەیران و مەلە و ڕاوەماسی بووە.

٥- سەرچنار: شوێنێکی بە ئاو و باخ و دارستان بووە، جێگەی سەیران و پاشتر لەشکرەکەی «ئەحمەد پاشای بابان» بووە. «تۆفیق قەزاز» دەستی پێدا هێناوە، چاکیکردووە و کردوویەتی بە سەیرانگە.

٦- بەکرەجۆ: «بەکر بەگی بابان» لە «سەرچنار و قلیاسان»دوە، بە جۆگە ئاوی بۆ ڕاکێشاوە، کە بە «بەکرە سوور» ناوبانگی دەرکردووە.

٧- لە سنووری پارێزگەکەدا، گەلێ سەیرانگە و شوێنی دڵڕفێنی دیکەی وەک: سەرای سوبحان ئاغا، سیروان، زەڵم. ئەحماوا، بیارە، تەوێڵە لە ناوچەی شارەزوور. قۆپی، حەوت دەربەندەکە و زرگوێز لە بەری قەراخ. ئەلیاسەفرە، سەرچەم، بەرباخ، چوارباخ و بلکیان لە پێنجوین. قوڵەڕەش، سەرسیر، ئاوی قەڵاچوالان، کارێزە، کونەماسی و چەمەکەی قەشان لە شارباژێڕ. کۆتەڵ، کانیسارد، دوکان و پیرەمەگروون لە ناوچەی سورداش. بێتواتە، دەربەندی ڕانیە، هێرۆ و هەڵشۆ لە ناوچەی پشدەر هەیە. بە خۆڕایی، هونەرمەندێکی دەنگخۆشی وەک «حەسەن زیرەک»، جوانیی «جەمیلە»ی بە «هەڵشۆ» نەچواندووە و نەیگوتووە:

جەمیلە هێند جوانی دەڵێی هەڵشۆی/ جەمیلە وەک قەندی کلۆکلۆی

لە سنووری پارێزگەی «سولەیمانی»دا، گەلێ شوێنی مێژوویی هەیە. بۆ نموونە: «دەربەندی بازیان»، یەکێ لە دەربەندەکانی زنجیرە چیاکانی «قەراخ» پێکدێنێ، ٥٤ کم لە ڕۆژاوای شاری «سولەیمانی»یەوە دوورە. ئەم دەربەندە لە کۆنەوە تا ئەوڕۆ، بە دەرگەی سەرەکی شارەکە دانراوە. لەم دەربەندەدا، گەلێ شەڕی قورس و خوێناوی، لە نێوان دانیشتووانی ئەو ناوچەیە و «ئەکەدی ـ سۆمەری»یەکاندا ڕوویداوە. «ئەوڕەحمان پاشای بابان»، دوو جار پەلاماری لەشکری تورکە «عوسمانی»یەکانی داوە. «شێخ مەحموود»ی نەمر، هەر لەم دەربەندەدا، دەستەویەخە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا شەڕیکردووە، بریندارکراوە و بە دیلگیراوە. یەکەم پێکدادانی هەرای سەرۆک تیرە و هۆزەکانی کوردیش، لە ١١سێپتێمبەری١٩٦١یشدا، هەر لەم دەربەندەدا بوو، کە دوایی ناوی شۆڕشی لێ نرا.

هەروەها، چەند ئەشکەوتێکی بەناوبانگی لێ یە، گرینگەکانیان، ئەشکەوتی «هەزارمێرد»، سیازدە کم لە شارەوە دوورە. ئەشکەوتی «زەرزی» لە ناوچەی «پێنجوین» دایە. جگە لە شاخی «ئاسناوا» لە نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵکەوتووە.

**پیر و پیاوچاکەکانی شار:**

١- پیر میکایل: لە باکووری «سولەیمانی» دایە. وەک دەڵێن: پیاو چاک بووە و خەڵک سەردانی مەزارەکەیان کردووە.

٢. شێخ جافر: دوو «شێخ جافر» هەیە. یەکەمیان لە سەر شەقامی «نالی» و دووەمیشیان لە گەڕەکی «شێخان»ە.

٣. وەیس: لە جێگەی ئوتێلی «ئاشتی»ی ئێستە بووە. بە تایبەتی، ژنان سەردانیان کردووە، ڕاز و نیازەکانی خۆیان بۆ هەڵڕشتووە. وەک سونبلێکی خۆشەویستی سەیرکراوە، کاتێ دوو دڵدار لە یەکدی زویربوون، «وەیس»یان بە دادگەر داناوە، بۆیە ئەم بەیتە فۆکلۆرییە لە نێو خەڵکی شاردا بلاوبۆتەوە:

با بچینە سەر وەیس، وەیسی خۆمانە/ لە وەیس بپرسین، خەتای کامانە

٤- شەخسە فەقیرە: دووان هەبوون، یەکێکیان لای کارێزی «دارۆغا» و ئەوی دیکەیان، لای قاوەخانەی «سەرچیمەن»دوە بووە.

٥- شێخ ئەحمەدی هیندی: لە گەڕەکی «کارێزەوشک» نێژراوە.

٦- ئەسحابەسپی: ئەم پیاوچاکە، لە نێو گەڕاجەکەی سەر شەقامی «نالی» دایە.

٧- هۆمەرمەندان ـ عومەرمەندان: لە خوارووی «سولەیمانی» و لە گەڕەکی هۆمەرمەندانە.

٨- قازی بەنێ: لە گەڕەکی «خەبات»ە. ژنان بۆ دوعاکردن سەردانیان کردووە، تا خوا کوڕیەیەکیان پێ ببەخشێ. بۆیە، پاڕاونەوە و گوتوویانە:
قازی بەنێ، هاتینە سەرت، منداڵمان بەرێ.

٩- شێخ مستەفا: سێ «شێخ مستەفا» هەیە. یەکەمیان لە بازاڕە پچکۆلەی گەڕەکی «کانیسکان»، دووەمیان خوار بەنزینخانەکەی گەڕەکی «عەقاری» و سێیەمیشیان لە «سەرشەقام»ن.

١٠- شێخ محێدین: بەرامبەر مزگەوتەکەی حاجی «جەمالی حاجی فەرەج» و نزیک گوندی «ئابلاخ»ە.

١١- شێخ ئەولا: لە گەڕەکی «کانیسکان» و لە پشت مزگەوتی «قامیشان» دایە. لە پەنجاکاندا، لەوێ تۆپی بەربانگی ڕەمەزانیان تەقاندووە.

١٢- گەلێ پیر و پیاوچاکی دیکەی وەک: «شێخ مارفی نۆدێ لە گردی سەیوان و کاک ئەحمەدی شێخ ... تاد»، لە گۆڕستان و مزگەوتەکاندا نێژراون.

## ناکۆکیی نێوان میرەکانی بابان:

میرەکانی «بابان»، لە شاری «سولەیمانی» فەرمانڕەوایی میرنشینەکەیان کردووە. شێوەیەک لە شێوەکانی سەربەخۆیی نێوخۆییان هەبووە. بە زاراوەی ڕامیاری ئەورۆ دەتوانین، بڵێین: «ئۆتۆنۆمی»یەکی تایبەتییان هەبووە. چونکە، هێندێ جار لە سەربەخۆیی نزیک کەوتوونەتەوە. میرەکانیش، بەپێی مێژووی فەرمانڕەواییان ئەمانە بوون:

### ١- برایم پاشای بابان (١٧٨٣-١٨٠٠)

کوڕی ئەحمەد پاشای کوڕی خالید پاشای بابان بووە. میانەی لەگەڵ والی «بەغدا»دا باش نەبووە. دوو جار لە فەرمانڕەوایی لا براوە. جاری یەکەم، عوسمان پاشای کوڕی مەحموود پاشای ئامۆزای لە شوێن دانراوە. پاشان، والی «بەغدا» ژاری دەرخواردداوە و کوشتوویەتی. ئینجا، برایم پاشا»ی داناوەتەوە. جاری دووەم، لای بردۆتەوە و ساڵی ١٧٨٩، ئەوڕەحمان بەگی کوڕی مەحموود پاشا و برای «عوسمان پاشا»ی داناوە و تا ساڵی ١٧٩٨ فەرمانڕەوایی کردووە. پاشتریش، «برایم پاشا»ی لە شوێن داناوەتەوە. «برایم پاشا»، کاتێ بەرەو «سولەیمانی» گەڕاوەتەوە، لە ڕێگە و لە نزیک شاری «موسڵ» مردووە. هەر لەوێ، لە تەنیشت مەزارگەی «یونس» پەیامبەرەوە نێژراوە.

### ٢- ئەوڕەحمان پاشای بابان(١٧٨٩-١٨١٣)

کوڕی مەحموود پاشا کوڕی خالید پاش» بووە و دەچێتەوە سەر «فەقێ ئەحمەدی دارشمانە». ئەم میرە، بەهێزترین، ئازاترین، وریاترین و دووربینترین میری «بابان» بووە. تەنانەت، هێندە بەهێزبووە، لەسەردەمێکدا پەلاماری «بەغدا»ی داوە و داگیری کردووە. والییەکانی «بەغدا»، گێچەڵیان زۆر پێکردووە. لەبەرئەوە، گەلێ جار لابراوە و دانراوەتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، لە سەر دەستەڵات، لەگەڵ خزمەکانی خۆیدا ناکۆک بووە، خوێنێکی زۆر لە نێوانیاندا ڕژاوە، شەش جار ڕاونراوە، دیسانەوە گەڕاوەتەوە و هەستاوەتەوە. ساڵی ١٨١٣ مردووە و لە مزگەوتی گەورە نێژراوە.

١. ساڵی ١٨٠٥، والی «بەغدا»، یارمەتی خالید بەگی برای برایم پاشا و ئامۆزای خۆی داوە. لە «دەربەندی بازیان»، پەلاماری یەکیان داوە و شکاندوویەتی. دوایی «ئەوڕەحمان پاشا» پەنای بۆ «ئێران» بردووە.

٢. ساڵی ١٨٠٦، شای «ئێران»، یارمەتی ئەوڕەحمان پاشای داوە، خالید پاشای لابردووە و ئەوی داناوەتەوە.

٣. ساڵی ١٨٠٨ بۆ جاری دووەم، لەگەڵ خالید پاشا لە«دەربەندی بازیان»، بە یارمەتی والی «بەغدا»، پەلاماری یەکدیان داوەتەوە. خالید پاشا شکاوە و هەڵاتووە.

٤. ساڵی ١٨١٢، لە «کفری» پەلاماری یەکیان داوەتەوە. والی «بەغدا» یارمەتی «خالید پاشا»ی داوە. «ئەوڕەحمان پاشا» شکاوە و ئەو دانراوەتەوە.

٥. جارێکی دیکە «خالید پاشا»، بە فەرمانی «ئێران» لابراوە و «ئەوڕەحمان پاشا» دانراوەتەوە. پاشان «ئەوڕەحمان پاشا»، لە سەر قسەی والی «بەغدا» لابراوە و «خالید پاشا» دانراوەتەوە.

### ٣- مەحموود پاشای بابان(١٨١٣-١٨٣٤)

کوڕە گەورەی «ئەوڕەحمان پاشا» بووە. دە جار، لەگەڵ خزم و کەسوکارەکانیدا، پەلاماری یەکدیان داوە. پاشان دوورخراوەتەوە و گەڕاوەتەوە:

١. لە سەردەمی «سەعید پاشا»ی والی «بەغدا»دا، «مەحموود پاشا» لە کارخراوە، «عەبدوڵلا پاشا»ی مامی دانراوە. پاشان «داود پاشا» هاتووە و «مەحموود پاشا»ی داناوەتەوە.

٢. «داود پاشا»ی والی «بەغدا»، «مەحموود پاشا»ی لابردووە و «حەسەن بەگ»ی برای لە جێگەی داناوە. ئەویش، پەنای بۆ «ئێران» بردووە و لەشکریان بۆ ڕێکخستووە. «عەبدوڵلا پاشا»ش، لەشکری «بەغدا»ی هێناوە و لە «کەرکووک» شەڕ لە نێوانیاندا گەرم بووە. «مەحموود پاشا» سەرکەوتووە و بەرەو «سولەیمانی» گەڕاوەتەوە.

٣. «ئێران» هێزێکی بۆ «عەبدوڵلا پاشا» کۆکردۆتەوە، والی «بەغدا»ش لەشکرێکی بۆ یارمەتی «مەحموود پاشا» ناردووە. هەر دوو لەشکر لە گوندی «قەرەگۆڵ» لە یەکیان داوە. «مەحموود پاشا» شکاوە و هەڵاتووە. «عەبدوڵلا پاشا» لە شوێنی دانراوەتەوە. پاشان «مەحموود پاشا»، بە یارمەتیی والی «دیاربەکر» و «داود پاشا»، لە «سەگرمە» ساڵی ١٩٢٢، بە سەر «عەبدوڵلا پاشا»دا سەرکەوتووە و گەڕاوەتەوە بۆ «سولەیمانی».

٤. کاتێ ئەخۆشیی ڕشانەوە، لە شاری «سولەیمانی» بڵاوبۆتەوە، «عەبدوڵلا پاشا» بە هەلی زانیوە، سوپای «ئێران»ی هێناوە و شارەکەی داگیرکردۆتەوە. «مەحموود پاشا» هەڵاتووە بۆ «کەرکووک». ئەم جارە، داوای یارمەتی لە «ئێران» کردووە. ئەوانیش، لەشکرێکی گەورەیان داوەتێ، لە ساڵی ١٩٢٣دا «عەبدوڵلا پاشا»ی شکاندووە و دەستی بە سەر کاری فەرمانڕەوایی میرنشینەکەدا گرتۆتەوە.

٥. محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا، بە یارمەتیی «داود پاشا»ی والی «بەغدا»، «مەحموود پاشا»ی مامی لە «سولەیمانی» دەرپەڕاندووە و ڕاویناوە بۆ «پێنجوین». «مەحموود پاشا» لەوێ، داوای یارمەتی لە «ئێران» کردووە. بە هۆی لەشکری «ئێران»ەوە، جارێکی دیکە «محەمەد

پاشا»ی برازای دەرکردووە و لە ١٨٢٥دا گەڕاوەتەوە بۆ «سولەیمانی».

٦. سولەیمان بەگی برای مەحموود پاشا، لە ژێرەوە لەگەڵ چەکدارەکانیدا ڕێککەوتووە، کودەتایەکی بە سەردا کردووە و لە سەر کورسییەکەی کاکی دانیشتووە.. «مەحموود پاشا»ش، بە پشتیوانیی «ئێران» پەلاماری «سولەیمانی» داوە و تۆڵەی خۆی لێ سەندۆتەوە. «سولەیمان»ی براشی پەنای بۆ «گڵەزەردە» بردووە.

٧. «سولەیمان بەگ»، وازی نەهێناوە. جارێکی دیکەش، بە هۆی سوپاکەی کاکییەوە، «مەحموود پاشا»ی ڕاوناوەتەوە بۆ «ئێران». پاشان ئەویش، بە یارمەتی «ئێران» شاری «سولەیمانی» داگیرکردۆتەوە.

٨. «سولەیمان بەگ»، داوای یارمەتی لە والی «بەغدا» کردووە. هەر دوو لەشکر دیسانەوە، لە «قەرەگۆل» لووتیان بە لووتی یەکدیدا تەقیوە. «مەحموود پاشا» شکاوە و پەنای بۆ «ئێران» بردووە. پاشان سوپای «ئێران»ی هێناوە و لە ١٨٣٠دا، شاری «سولەیمانی» گرتۆتەوە. «سولەیمان بەگ»یش، تا لای والی «بەغدا» نەوەستاوە!

٩. «سولەیمان بەگ»، بە یارمەتیی لەشکری «بەغدا»، «مەحموود پاشا»ی لە «سولەیمانی» دەرپەڕاندووە. ئەویش ناچاربووە، ڕوو لە «ئێران» بکا. ئەوانیش لەشکرێکیان بۆ ڕێکخستووە و لە «ناوپارێز» بە یەک گەیشتوون. «مەحموود پاشا» سەرکەوتووە و لە ١٨٣١دا بۆ «سولەیمانی» گەڕاوەتەوە.

١٠. «سولەیمان بەگ» لە «کفری»یەوە، لەشکری هێناوە و «مەحموود پاشا»ی لە «سولەیمانی» دەرکردووە. ئیدی «مەحموود پاشا»، هیچی پێ نەکراوە، ناچاربووە، ساڵی ١٨٣١ سەری خۆی هەڵگرێ، ڕووی لە «ئەستانە» کردووە. ساڵی ١٨٣٥ گەیشتۆتە ئەوێ و لێی دانیشتووە.

**٤- سولەیمان پاشا (١٨٢٩-١٨٣٨)**

کوڕی «ئەوڕەحمان پاشا» و برای «مەحموود پاشا» بووە. لە سەردەمی ئەم پاشایەدا، ململانێی دەستەڵات کزتربووە. کەسێ نەبوو، دژایەتی بکا. ساڵی ١٨٣٨ مردووە و لە گردی «سەیوان» نێژراوە.

**٥- ئەحمەد پاشای بابان(١٨٣٨-١٨٥٠)**

کوڕە گەورەی «سولەیمان پاشا» بووە. زۆر پیاوێکی ئازا، زیرەک و دادپەروەر بووە. دوا میری «بابان» بووە. «ئەحمەد پاشا»، لەگەڵ «ئێران»دا بە شەڕهاتووە. هەر دوو دەوڵەتی «ئێران و عوسمانیی» ڕێککەوتوون ، بۆ ئەوەی لەنێوی بەرن. پاشان گرتوویانە و دووریان خستۆتەوە بۆ «ئەستانە».

ساڵی ١٨٥١، لەشکری «عوسمانی»، پەلاماری شاری «سولەیمانی» داوە. «عەزیز بەگ»ی دوا میری «بابان»، بە خۆی و لەشکرێکی کەمەوە، داکۆکییان لە شارەکە کردووە. بەڵام، هیچیان پێ نەکراوە و کارلەکار ترازاوە. «عەزیز بەگ»، شەهیدکراوە و لەشکری «عوسمانی»ش، شارەکەیان داگیرکردووە.

پاشان، عەبدوڵڵا پاشای برای ئەحمەد پاشا، بە قایمقامی «سولەیمانی» دانراوە. پاش ماوەیەک، ئەویشیان لابردووە و «سمایل پاشا»ی تورک بە قایمقام لە جێگەی دانراوە و هەموو پیاوە ناودارەکانی «بابان»یشیان، بۆ «تورکیا» دوورخستۆتەوە. ئیدی، بەو شێوەیە، کۆتایی بە دەستەڵاتی میرنشینی «بابان» هاتووە. دوای ئەوەی، ٦٧ ساڵ لە شاری «سولەیمانی» فەرمانڕەواییان کردووە. مەگەر هەر هونەرێکی وەک «سالم» توانیبێتی، لەو چامە درێژەی بۆ «نالی» ناردووە، لە لایەکەوە، باسی ئازایەتی، قارەمانێتی، پاڵەوانی و مەردایەتی میرێکی وەک «عەزیز بەگ» و هاوەڵەکانی کردبێ. لە لایەکی دیکەشەوە، پەردەی لە ڕووی «خۆفرۆشان، چڵکاوخۆران و نۆکەر»ەکانی تورکە «عوسمانی»یەکان هەڵماڵیبێ.

لە ڕاستیدا، گەر ئەمە تراژیدیایەکی نەتەوەیی نەبووبێ، گەر ئەمە مێژووی پڕ لە شەرمەزاری و خۆخۆریی میرەکانی «بابان» نەبووبێ، گەر ئەمە وەک یارییە «مشک» و «پشیلە»کە نەبووبێ، ئەدی دەبێ، چیدیکە بووبێ؟! سەیر ئەوەیە، هەر میرێ لەو میرانە، میرە بەرانبەرە دژەکەی خۆی، بەوە تاوانبارکردووە، گوایە، پیاوی «ئێران» یا «بەغدا»یە! کەچی، زۆری نەبردووە، هەر دوو لایان چەند جارێ، وەک یاری دوو گۆڵی، سەریان گۆڕیوەتەوە!

**ئاستی زانستی و ڕۆشنبیریی شار:**

بە گەواهیی گەلێ لە بیانییەکان، کورد نەتەوەیەکی وریا و زیرەک و بەکارە. لەبەرئەوەی، میرەکانی «بابان»، هەر لە سەرەتاوە، چ لە «مەرگە و دارشمانە»، چ لە «ماوەت و قەڵاچوالان»، چەندین خوێندنگەی گەورەیان لە ناوچەکانی (ماوەت، مەروێ، کەناروێ، ڕەشەکانی، شابادین، باڵخ، مۆکەبە، گەلاڵەی شینکایەتی، سەرگەڵوو، قزلەر، زێوێ، تەڕەمار، قەراخ، تەکیە، خاوێ، بیارە، تەوێڵە، جێشانەخورەماڵ، بەرزنجە ... ) هەبووە، بە دەیان مەلا، مامۆستا و زانای ئایینیی گەورەی وەک: مەلا محەمەدی غەزایی، مەلا جامی چۆری، شێخ محەمەد وەسیمی گەورە، شێخ حەسەنی گڵەزەردە، مەلا محەمەدی ئیبنولحاج، مەلا جەلالی خورەماڵی، مەلا حەسەنی قازیی سورداش، شێخ ئەحمەدی عەودالانی... هەبووە. کاتێ شاری «سولەیمانی»شیان دروستکردووە و لە «قەڵاچوالان»ەوە گواستویانەتەوە، هەموو خوێندنگەکانیان لەگەڵ خۆیاندا گواستۆتەوە. لە سەردەمی دامەزراندنی شاری «سولەیمانی»دا، تەنیا حوجرەی فەقێ، خوێندنگە ئایینیی و ژووری مەلای مزگەوتەکان هەبوون. ئەو خوێندنگەیانەی لەو سەردەمەدا هەبوون، ئەمانە بوون:

١. خوێندنگەی مزگەوتی گەورەی قەڵاچوالان: ئەم خوێندنگەیە، هەر لە سەرەتاوە بۆ مزگەوتی گەورەی شاری «سولەیمانی» گوازراوەتەوە. پەرتووکخانە گەورە بەناوبانگەکەی «بابان»یش، هەر لەوێ جێی بۆ چاککراوە. یەکەم مامۆستای ئەم خوێندنگەیە، زانای بەناوبانگی کورد «شێخ مارفی نۆدێ» بووە، لە هەمان کاتیشدا، سەرۆکی مامۆستاکان و بەڕێوەبەری پەرتووکخانەکەش بووە. ساڵی ١٨٣٧، «شێخ مارف» مردووە. پاشان «کاک ئەحمەدی شێخ» هاتووە و وەک مامۆستا و لێپرسراوی پەرتووکخانەکە کاریکردووە، کە لە ساڵی ١٨٨٨ مردووە. پاشان «مەلا ئەوڕەحمان»ی «پێنجوێن»ی هاتووە.

٢. خوێندنگەی مزگەوتی «ئەوڕەحمان پاشا».

٣. خوێندنگەی مزگەوتی خانەقای «مەولانا خالیدی نەقشبەندی».

٤. خوێندنگەی مزگەوتی «سەیید حەسەن».

٥. خوێندنگەی مزگەوتی «موفتی» لە «سولەیمانی».

٦. خوێندنگەی مزگەوتی مەلکەندی.

٧. خوێندنگەی مزگەوتی حاجی خان.

٨. خوێندنگەی مزگەوتی «حاجی شێخ ئەمینی خاڵ».

جگە لەو خوێندنگایانە، گەلێ حوجرەش لە سولەیمانی هەبووە. وک حوجرەی مەلای زەلزەلی، خواجە فەندی، مەلا فاتم لە دەرگەزێن، تاجیە

خان، مەلا ئامینە لە سەرشەقام، مەلا ڕەعنا و مەلا حەبیب. ئەوڕۆش، شاری «سولەیمانی»، بە سەدان خوێندنگەی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی و پەیمانگەی جیاجیای تێدا هەیە. لە ۲۳/ ۱۰/ ۱۹٦۸ەوە زانکۆیەکیشی لێ کراوەتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، شاری «سولەیمانی » لە باشووری کوردستان، هەر لەو ڕۆژەی دامەزراوە تا ئەوڕۆ، بە مەڵبەندێکی گەورەی زانست، خوێندەواری و سەرچاوەیەکی گەورەی لەبن نەهاتووی بزووتنەوەی ڕووناکبیریی کورد دانراوە. مەڵبەندێکی گەورەی ئایینی و ڕێبازەکانی قادری، نەقشبەندی و هەقە بووە. جێگەی پیر و پیاوچاکان، میرەکانی «بابان » و شێخانی «بەرزنجە» بووە. هەر لە کۆنەوە بێ جیاوازی، کوردی موسوڵمان، فەلە، جوو، کاکەیی، لەو شارەدا پێکەوە وەک برا ژیاون. کانگەی کوردایەتی، بیری ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بووە. بۆیە، زۆربەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و پارتە ڕامیارییەکانی، وەک: «کۆمەڵەی کوردستانی ڕەفیق حیلمیی، کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستانی مستەفا پاشای یامولکی، برایەتی، پشتیوانی، کۆمەڵەی هیوا، پارتی، کاژیک، پاسۆک و گەلێکی دیکەش، هەر لە ناوچەی «سولەیمانی» دامەزراون. «سولەیمانی»، شاری «هەڵمەتبردن، قوربانییدان، ڕاپەڕین و شۆڕش بەرپاکردن بووە. بۆیە، زۆربەی شۆڕشەکانی وەک: هەر سێ شۆڕشەکەی شێخ مەحموودی نەمر، ڕاپەڕینەکەی بەر دەرکی سەرا (۱۹۳۰)، شۆڕشی ۱۱سێپتێمبەری ۱۹٦۱ و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە کۆتایی سالی ۱۹۷٦دا هەر لە ناوچەی «سولەیمانی» هەڵگیرساون. لە هەموو بار و سەردەمێکدا، هەر دانیشتووانی «سولەیمانی» بوون، پەنجەی ڕەتکردنەوەیان، دژی پیلان و نەخشە گڵاوەکانی دوژمنان و داگیرکەران بەرزکردۆتەوە و داوای کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیاریان کردووە. پتر لە هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان قوربانییانداوە و خوێنییانڕشتووە. بە سەدان پیاوی ئایینی و زانای وەک: شێخ مارفی نۆدێ، کاک ئەحمەدی شێخ، شێخ سەعیدی بەرزنجی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، موفتی زەهاوی، شێخ ڕەزای دێلێژە، شێخ حەسەنی گڵەزەردە و مەلا عەبدولڕەحمانی خەرپانی تێدا هەڵکەوتووە. هەروەها، بە سەدان نووسەر و هۆنەری گەورەی وەک: «نالی، مەحوی، حەمدی، زێوەر، بێخود، سالم، کوردی، ئەحمەد موختار جاف، تایەر بەگی جاف، کەمالی، قانیع، شێخ نووریی شێخ سالح، پیرەمێرد، عەلادین سەجادی، شاکیر فەتاح، برایم ئەحمەد، گۆران و بێکەس لە دامێنیدا کەوتۆتەخوار. بە دەیان دەنگخۆش و هونەرمەندی وەک: ڕەشۆل، ڕەفیق چالاک، سالح دیلان و ئەنوەر قەرەداخی... لە باوەشیدا پەروەردەبوون. جێگەی بێچووە شێرانی دەیان پیاوی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەری وەک: ئەوڕەحمان پاشای بابان، مامە یارە، مەحموود پاشای جاف، شێخ مەحموودی قارەمان، عەولەسییس و هەموو ئەو لاوە کوردە ئەبەردانە بووە، کە لە گرتووخانەکانی داگیرکەری دەوڵەتی «عێراق»دا، لە سەر مافی گەلەکەیان و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان لە سێدارەدراون. جگە لەوەی، بە دەیان پیاوی نوکتەباز و فۆلکلۆریستی وەک: ئەحەی کرنوو، خالە ڕەجەب، فەریقە کوتر .. بە قسە و نوکتە خۆشەکانیان، سەربەقوڕیان هێناوەتە پێکەنین. هەروەها، چەندین شێتی بێ وەیی وەک: خولەبوز، عەبەشەکەنە، نۆزدەی قەڵب، وەهابەکەچەڵ، قالەشێت، عەبەدۆڕانیی...، شەقامەکانی شاریان بە خۆیانەوە خەریک کردووە.

دانیشتووانی «سولەیمانی»، هەمیشە شارەکەی خۆیان خۆشویستووە. لە هەموو کاتێکدا داکۆکییان لێ کردووە. کاتێ لێی دوورکەوتوونەتەوە، زۆر بە تاسە و پەرۆشەوە یادیان کردۆتەوە، بە ئاواتەوە بوون، بگەڕێنەوە. سەریان بۆ دوژمنی داگیرکەر شۆڕ نەکردووە. هەمیشە سەربەرز و سەربەخۆ ژیاون، گەر چی لە ژێر دەستی داگیرکەرانیشدا بووبن. بۆیە، هۆنەرێکی وەک «شێخ ڕەزا» گوتوویەتی:

لە بیرم دێ، سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو
نە مەحکوومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو[8]

هێندێ لە هۆنەرە ناسراو و نیشتمانپەروەرەکانی وەک: حەمدی، پیرەمێرد، زێوەر... تاد، هۆنراوەیان بە سەر «سولەیمانی»دا هەڵداوە و شانازییان پێوە کردووە. بۆ نموونە: «زێوەر» بە هەشت نیوە دێڕ هۆنراوە گوتوویەتی:

«شاری سولەیمانی» لە لام، وەک «جەننەتە» بۆ خاس و عام
نایدەم بە «ملکی میسر و شام»، ئاوابێ وەک: «دار ئەلسەلام»
«سەحرا»ی سەفابەخشی دڵە، داوێنی شاخی پڕ گوڵە
کەبکی لە شاخان «بلبلە»، شارێکە «ساحێب ئیحترام»[9]

هەروەها، ژنە کوردێکی هۆنەری وەک خاتوو «خانم رەسووڵ ئەحمەد»، هۆنراوەی بۆ «سولەیمانی» هۆنیوەتەوە. هەر چەندە، هۆنراوەکەی لە ڕووی هونەرییەوە لاوازە، بەڵام، زۆر بە کوڵی دڵەوە، هەست و خۆشەویستیی بێ گەردی خۆی، بەرانبەر شارەکەی دەربڕیوە:

سلێمانی، شاری شاران/نرخت لە لام زۆر گرانە/سلێمانی، شارەکەی خۆم/ ناتگۆڕمەوە بە بەهەشت/سلێمانی، من شەیدای تۆم/کێوت قەڵایە و مەیدانە دەشت[10]

«سولەیمانی»، شەکرە شارەکەم، ئەوڕۆ، دووسەدوهەژدە ساڵ، بە سەر دامەزراندنی تۆی ئازیزدا تێدەپەڕێ. لەم یادە پیرۆزەدا، یەکبەیەک، هەموو خڕەبەردێکی نێو کۆڵانەکان، خۆڵە پیرۆزەکەی سەر مەزارگەی پیاوچاکەکانت ماچدەکەم. سەری ڕێز و ئەوازش، بۆ هەموو شەهیدە نیشتمانپەروەرەکانت دادەنەوێنم. تاجەگوڵینەی خۆشەویستی و ئەمەکداری، لە سەر گۆڕی سەربازی گومناوت دادەنێم. چەپکێ گوڵی ڕازاوەی ڕەنگاوڕەنگ، بۆنخۆشتر لە هەڵاڵە و بەیبوون و ڕیحانە ڕەشە دەچنم و لە دامێنی ئارمگەکەی «شێخ»ی ئەمری دەدەم، ئەو «شێخ»ەی ڕەنگ و ڕووی بیری ئازادی و سەربەخۆیی، لە باشووری کوردستاندا ڕشت و بەردی بناغەی یەکەم دەوڵەتی کوردی دامەزران.

ستۆکهۆڵم، ۲۰۰۰/۱۱/۱٤

**سەرچاوەکان:**


۱) **جەمال بابان**، *سلێمانی شارە گەشاوەکەم*، بەرگی یەکەم، دار الحریە، بەغدا، ۱۹۹۳.
۲) **محمد امین زکی**، خلاصە تاریخ الکرد وکردستان، الجزء الاول والثانی، چاپخانەی دارالسلام، بەغدا، ۱۹۳۱.
۳) **ک. ج. ریچ**، *گەشتی ریچ بۆ کوردستان ۱۸۲۰*، چاپی یەکەم، ئێران ـ تەورێز، ۱۹۹۲.
٤) **محمد امین زکی**، *تاریخ السلیمانیە و انحائها*.
٥) **د. فوولاد حەمە خورشید**، *گۆڤاری کاروان*، ژمارە ٥٤، ساڵی ۱۹۸۷.
٦) **ئەکرەمی سالحی ڕەشە**، *شاری سلێمانی*، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، ۱۹۸۹.
۷) **حەمدی**، دیوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفێست، بەغدا، ۱۹۸٤.
۸) **شێخ ڕەزای تالەبانی**، دیوان، ئامادەکردنی «ناسری ئیبراهیمی»، ستۆکهۆڵم، ۱۹۹۲.
۹) **زێوەر**، دیوان، سۆزی نیشتمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ۱۹٥۸.
۱۰) **د. کوردستانی گیوی موکریانی**، هۆنراوەی ئافرەتی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، ۱۹۸۰.

## له گەڵ شاعیری لاو

# «مرێم هۆڵە»

ئامادەکردنی: مەرزە

مرێم بە تەمەن منداڵ بە عەقڵ پیرە، لە ساڵی ١٩٧٩ لە بنەماڵەیەکی کورد لە شاری تاران لە دایک بووە. مرێم ئەندامی شورای مانگانەی ئەدەبی ــ فەرهەنگی "کلک "(قەڵەم)ە، و وەڵامنێری پێشووی ژۆژنامەی " ایران ویچ " بووە و لە گەڵ حەوتوونامەی "مهر" و "ایران جوان" هەوکاری کردووە. بەرهەمەکانی مرێم بە زمانی فارسی بریتین لە:

ـ در کوچەهای اتن

ـ٢٧ روز نفرین

ـ باجەی نفرین

ـ مخاطبم رئیس است

ـ یک مجموعە شعر پراکندە

هەروەها مرێم کۆمەڵە شێعرێکی کوردی(دیالێکتی کرماشانی) هەیە کە زۆربەیان لە کتێبی **«شێتە گورانییەکانی باران»** دا چاپ کراوە. (ئەم کتێبە لە دوو بەش دایە بەشی یەکەمی شێعرەکانی " فەریاد شیری "یە، و بەشی دووهەمی هی مرێمە.



**پرسیار:** وێڕای بەخێرهاتن، تکایە هۆی هاتنت بۆ سوێد چیبوو؟

مرێم: من وەک شاعیرێکی میوان لە ئێرانەوە بۆ بەشداریکردن لە دوازدەهەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی (بنیاد پژوهش های زنان ایران / بنکەی لێکۆڵینەوەی ژنانی ئێران) کە ئەمساڵ لە ستۆکهۆڵم بەرێوەچوو، بۆ سوێد بانگهێشتن کراوم.

**پرسیار:** مەبەستت لە هاتن بۆ ئەم کۆنفرانسە چ بوو؟

مرێم: من بێجگە لە بەردەوامبوونی رێبازی شێعر و پێوەندی بە چوارچێوەی شێعرەوە هیچ مەبەستێکی ترم نەبوو.

**پرسیار:** لە چ تەمەنێک و چۆن هەستت بە ئەمە کرد دەتوانی شێعر بڵێی؟ چ کسێک یەکەمین مامۆستات بوو؟

مرێم: هەتا ئەو جێگایەی لە بیرمە هێندێکم شت بە عینوانی شێعر نووسیوە، هەرچەند من لە سەر ئەو باوەڕە نیم کە شێعر وەک پیشە و حیرفە پێویستی بە پەروەردەکردن هەبێ، بەڵام ناتوانم حاشا لە کارتێکەریی دایکم لە سەر خۆم بکەم. لەبەر ئەوە دایکم قسەکردن و رێ رۆیشتن و هەستان و دانیشتنی شێعریی لێدەبارێ و، هەست دەکەم ئەو ئیستعدادە لە مندا زۆر پڕ رەنگ رەنگی داوەتەوە.

**پرسیار:** خۆت دەزانی لە لایان ئەدیبان و خاوەن ئەزەران زۆرت تاریف لێکراوە و تەنانەت بۆ ئەوەیکە تاریفێکی تەواویان لێکردبێ بە ناوی "تولدی دیگر" و "فروغی کاملتر و بارورتر"، ناویان بردووی. ڕای خۆت سەبارەت بە ئەو بۆ چوونانە چییە؟

مرێم: من هیچ پێم خۆش نییە لە تەک شاعیرێکی تر بەرانبەرم دابنێن، فرووغ فرووغە و من منم!

**پرسیار:** لە گەڵ شێعری کام شاعیرانی کورد ئاشناییت هەیە و چۆنیان هەڵدەسەنگێنی؟

مرێم: شێعرەکانی شێرکۆ بێکەسم زۆر پێخۆشە، پێم وایە شێعرەکانی شێعری جیهانی و بێ سنوورن، هەوەها شاعیرانی بە ناوبانگ وەک لەتیف هەڵمەت، هەژار و پەشێو.

**پرسیار:** نێچیری شێعرەکانت لە کوێوە دێنی؟

مرێم: نێچیری من ژیانە و هەروەها من خۆم نێچری ژیانم...

**پرسیار:** جووڵانەوەی ژنان چۆن دەبینی ئایا تۆ فێمنیستی؟

مرێم: هیوادارم ژنان بە مەبەستەکانیان بگەن و مافە کۆمەڵایەتییەکانیان کە لەزەتێکی زۆریان بۆ قوربانی کردووە وەدەست بێنن. من فێمینیست نیم. بەڵام ژنم. ژن لە باسی فێمینیسم دا جێی هەڵسنگاندنە. هەرچەند من هەرگیز ئەهلی تاقمەگەریی نەبووم، بەشێعر گوتن قانعم. شێعر بۆ ژیانی من بەسە. شێعر بە مانای شێعر و هیچیتر.

**پرسیار:** رای تۆ سەبارەت بە باسی زمانی ئەدەبی ژنانە و زمانی ئەدەبی پیاوانە چییە؟

مرێم: ئەوە ئاشکرایە کە شێعر یان لە زمانی ژنان دێتەدەر یان لە زمانی پیاوان. پیاو بێ ئەوەیکە خۆی ویستبێتی بۆتە پیاو ، ژن بۆتە ژن!

**پرسیار:** تۆ شاعیرێکی پۆست مۆدرنیستی، ئەم مەکتەبە چۆن دەبینی؟

مرێم: رەوایەتی گەورەی عیلمی کە قەرار بوو بەشەرییەت بە ئازادی و بەختەوەری بگەیەنێ بە ئاوشوتیس، داخائو، هیرۆشیما و ناکازاکی گەیاند. ئێستا رەوایەتی کەڵان و وەردەگەرایی وجوودی نییە. ئەوەی هەیە میلیاردها وەردە رەوایەتە کە لە کاناڵی رەوایەتی کەڵان دا رەوانە، جێگەی ئەو پڕ نابێتەوە، بەڵام بە جێگەی وی هەن. ئێستا هەر لێکۆڵینەوەیەکی عیلمی رەوایەتێکی ئوستوورەیی هەیە، یانی خۆی، خۆی شی دەکاتەوە. بۆ وێنە ئەفسانەی (ئارەشی کمانگیر)، ئێمە ناپرسین بۆ؟ کەی؟ چۆن؟ ئێستە ئیمە بۆ نیشاندانی بارودۆخی کومەڵایەتی خۆمان مەجبوورین لە نێو هەرێمی زنجیریی شتاندا کڕیار بین. ئەگەر ماشێنێکی بێنز دەکڕین بۆ نیشاندانی لێهاتوویی خۆمانە. دنیای دەوروبەرمان ئێستا توانایی هەڵبژاردنی لە ئێمە وەرگرتوە، شانسی ئێمەی لە ئاست هەڵبژاردنی دووانەیی کەم کردۆتەوە، جەمهووریخواز یان دێمۆکرات ؟ چەپ یان راست؟ پێپسی یان کانادا؟ ئێستە هەموو شتێک بۆتەکۆمەڵەیەک ژمارە و کۆد. لە دنیای پۆست مۆدێرن دا ئەسڵ و بەدەڵ وجوودی نییە، هەموو شتێک ڕواڵەتە. ئەو دنیایە لە سەر ئەزمی رواڵەتانە.

**پرسیار:** چۆن لە ئەدەبیات و سیاسەت و پێویستیی پێوەندی ئەم دووانە دەگەێ؟

مرێم: هونەرمەند خۆ بەخۆ و لە ناخوداگای خۆیدا هەستی بەرپرسێتی سەبارەت بە

نیشتمان و قەوم و قەبیلەکەی خۆی دەکا. بوونی ئەم هەستە، ئەدەبییات بەرەو کانالەکانی کۆمەڵایەتی ڕێنوێنی دەکا و، لە بواری هاونامیزی نێوان پێوەندیی کۆمەڵایەتی و ویستی کۆمەڵایەتی، ڕێگای دەرچوونێک لە بیر و رای سیاسیدا نییە.

**پرسیار:** وەک رووناکبیرێکی لاوی کورد چ پەیامێکت بۆ لاوەکانی کورد هەیە؟

مریم: من تەنیا دەتوانم وەک ئینسانێک بە نوستالۆژی و هەستی ناسیونالیستیی هاونەژادانی خۆم خۆش بوێ. من کەسێک نیم بۆ کەسێکی تر پەیامم هەبێت، هەرچەند لە هەرێمی شیعردا زاری ئینسان سەد بەرابەر دەکرێتەوە.

## چەند پارچە شێعرێك لە مریم:

### پایزانە (١)

لە پایز دڵگیر نیم
دڵم لە باقی وەرزەکان سییەس
کە لە خاکی پایز
دەگرییێنەوە!

### پایزانە (٢)

زەریا لە باوەشم
هووشکەو نەبێت
پایز نەڕژێتە بان پام
ئاگرتێژێکم
پایزیش ناوسێتە ڕێم.

لە شەڕ هاتەدیوا
خوا کوشتوی و
بیوە مرۆڤ

وە تۆیە هەور:
کەم لە بان سەرم دانیش!
دیت ئاخری لە دەسم
ڕژیایەتە زەوی!

دیوای خودرئاوا
رەشەمنگای بێ شیر
وە ڕەنگ و رەژمە و ئەستێرە
هات

من لە ژێر شیر دایکم قیرانم:
نا! ئەوە پاک نییە!
مەرگ
دواوین کراسی درێژێکە
کە نەدرێمەی!

### قەلادە

بۆ پەیوەندی زەماوەندمان
کراسێکم بۆ بسێنە
لە تیشک ناسکتر
کە لە ئەو دیوی
لاشەی رووتت بوینمە چاو
بۆم بسێنە ملوانکێ
کە خولکی دەستەکانی تۆ دێرن
بۆم بسێنە کەوشی ئێسپورت
کە بە فەرمانی تۆ رام نەبەن
بەڵام
قەلادەکە لە بیرت نەچوو
کە رووخساری سادێق تر دێرێت.

### شەیتان

نە ژینی، نە شینی
تۆ شاوەی سەرینی
نە چاوی، نە ناوی
تۆ ماڵی خەراوی
نە لووتی، نە سووتی
تۆ شەیتانی رووتی
هەی ئاگر لە تیوڵ
نەهاتی دەم و دڵ
تەمامم تۆ کردی
خودر و خاکم بردی
وەرە دەستم دەڵدر
هەناس ئەوەیش ئەڵبر
هەناسەی تۆ دەڵدا
هەناسەی خودر ئاوا.

### یانی عاشقی کەسێک بی*

مارمێلکە مەدرەسەی پەروەراندووە
سۆبەش نەژادی بێچارەی من
کوتەکانی ڕۆژمێر باوێژنە تەندوور

لەوانەیە، گۆشتی برژاو سەگترم بکا
بە قاچی ڕۆژهایەک کە دەیگرم
تیاتر تەم دایگرتووە
منیش شەو
ژن شوو گرتوویەتی
منیش نەگبەتی هەمیشەیی
قسەکردن بۆ دیوارەکان قەدەغەیە
بەڵام کەس زمانی من نازانێ
تا لە قسەی هاتەران ڕزگارم کا
ڕەنگە ئینگلیسییان دابێ بە من
فارسییش بە شکسپیر

گەنمێ دادەچێنم
دێراوەکانی داسی چکۆڵە
زمانەکانتان دەدرووەمەوە
بۆ ئەوەیکە بزانن
هەر گوێرایەڵی قسەکانم بن و بەس
باڵۆنەکانم ڕێی سوارییان بە من داوە
بە ئەندازەی پێویست
پێویستیش یانی بایەک کە لە لات تێدەپەڕێ
بێ ئەوەیکە بزانی

هەموو شت وەکوو یەکن
گۆڕی من یانی ژیانی تۆ
هەروا گۆڕی تۆش، ژیانی من
ژیان یانی عاشقی کەسێ بێ و
لەگەڵ کەسێکی تر بژی
دەنا ڕووحت لە ناو خانووە بێشەرمەکاندا
سەرگەردان دەبێ
نە لە عاشقبوون دەربازی
نە لە ژیان
تۆ مەحکوومی دوو هەبووگی ناوێتەی
نەوین و
عاشقێک کە تۆی لە قوماردا دۆڕاندووە.

(١٩٩٠)٧٩/١٠/٢٤

* ئەو پارچەشێعرە لە دەقە فارسییەکانی شاعیر (باجە نفرین ــ مریم هولە، ل ١٠٠ و ١٠١) وەرگیراوە کە لە لایەن «هێرش»ەوە کراوەتە کوردی و لێرەدا پێشکێش دەکرێ.

# سێ هۆنراوەی ناتەواو

ئەسعەد رەشیدی (زاگرۆس)



(١)

بێ ئەوەیکە بیزانیت
هەست دەکەم
رەنگی توندی ئالاکان کالدەبنەوە
ـ سپی ـ
وەکوو مەلافەیەک
کە شالاوی ئاه و فەرامۆشین
ـ رانە سپییەکانت
لە بێدەنگی ماتی هەسیلێکدا،
رووت نوستووی لە بەستێنی ئەرخەوانیی مانگدا
نوقمی تەماشا و دەریام دەکەی.

بێ ئەوەیکە بیزانیت
رەنگی توندی ئالاکان کالدەبنەوە
ـ بوولێنە
وەکوو کراسە خوساوەکەت
لە ئارەقە و تەمەننادا
کە دەشەکێتەوە
لە دەستی با
ون دەبێ
لە گێژاوی زەریا.
بێ ئەوەدەیکە بیزانیت

٢٠٠٠/١٠/١٦

(٢)

بریا
چاوێک، تەنیا چاوێک و
یان دەمتوانی نیگایەک بم
بۆ دیتنی پەردەی لەرزۆکی فرمێسک،
بۆ رشتنی چۆڕێک ئاو
لە زاری رووبارێکی تینوودا،
بۆ وێنەزەرد و پەشۆکاوەکەی مانگ
لە قوولایی پەنگاوێکی مۆندا،
بۆ بژارەکردنی دەریا و
شەپۆلە تووڕەکانی
کە لە ئامێزی بەستێندا
ئارام دەگرن،
بۆ هەر جەنگەڵێکی رووتی بێشەرم
بۆ هەر گۆرانییەکی لەبیرچووی شەوانەی کوێستان
بۆ هەر پردێکی یادی رووخاو
بۆ پشوویەکی کورت
کە لە گەروویەکی براوەوە سەردەکەوێ و
لەناکاو
دەبێتە چەپکەگوڵێکی بێدەنگیی
ـ پەژموردە
بە سەر سینگە سپییەکاندا ـ،
ئاخ،
بریا، چاوێک و یاخۆ
دەمتوانی تەنیا نیگایەک بم.

٢٠٠٠/١٠/١٨

(٣)

وەکوو هیچ کەس، وەکوو هیچ شتێک
لە پەنای دارێک، یان لە پەنای بەردێکدا
لە ژێر نیسێی ئاوەژووی پیاوێکدا
کە وێنەی جەوانییەکانی
لە ئارەقە و دوکەڵدا ون کردووە،
لە ئامێزی شارێک
کە ددانە سپیلکەکانی
لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە
ـ دەریایەک کە ئاهەنگی شەپۆلە نادیارەکانی
لە دڵیدا نوقم بووە و
لەگەڵ رەنگی بزرکاوی مانگدا ئاشنا نییە ـ،

وەکوو کانییەک
کە گۆرانی روونیی ئاو
بۆ تینووەکان دەڵێت،
یان لێرەوارێک کە کوتوپڕ
بەخەبەر بێ و
مەلێکی سەرگەردان لە باوەش بگرێت
وەکوو شەو و جانتایەکی بەجێهێشتراو
لە ئامێزی تۆزاویی رێگایەک،
وەکوو کوێستانێکی سڕ
کە ئاهەنگی هیچ بانگێ دووپات ناکاتەوە
ئارام، دەمرم
وەکوو هیچ کەس، وەکوو هیچ شتێک.

٢٠٠١/٣/٢٠

## دوو شیعر بۆ دوو گۆرانی

حەمەشوان شەریف

(١)

### گەڵای سەر ڕێ

ئێوارانم پایزێکی بێڕەشەبا و بێجوڵەیە
هەناسەشم درەختێکی بێگەڵایە و بێنووزەیە
دەبێ ئەمڕێ بۆ کام ڕێگای سەفەرێکی دوورم بەرێ
کە من موشتێ خۆریش نەبێ لاشەکەمی بێتەڕ بێ
دە ئاخر بۆ وات لێکردم چرایەکی تێکشکاو بم
بە ڕووی خۆرا ئاوا بم و بە ڕوخسارم پێبکەنم
بەڵێ گیانە ئێوارانم پڕ گریانی غەریبی یە
لە بۆ بالای ئەوینداریٚ بۆ ئەوینم ئەوین نی یە
بە ڕوخسارم وا مەبینە چڵێ داری ئێوارانم
لە دووریتا بە کوڵ دەگری دارستانی هەر دوو چاوم
چۆنە ئیتر تەرمەکەشم لاشەیەکی بێ گۆڕ نی یە
چۆنە ئیتر گۆڕەکەشم گەڵاکانی سەر ڕێت نی یە.

١٩٩٤ ئەثینا

(٢)

### بیابان

کەی دەگەیتە ئەم سنووره سارد و سڕەی ئەم دڵەی من لەم کیشوەرە
خوانەکردە ئەبا وەک من بتسووتێنێ ئاهوناڵەی ئەم غوربەتە
لە ئاسمانی ئەم دڵەمدا چڕ و پڕ بووی وەک گێلاسێ شۆڕ بویتەوە
دەمزانی من خەونی تۆیە بەباڵ دەفڕێ لە سەرابی ئەم سەرایە
لە هەر کوێ هەی دڵنیابە وەکو ئەوەی من دڵنیام خۆشم ئەوێی
ئەی دار چوالەی پڕ پرسیار و مهرەبانی خۆزگەکانی دوو خۆزگەیی
هەنگاو هەنگاو لە دووی با دا دەڕۆیشتم تا بزانم بۆ کوێ دەچێ
نەمدەزانی ئەویش غوربەت لە تاریکی ئەم شەوە دا لێی ناگەڕێ
دیارە ئەویش هەر وەکوو من کوشتەی دەستی نازدارێکی بیابانە
بۆیە ڕۆحمان لە کەناری بیابانا کوشتەی دەستی چاوەڕوانە.

١/١ ٢٠٠ سوێد

## ئەمن دەڵێم

ڕەسووڵ سەفەریانی

(١)

ئەو باوەڕە پیر و کۆنەی
کە چاوی تا بەر لووتی خۆی پێ نابینێ
دوو ژن بە پیاوێک دەبینێ
مەیکەن بە چاوساخی ڕێگە
با نەچنە نێو شەوە ڕێگەی
پڕ لە زۆنگ و چاڵەقووڵی هەزار و چەند سەد ساڵەوە
لە جیهانی پڕ لە نووری کارەبادا
چراموشی دایساوی ڕۆنی گەرچەک
کەس نایگرێت بە دەستەوە
ئەوان دەڵێن: ئەو باوەڕە ژنی لە گۆڕ هێنا دەرێ
ئەمن دەڵێم: مرۆڤ ئەگەر کەسایەتی نیوە کرێ
ماچی دەستی مردن دەکا
بەو مەرجەی بێ و دەستی گرێ
«ژن»ی بەرهەم ئەم باوەڕە
«ژیان»ی نێو خوراوەیە
وەکوو هەناری هەڵمژاو، خاڵیی لە کاکڵی ژیان
لە هەر سەرێ سەیر دەکەی
هەر ئەو ژنە زیندە بە چاڵ کراوەیە
لە چاڵی خۆڵ دەرهاتووە و
لە گۆڕی سەرپۆش و پەچە و چارشێوی ڕەش دەنێژرێ
ئەمن دەڵێم: لە جیهانی پڕ لە شەوقی کارەبادا
چراموشی دایساوی ڕۆنی گەرچەک ئیتر مەگرن بە دەستەوە.

(٢)

کێ بێ لەشی دوو بەش کرێ
زایەڵەی ژین لە کۆڵانی دەماری دا
بێ دەنگ نەبێ و هەر دڵدار و خۆشەویستی کەسی تۆ بێ
کێ بێ کە خۆی سوور بزانێ کە یارەکەی دڵداری زۆر کەسی ترە
بەڵام بە دڵ خۆشی بوێ و
خانەی خوێنی پێشکەش بە پەنجەی یار بکا
ئەوە منم کە یارەکەم لە شەوێکی بێ کەسیدا،
لە تاریکی کۆڵانێکی تەنگەبەری شاری مێژوو
شادزێ هات چواربەشی کرد
شێویان بڕی و تۆوی مردنیان تێدا وەشان
بەڵام لەگەڵ هەر بەهارێ، لە هەر بەشێ
سەدان هەزار ئەوینداری لێ سەوز ئەبێ و
ئێستا جەنگەڵێکی چل ملیۆنی
دڵداری گیان لە مستێ هەس.

دوو هۆنراوە:

سەمیر دەسکۆ (سیان)

## هێزانی پەلکەپاییز

لە پاییزدا بە کۆلانی حیکایەتا ڕۆیشتم
هاواری نمەباران
خەندەی منالانی تازە لەدایکبووی لێستاندم
بە سەر هەر گەلایەک دەسەپام
هەناری هاواری تازەبوون و،
سێبەری شەختەی بۆ باس دەکردم
باسی ئاودانی خۆی بۆ دەکردم
باسی ڕازانەوەی نێوشاری بۆ دەکردم
باسی پەرژینە سێبەری هەزار عاشقانی بۆ دەکردم
ساتێک زانیم داستانە زەغرەفەکەی شارم شارەزایە و
لە ئەلقەی هەزار ویژدان کەپرە
بە چلپاوی پێلاوی گەرۆکم
کەوتمە سەر ئەژنۆ خۆم بۆی چەماندەوە.

## چەکە دوو دەمەکەی ئاخیرەت

زێرە کۆنەکان و دەفە ئەلقەدارەکانی ژەنگاوی خانەقا
شەویان ڕووت دەکردەوە،
تاکوو ژنە کۆسکەوتووەکانی حەقیقەت ڕەدووبخەن.
لەم شارە هەر فوویەک لە هەڵە تەمەکانی ماردەبڕی
خۆیان تازە دەکەنەوە،
کۆترەکانیش تۆڵەی تەڵاقدانیان دەسێننەوە.
سەرما دوایین خەونی بە بۆنی ئارەقی شوانێک بینی
کەچی تازە لە سەر پێستدڕاوەکان دەنووسرێ
ئاخیرەتە، ئاخیرەت.
نەوت و ئاگر دۆست بوو لە شەریعەتی ئەم شارە
کۆترکان شاهێدن و مامزەکانیش وەرگێرانی زمان
لەمیانەی بارانی ئاو بارانی تێزاب باری
بەڵێ گەدەکان ساتێک چلپاوی زێرابیان دەخواردەوە و
پێی مەست دەبوون،
کەچی ئێستا شەرابی مەیخانەکانیشیان ویشک کردووە و
ساقییەکانیش بە کافر دەزانن.
لەم شارە چاوی هەڵۆکان هەڵکەندراوە
تاکوو دایکە بەستەزمانەکانی حەقیقەت بشارنەوە
کەچی تازە لە سەر پێستدڕاوەکان دەنووسرێ
ئاخیرەتە، ئاخیرەت.

## بەستەیماڵئاوایی

ـ بۆ کەریمی حیسامی

پاییزە!
ئای چ پاییزێکی زەرد و گەڵاڕێزانە!
ڕۆژ، گەڵا گەڵا
زەردە پەڕی جودایی
بە سەر گەڕی گەرمی (سێرۆژانە) دادەوەرێنێ و
مانگ، مانگی دەست لێکبەردانە.
پاییزە!
ئای چ پاییزێکی ڕژد و ڕەزاگرانە!
ئاسمان، ئاسۆ ئاسۆ
خماوی نەمان
بەسەر کۆلکەزێرینەی ژیان دادەبارێنێ و
ساڵ، ساڵی ڕۆژڕۆژ یارانە.
ئێوارەیە!
کات زەردەپەڕە و، ژوانگە بەتاڵ
ئەی شۆڕە سوارە ئەوینەدارەکەی نیشتمان
جڵەوی ئەسپەکوێتەکەت بەرەو کام هەوار تاوەدەدەی؟
مەڕۆ، ئارام بگرە!
«هەرچی لە سەر سەبرانە لە سەر خێرانە».

هەوا بوومەلێڵە، وڵات تاریکستانە!
ئەی ئەستێرەی پرشنگداری موکریان
تەم و تارمایی کام شەوە زەنگ شەق دەکەی؟
ئیستێکی بگرە و مەڕۆ
یارانی چاو بە گریان ئە لێرە جێمەهێڵە
کە جێت لە سەر سەرانە...

ئەی ڕێبواری ڕێگەی هات و چارەنووس
دڵنیابە، کە یاران
ـ ڕێرەوانی ڕێی ئەوین ـ
یاد و (بیرەوەریی) تۆ دەسپێرن بە بای شەماڵ،
تاکوو وەرزی بەهاران شەنگەبێرییان بە بەستە
پۆلی شوانان بە شمشاڵ
چیرۆکی خۆشەویستییت بخوێننەوە بە دەستە
لە بەرزایی (کێلەشین).

ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی
ئەستێرە خوشی و، شەو شەق بوو
تارمایی ڕەوی لە سەران و هەڵدێران
ڕێبوار ڕۆیی.. ڕۆیی بێ پشوو
بەرەو بەرزایی و، ژوانگەی ئەستێران...

هێرش ـ ستۆکهۆڵم ۲۰۰۱/۱۰/۱٤



# مالئاوایی تێکۆشەر و نووسەری کورد کەریمی حیسامی

**«کەریمی حیسامی»** نووسەر و ڕۆژنامەوان و تێکۆشەری بەناوبانگی کورد، بەیانی ڕۆژی یەکشەمۆ کاتژمێری ۱۰.۳۰، ڕێکەوتی ٦ی مانگی ئۆکتۆبری ۲۰۰۱، لە نەخۆشخانەیەکی شاری ستۆکهۆڵم پێتەختی سوێد بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

کەریمی حیسامی، بەگوێرەی نووسینی خۆی، لە ساڵی ۱۳۰٥ی هەتاوی(۱۹۲٦ز) لە گوندی "بەیردم" لە نزیکی شاری مەهاباد "لە خێزانێکی وەرزێر و دیندار..." لەدایک بوو.

"... لەسەرەتای پەیدابوونی چوزەرەی خەباتی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران و لە تەمەنی ۲۰ساڵییەوە لە نێو بەزم و کێشە دابوم..."

کەریمی حیسامی، ئەو "بەزم و کێشە"یەی بە سوێند خواردن و بوون بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک دەستپێکردووە: "...لە دەفتەر ناوم نوسرا و ئەندامی ۱۸(ی) کۆمەڵە بووم لە ناوچەی سندوس..."

کاک کەریم پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان، لە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران درێژەی بە تێکۆشان دا و هەتا پلەی ئەندامەتی دەفتەری سیاسی ئەرکەکانی حیزبی بەڕێوەبرد. هەرچەند بە دوای کێشە و ململانێی حیزبیدا، ژیانی حیزبایەتی وی کۆتایی پێهات و لە حیزب "دەرکرا"، بەڵام هەتا دوایین ساتی ژیانی وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ درێژەی بە خەبات لەپێناو مەسەلەی کورد دا و، لەو ڕێگایەدا زەحمەتێکی زۆری کێشا و مۆری خۆی لە گۆشەی مێژوونامەی تێکۆشانی هاوچەرخی کورد دا. کەریمی حیسامی لە ماوەی پتر لە پەنجا ساڵ خەباتی سیاسی و ئەدەبیدا وەک زۆربەی رابەرانی میللەتی کورد کوێرەوەری و زیندان و دەربەدەرییەکی زۆری کێشا و لە غەریبی و دوورە وڵاتیدا سەری نایەوە و، گەلی هەروا مافخوراوی خۆی بەجێهێشت.

کەریمی حیسامی بە نووسینی زنجیرە کتێبەکانی "لە بیرەوەرییەکانم"، گەورەترین خزمەتی بە مێژووی پەنجاساڵەی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد. دیارە، گرینگی ئەم خزمەتە لەوەدایە کە ئەو، ڕەچەی بۆ خەڵکی دیکە شکاند و بۆ یەکەمجار سەرەتای ئەو کارەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکرد، کە هەتا ئەو کات نووسینی مێژووی کورد لە پاوانی نووسەر و گەڕیدە وکورددۆستانی ئورووپایی و بێگانەدا بوو. بە لەچاپدرانی ئەو بیرەوەرییانە، ئەو کەسانەی بەشێکیان بە مەسەلەکەوە هەبووە و یان لە بەرپەرسان و ئەندامانی کۆنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، ناچار، یان تەشویق کران کە بنووسن و کەلێن و قوژبنی نادیاری مێژووی ئەو نیو سەدە یەی خەباتی گەلی کورد بخەنە بەر ڕووناکایی بۆ بەرەکانی داهاتوو. لە ڕاستیدا ئەو دەساڵەی دوایی لەو بابەتەوە پڕبەرهەمترین قۆناخی چاپەمەنی مێژووی کورد بووە.

کەریمی حیسامی لە لایەک، بەپێی هەڵوێستێکی ڕادیکاڵیی دژی دەرەبەگایەتی و زۆرداری کە لە هەموو مەودای ژیانی سیاسی ئەودا وەک هێڵێکی سوور لەبەر چاوبووە و، لە لایەکی تریشەوە نزیکایەتی لە گەڵ حیزبی تودەی ئێران و حیزبی شیوعی عێراق، لەبابەت ئیدیۆلۆژییەوە وەک مارکسیست یان چەپێکی کورد بیری دەکردەوە. بەڵام ئەو بیر و بۆچوونە چ لەو کات کە ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو و چ پاش ئەو کاتەی کە کەسایەتییەکی سەربەخۆ بوو، هەرگیز لەمپەرێکی نەهاویشتە سەر ڕێگای هەوڵدان بۆ مەسەلەی کورد. بۆ کەریمی حیسامی، کورد و مەسەلەی کورد پلەی یەکەم و ئەسڵی و ئەساسی بوو، مارکسیسمیش لەو نێوەدا هاندەری بوو. بە پێچەوانە ئەو مەسەلەیە تەنانەت ئەو کاتیش کە کادێری حیزب بوو هەرگیز ئەوی بۆ جودابوونەوە یان سازکردنی تاقم ودەستەیەکی مارکسیستی پاڵ پێوەنەنا. ئەو کات کە لەگەڵ حیزبیش نەبوو هەر ئەو کارەی نەکرد و، بەدڵ و گیان لە هەر بیانوویەک سوودی وەردەگرت و باری نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازیی مەسەلەی کوردی دەستنیشان دەکرد. لە هەموو شتێک گرینگتر ئەوە بوو کە سەرەڕای ئەوە کە ماوەیەکی درێژ حیزب لە ژێر کارتێکەری حیزبی تودەی ئێراندا بوو و خۆشی وەک وێژەری بەشی کوردی ڕادیۆ "پیک ایران" ئەو ڕێگایەی بۆ خۆشکرابوو کە چ وەک تاکە کەس یان وەک تاقمێک دەگەڵ حیزبی تودە بکەوێ، بەڵام تین وگوڕی بە هێزی نەتەوەپەرستییەکەی بەری بەو کارە گرت، لەو کارە خۆی پاراست و بەکردەوەش بە دژی ڕاوەستا.


کەریمی حیسامی لە ڕاستیدا هەرچەند ئەندامی "حیزب" نەمابوو، بەڵام هەر وەک نەتەوەخوازێکی "دێموکرات" ژیا و وەک "دێموکرات"ێکیش مرد. ئەوە خاڵی هەرە هاوبەش و بەرچاوی ئەو و هێمن بوو، کە دەگەڵ ئەوەش کە لە حیزب هەڵبڕابوون بەڵام هەر بە "دێموکرات" ماڵاواییان لە گەلی برادەران کرد. کەریمی حیسامی لە حیزب "دەر کرا"، بەڵام هەرگیز لە داوی تۆڵەستاندنەوە نەکەوت. لە هیچ شوێنێک بە دژی "حیزب" نەجووڵایەوە و قسەی نەکرد. لەو ڕێگایەدا نەترسانە ڕەخنەی خۆی گرت و لە کۆتاییشدا ئەو بوارە لە ژێر تەئسیری کاری کاک کەریم دا پەرەی گرت و تەنانەت ئەو ڕێگایەی بۆ خەڵکی دیکەش خۆش کرد.

هەرچی بوو، کەریمی حیسامی بە سیاسەت کوردایەتی کرد و، بە نووسین و لە چاپدانی ٤٤ بەرگ کتێبی جۆراوجۆریش، کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کرد. هەروەها بە خامەی تیژی خۆی، ڕەخنەگەریی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هێزترکرد، دەستی گەنج و تازە قەڵەم بەدەستانی گرت و شێوەی نووسینی فێرکردن. خۆشی وەک نووسەرێک، بە شێوەی نووسینی سادە و ڕەوانی خۆی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بوژاندەوە. یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی ژیانی ئەدەبیی کەریمی حیسامی دەرکردنی ڕۆژنامەی "سەردەمی نوێ" بوو کە لە مانگی مارسی ۱۹۸٦ تا مانگی سێپتامبری ۱۹۹۰، ٥٤ ژمارەی لێدەرچوو. دوایین یادگاری کەریمی حیسامی بەرگی ۱۱ «لە بیرەوەرییەکانم»ە کە لە ژێر چاپ دایە و بەو زوانە دێتە بازارەوە.

تەرمی کەریمی حیسامی ڕۆژی یەکشەمۆ، کاتژمێری ۱۱ی بەیانی ڕۆژی (۲۰۰۱/۱۰/۱٤) بە بەشداری جەماوەرێکی بەرچاو لە خزم و دۆست و ئاشنایان و کوردی دانیشتووی سوێد ،لە گۆڕستانێکی ڕۆژئاوای شاری ستۆکهۆڵم لە نێو خەم و پەژارەیەکی یەکجار زۆردا بە خاک ئەسپێردرا. هەمان ڕۆژیش لە (شیستا ترێف)ی ستۆکهۆڵم کۆڕی پرسە و سەرەخۆشیی کاک کەریم بەرپاکرا و خەڵکێکی یەکجار زۆریش بە خوێندنەوەی وتار و پەیام و شێعر لەو ڕێورەسمەدا بەشداریان کرد و ڕێزیان لێگرت. یادی بەخێر و ڕەوانی شاد بێ.

**قاسم رهیانی**

كورتە چیرۆك:



# سیدیق دەقیق

حەمە شوان شەریف

ئێستــتــە فــەرمــانبــەرێكی خــانەنشــینم. بۆ مــاوەی ٢٢ ســاڵ لە كارخانەیەكی جگەرەدا كارم كردووە، كارخانەكە كەوتبوویە نزیك ماڵەكەمەوە، بۆیە لە هەموو ئەو تەمەنی كاركردنمدا بڕواناكەم هیچ كرێكارێك لە كاتی كردنەوەی دەرگای كارخانەكەدا لە پێش منەوە چوویێتــە ژوورەوە بۆ ســەر كــارەكــەی هەربۆیە دەرســیم بە پەلە و ئەحمەد عەترە و خولە سیوا ناویان لێنام سیدیق دەقیق.

تەمەنم ئەوەندە دەزانم كە دڵتەڕ و هێشتا خۆم بە پیر نازانم.

لاتان سەیر نەبێ!

هەموو هیوا و ئارەزوویەكم ئەوەیە جگەرەیەك بكێشم لە ژیانمدا.

بڕیارێكە لە هەرزەییدا داومە، تاكوو لە ژیاندا بم نابێ خۆم پاكەتە جگــەرە بكرم، دەبێت تەنیـــــا جگــەرەیــەك.. ئا.. جگــەرەیــەك لە هاوڕێیــەكــەمــەوە یاخــود ناســیــاوێكەوە یان هەر نەیناســم جگەرەیەك فــەرموو بكرێم و نكەومە كێشــانی جگەرە ئەوسا خۆم دەبمە خــاوەنی كڕیاری جگەرە و وەك هەمــوو جگەرەكێشــێك خەمــخۆری كێشــان و كڕینی بم.

گرفتــەكــەشــم ئەوەیە بڕیــارەكــەم مــاوەی چل ســاڵی تێپــەڕاندووە و كــەسێك جگەرەیەكی بۆ ڕانەگرتووم تامن بیكێشم و ئارەزووی چل ساڵەم لەو بڕیارە دامــركێتــەوە! هەندێ جــار مرۆڤ بەڵێنێك دەدا و تێدەكەوێ بێئــەوەی بزانێ ڕووبەری چ دژوارییــەك دەبێتــەوە، بڕیار دراوە و تەواو...

زۆر شــتــی گــرینگم لە دەست داوە بە هــۆی كــەللەڕەقــیــمــەوە. كــوڕە ئەمەیان سەیرە.. ئەگبەتیم لەوەدایە هەموو ئەو هاوڕێیانەی من هەمن و دەیاننــاسم، هەمــوو جگــەرەكــێشــێكی بێوێنە و مــەیخــۆرەوەیەكی نەدیون. زۆرجــار لەگــەڵیــان دادەنیــشــتم... تەنیــا مــەزە ڕازاوەكــەیانم دەخــوارد. من خــۆم هــەروا هەڵكەوتبــووم حــەزم بە مــەیخــواردنەوەوە نەدەكرد لەمــەیاندا گیا لە ســەر بنجی خۆی نەڕواوە (بە بیرم دێتەوە... بابم ــ گۆڕی پڕ بێ لە گوڵ، چاكی دەخواردەوە. كە مەســتیش دەبوو بە دەنگە پڕ لە گریانەكەی گۆرانــی بۆ دەووتین، ئێمە كــە منداڵ بووین بێئەوەی لە وشەكانی تێبگەین بەدیار باوكمانەوە دەگریاین).

ئەم كافربــابانە خوانەكات بۆ تەنیا جارێك جگەرەیەكم بۆ ڕاگرن و بە زۆر سوێندم بدەن. بڵێن سیدیق بە سەری ئەوەی خۆشت دەوێ و بۆی سووتاوی دەبێ ئەم تاكە جگەرەیە وەرگریت و بیكێشیت، هــەتیو هەر بەبایكە بەبا.. بە سیدیق نەوتراوە!

لەوەیان دەگەڕان ولەوی تریان دەدوان!

خــەم دایدەگرتم.. كە مــەست دەبوون زۆریان لێدەكردم بخــۆمــەوە، من ئارەزووم نەدەكرد.. «قــەهر» لە ناو هــاوڕێكانمدا كــوڕێكی قۆشــمــەر و خۆشــڕوو بوو كــە مەست دەبوو بە دەنگێكی نەرمــەوە دەدوا و دەیووت: سیدیق بە گۆڕی دایكم تا ئێســتــا فێری جگەرە نەبوویت ســەدســاڵی تریش بژیت فێری نابیت و نا... مردوومــرێ نە پێكێك.. نە مــژێ.. نە ماچێ... بە گۆڕی سومیلەی دەنكم وەكوو ئەو خۆت بسووتێنی چاترە.. ئەها ..ه..ه..ه

(جــا چۆن وەڵامی بدەمــەوە.. ئەگــەر دەدەم لە بنــی هــەمــانەكــە و دەڵێم قــەهر خوام نەمــاوە و ئەه.. دە جگەرەیەكم فــەرموو بكە بزانە بابیشت لە گۆڕدا زیندوو ناكەمەوە).

دڵم لــەبەر خــۆیەوە دەیووت: ســیــدیق نا.. چاوەڕێ بــە، مــەیلێ، گــەر دركانت جگە لە دۆڕانی بڕیارەكە پاشانیش دەبیتــە خۆشترین مەزەی ســەر مێزی ئەم ســەرخۆشانە و ناو و ناتۆرەیەكی وەهات بۆ دەدۆزنەوە كە مردی لە گۆڕەكەتدا بەو ناوە یاسینت بۆ بخوێننەوە.

من لە ژیانمدا بڕوام بە هاوڕێی قوتابخانە نەبووە، ئەو هاوڕێیانەی كە لە من كۆدەبوونەوە لە قوتابخانەوە دەمناسین!

لەولاوە ســڵــێــمــان دڵدار گــۆڕی بــابی دەردەهــێنا دەبێ ئەم پێكەی بخۆمەوە، منیش پڕ بە خەمبارییەوە دەمــوت: سلێمــان زۆرم لێ مەكە، قــەهریش كــردی ناتوانم بخــۆمــەوە. پــاشــان خــۆی لێ زویر دەكــردم و بەیانی ئاشــتم دەكردەوە (خۆ ئەگــەر بموتایە ســڵــێمــان ئەگــەر ڕاست دەفــەرمــووی بــۆ جگــەرەیەك ســوێند بخــۆ بتــزانیبــا چۆن لە دەســتم وەردەگــرتی. ڕەنگە پــەنجــەكــانتم بە پاكــەتەكــەوە لێكردایــەتەوە و بە ژمارەی جگــەرەی ناو پاكــەتەكەم بژمــاردایە ــ ئەوسا هــەموو خــۆزگە و ئاواتــەكــانم كــالآیان بەبــەردا دەكــرا و تۆش بــابت زیندوو دەبوویەوە).

ئــەوان نەیــاندەزانــی ســــالانێكە بەو خـــۆزگـــەیــەوە مـــــردوم ئەویش جگەرەیەكە و لە دەستێكەوە فەرموو بكرێم و تا ئێستا نەكراوم.

ســەرم بەم بڕیارە خــوراوە.. ئەنجــامی دەبــێ بە چیم بگەیەنێ! بە دەم خەیاڵ و خۆزگەی جگەرەوە بەخەبەر هــاتم.. من وا ڕاهاتووم بەیانییان لە ژمــێــری حــەوتدا بە خــەبەر بێــم بەڵام ئەم بــەیانیــیــە لە هــەمــوو بەیانییەكی تر زووتر بە ئاگا هاتمەوە.

دوای هــەســتــان و تاشــینی ڕیشــێكی برنجی، وەكــوو جــاران قــاتەڕەشــەكــەم لە عــەلاگــەكــەوە كــردەوە، چاوم چوە ســەر قــەراغی

ملیوانەی کراسە سپییەکەم کە وێنەی توولە ڕێگایەکی ڕەشی دەنواند لە چڵکدا!!

کراسێکی شین باوم هەبوو لەگەڵ دڵما دەگونجا، کەووتمە خۆ گۆڕین. پێش هەموو نانخواردنێکی بەیانییان دەبوو من خۆم بگۆڕیایە و لە سەر مێزی نانخواردنەکە دانیشتمایە، ئەوجا بیرم دەکەوتەوە و دەچووم لە سندووقی پۆستەکەم ئەو ڕۆژنامەیەم دەهێنا کە ڕۆژانە بۆیان دەخستمە سندووقەکەوە. بەدەم خوێندنەوە دەستم بە نانخواردن دەکرد... خوویەکە و ئاوا خووم گرتووە خۆ گاناهم نەکردووە! گوناهم ئەوەیە چاوەڕێی جگەرەیەکم دوای ئەم نانخواردنە.

لە بیرمە... قەهر دەیووت:

ــ خۆشترین جگەرە دوای نانخواردنی بەیانی یە.. بۆیە مبنیش بە پیکەنینێکی گێلانەوە دەمگوت گوێ گرە قەهر.. پاشایەک هەبووە دوو هەزار ئافرەتی بووە و شەوی وا هەبووە لە گەڵ دوانزەمیاندا جووت بووە و دوانزە جگەرەی کێشاوە... لێیان پرسیوە قوربان جگەرە زۆر دەکێشی لە دوای جووتبووندا. ئەویش وەڵامی داونەتەوە لە کاتی تەواوبووندا جگەرە هێندەی پێش جووتبوونەکە خۆشە).

دەک ڕۆحت بەر کڕ کەوێ پاشا با جگەرەیەکت بدایە من..

دەستم لە سەر قەراغی مێزەکە دانابوو، بۆ بەدبەختی و تەنیایی خۆم نوقمی بیرکردنەوە ببووم. بیرم دەیووت.. خانەنشینێکی وەک تۆ دەبوو ئێستا خاوەنی چوار منداڵ و خانمێکی هاوتەمی خۆت بویتایە و پیری و خەڕۆ کۆی کردنایەتەوە.

ئەم بڕیارە چی بوو.. ڕەنگە دە ساڵی تریش کەس جگەرەیەکم بۆ ڕانەگرێ و فەرمووی کێشانم لێ نەکات، ئەوسا بە تەواوی پیری گۆڕم ماچ دەکا و ڕۆحیشم وەک دوکەڵی جگەرەیەک لە ئاسمانی شیندا بزر دەبێ!

ئەودەمە چیرۆکی ئەم چیرۆکە بۆ خۆڵ و گڵ و بەردی گۆڕەکەم دەخوێنمەوە...

لەبەر ئاوێنەکە چاوم دەیووت: سیدیق (پاشگەزبوونەوە شوورەیی یە ئەگەر ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکەی فێری درۆ دەبیت. درۆ دەکەیت..درۆ. ئاوات لێدێت بە درۆکانت. درۆ و ڕاستی تێکەڵ دەبن و ترۆت دروست دەکات.

لێوەکانم لە بەرخۆیەوە دەیووت: چڵ ساڵی تر لە سەری دەڕۆم تا ئاگام دەرگام دەشکێنێ ولەو زیندانە بڕیارە قوتار دەبم...

چوومە سەر مێزی نانخواردنەکە و کەمێ دانیشتم. لە سەر مێزەکە هەستام، نەمزانی چۆن نانم خواردبوو... ڕووبەڕووی دەرگا قاوەییەکە ڕۆیشتم، کردمەوە و چوومەدەرێ! ئەو وێستەگەیەی من چاوەڕێم دەکرد بۆ پاس (بووس) کە دە خولەک لە ماڵەکەمەوە دوور بوو.. سەیری کاتژمێری دەستم کرد. دوای نیو کاژێر پاسەکەم دێت و دەمگەیەنێتە بەردەم قاوەخانەی خانەنشینەکان لە شەقامی (پاشای کۆن ژمارە ٨٨). گەیشتمە ویستگەکە... ئافرەتێکی پاڵتۆدرێژی باریکەڵە لەوێ وێستابوو، منیش بێنەوەی لە پێشەوە نیگای تێگرم ڕووبەڕووی ئەو لیستانە ڕۆیشتم کە کات وهاتنی پاسەکانی دیاری دەکرد. (هەموو پیاوان کاتێ ئافرەتێکی تەنیا دەبین حەزیان وایە ئەو ئافرەتە تەنیایە بدوێنن..) بۆیە منیش چوومە تەنیشتیەوە و بە دەنگێکی شاعیرانەوە ووتم: دونیایەکی سارد و سڕە!

(بە سەر ئاوڕێکی لە دەستی چەپی دایەوە کە منی لێ جێگیر بووبووم). بە نەرمییەوە ووتی: ئێمە کڵکی سەرمامان نەماوە بەڵام جەنگ لە گەڵ سەرمادا بەرپادەکەین هەر دێینە دەرەوە.. منیش بۆ گەرم کردنی باسەکە و لەزەت بردن لە قسەکانی، خۆم خستە بەرامبەری و ووتم: پیری و هەزار دەرد (ڕەنگی دەموچاویم دەخوێندەوە تەواو ئەم ڕستەیەی من نیگەرانی کرد) بۆیە چاوی بڕیە ئەو ڕێگایەی پاسەکەی لێوە دێ..

زایەڵەیەکی نیگەرانی قسەی هیوا قنگڕەشی بیرخستمەوە کە دەیووت: «تو خوا سیدیق ئەگەر بێیتە ناو باسەکەمانەوە، وەڵڵایی تۆ کەر لێخوری جڵەو بە دەستی کەرەکەیە»، بە بیری خۆمدا هاتمەوە بۆ فریاکەوتن و خۆ هەستانەوەم لەو قسە، قسەیەکی ترم بە سەریداهێنا ووتم: ئەوەتا من پیر بووم و هەزار و یەک دەرد و بەڵام هەیە (هەر دوو دەستی لە پاڵتۆڕەشەکەی دەرهێنا و بە نیانەوە وەک حەکیم بێ و چارەی دەردم بکات) ووتی: یەکێک لەو بەڵایانە؟

(بیرم کردەوە ئەگەر باسی دوور و درێژی جگەرەیەکی بۆ بکەم چۆن هەموو ژیانمی تێکداوە، نەک هەر پێکەنینی بە عەقڵم دێ بەڵکوو بە شێتێکی تەواوم دادەنێ.. ئەگەر بڵێم نەگبەتم و شەوی سەدجار بۆ بێکەسی و هاوتەنیایەک دەگریم ڕەنگە بەشەرمترین بونیادەمی ئەم گەردوونەم بزانێ.. ئەگەر بڵێم تەنیا یەک بەڵام هەیە، ئەویش جگەرەیەکە لە دەستی فریشتەیەک فەرموو بکرێم، تا کۆلارەکەی بۆ دەگەیەنمە هەوا، پەتەکە بە دەستمەوە دەپچڕێ).

زیاتر سەری بەرزکردەوە،، وەک ئەو گرەوەکەی بردبێتەوە ووتی ها.. یەکێک لەو هەزار و یەک بەڵایەت نەبوو؟!

نەمدەزانی بڵێم نەء.. یاخود بڵێم بۆم ناژمێردرێت، ئەمەش نابێ، زمانم بەزەیی پێمداهاتەوە و ووتی: ئەوەتا چاوەکانم کز بووە و توانای خوێندنەوەم نەماوە، ئەمە بەڵا نییە خانم؟!

(دەنگی پێکەنینێکی نەرم لە گەرووییەوە هاتەدەرێ و) ووتی: نامۆت دەبینم و خانەنشین دێیە بەرچاوم..

ووتم : بەڵێ.. ئا .. هەردوکیانم.

ووتی: ماوەی چەنێکە لێرە دەژی..

ووتم: ١٢ ساڵ و حەوت ڕۆژ و نۆ سەعاتە.

(دەستی کرد بە پێکەنین، لە ناو پاڵتۆ ڕەشەکەیدا پاکەتێکی ئەسبێن (Asben)ی لە گیرفانی دەرهێنا و سەری پاکەتەکەی هەڵدایەوە و چەرخێکی سپی لە ناو پاکەتەکەدا دەرهێنا... یەکدوو هەنگاو لە وێستگەکە دوورکەوتەوە، دەتووت موغناتیسە و بە دوای خۆیدا کێشم دەکات.. سەری دوو فیلتەرە جگەرەی گرت و لە ناو تاریکی پاکەتەکەدا ڕزگاری کردن، یەکێکیانی ئاراستەی من کرد و بە دەستی چەپی ئەویتری لە نێوانی دوو لێوی نا..)

بە دەنگێکی غەڵبنەوە ووتی دیارە جگەرە دەکێشی.. وا نییە؟!

ووتم: بەڵێ.. بەڵێ.. دەکێشم، بەڵام زۆر نا...

بەهاری ٢٠٠١ سوید

# ڕاوەماسی

یادێک لە زانایەتی و ئازایەتییەکانی «مامەریشە»ی مەزن

کوردان کەریم مەحمود

هاژە و لووری ڕەشەباکە یەکدەم ناسرەوێت. سەرشێتانە لە دەشت و دەردا کەوتۆتە گیانی زەوی و، هەرچی لە ڕێڕەوی دایە، لە پەلاماری پەساپەسا و بێ ئەمانی بەدوور نامێنێتەوە. بێ پسانەوە شالاو دێنێت و بەژنی داری دارستان دادەچەمێنێ و ئاوی زرێ دەشڵەقێنێ. ئاوی زرێ لە دەست هورووژمی ڕەشەباکە دەهەژێت و شەپۆلی بەرز و بەسام بەسەر پاناوکی سنگیدا دێن و دەچن. هەزاران شەپۆلی گەڕۆکی بێقەرار، چەشنی خەڵکی ڕەویوی دەستی زۆردار، کۆچباری هەڵاتن بەکۆڵەوە، سەرەی کۆچ و ڕەوێکی بێ پسانەوەیان بە شوێن سەری یەکدا هەڵگرتووە. هەر دەڵێی شەڕی مان و نەمانە؛ شەپۆل بە سەر شەپۆلدا دەکشێت و ئەم شەپۆلە، شەپۆلی تر لە ژێر خۆیدا نوقم و تونا دەکات. ڕەشەباکە لە بەری باشوورەوە دێت و سەرسەختانە کەنارەکانی بەری باکوور بەگۆپاڵی شەپۆل دەکوتێت. هەربۆیە داوێنەکانی بەری خوارووی زرێ، بەچاو، تۆزکاڵێک ئەهوەنتر لە ڕوخی سەرووی دەنوێنن. لە سەرتانسەری کەنارەکانی بەری خوارووی زرێش، تەنێ هەر جوولەوەرێک دیارە کە دەبزوێت، لەم شوێن بۆ ئەو شوێن دەچێت، تاوێک دادەنیشت و دیسان هەڵدەستێتەوە و بەرەو شوێنێکی تر دەکەوێتە ڕێ.

لەپڕ، ڕەشایی بەگورجی هەستا و قەراخە و قەراغ بۆ سەر هەڵکشا. لە نێو دەوەن و گژ و گیا هاتەدەر و لە کەنارەی ڕووتەنی زرێ نزیک بۆوە. لە دەم ئاوەکە ڕاوەستا و سەیرێکی دەور و بەری خۆی کرد و بە شوێن جێ ڕاوێکی ئەهوەن دا چاوی گێڕا. هەرلەوێ، لە لاشانی تاشەبەردێکی قووچی باپەسیو دا جێیەکی نەرمانی هەڵبژارد و جانتاکەیی لە کۆڵ دادەبەزاند. شوێنەکەی ئەگەرچی کەموسکەیەک ئارامتر دیارە، بەڵام هەڵچوون و داچوونی زرێ و زەربی ڕەشەبا، ئاوی بەردەمی ئەویش دەشڵەقێنێ.

بەرلە هەرشتێک، چرپی و چاڵ و ئاومالکی کەنارەی بەردەمی خۆی ڕامالی و شوێنی دانانی قولاپەکانی تەواو خاوێن کردەوە. لە جوولانەوە دا، هەڵس و کەوتەکەی هێدیبیانەیە و ئاکار و کردەوەکەی نەرم و لەسەر خۆیە. تۆزکاڵێک باریک ئەندام و داڵ گۆشتە و ئەختێک چەماوەوەیە. قەمسەڵەیەکی ڕەنگ پەمبەیی کۆن و دوولینگەیەکی کەسکی کاڵبۆوەوەی لەبەر دایە. دەسرۆکەیەکی قاوەیی تۆخی لە لاچاوی چەپی هالاندووە و لەپشت سەرەوە گرێی داوە.

قولاپەکانی لە جانتاکەی دەرهێنان و خەریک بوو. جارێک، دووجار، سێ جار و بۆ چوارەم جار پەتی قولاپە گەورەکەی لە سەر نەرمە لی پەنا تاتە بەردەکە قەف قەف چنی و پاش تاقیکردنەوەی چشتەی خۆراکی سەر چزووی قولاپەکەی، بەندی بەرەوەی تەنافەکەی گرت و بە هەموو هێزی باڵ و باسکان چەند کەڕەتانی هەڵسووڕاند و تووڕی هەڵدایە نێو ئاوەکەوە. پەت و قولاپ و قورسەی خۆراکی ماسی لەباوەشی توندەبا دا باڵیان گرت، بەڵام لابا تێکەوەی پێچا و پاش کەوانە پێکردنێکی ڕوو بە ڕۆخی زرێ، لە چەند مێترە ئەولاتری بەردەمیدا، شڵپ دای بەزاندەوە. جاری پێنجەم، جاری شەشەم و چەند کەڕەتی دیکەشی هەر بەم حاڵە لێ ڕابووری. لەم حاڵ و هەوایە دەهری بوو. ئیمانی لەلا نەما. لە توندەبا تووڕەتر لەجێ پەڕی و پەتی هەردووک قولاپەکانی بە چەند جاران ڕاکێشان لە ئاوەکە دەرکێشا و گورج کۆی کردنەوە و لە جانتاکەی خستنەوە. ئەوسا جانتاکەی بەکۆڵ دادا و دوو پەلکەی ژێرووی جانتاکەیی لە نێوقەدی بەست و خێرا وەڕێ کەوت. چەند هەنگاوێک بەپەلە ڕۆیشت و لەپڕ ڕاوەستا. دیسان کەوتەوە ڕێ و پاش چەند هەنگاوێک دیسان لەسەرجێ چەقی. دەسرۆکەی لاچاوی چەپی بە زەربی ڕەشەباکە لەجێ خزیبوو. دەسرۆکەکەی وەبەر چاوی چەپی هەڵدایەوە و لە پشت سەرەوە توند قایمی کرد. لە نێوان چوون و نەچوون دا تاوێک ڕاوەستا. ڕاوەستا و بەلای خۆیەوە گوتی«... داردەستم بۆ چییە؟ نای هێنێ زۆیە پەیاغێکی قورس بەدوای خۆمدا ڕەکێش بکەم. لێرە، لەم وڵاتەدا حەوجێ بە داردەست نیم. تێلا و چەک و داردەست بۆ لای خۆمان باش بەکار دەهاتن. لە لای خۆمان مار هەبوو، سەگی پانیگری لادێ هەبوو و کەلێک شتی تری نابەجێی ناحەزیش هەبوون.» بەدەم خۆدواندنەوە کۆنە پەندی کوردەواری هاتەوە بیر «پیاوی پیاو، دۆستی زۆرە و بێ دوژمنیش نابێ. لە هەر دوو حاڵدا، دەبێ ئاگای لە خۆی بێت». گوتی «بەڵێ وایە!... بەڵام ئاخر خۆ لەم سەرزەمینە سەرمابردووەدا سیسەمارەکانی حیزی تەزووی سەرمایەن، سەگەکانی دەستەمۆیانی سەربەڕێی نێو ماڵن و، پیاوی پەنابەریش هەر ناوەکەی پیاوە. سەرەڕای هەموو شتێک، لەم وەیشوومە ڕۆژە ڕەشەدا هەتا چاو بڕدەکات، نە دۆست دیارە و نە دوژمن. لەم بەر و ئەو بەری ئەم بەحرە شێواوەدا تەنێ هەر خۆمم کە خاوەنی ڕەبەقی هەر دووک لابەرانم. دەی کەوایە داردەست باری سەربارمە و نای هێنێ دەستی پێوە ماندوو بکەم...» بە دەم ئەم بیرەوە پشتی تێکرد و ڕویشت. لەپڕ

ڕاوەستـا. بە لاچاوە ســاخـەکـەی سـەیرێکی ئەو بەری زرێی کـرد. لەوبەر، تۆف و تەمی تۆفان هەنگامەیەکی سەیرتری هەڵگیرساندبوو. شەپۆلەکان چەشنی ڕەوە ئاسکی سپی، لە ترسی هێرشی شێری برسی، بە هەمـوو توانای پێ و پەلان بەرەو دارستانەکانی کەنارەی ئەوبەر ڕایان دەکرد. خۆیان بـە کەنارەکان دا دەکێشا و کەف و کوڵی سپی و هاشـە و شـڵـپە و شـڵـقـەیان جێ دەهێـشت و پشـتیـان بۆ شەپۆلەکانی دوایی نزم دەکردەوە. کەنارەکانی بەری خۆی، مێرگێکی ســەرســەوزی بێ دار و درەخت و، ڕۆخی ئەوبەریش بە دارســتـانی قــەوغــای چڕوپڕەوە، شــینی شین دەچوونەوە. گــەرووی ڕووتەنی شاخەسپی لە نێو شینایی دارستانەکەی ئەوبەری زرێ دا سپی تری دەنواند. لە قـەدی خـوارەوەی شـاخـە سپی، ڕیزە درەختـە گـەڵا کوڵ کوڵینەکان بە چەشنی هەیاسەی هەزار ڕەنگ، پشتێندی نەخشینیان لە دەوری کــەمــەری شــاخ هاڵاندبوو. ســەرووتریش، دارســتــانی سنۆبەری هەمـیـشـە سـەرسـەوزی دەوری گـەرووی شـاخـەسـپی، وێنـەنوێـنـێکی پڕ بـە قـــــالبی ملوانکـە شــــــینـەی بەرگـەردنی «یارخـەزاڵ»ەکـەی خـۆی بوو. ملوێنکە شـینەی دەوری گــەردنی بەرز و بێگەردی یارخـــەزاڵەکـــەی، بنەیەکی هەرهێندە ئازیزیان لە دڵەکەی ئەودا داناوە، کە جوانی و ڕەعنایی خۆڕستیش هەمـیشـە بۆرە خـزمـێکی ئەو بنە ئازیزەیە بۆی و، هەرچی جـوان و دڵگرە لە خۆڕست دا، بۆنی یادی یارخەزاڵیان لێ دەکات.

سـەرێکی بەرز کـردەوە و بەدەم ڕوانینی دیمەنگای شـاخ و شـینایی و شەپۆلان، گوتی: «یارخەزاڵەکەم!... ڕاستە ملوانکەی بەرگەردنی دڵ هەنگێوت وردە مووروویی کەم بایەخی هەژارانەیە، بەڵام سەبرت بێ... شەرتێکە پێم داوی و دەیبەمە سەر... هەرکە وەربگیرێم و لەم وڵاتەدا سەرەپەتێم دەست کەوێ، تۆ و منداڵان ڕادەگوێزمە ئێرە و خۆمتان دەبەر دەمـرێنم... ئیـدی تۆز و تەمی هەژاریتـان لەسـەر دەڕەوێنم و ناهێـڵم لێـوەکـانتـان زەردەیان لەســەر کـاڵ ببێـتـەوە... هەربەس وەربگیـرێم و مـۆری دیپـۆڕتم لەسـەر وەلابچێت... ئیـتـر ئەودەم... »

تاوێک ڕامـا. بێـدەنگ مـایەوە. بە لاچاوە سـاغـەکـەی، لووتکە و یاڵ و داوێنی شاخـە سپی وردتر دەرزی ئاژن کرد. بەوردی تێیان ڕاما و بە پەلە بۆ داردەستەکـەی گەڕایەوە. داردەستەکەی خستە ژێر باڵ و ڕوو بە شاخـەسپی لە ژێر لێوانەوە دەگەڵ خـۆی دوا: «... بەڵام ئەوەیکە من ئەو ڕۆژە لـە داوێنێ خـوارووی هەر ئەم شــاخــە سـپـیـیـە بەســەری داکەوتم، کچـە جـوانکیلەیەکی نەشـمیلانەی مل بەخـوێن بوو. لەبری ملوانکەی پیرۆزەی شین، گەردن و سـەرسنگی شەتڵانی خوێن بوو... وەی کە سەیر خـەجلام!... ناهەق نەبووم... هەر کەسێکی تریش بەم جـۆرە و لەپڕ و نـاکـاوێک بەســەر تەرمی کـچـە جـوانکیلەیەکی مل بەخوێن دا کـەوتبـایە، لە من سـەرگەشـتـەتر و حـەیران تر دەبوو. من هیچ خـۆم بۆ دیتنی ئـەم جـۆرە دیمەنانـە ئامـادە نەکـردبوو. هۆش لە ســەرم داکــەوت و چی نەمــا پێ ڕابێم و دەبوورەوە بچم... ناهەق نەبووم. ئەوەیکە من دەربارەی ئەم وڵاتەدا بیستبووم و ئەودەم باوەڕم پێی بوو، هەر دلۆڤانی و مرۆڤایەتی و دێموکراتی بوو. بیستبووم کە بایەخ و ســەنگ و کــێــشـی ژن و پیــاو لە دووتـای تـەرازووی کۆمـەڵگاکەیاندا بە مێشـوولەیەکیش قوورسایی و سووکایەتییان لە نێواندا نییە. بیستبووم وڵاتەکەیان ئازاد و ئاواڵەیە و مرۆڤ دەکارێ وەک پەپوولە بەم ســـەر و ئەوســــەریدا بفــڕێت و هیـچ گــەزەند و ئازارێکیش نەبینێت. بیستبووم لەم وڵاتە ئازاد و دیمۆکڕاتەدا، کەس لە کوڵ کاڵتر چی بە کەس ناڵێ و دەم و ڕاوێژی هەر هەموویان سۆز و خۆشـەویستی و میهرەبانیی لێ دەبارێت. من کە ئەمەم دیت، ئەقڵم سـووڕا و قـوشـەهـو بووم. دوو قـاچم هەبوو، چواری تریشـم بە لابار وەرگـرت و تێم تـەقـاند. دەگـەڵ هەڵاتن، بە زمـانی خـۆم و بەزمـانی ئەوان، بە دۆڵ و دارســـتــــان دا هاوارم بـڵاو کــردەوە. تووشی هـەر ڕێبـوارێک هاتم بە دەست و سـەر و زمـان گـوتم: گـوژرا!...» چی پێ نەچوو پۆلیس گـەیشـتـە سـەر شـوێنی ڕووداوەکە. کێ لەو شـوێنە بوو، نێو و ناونیشانیان کەوتە نێو دەفتەر. ناوی ڕێبوارانی خۆماڵی و ناوی من وەک یەک نەکەوتە نێو دەفتەر. ناوی من هەر دەگەڵ یەکەمین ڕۆژی هاتنم بۆ ئەم وڵاتە، ئەوەندە خێچ و خوار کەوتۆتە ناو دەفتەرەکەیان، کە پێم وایە هیچ وەستـا دارتاشێکی شـارەزا بۆی ڕاست ناکرێتـەوە. من ڕۆژهەڵاتیم، کوردم، دەڵێن موسوڵمانم، لاچاوێکم بەرەو پووکانەوە دەچێت، لە وڵاتەکەی خۆمدا نیش و کارەکەیان لێ ئەستاندوومەتەوە و دەستیان لە تەختە بەستووم، ژن و منداڵم لە ماڵدا جێ هێشتووە و بە قاچاخە ڕێیاندا سـەرم لە وڵاتەکەیان هێناوەتە دەر. سەیر هەر ئەمەیە کە چاوە عەیبدارەکەم وەک بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر قەبڵاوە و پێیان وایە ئەم زام و زەخمـە بە هەڵگەڕانەوەی قولاپ نەبۆتە خـەوشی سـەر چاوی چەپەم. ئەوان بەبیری شەڕ و هەرا و شێواندنی کۆمەڵگا، بۆنی شەڕکەر و شەڕانی و ئاژاوەگێڕی و فەرتەنەچێتیم لێدەکەن. هەربۆیە دەڵێن کـە، ڕەنگە پڕیشکەی تەقـینەوە چاوی چەپەمی بەرەو فـەوتان بردبێت. هـەر لە سـەرەتادا، چی هەبوو وەک سـەربردە و بەسـەرهاتی خۆم، من بە سەرڕاستی و بەبێ درۆ بۆم گێڕابوونەوە. ئەودەم هەرچی من گوتم، ئەوان نووسیان و لە ماوەی شەش مانگی ڕابوردوو دا، دوو جـاران حـوکـمی دەرکـردنیـان پێـداوم. دۆزینەوەی مـەیتی کـچـە مل بەخوێنەکەیش لێم بۆتە پەڵەیەکی تر و جـار جار بانگم دەکـەن و لێم دەکۆڵنەوە. دوو جار جوابی«نا»یان پێداوم. ئەمجارە ئەگەر وەکیل و دەمڕاستەکەم لە مەحکەمەدا بیبەزێنێت، ئیتر کارم تەواوە و دەبێ ئێرە جێ بهێڵم و بڕۆم. دەبێ بڕۆم و دەوری شاخە سپی و ئەم بەحرە پڕ لە ماسییە چۆڵ بکەم.

داردەست بە ژێر باڵەوە، بۆ کـورتە دەمێک شـاخـەسـپی و شـینایی دارستانەکەی خورت تر سـەیر کرد. شـاخـەسپی و زنجیرەکێوەکانی بەری ڕۆژهەڵاتی شـاخـەسپی، خـۆشتـرین و جوانترین شـوێن بوون بۆی.

ئەودەم کـە پێڵاوی غـەریبی لەم وڵاتەدا کـردووە و هەرکـە ڕایـانگوازتە ئەم شــارۆچکەیە، ڕۆژی یەکــەم نـا، ڕۆژی دووەم ڕووی کـردە داوێنی شـاخە سپی و، تەنیا و نابەڵەد و نـاشارەزا، بە داوێنەکەیدا هەڵگەڕا. لە پێهەڵاچوون دا وەک ئاسک، تیشـە بەردەکانی بڕی و بە یەک پشوو هەتا سـەردوندەکـەی ڕانەوەسـتا. کە گـەیشـتـە سـەر ترۆپک، ڕوو بە خـۆرهەڵات دانیـشت و پڕ بە سـیـیـەکـانی هەوای خـاوێنی سـەرانی

هەلمژی. لە دانیشتن دا هەر ئەودەم دەگەڵ خۆیدا گوتی: بەڕاستی کەس نازانی کێ بۆ کوێ دەچێ. ماسی هەر خۆی دەزانێ بۆچ دەبێ لە ساڵدا جارێک بە خوڕێنکی چەمدا هەڵگەڕێ و بە شوێن ڕێواساوی هەورازاندا هەلکشێ. ماسی، لەم هەلکشان و هەوراز چوونەدا هەزاران ئەگەری خەتەر بەگیان دەکڕێت؛ هەربۆیە و هەر بۆ ئەمە کە لە سەرچاوەی چەمدا گەرا هەلڕێژێت و بنەتۆوەکەی نەفەوتێت و شوێنەواری کوێر نەبێتەوە. منیش هەر وەک ماسی بووم. نە مامۆستایەک ڕای هێنام و نە کەس دەستی گرتم. باب و باپیرانیشم هەر ئەوتۆ... زۆر منداڵ بووم ئەڤینی شاخ گرتمی. سەردەمی منداڵیم، من و هاوتەمەنەکانم، ڕۆژمان بەبێ ڕۆژبوێر لە شاخ دا تێپەڕ دەکرد. خۆمان بە داوێنی شاخی بەرمالان دا دەکرد. لە خوار بۆ سەر، لەم بەرد بۆ ئەو بەرد، لەم تیش بۆ ئەو تیش دەڕۆیشتین و هەڵدەکشاین و تێ هەڵدەبووینەوە. دیسان بەرەو خوار. کە دەهاتینەوە خوار، برسی و تووونی... بەتێکڕا هێرشی کوللە ئاساییمان بۆ نانەڕەشە و ئاوی گۆزەی سوور دەبرد... دەمان خوارد و دەمان خواردەوە. دایکەکانمان دەیانگوت کە ئەم شاخ و کێوە نەکبەتانە لێیان بوونەتە بەلا... ئەم شاخ و کێوانە نان و دۆ بڕن. باوکەکانمان دەیانگوت کە ئەوانیش بەمنداڵی هەر وەلۆ بوون. باوک و باپیرەکانیشیان هەر وەها. شاخ و کێومان نەبوایە، بێ داڵدە و بێ پەناگە دەبووین. بنەتۆوی کە ئیمڕۆکە بۆمان ماوەتەوە، هەر ئەم کەژ و چیا و هەڵەمووتانە بۆیان هێشتووینەوە.

سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و هێدییانە دەور و بەرێکی ڕوانی. سەرتانسەری زرێ شوێنێکی ئارامی تێدا بەدی نەدەکرا کە هومێدی ماسیگرتنێکی لێ بکرێت. هەربۆیە، بە نابەدڵی داردەستەکەی خستە ژێر باڵ و قەراغە و قەراغ سەرتر هەڵکشا. چەند سەت هەنگاوێک ئەولاتر گەیشتە کەنداوێکی درێژووکەی کەنار بەردەلانی تەواو تەق تەق. ئاوی کەنداوەکە پاشاوێکی لێڵ، بەلام ئاوی ئەهومنی تێکەلاو بە زرێ بوو. ڕەوەی شەپۆلان بە بەر زارکی کەنداوەکەدا تێپەڕ دەبوون و بە ئارامی ئاوی کەنداوەکەیان دەهەژاند. لە پەنا تاشەبەردێکی چەقیوی نێو وردەلێکی خاوێندا دانیشت و بە پەلە قولاپەکانی وەکار خستنەوە. ئاو لە کەنداوەکەدا ئارام ئارام ڕادەژا. پۆلە گوڵە لاولاوەکانی کەنارانیش دەگەڵ ئەم لارە و لەنجەیە، نەرم و هێدی ڕادەژان. بەچاوی ئەو، کەنداوەکە دەتگوت بێشکەیە. دوو بەری دوور و درێژی لانکی کەنداوەکە، گوڵە لاولاوی ئاویی داپۆشیبوو. بێشکەی منداڵەکانی خۆیشی هەر بەمجۆرە دەڕازانەوە. یارخەزاڵ لە ڕازاندنەوە و چنین و گوڵدوورین دا پەنجەڕەنگینە و هەر چەشنە خەملاندن و ڕازاندنەوەیەک دەزانێت. بێشکەی «هەرمان» و «سەیوان» و «هەنار»ی بە کەشمێک دەڕازاندەوە، کە هەر دەبوو بێی و سەیری بکەی و دەسخۆشانەی پێ بلێی. ئێستا«هەرمان» و «سەیوان» گەورە بوون و خەمخۆری دایکیانن. بەلام «هەنار» خەمی گەورە و گرانی سەردڵی دایک و باب و خوشک و برایەتی. هەنارە وردیلانەکەی هەر ئێستا پێنج ساڵی لە تەمەن بردۆتەسەر، بەلام هەر ساوا و دەستەوەستانە. ئاوی مەنداوەکە لە بێشکەی کەنداودا چەندە هێور پشوو دەدات، «هەنار»یش بەکاتی ساوایی هەر بەم چەشنە بوو. هەنارەکەی تازە یەکساڵی لە تەمەن پڕ کردبوو کە تووشی هەرەس هاتن و کار و پیشەی مامۆستایەتییان لێ ئەستاندەوە و دەستیان لە تەختە بەست. هەرنەک تەنێ ئەو، بەڵکە چەندین و چەندهای وەکی خۆی بەم دەردە چوون و ماڵیان لە گای تۆڕ نرا. هەفتەی پێشتر، ڕۆژی هەینی، ڕۆژی لەدایکبوونی هەنارەکەی بوو. هەنار پێنج ساڵی لە تەمەن بردۆتە سەر، بەلام هێستایش فام و هۆشەکەی هەر بە قەدرایە منداڵێکی دوو ساڵانەیە و بێ سەر و زمانە. وردیلانە و نەشمیلانەیەکی بێ جووڵەیە و نابزوێ. نەخۆشینێکی ون و شاراوە لە یەکساڵەی تەمەنیدا لێی دەرکەوت و ڕێی گەشەی زمانی بڕی. بردیانە لای دوکتور. دوکتوریان بۆ گۆڕی. لەم دوکتور بۆ لای ئەوی دی، لەم نەخۆشخانەیە بۆ ئەوی تریان. چی گرانباری کە لەماڵدا بوویان لە بازاڕدا تواندیانەوە و بەردەرگای گەلێک دوکتور و چازانی شاریان پێ تەقاندەوە. لە شاریش بردیانە دەر و بە چەند شاراندا گێڕایان. بە گوتەی زۆربەی دوکتورەکان، هەنار دەبوایە بکەوێتە بەر نەشتەرگەری و لووی بناگوێچکەی نزیک بە مێشکی هەڵ بقرتێت. گەر ئەمەی بۆ نەکرێت، خۆێنبەرەکان ڕێی هات و چۆی خوێنیان لێ دەگیرێت و لە داهاتوودا ئەگەری خەتەرێکی مەزنتری بۆ دێتە پێش. هەژاری و نەداری و دەستەوەستانی ماڵەکەی ڕمێ، دەستێکیان کەوتە ئەم لا و ئەوی تریان بۆ ئەولا. بە تووڕەیی گوتی دەچمە لای باوکم و دەست بەداوێنی دەبم. یارخەزاڵ گوتی نەکەی!... سامان نەکەی!... حەیاتەکەم ئەم کارە مەکە... تۆ خۆت دەزانی کە دەور و سەردەمەکە گۆڕدراوە. دایک و باوک و خزم و دیوناسەکانیش دەگەڵ ئەم گۆڕانە، گۆڕدراون... لەوەتەی دەور گۆڕدراوە، خەڵک لە داهاتووی خۆیان نیگەران کراون و ئیتر پیاوەتی و کەرامەتیش دەگەڵ پارە و پووڵی خاوەن کەرامەتەکان خزاونەتە ژێرخانانان و زیندەبەگۆڕ کراوە... نەکەی سامان!...

بۆ یەکەمجار بوو کە لە یارخەزاڵەکەی تووڕە دەبوو. گوێی نەدایە و بە زوێری دەرگای پێک دادا و ڕۆیشتەدەر و... جووڵەی پەتی یەکێک لە قولاپەکانی، پردی ئێستا و ڕابوردوویان پچڕاند. جووڵە توندتر کرا. لە چاو تروووکانێکدا سێ قەفی تەنافەکە یەکجێ و لەپڕدا کێشرا. لەجێ پەڕی و دوو قەفی دیکەشی بۆ لە دوا دا. پشتی کووڕ کردەوە و لەپی دەستی ڕاستی لە بان تەنافەکەدا ئامادە ڕاگرت. پەتی قولاپەکە تەواو لە ئاو جیا بۆوە و دیار بوو قولاپ و چەشتەی خۆراک دە زاری ماسی دایە و ڕوو بە ژووروو دەڕوات. تەناف توندتر و ڕەقتر بوو. هەر لەم حاڵەتەدا، بە لەپی پەنجەی ڕاستی توند کوتایە سەر تەنافەکە. نێوەڕاستی گۆماوەکە شلپەیەکی توندی تێکەوت. ماسی بەرزکی خستە ڕوو، سپی هەڵگەڕا. ماسی لە هەوڵی پساندنی بەندی قولاپ، جارێک بەرەو ڕاست، جارێک بەرەو چەپ کەوانەی کرد و دوو جارانیش گەزێک لە ئاو دەرپەڕی. ئاخرسەر و دوای پەلەقاژەیەکی کەم دەوام، سەر بەشوێن کێشانی قولاپەکەدا ملی دا و هات. ئەویش کێشای و کێشای و لە ئاوەکە دەری کێشا. ماسییەکە گەلێک درشت و گیاندار و لەچەشنی ماسیی«لاکس» بوو. ماسیی«لاکس» خواردنی

خەوانینانە. ئەودەم کە لە ئیش و کار بێبەری کرا و پیشەی مامۆستایەتی و هەرچەشنە کارێکی حکوومەتیان لێ یەساغ کرد، ڕووی لە ماسی گرتن هێنا. ڕاوەماسی، دوکان و دەسمایە و بازاڕی گەرمک نەبوو؛ چەند قولاپێک و هەندێک چەشتەی خۆراکی ماسی و دوو بەری ڕوبارەکەی پەنا شار. زۆربەی مامۆستا لە کاردەرکراوەکانیش هەروەک خۆی، لەبری دەرس و ڕاهێنان و پەروەردەکردنی ناو فێرگەکان، لە دەم چەم خستبوویان.

لە بەری بەیانەوە هەتا ئێوارەیەکی درەنگ وەختی، بە سەر هەموو گۆم و پاشاو و بەنداوی چۆمەکەی پەنا شار دا دەهات و قولاپەکانی لێ بەتاقی دەکردنەوە. ئەو لە چۆم ماسی دەگرت و «یارخەزاڵ»ەکەی لە ماڵدا خاوێنی دەکردنەوە و هاوکارە قەدیمییەکانیشی بە هەرزان لێیان دەکڕی. دەسکەوتەکەیان هەر ئەوەندە بوو، کە شەوەکەیان بە ڕۆژ بگەیەنێت و ڕۆژیان لێ بکاتەوە شەو. دەسکەوتی ماسیگرتن، سوور و ساتی دەرمان و دوکتور و نەخۆشخانەی پێ نەدەدرا. هەر بۆیە، بۆ ئاخرجار یارخەزاڵی ناچار کرد کە پێکەوە ڕوو لە ماڵی باوک هەڵ بێننەوە و چارەی کار لەو بخوازن. یارخەزاڵ دیسان پێی داگرت و پێی گوتەوە. بەڵام ئەو بە تووڕەیی گوتی باوکی خۆمە و باش دەیناسم. سەر و سەردەمێک هەر ئەو باوکە جێ هومێدی ئاشنا و ڕۆشنا و، بگرە پەڕیوە و غەوارەی هەندەرانیش بوو. باری کەوتووی گەلێک کەسانی هەڵدەساندەوە و دەستی لە تەختە بەستراوی زۆر کەوتووانی ڕەها دەکرد... من دەیناسم... باوکی خۆمە... دەچینەلای و پێی دەڵێین.

چوونەلای و پێیان گوت و بە دڵشکاوی گەڕانەوە. شەو بە کاتی خەوتن، یارخەزاڵ سەرینی ژێر سەری بە ئاوی چاو تەڕ کرد. بەڵام هەر ئەو بەیانەی کە هەستان، گوتی: سامان!... ئێمشەو لە خەو دا چوار ماسیم لە دەست وەرگرتی بۆ خاوێن کردنەوە. یەکێیان گەوهەرێکی زلی لە زگ دا بوو. یاخوا وەخێری بگێڕی خودایە... بڵێی شتی وامان وەڕێ بێ سامان!؟ سامان بەدەم خەیاڵەوە پێکەنی. گوتی: یارخەزاڵەکەم بە پەرێشانی... زۆر بە پەرێشانی ئەو شەوە کەوتە خەو... خەونی مرۆی پەرێشان، هەمیشە پەرێشانە... بە بیستنی خشپەیەک، سەرێکی بۆلای قولاپەکان وەرچەرخاندەوە و سەری سووڕما. قولاپە مەزنەکەی هەشت قەفی یەکجێ فڕێندرا و چی نەما پەت و دەستەتەختە و تەنافەکان تێکەوە پێچێت و دەگەڵ خۆیدا بیانبات. سامان هەر ئەوەندی پێکرا بەندی ئاخری پەتەکە بگرێت و بە لەپی پەنجەی ڕاستی بکوتێتە سەر تەنافەکە. لە نێوەڕاستی کەنداوەکەدا ماسییەکی مەزن خۆی دەرخست و لە ژێرەوە کۆشێک ئاوی دەگەڵ خۆی دەرفرتاند. دووجار بە دەوری خۆیدا هەڵسووڕا و چەند بستێکیش خۆی حەوا دا. سامان پەتی قولاپەکەی چەند جار بە ئەسپایی کێشا و شلی کردەوە و بارستایی ماسییەکەی بەم ئەزموونە بەتاقی کردەوە. بۆی دەرکەوت کە ماسی ئەم جارەی گەلێک ئەستوورتر و بە تواناترە لەمەی پێشووی. ماسییەکە بە ئاشکرا هەڵدەستایە سەر سینگ و دەگەڵ قولاپەکە شەڕی دەکرد. بە ناچار بۆی شل کرد. کە ئەو شلی کرد، ماسییەکە کێشای. لێی توند کرد، ماسییەکە بە دوایدا هات. یەکجار، دوو جار و چەندین جار ئەمەی لەگەڵدا کرد، ئاخرسەر ماسی هێزی لێ بڕا و سەر بە شوێن قولاپەکە دا کەوتە ڕێ. کە هێنایە بەر دەست و، پەنجەی لە ژێر بناگوێچکەی توند کرد، ئەمجارە زانی چییە و چۆنە. گوتی ئەمەیش هەر «لاکس»ە، بەڵام چ لاکسێک!... ئەم کەنداوە حەشارگە و کۆنەچاڵی شای ماسییانە و هەزاران ماسی کەتە و قورس و گرانی تێدایە. ئاخ سەد بریا ئەم کەنداوە لە پەنا شارەکەماندا بوایە... بە گوتەی خۆی پێکەنی و گوتی جا بۆ هەر ئەمە!؟... ئەگەر هەر بریا و خۆزیایە و هەر خەون و خایەڵە، دەی سەد بریا هەرچی خێر و خۆشی و حەسانەوەی کە خەڵکی ئەم وڵاتە هەیانە، بە نیو دانگی هی ئێمە بوایە. بە بریا و خۆزگە بوایە، سەد بریا هەنارەکەم گیرۆدەی ئەم ئازارە دژێوە نەهاتبایە، هەزاربریا کار و پیشەی مامۆستایەتیم هێستایش هەر مابایە و دەردی ماڵ و منداڵانم دەگەڵ یارخەزاڵەکەم بە کۆڵ دا کێشابایە. بریا و سەد بریاش مەجید - ی برای یارخەزاڵەکەم بە دەردی ئێمەوە نەسووتابایە... مەجید هەتا بڵێی خاوەن بەزەیی و دڵسۆزەیە، بەڵام ئاخ کەمێک کەللەیی و گوێ نەبیستە... چەندەم پێ گوت مەجید مەکە، براکەم مەکە... ئەمە یاری و گەمەیە بە چارەنووسی خۆت و ماڵ و منداڵەکەی خۆتی دەکەی. مەجید گوێی نەدامێ و گوتی کە دوکتورەکە برادەری خۆیەتی و هاوبیر و باوەڕی یەکترن. گوێی نەدامێ و کردی. مەجید هەر خۆی تەنێ نا، بەڵکە دوکتوری هاودەستیشی تووشی گێچەڵ بوون و گیران. پیشە و کاریان لێ ئەستاندرایەوە و ئەوانیش وەکی من دەستیان لە تەختە بەسترا... گەلێکم پێ گوت مەکە مەجید، ئەمە کاری کردن نییە. بەڵام ئەو گوێی نەدامێ و کردی. دەمزانی مەجید و دوکتور لەمێژ بوو پێکەوە سازابوون و دەستیان دابوویە دەستی یەک و لە فریای ماڵ و منداڵی مامۆستایانی لە ئیش دەرکراو کەوتبوون. مەجید بەبێ ئیزنی من، هەنارە ناسازەکەمی لە جێی کچەکەی خۆی خستبوویە ژێر چەتری بیمەی دەرمانی و هەموو سوور و ساتەکەیان خستبوویە سەرشانی دەوڵەت. دەوڵەتی بان سەری ئێمە زۆڵ و زۆرزانە و لە نێو خەڵکدا چاو و گوێی زۆرە. دەوڵەت پێی زانی و ئەوانیش تووشی گێچەڵ هاتن. بەڵام شەرتێکە و کردوومە... هەرکە وەربگیرێم و سەرمەتێکم بکەوێتە دەست، ڕێ بۆ مەجید و ماڵ و منداڵەکەیشی خۆش دەکەم... هەر وەربگیرێم کار تەواوە... خشپەی تەلی قولاپ لەسەر نەرمە لمی کەنار ئاوەکە بۆ جارێکی دیکەش بە پەلە بزواندی. قەف بە شوێن قەف دا ڕۆیی. دەستی برد و دەستە تەختەی قولاپەکەی گرتە دەست و توند کوتایە سەر تەنافەکە. ماسی لە گۆمدا خۆی دەرخست و هاتە سەر ئاو. بەسەر ئاودا چەرخ و خولێکی لێدا و ئەمجار بەرەو کەنارەی ڕاستی کەنداوەکە سووڕا. سامان بۆی شل کرد. ماسی بە ژێر لاولاوە گەلاپانەکانی کەناراندا توندتری کرد و هەورازتر هەڵکشا. سامان پەتەکەی لە جومگە هالاند و کێشای. ماسی سەری لە کەند کوتا و قەراخ ئاوەکەی شلوێ تر کرد. سامان کێشای، بەڵام قولاپ و ماسی هەر لەوێ چەقین. چەندجارانی کێشا، چرتەی نەکرد. زوو زانی تەنافی قولاپەکە دە ڕەگەدار و گابەردی

تەرکی کەنداوەکە گیرساوە و زەحمەتە ڕەها بێت. سەری تەناف بەدەستەوە، کەنارە و کەنار چەند هەنگاوێک بە سەر و خواری کەنداوەکەدا گەڕا. لە هەر هەنگاوێکیش دا کێشای و شلی کردەوە. گوتی: هەوڵی ڕەهاکردنی ئەم قولاپە بێ کەڵکە؛ هەردەڵێی بە چیمەنتۆ داڕێژراوە، چرتە ناکات. بەڵام چ قەیدی نییە... لەم کەنداوەدا ماسی زۆرە... بۆ قولاپیش پەکم ناکەوێ. ئەمەیان با لەژێر ئەم بەردە دا هەر بمێنێتەوە... دەستی لێ نادەم و جێی دەهێڵم. لەم وڵاتەدا ئەوەی زۆر و زەبەن و هەرزانە، هەر قولاپە. هەگبەکەم چواری نەکراوەوەی تێدایە و چوار دانەشم وا لە بەردەستانە. ئێرە وەکی لای خۆمان نییە. لای خۆمان قولاپ نانێکە. بۆ ماڵی کەمدەست، نانێک بۆ منداڵەکان جێی خۆی دەگرێت. ئەو (هاشم)ە گردەڵەش لێرە نییە کە پێم بڵێ دەی بۆچ خۆت بە ئاوەکە دا ناکەی و قولاپەکەت ڕەها ناکەیت؟! هاشم ئەو ڕۆژە گەلێک گەنجەفەی پێ دەکردم. ئەو پێی وابوو شاییم بە خۆمە کە چوار جاران بۆ ڕەهاکردنی قولاپی گیرساوم، خۆم بە چۆم دا دەدەم. هاشم دەیگوت نای هێنێ بۆ قولاپێکی حیز خۆت بە ئاوی سارد دا دەکەی... قولاپ ناکاتە نانێک!... ئەو ڕۆژە دەگەڵ هاشم نەبوامایە، هەر ئێستێ چاوی چەپم ساخ و بێ خەوش بوو. بەڵام ئەویش بە سەگێتی و بە دانستە ئەم کارەی لەگەڵدا نەکردم. هاشم خەریکی کێشانەوەی قولاپەکەی بوو. لەکاتی کێشانەوەی قولاپ، هەر گەزێک ئەولاتری خۆی، قولاپەکەی دە ڕەگە دارێک دا گیرسا. قولاپەکەی لە قەراخ چۆمەکەدا زۆر بە جوانی دەبینرا. هاشم کێشای و کێشای و، لە ئاخر کێشانی دا قولاپ دەرپەڕی و چزووەکەی ڕاست دە چاوی چەپی من چەقی. من، بە جەستە لە لاشانی ڕاستی ئەو دا خەریکی کاری خۆم بووم و بە فکر و خەیاڵیش شەشدانگ لەلای یارخەزاڵ و خەونەکەی شەوی پێشینی بووم. من بەهیچم نەزانی، هەربەس لەپڕ و ناکاوێک وەک گوللە بنێن بە چاوی چەپمەوە، ئاور لە چاوم دەرپەڕی. هاشم بەسەری خۆیدا دادا و هاواری کرد و گریا؛ سەری پەتی قولاپەکە دە دەستی ئەو دا و، چزووەکەی دە چاوی مندا... سەیرە!... زۆر سەیرە!... ئەدی بۆچ لێرە خەونی پریشکەی تەقینەوەم بۆ دەبینن و، خەوشی چاوی چەپەم دەبەنەوە سەر تەق و تۆقی مەیدانی شەڕ!؟ دەبێ کێهەیان ڕاست بێ؟ قولاپ، یان پریشکەی تەقینەوە! هاشم پەتی قولاپەکەی لە دەست و مست دەر نەدەهات. لە منی دەویست بیکووژم و لەو مەینەتەی ڕزگار بکەم... گوتم: هاشم!... هاشم هۆشی خۆت بگرەوە هاوڕێ !... کوا، کەی و کەنگێ خوێنی دەماری ئێمە بۆ پیاوکوژتن کوڵیوە کە ئەمڕۆ وەلۆ بێت. بە درێژایی هەموو تەمەنی ئەم خاک و خەڵکە، هەر ڕەتێنراوین و هەر ڕەپێ نراوین... لەم کەژ بۆ ئەو شاخ... لەم دیو بۆ ئەو دیو... سەیرە!... زۆر سەیرە! دەستی من لە تەختە نەبەسترابایە و چاوەکەم لەسەر نانی نەمرنەژی دانەڕژابایە و خەمی هەنارە وردیلانەکەم پاڵی پێوە نەنابایەم، ئەرێ بڵێی بە تۆپی قورسیش لێیان دابایەم لە جێ بزووتبایەم!؟ کاربەدەستانی ئێرە دەڵێن ئا... منیش دەڵێم نا... ئاخری ئەم مانگە «ئا» و «نا»ی وەرگرتن، یان دیپۆرت کردنم وەردەگرمەوە.

پاییزی ساڵی دووهەزار

# سەرنجێک لە سەر «دوو شێعری بێ نێو»

لەناو بازاڕی ئەورۆکەی ئەدەب دا شێعری تۆ«هێمن»
وەکوو پوولی چرووکە، هیچ ڕەواجێکی نییە، ئاچێ

نووسینی: مەرزە

لە پەیامی ژمارە ٣١ دا، دوو شێعری بێ نێو بەڵام ژمارە داری بەڕێز «بەڕۆژ ئاکرەیی» لە چاپدرابوو. هەرکە شێعری ژمارە یەکم خوێندەوە، شێعری ژمارە دووم وەلانا. شێعری ژمارە ١ بە "ڕوو لە هەر لایەک دەکەم" دەست پێدەکا، خوێنەر پاش خوێندنەوەی ئەو دێڕە شێعرە خۆبەخۆ "نامۆیە بۆم" ی مامۆستا هێمنی بەزەین دادێ. بەڵام شێعرەکە بەم چەشنە درێژەی پێدەدرێ:

"تۆ لەوێ ڕووتیت: دادەنیشیت
پەنجەت بە زمانت تەڕ دەکەیت: وەرە
ڕوو وەر دەگێڕم
تۆ لەوێ ڕووتیت پاڵ دەکەویت
دەرپێکەت نەختێ لادەدەیت: گوڵەکەم دەبینی تەڕ بووە؟
چرادەکوژێنمەوە
تاریکێکی تەڕ دەگرمە باوەش"

ئاکرەیی بەڕێز کە لەمێژ ساڵە خۆی بە شاعیر دەزانێ و لە "نامەیەکی کراوە بۆ دڵسۆز حەمە و چەند کەسێکی تر و خۆم" کە لە پیامی ژمارە ١٦دا بڵاوکراوەتەوە، لاساکردنەوە و "وەک یەک نووسین" مەحکووم دەکا و دەڵێ:

"بەکورتی: ئەگەر قەراربێت هەمووومان وەکوو یەک بنووسین، با هەر یەکێکمان بنووسێت!"

بەڵام من دێڕی هەوەڵی ئەو شێعرە واتا "ڕوولە هەر لایەک دەکەم" بە لاساکردنەوە یان "وەک یەک نووسین"ەوە دانانێم، بەڵکوو ئەوەی بە دزێتی ئەدەبی دەزانم.

بەڕێز تۆ کە خۆت بادینی و سۆرانی زۆر بە باشی دەزانی و لە ناو فارسانیشدا گەورە بووی و ژیاوی، دەبوایە مانای وشان زۆر بە چاکی بزانی. لە دێڕی دووهەم و پێنجەم دووپاتت کردۆتەوە و دەڵێی: "تۆ لەوێ ڕووتیت"! مانای وشەی ڕووت بوون بۆ گشت کەس ڕوونە. کاتێک کەسێک ڕووتە یانی جلو بەرگی لەبەر دانەبێ و بێ کراس و دەرپێ بێ و...

لە دێڕی شەش دا دەڵێ:

"دەرپێکەت نەختێ لادەدەی..."

هەتا ئەو ڕادەیەی من بزانم ڕووبەند ولەچک و پەچە و چارشێو لادەدرێ نەک دەرپێ! دەرپێ دادەکێشرێتە خوارێ، هەڵدەکێشرێتە

**شێعری باش خۆراکی خۆی لە بارودۆخی کۆمەڵ وەردەگرێ. شاعیر کە بە ئەزموون و وشیاربوون ساحێب ئەزەر دەبێ، هەست بە مەسئوولییەت دەکا، بۆیەش شێعرەکەی پێویستی تایبەتی خۆی پەیدادەکا و، لە رووی ناوەرۆکی شێعر کەسایەتی شاعیر نیشاندەدرێ.**

سەرێ، دادەماڵرێتە خوارێ یان لە پێ دەکردرێ و دادەکەندرێ. دوامینی ئەوەش، کابرا کاتێک رووتە چۆن لە هەمان وەختیشدا دەرپێی لە پێ دا دەبێ؟! دێری چوارەم کە تەنیا دوو وشەی "روو وەردەگێرم "ە، نیشانەی ململانی شاعیر دەگەڵ رووداوەکەیە و، بەو زەمینەیەتە خوێنەر چاوەڕوانی تێکۆشانێکی سەرکەوتووانەی شاعیر دەکا. نەک بەزین و بەزینێکی وا کە تەنانەت چرا بە دەست خۆی بکوژێنێتەوە و خۆی لە تاریکی باوێ...

بەرێز ئاکرەیی لە پەیامی ژمارە ١٦ دا دەڵێ:

"گرنگ ئەوەیە کە شێنک لە نێو ئێمەماناندا نەبۆتە باو، ئەویش نووسینی خوێندنەوەکانمانە."

بلێێ، خۆت ئەم گرینگییەت بەجێ هینابێ و نووسینەکانی خۆت خۆێندبێتەوە؟ یان لە بیرت کردبێ و بە چاوی بەستراو پێشکێشی بارەگای هونەر و ئەدەبی گەلەکەت کردووە.

هەرچەند بەرێز ئاکرەیی لە نامەکراوەکەیدا ئاماژەی بەم سەرچاوانەی لە نووسینەکەیدا کەڵکی لێوەرگرتبوو نەکردووە، دیسانیش سەری ئەو خۆش، خۆزگە هەر ئەو تێبنییانەی خۆی لای گرینگە لەبەر چاوی گرتبایە. کورد کوتەنی "گوتن هاسانە، ڕاپەڕاندن سەختە".

لە خۆوە نەگوتراوە ئاڵ و گۆڕ لە ئەدەبییاتدا، ئاڵ و گۆڕ لە ژیندا وەدیدێنێ. هەر بۆیەش قوڕەتولعەین، پوشکین، ویکتۆر خارا و هەزاران شاعیرو نووسەری دی هەر زیندوون و گەلەکەیان، خۆیان بە منەت باریان دەزانن.

شاعیر بە وشە و زمان شێعر دەخولقێنێ، وشە و زمانێک کە توانایی تازە لە خۆی نیشاندەدا. شێعرکاتێک زیندوو دەمێنێ کە لە دنیای شێعرو ئەدەب دا نرخ و جێگەی خۆی هەبێ. شێعری باش خۆراکی خۆی لە بارودۆخی کۆمەڵ وەردەگرێ. شاعیر کە بە ئەزموون و وشیاربوون ساحێب ئەزەر دەبێ، هەست بە مەسئوولییەت دەکا، بۆیەش شێعرەکەی پێویستی تایبەتی خۆی پەیدادەکا و، لە رووی ناوەرۆکی شێعر کەسایەتی شاعیر نیشاندەدرێ.

کاتێک بناخەی هونەر بە تایبەتی شێعر لەسەر لاساکردنەوە یان زۆر بەداخەوە لەسەر دزین (تەنانەت لە دەر و جیرانان )بێ، جێگەیەک بۆ خولقاندن و دەرفەتێک بۆ رەسەن بوونی هەست و بیری ئازادی شاعیر نامێنێتەوە. لە ئاکامدا (هەرچەند گۆڤاری دۆست و ئاشنا بۆیان چاپیش کەن )هەر لە دەفتەری خۆیاندا دەمێنێتەوە.

فروغ فرخزاد، سەبارەت بە شێعرەکانی نیما یوشیج(حرفهائی با فروغ فرخزاد) دەڵێ:

"نیما شاعیرێک بوو کە من لە شێعرەکەیدا بۆ یەکەمین جار فەزایەکی فکریم دیت... من کە خوێنەر بووم هەستم کرد لە گەڵ مرۆیەک رووبەرووم، نەک مستێک هەستی سەرسەریی و قسەی هیچ و پووچی رۆژانە. هۆیەک کە مەسەلەکانی لێکدەداوە و چارەسەری دەکردن، تێڕوانین و هەستێکی بەرزتر لە حاڵەتی ئاسایی و پێداویستییە بچووکەکان."

ئێمە ئەندامی کۆمەڵێکین کە بێ مافی، لێقەوماوی، دەربەدەری، نەگبەتی وەک داوە جاڵجاڵووکە تێمان هاڵاوە. مرۆڤی ئێمە لە بەدبەختییان بە بەدبەختی خۆی نازانێ، بە جۆرێک سەری لێشێواوە کە دایک و خوشکی خۆی لەسەر بیانووی هیچ و پووچ بە نێوی پاراستن لە شەرەف و نامووس دەکوژێ و، لە هەمان کاتیشدا شاعیر و نووسەرە پێشکەوتووەکانمان تەنیا سێکسی ئورووپایی وەخەبەری هێناون ونێفەک و ناو گەڵ بۆتە کەعبەی ئامانجیان و لەوە زیاتر هیچیان پێنەماوە.

ئەوە روونە کە مێژووی شێعری ئێمە مێژوویەکی "نێرە " و هەروەها ژوان و ئەزموونی ژیانی سێکسی لە شێعری کوردیی(ئەدەبی روو لێ هەڵماڵدراو)دا غەوارە نییە. هەر بۆیەش گوتنی ئەم چەشنە شێعرانە لە لایەن شاعیرانی ئێمڕۆمان بە کارێکی رەچەشکێنانە و "جەسوور"انە دادەنێن.

مامۆستا "محەمەدی مەلا کەریم" لە گزینگی ژمارە ٣٠ دا سەبارەت بە شێعر دەڵێ:

"من بەشێکی زۆری شێعری نوێم بە لاوە لە خانەی شێعردا دانانرێ، چونکە بەر لە هەرچی شێعر ئەبێ مۆسیقا... ئەگەر بۆچوونی ورد و خەیاڵی ناسک و وردەکاریی جوان و وێنەی رازاوەی گرتە خۆ و لە زمانی خەڵک و کەلەپووری میللی بەشێکی باشی وەرگرت، ئەوە شێعری چاکە و ئەگینا قسەڕیزکردن و وشەڕێکخستنێکی رووتە و، تەنانەت ئەوەندەشی گیانی شێعر تیا نییە... بۆیە ئێمە ئێستا هەرچەند قسەی ریزکراوی بە ناو شێعرمان کەم نییە، لە سامانی راستەقینەی شێعردا لام وایە زۆر لات و هەژارین.. شتێکی ئەوتۆ شک نابەین دڵی پێ خۆش بکەین... بەوە بێنە ریزی شاعیری راستەقینەوە و ئەدەبی کوردیی وا دەوڵەمەند بکەن گەنجینەیەکی نوێی لە شێعری جوان بخەنەسەر وەجاخی کەڵە شاعیرە پێشینەکمان روون بکەنەوە."

بە کورتی بەرۆژ ئاکرەیی بە دەربڕینی ئەو پارچە هۆنراوە سەرو گوێلاک شکاوە لەوانەیە توانیبێتی گۆشەیەک لە هەستی دەروونیی شەخسی خۆی دەربڕیبێ، بەڵام ئەدی ئەو گشتە پرسیارە بچووک و گەورانەی دەوروبەر لە کام دەفتەری شێعری ئەودا جێ دەگرێتەوە؟ بە هیوای شێعری بە کاکڵ و توێکڵ و هەنبانەی پڕ و بە نرخ بۆ نەوەکانمان.

# ڕاپۆرتی سیمینار بە مەبەستی ڕاگەیاندنی داخوازینامەی ژنی کورد

لە ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی ١٥ی سێپتامبری (٢٠٠١) لە شاری ستۆکهۆڵم سیمینارێکی چوار سەعاتە لەلایەن دەستەی دەستپێشخەری بزووتنەوەی ژنی کورد بە بەشداری زیاتر لە نەوەد کەس پێکهات، مەبەست لە سیمینارەکە ڕەگەیاندنی گەڵاڵەی پێشنیاری داخوازینامەی ژنی کورد و باس و لێدوان لە سەر پێویستیی وەگەڕخستنی بزووتنەوەیەکی سەرانسەری بۆ چەسپاندنی داخوازینامەکەبوو.

سیمینارەکە بە خوێندنەوەی شێعرێکی «سیمین چایچی» بەناوی (یەک و یەک نەبێتە یەک) و ڕاگەیاندنی دەقەیەک بیدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و ژنانی قوربانیی دابونەریت دەستی پێکرد.

لە یەکەم بەشی سیمینارەکە «شنە هیدایەتی» بە بەرچاوهێنانەوەی سیمایەک لە بارودۆخی کوردستان بە گشتی و ستاتووی ژنی کورد بەتایبەتی باس ولێدوانی خۆی کردەوە. پاشان بە وردی لە سەر بیرۆکەی داخوازینامەی ژنی کورد و پێویستی هاتنەگۆڕی ئەو داخوازینامەیە و هەروەها چۆنیەتی ئەوکارانە و پەیوەندییانەی کە تا ئەوکاتە بۆ گەشەسەندنی داخوازینامەکە کراوە باسی کرد.

هەر لەم بەشەدا «مەهاباد قەرەداغی» وەکوو پێشەکییەک لە سەر داخوازینامە و بزووتنەوەی ژنی کورد وتارێکی لە ژێر سەردێڕی «ناسنامە و پرۆژەی ژنی کورد» پێشکەش کرد. ئەو لە وتارەکەیدا چەند پرسیارێکی بنەڕەتی هێنایەگۆڕێ: ئێمە کێین؟ چ وەک تاک و چ وەک نەتەوەی کورد؟ ژنی کورد چی دەوێ؟ ئەو داخوازییانە چین کە ژنی کورد پێیان لەسەر دادەگرێ؟ مەهاباد قەرەداغی زۆر بە وردی ئاماژەی بەوە کرد کە مرۆڤ چ بە تاک و چ بە کۆمەڵ دەبێ پرۆژەی هەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. مرۆڤی بێ ئامانج بێ ناسنامەیە. ئەوە بۆ نەتەوەش هەروایە! ئەو هەروەها پێی لەوە داگرت کە کورد وەک نەتەوەی ژێردەست کە وڵاتی داگیرکراوە، تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پێویستە پرۆژەی بۆ ژیان هەبێ. ژنی کورد دەیەوێ یاسا بۆ پاراستنی ژیانی کۆمەڵگە دابندرێ. تاکەکانی کۆمەڵگەی کورد دەبێ یاسایان لە پشت بێ تا بتوانن گەشە بە کەسایەتی خۆیان بدەن و خۆیان بسەلمێنن، تاکی خۆسەلماندوو خاوەنی ناسنامەیە، کە واتە پرۆژەی ژنی کورد پرۆژەی ناسنامەیە.

پاشان دەقی داخوازینامەی ژنی کورد خاڵ بەخاڵ لە هەموو بوارەکان بە ئۆڤێرهێد نیشان درا و زۆر بە کورتی ئیشارە بە ئامانج و ئەرکەکانی بزووتنەوەکرا.

لە بەشی دووەمی سیمینارەکە «مونیرە موفتیزادە» لە پێشەکییەک دا لە سەر خەباتی ژنان ئاماژەی بەوە کرد کە پێویستە ژنانی کورد لە پێناوی چەسپاندنی داخوازینامەی ژنی کورد یەک بگرن. ئەنجا لە سەر چۆنیەتی بەردو پێشبردنی کارەکان و هەروەها لە سەر شێوازی کارکردن بۆ تەواوکردن و چەسپاندنی داخوازینامەکە باسی کرد.

پاشان پانێلێکی بیروبۆچوونی ئازاد سەبارەت بە داخوازینامە و بزووتنەوەی ژنی کورد لەلایەن «شەهلا دەباغی»، «سەدیقە محەمەدی»، «بەدری تەوحیدی» و «فەرح سالیک»ەوە گیرا. هەرکام لە بەشداران لە سەر بیروبۆچوونی خۆیان لەمەڕ داخوازینامە و بزووتنەوەی ژنی کورد قسەیان کرد.

بەشی سێیەمی سیمینارەکە تەرخان کرا بۆ باس و لێدوانی بەشدارانی سیمینار لە سەر داخوازینامە بەگشتی و بۆچوونیان لە سەر بزووتنەوەی ژنی کورد، کە بە داخەوە لەبەر کەمی کات نەکرا زیاتر لە دوو دەقە مەودا بە هەرکام لە بەشداران کە ویستیان قسەبکەن بدرێ. دیارە زۆر بیروبۆچوونی جوان و بەکەڵکمان وەرگرت کە لە بردنەپێشی کارەکان پێویستە لەبەرچاو بگیرێن. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەو پێشنیارە ڕەوایە بکەین کە هەر حیزب و ڕێکخراوەیەک لە کاتی کارکردن و باس و لێدوان لە سەر چۆنیەتی تەواوکردن و چەسپاندنی داخوازینامەکە یەک دەنگی هەبێت.

بە پێویستی دەزانین ڕوونکردنەوەیەکمان هەبێ لە سەر چەند پرسیارێکی سەرەکی کە لەلایەن زۆربەی بەشداران دووپات کرایەوە:

- لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە داخوازینامەکە ئاراستەی کێ و کوێ دەکرێ، دەبێ بگوترێ کە ئێمە وەک هەوەڵ هەنگاو چاوی هومێدمان لە حکوومەتەکانی هەولێر و سلێمانییەیە لە باشوور لەبەر ئەوەی باشوور تەنیا ناوچەی ئازادکراوی کوردستانە و بە خۆشییەوە دەسەڵات بە دەست خۆمانەوەیە و بواریان هەیە بۆ گۆڕانکاریی زۆر بنەڕەتی لە یاساکاندا، هەروەها ڕووی قسەمان لە حیزبە بەرپرسەکانی کوردستانە لە هەموو پارچەکاندا کە بایەخ بدەن بە داخوازییەکانی ژنی کورد و بۆ بەجێگەیاندنی هەنگاو هەڵێننەوە.
- بۆچوونی زۆرکەس ئەوەبوو کە داخوازییەکان زۆرن و پێویستە کەم کرێنەوە. لەبەر ئەوەی زۆر خاڵی تێدایە کە مەسەلەی کۆمەڵگەیە بەگشتی نەک هەر ژن.

بە بۆچوونی ئێمە داخوازینامەی ژنی کورد پێویستە هەمەلایەنە بێ بۆ چاکسازی هەموو بوارەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵ. ژنی کورد بەشێکی دانەبڕاوە لە هەموو کۆمەڵگەی کورد، کە واتە داخوازییەکانیشی دەبێ بۆ هەموو کۆمەڵ بێ. گۆڕانکاری و چاکسازییەکانی کۆمەڵگەی کورد، گۆڕانکاری و چاکسازی دەخاتە ژیانی ئەویشەوە. کەوابوو داخوازییەکانیش دەبێ گشتگر بن و لە هەموو گۆشەنیگاکانەوە سەیرکرابێتن و هەموو بوارەکانی ژیان بیریان لێ کرابێتەوە، بوارەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و یاسایی. بە ڕای ئێمە

له باتی کەمکردنەوەی خاڵەکان ئێمە دەتوانین پلان و بەرنامەی کورت مەودا و درێژمەودامان هەبێ بۆ دابەزاندن و چەسپاندنی داخوازییەکان لە لای ناوەندە بڕیاردەرەکان.

ـ ئێمە لەو بڕوایە داین کە بزووتنەوەی ژنی کورد بەشێکی گرینگە لە بزووتنەوەی یەکسانخوازیی ژنانی جیهان و هاوخەباتی ژنانی کورد دەگەڵ ژنانی دنیا دەسەلمێنێ. بزووتنەوەی ژنی کورد گرێدراوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە و بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی گشتگر و هەمەلایەنەیە بۆ لەناوبردنی زوڵم و زۆری نەتەوایەتی و چینایەتی و لە پێناوی بەرژەوەندیی ژن و پیاوی کورد لە هەموو چین و توێژی کۆمەڵگەدا.

ئێمە هەوڵ دەدەین بە دوای یەکەم سیمینار لە شاری ستۆکهۆڵم، چەند سیمینارێکی تر بە مەبەستی ڕاگەیاندنی گەلاڵەی پێشنیاری داخوازینامەی ژنی کورد و هەروەها کەڵکوەرگرتن لە بیروبۆچوونی ژنان وپۆیاوانی خاوەن هەست و بیروڕا لە شار و وڵاتانی تر پێکبێنین. لەم بوارەدا دووەم سیمینار لە شاری یۆتێبۆری ڕۆژی شەمە ٢٠ی ئۆکتۆبر دەگیرێ.

**به هیوای بەشداری و پشتیوانی هەمە لایەنە!**
**دەستەی دەستپێشخەری بزووتنەوەی ژنی کورد**

## داخوازینامەی ژنی کورد

یاسا لە کۆمەڵگە شارستانییەکاندا باڵاترین دەسەڵاتە، ئەم دەسەڵاتە باڵایە دەتوانێ بناغەی دادپەروەری، یەکسانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کولتووری بێ. یاسا پارێزەری مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگایە، ئەرکەکانی هاووڵاتی دیاری دەکات و مافەکانیشیان دەستەبەر دەکات. یاساکان لە کوردستان و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە مافی ژنیان وەکوو مرۆڤێکی ئازاد دەستەبەر نەکردووە. بەو پێیەش ژن کراوە بە مرۆڤێکی ژێردەست. بۆیە ژنانی کورد خوازیاری ئەلتەرناتیڤێکی شارستانیانەن بۆ ئەو یاسایانەی ئەمڕۆ لە کوردستان پەیڕەوی کراون و دەیانەوێ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا چاکسازی و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی کورددا پێکبێت. ژنانی کورد دەیانەوێ لە یاسدا هیچ جۆرە هەڵاواردنێک نەمێنێ و هەموو مافەکانی ژن وەکوو مرۆڤێکی ئازاد دەستنیشان بکرێ و بپارێزرێ. داخوازییەکانی ژنی کورد لەپێناوی بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤانە و شارستانی دایە و بۆ چاکسازییەکی گشتی و هەمەلایەنەیە، بەدیهێنانی ئەو داخوازییانە پیشاندەری ڕادەی پێشکەوتوویی کۆمەڵگەیە.

### یەکەم ـ لە بواری مافە یاساییەکاندا

تا ئەمڕۆ لە کوردستان، هەروەکوو زۆربەی کۆمەڵگەکانی دەوروبەریشی لە بواری یاساییدا کەسایەتی ژنان و پیاوان وەک مرۆڤی هاوتا و یەکسان دانەنراوە و لەم بوارەدا هەڵاواردن کراوە. بۆ ئەوەی لەم بوارەدا یاساکان دادپەروەرانە و مرۆڤانە بن، ژنانی کورد دەیانەوێ ئەم مافانەی خوارەوە بەم شێوەیە دابنرێن:

١-١) لە گواهیدان(شایەتیدان)دا ژنان و پیاوان وەکوو یەک بە مرۆڤی تەواو دابنرێ..

١-٢) لە دابەشکردنی میراتدا ژنان و پیاوان بەشی یەکسانیان هەبێ.

١-٣) دانانی کوشتنی ژنان بە پاساوی ناموسپەرستی بە تاوان وەک هەر تاوانێکی کوشتنی بە مەبەست، سزادانی بکوژان بە زیندانی ماوەی ژیان.

١-٤) دانانی سزا بۆ هەر جۆرە زەبروزەنگ و توندوتیژی لە سەر ژنان.

١-٥) وەستانی سزای دژ بە مرۆڤایەتیی بەردەبارانکردن.

١-٦) پەسندکردن و دابینکردنی ڕێکەوتنامە و بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان لە سەر مافی مرۆڤ.

١-٧) لە مافی جیابوونەوەدا ژنان و پیاوان یەکسان بن.

لە دوای جیابوونەوەشدا ئەم مافانە بۆ ژنان دەستەبەر بکرێن:

ـ ماڵی گوێزراوە و نەگوێزراوە لە نێوانیاندا بە یەکسانی دابەشبکرێت.

ـ لە ڕوویی داراییەوە ژیانیان لەلایەن دەزگاکانی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە مەیسەر بکرێ.

ـ لە کاتی سەرپەرشتیکردنی منداڵدا، باوک نەفەقە بۆ هەر یەک لە منداڵەکان بدات بە دایک، دەزگاکانی کاروباری کۆمەڵایەتیش کۆمەگی دایک بکات بۆ سەرپەرشتییەکی شایستە بۆ ئەو منداڵانە.

ـ مافی سەرپەرشتی منداڵ تا تەمەنی سەرپەرشتی بدرێ بە دایک، بە مەرجێ تەندروستی باری دەروونی و عەقڵی (بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ لێژنەیەک لە پزیشک و دادوەری بێلایەن کە ژنیشیان تێدا بێت بڕیار بۆ دروستی یان نادروستی باری دەروونی و عەقڵی بدەن).

### دووەم ـ لە بواری ژیانی کۆمەڵایەتیدا

لە زۆربەی کۆمەڵگە نەریتییەکاندا یاساکان لە سەر ڕێسا ئاینییەکان و نرخاندنە کۆمەڵایەتییەکان دانراون. بەرژەوەندییەکانی توێژ و چین و گروپە دەسەڵاتدارەکان بەسەر یاسادا زاڵ دەبن و جێگەی دەگرن. بۆیە ڕەفتارەکۆمەڵایەتییەکان لە سەر پەیڕەوییەکانی ئەو ڕێسا و نرخاندن و بەرژەوەندییانە شێوە دەگرن. لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو ڕێسا و نرخاندنانە لە سەر بناغەیەکی لۆژیکی بنیات نەنراون و مافی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە ناپارێزرێن. هۆی ئەوەیە لەو جۆرە کۆمەڵگانەدا مافە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ بە ژن و پیاوەوە پێشێل دەبن و ڕەفتار و ئاکارە کۆمەڵایەتییەکان دادپەروەرانە نابن.

لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا مافە کۆمەڵایەتییەکانیش، هەروەکوو مافە یاساییەکان و مافە ئابووری و سیاسی و ئاینییەکان لە سەر بناغەیەکی لۆژیکانە و گونجاو لە یاسادا جێدەگرن و کاریان پێدەکرێت. لە پێناوی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەردا ژنانی کوردیش دەیانەوێ بە دانانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕێسا و نرخاندنە نالۆژییەکان بهێنرێ و ئەم مافە کۆمەڵایەتییانەی ژن لە بڕگەی یاساییدا جێبگرن و چاوەدێری جێبەجێکردنیان بکرێت:

٢-١) مافی هەڵبژاردنی هاوسەر لە دوای تەمەنی هەژدەساڵییەوە بەدەستی تاک خۆیەوە بێت.

٢-٢) تەمەنی هەڵبژاردنی هاوسەر لە هەژدەساڵ کەمتر نەبێت.

٢-٣) قەدەغەکردنی بە زۆر بە شوودان.

٢-٤) هەموو جۆرێکی نرخدانان لە سەر ژن لە کاتی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتیدا قەدەغە بکرێ، وەک مارەیی، شیربایی و جیازی بووک.

٢-٥) قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنی سێکسی ژن بە ناوی سیغە و

هاوسەرێتی کاتیی و هەرجۆرە پاساوێکی تری ئاینی.

٢-٦) قەدەغەکردنی لەشکڕین و لەشفرۆشتن، سزادانی ئەو کەسانەی لەش دەکڕن و ئەو کەسانەشی کە لەش دەفرۆشن بە بڕی پارە یان زیندان.

٢-٧) مافی لە باربردنی منداڵ لە دەستی ژن بێ، بە مۆڵەت و سەرپەرشتی پزیشک.

٢-٨) ئازادیی سەفەرکردن و چالاکی و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و جلوبەرگ پۆشین.

٢-٩) دانانی خانەی تایبەتی بۆ سەرپەرشتیکردنی پیران و دابینکردنی پێداویستییەکان.

٢-١٠) قەدەغەکردنی ژنبەژنە.

٢-١١) قەدەغەکردنی فرەژنی.

٢-١٢) قەدەغەکردنی خوێنخۆشکردن بە ژن (بەرخوێن).

٢-١٣) قەدەغەکردنی گەورە بە بچووک و لە سەر لانک بە شوودان.

٢-١٤) قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێیینە لە هەر تەمەنێکدا.

٢-١٥) قەدەغەکردنی لێدانی ژن لەلایەن باوک، برا، مێرد و پیاوانی بنەماڵەوە.

٢-١٦) قەدەغەکردنی هەر جۆرە دابونەریتی کۆمەڵایەتی کە مافی ئینسانی ژن پێشێل دەکات.

٢-١٧) قەدەغەکردنی دەستدرێژی سێکسی ژنان تەنانەت لە ژیانی هاوسەرێتیشدا. لادان لەو ڕەفتارانەی کە قەدەغەدەکرێن بە تاوان دابنرێ و سزای هەبێت.

**سێیەم ـ لە بواری پەروەردە سیستەمی پەروەردەییدا**

خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگە سێ دامەزراوی گرینگ و تەواوکەری یەکترن بۆ دروستکترنی کەسایەتی منداڵ. سیستەمی پەوردەکردن چ لە ماڵ و چ لە قوتابخانە و کۆمەڵگەدا بایەخێکی مەزنیان هەیە لە سەقامگیرکردنی جۆری کەسایەتی مرۆڤدا. بایەخدان بەم بوارە بایەخدانە بە ئێستا و دوارۆژی کۆمەڵگە. لە پێناوی ئێستا و دوارۆژێکی شایستە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان و مرۆڤی کورد، ژنانی کورد دەیانەوێ لە سیستەمی پەروەردەیی کوردستاندا ئەم گۆڕانکارییانە بکرێت و یاسایان بۆ دابنرێت:

٣-١) زمانی خوێندن لە هەموو قوتابخانەکان بە کوردی بێت.

٣-٢) سەپاندنی یاسای نۆساڵ خوێندنی بەزۆر و بە خۆڕایی بۆ منداڵان.

٣-٣) گۆڕینی ئەو میتۆدە پەروەردەییەی کە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوون و نیازەکانی دەوڵەتی سەردەستن، بە میتۆدێکی تری گونجاو و لەگەڵ بارودۆخی کوردستانی ئازاد و بۆ دروستکردنەوەی کەسایەتییەکی ئازادی مرۆڤی کورد.

٣-٤) گۆڕینی میتۆدی یەکجۆری بە فرەجۆری لە بواری فێرکردن و فێربووندا، سوودوەرگرتن لە میتۆدە پەروەردەییە جۆراوجۆرەکانی جیهان بۆ دروسکردنی کەسایەتی سەربەخۆ و ئازاد و پشتبەخۆبەستوو لە خوێندکار.

٣-٥) قوتابخانەی تێکەڵاو لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

٣-٦) ڕەچاوکردنی یەکسانیی ژن و پیاو لە بەرنامەی کتێب و سیستەمی فێرکردندا.

٣-٧) قەدەکردنی لێدان و هەموجۆرە زەبروزەنگێکی فیزیکی و دەروونی لە لایەن مامۆستا و فێرگەکانەوە.

٣-٨) دابینکردنی تواناکاری بۆ خوێندکار بۆ بەردەوامیدان بە خوێندن لە زانکۆکان و خوێندنی بالا.

ـ دابینکردنی تواناکاری ئابووری بۆ هەموو قوتابییەک لە قۆناغەکانی خوێندنی ئامادەیی و خوێندنی بالا.

ـ دابینکردنی تواناکاری ئابووری و بەشی ناوخۆیی بۆ ئەو قوتابییانەی کە لە شارەکانی ترەوە ڕوو لە زانکۆکان دەکەن.

ـ دابینکردنی تواناکاری زانستی وەک کتێبخانەی دەوڵەمەند و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت.

٣-٩) پێشترێتی وەرگرتن بۆ قوتابییانی کەمئەندام لە زانکۆکاندا و پێویستییە تایبەتییەکان بە کەمئەندامەتییان بۆ دابینبکرێت.

٣-١٠) زۆرکردنی ژمارەی دایەنگە و باخچەی ساوایان و باغچەی منداڵان.

ـ وەرگرتنی منداڵی یەک تا شەش ساڵ بە مەرجی کارکردنی دایکوباوک.

ـ کاتی مانەوەی منداڵ لە باخچەی ساوایان بە پێی کاتی کارکردنی دایکوباوک بێت.

ـ دابینکردنی تەواوی پێویستییەکانی منداڵ لە باخچەدا.

٣-١١) کردنەوەی خانەی تەندروستی و سەرپەرشتی بۆ ئەو منداڵانەی کە بە زگماک کەمئەندام یان دواکەوتووی عەقڵین.

**چوارەم ـ لە بواری ئابووری و ژیانی کار و بەرهەمهێنان**

ژمارەی مرۆڤی بەرهەمهێنەر و ڕادەی بەرهەمهێنان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا داهاتی نەتەوەیی و ستانداردی ژیان لەو کۆمەڵگەدا دەستنیشان دەکات. کار و بەرهەمهێنان بڕبڕەی پشتی ئابووری هەر کۆمەڵگەیەکن. بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمی ئابووری، بەرزکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ستانداردی ژیانە، کە بەستراوە بە ڕێژەی مرۆڤی چالاک و کارا لەو کۆمەڵگەیەدا. ژیانی کار و بەرهەمهێنانیش مەرجە بە یاسای لۆژیکی و گونجاو، کە ماف و ئەرکەکانی کارمەند و فەرمانبەر و کرێکاران دەستنیشان بکات.

لە پێناوی گەیاندنی ئاستی کۆمەڵگەی کوردستان بە ئاستی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و بەرزکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی و ستانداردی ژیانی مرۆڤی کورد، پێویستە ڕێژەی مرۆڤی بەرهەمهێنەر بە ژن و پیاوەوە زۆرتر بکرێن و چالاکی ئابووری فراوانتر بکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ماف و ئەرکەکان لە یاسادا جێبگرن و کاریان پێ بکرێت. لە بواری کار و بەرهەمهێناندا پێویستە ئەم مافانەی کە لە خوارەوە پۆلێنکراون دەستەبەر بکرێن:

٤-١) دابینکردنی کار بۆ ژنان و پیاوان بەبێ هەڵاواردن.

٤-٢) مووچە و حەقدەستی وەک یەک بۆ کاری یەکسان بۆ فەرمانبەر و کرێکار وکارمەندی کاری ئازاد دەستنیشان بکرێت.

٤-٣) کرێکار و فەرمانبەر و خاوەنکارە ئازادەکان بە ژن و پیاوەوە باج بدەن بە دەوڵەت و لە دەوڵەتیشەوە مافی خانەنشینییان بۆ دابین بکرێ.

٤-٤) ژینگەی کارەکان تەندروست بن و هەرکارێکی زیان بە تەندروستی دەگەیەنێ قەدەغەبکرێ.

٤-٥) قەدەغەکردنی ئاوەژووکەڵکوەرگرتن (سووئیستیفادە) لە هێزی کاری ژن و منداڵ لەلایەن خاوەنکارە ئازادەکانەوە.

٤-٦) مەرجی بەڵێننامەی کار لە کاتێکدا کاری ئازاد دەکرێت لە نێوان کرێکار و خاوەنکاردا دابنرێت. لەو بەڵێننامەیەدا هەموو مافێکی وەکوو بیمەی بێکاری، بیمەی نەخۆشی و مووچەی خانەنشینی دستنیشان بکرێت.

٤-٧) ژینگەی تەندروست بۆ کرێکار و فەرمانبەر، بەتایبەتی بۆ ژنان لە قۆناغی دووگیان(سکپڕ)یدا دەستەبەربکرێت.

٤-٨) بیمەی بێکاری بۆ ئەو کەسانەی دوای ساڵێک کارکردن لەبەر هەر هۆیەک بێکار دەمێننەوە.

٤-٩) مۆڵەتی منداڵبوون و گۆشکردنی منداڵ بە مووچەوە بۆ ماوەی ساڵێک بۆ دایک قەبوڵ بکرێت.

ـ مۆڵەتی شەش مانگ بە مووچەی تەواو بۆ باوک بۆ سەرپەرشتی منداڵ دابنرێت.

٤-١٠) قەدەغەکردنی کاری منداڵی ژێر تەمەنی هەژدەساڵ، بەرامبەر بەمەش دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانی لە رووی ئابوورییەوە.

٤-١١) یارمەتیدانی کەمئەندامان لە رووی ئابووری و تەندروستییەوە و هەوڵدان بۆ چالاککردنەوەی رۆڵ و کاریگەرییان لە ناو کۆمەڵدا.

ـ دانانی پلان بۆ سوودوەرگرتن لە هێز وبەرهەمی کەمئەندامانی وەکوو: نابیناکان، گوێگرانەکان، لاڵەکان، شەلەکان، گێژەکان و کەمئەندامی جەستەیی تر لە رێگەی کارێکی گونجاو لەگەڵ ئەندامێتی ئەواندا.

ـ کردنەوەی خانەی سەرپەرشتی و تەندروستی بۆ ئەوانەی لە رووی عەقڵییەوە دواکەتوون.

ـ دانانی سەرپەرشتی و بەرنامەی چارەسەری بۆ ئەوانەی لە رووی دەروونییەوە ئاڵۆز و پەشێون.

٤-١٢) یارمەتیدانی ژنان و منداڵانی ئەنفالکراو، هەروەها یارمەتیدانی هەموو ئەو بنەماڵانەی کە لە هەر شوێنێکی کوردستان و بە هەر شێوەیەک ئاوارە کراون.

ـ دابینکردنی کاری شایستە بۆ ژنانی ئەنفال و هەمووی ئەو ژنانەی کە لە هەر شوێنێکی کوردستان و بە هەر شێوەیەک ئاوارە کراون.

ـ یارمەتیدانی ئابووری ئەو ژنانەی لەبەر هەر هۆیەک ناتوانن کار بکەن.

ـ دابینکردنی خانوو، ناومال و پێویستییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان بۆیان.

٤-١٣) مافی مووچەی خانەنشینی.

ـ مووچەی خانەنشینی لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا، یان هەر تەمەنێک کە لەگەڵ ناوەندی تەمەن لە کوردستاندا بەگونجاو دادەنرێت.

ـ زیادەیەک لە کاتی هەبوونی منداڵی ژێر تەمەنی ١٠ ساڵ بۆ سەر مووچەی خانەنشینی.

ـ زیادەیەک لە کاتی هەبوونی زیاتر لە سێ منداڵی تەمەنی قوتابخانە.

## پێنجەم ـ لە بواری سیاسیدا

سیاسەت کەناڵێکە کە بڕیار بۆ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە دەدات. ئەم کەناڵە دەتوانێ کاریگەریی باش یان خراپ لە سەر تاکەکانی کۆمەڵگە دابنێت و بەهەمان شێوەش تاک دەتوانێ کاریگەری هەبێ لە بڕیارەکانی ئەو کەناڵە. رەچاوکردنی یەکسانی ژن و پیاو لە بواری سیاسەتدا بۆیە گرینگترین و بایەخدارترینە چونکە ناوەندی بڕیارە و کاریگەری دەبێ بۆ سەر هەموو بوارەکانی تر. ژنانی کورد دەیانەوێ لە بواری سیاسەتدا هەڵاواردن نەمێنێ و دادپەروەری رەچاوبکرێت. هەروەها ئەرکی سیاسییان هەبێت و مافەکانیشیان بێ کەم و کووڕی بێت. بۆیە لەم بوارەدا خوازیاری ئەم مافانەن:

٥-١) بواردان بە ژن و سازکردنی زەمینە بۆ بەشداریکردن بە رێژەیەکی کاریگەر لە ناوەندە بڕیاردەرەکاندا.

ـ لە سەرکردایەتی پارتەکاندا.

ـ لە پەرلەماندا.

ـ لە دەسەڵات و لە بەڕێوەبەرایەتی دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا.

ـ لە رێکخراوەپیشەیی و کولتوورییەکاندا.

٥-٢) رەچاوکردنی یەکسانیی ژن و پیاو و قەدەغەکردنی هەر جۆرە هەڵاواردنێک لە:

ـ نووسراوە رەسمییەکانی دەزگاکانی دەوڵەت.

ـ لە دەزگاکانی راگەیاندن (رۆژنامە) و رادیۆ و تەلەفیزیۆن و ئینتەرنێت.

ـ بڵاوکردنەوە و ناساندنەوەی پەیامەکانی ماسمیدیای کوردی.

٥-٣) بەشداریکردنی ژنان لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسە چارەنووسسازەکاندا چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

ـ هەبوونی ژن لەگەڵ ئەو وەفدانەی کە دەنێردرێنە وڵاتان بۆ رایکردنی کارێکی سیاسی.

ـ هەبوونی ژن لە کاتی پێشوازی و گفتوگۆ لەگەڵ ئەو وەفد و رێکخراوانەی کە دێنە کوردستان.

٥-٤) ئازادیی بیر و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە و ئازادی چالاکیی سیاسی لە دەستووری بنچینەییدا جێ بگرێ.

٥-٥) ئازادکردنی زیندانە سیاسییەکان.

٥-٦) هەڵگرتنی یاسای سزای کوشتن (ئیعدام). هەروەها قەدەغەکردنی کوشتن و تیرۆرکردنی بێ یاساییانە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە.

هەوڵی داسەپاندنی کولتووری ئاشتی لە رێگەی ماسمیدیای کوردی بدرێ.

ئەم داخوازییانە، ئامانجی سەرەکی ژنانی کوردن لە کوردستان و جیهان، تابەدیهێنانی دواخالی خەباتی بۆ دەکەین. ئەم داخوازییانە بە رەسمی ئاراستەی ناوەندە بڕیاردەرەکانی کوردستان دەکەین و داوای بە جیدی وەرگرتن و

وەڵامدانەوە و جێبەجێکردنیانین، هەروەها ئاراستەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و رێکخراوە مرۆڤایەتی و پەروەردەیی و سیاسییەکانیش دەکەین.

ژنانی دادپەروەریخوازی کوردستان، خوازیاری کۆمەڵگەیەکی مەدەنین بۆ کوردستان و پێیانوایە بە ئەنجامدان و جێبەجێکردنی ئەم داوا رەوایانە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا دەشێ بێتە ئاراوە.

لە پێناوی داهاتوویەکی رۆشن و پێشکەوتوو، کۆمەڵگەیەکی دادپەروەری مرۆڤانە، بە پێویستی دەزانین هەموو ماف و داخوازییەکانی نێو ئەم داخوازینامەیە لە چوارچێوەی یاسادا جێبگرێ و پیادەبکرێ.

### بزووتنەوەی ژنی کورد

تکایە بیرورا بۆچوونی خۆتانمان بەم ئادرێسەی خوارەوە بۆ بنێرن:
H. Arif, PR, 12702 Skärholmen - Sweden

## ڕوونکردنەوەیەک

چەند ساڵێکە دیوانەکانم لە لایەن هەندێ دەسگای گیرفانبڕ و بێویژدانەوە چاپ دەکرێن و بە نیازی بازرگانی پێوەکردن لە کوردستان و ئەوروپادا(بەتایبەتیش لە سوێد) ساغ دەکرێنەوە. هەر خۆمساڵی پار لە ستۆکهۆڵم، چوار دیوانی بێسەروبەر و پڕ هەڵەوپەڵەی خۆمم لە«کتێبی هەرزان» بە گران کڕی!
بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم خۆشەویستانی خۆم، خوێنەرانی پەیڤی کوردی، هوشیار بکەمەوە، کە ئەم دیوانانە(فرمێسک و زام، بتی شکاو، شەونامەی شاعیرێکی تینوو، شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم، دوانزە وانە بۆ منالان و دیوانی براکوژی)، بێ ئاگاداری من، دووبارە و چەندبارە چاپ کراونەتەوە و دەستیان تێ وەردراوە و ئازارێکی زۆرم پێ دەگەیەنن. جگە لەمەش دیوانەکان(بەتایبەتی ئەوانەی لە لایەن وەشانخانەی سەیدیان و محەمەدی سەقزییەوە پەیتا پەیتا بڵاو دەکرێنەوە و لە ئەوروپاش «کتێبی هەرزان»ساغیان دەکاتەوە)بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و هەر مەبەستێکی تر پشتیان پێ نابەسترێ و بە هی خۆمیان نازانم. ئەو کەسانەی ئەم کارەش ئەنجام دەدەن، ئاگادار بن یا نا، تاوانێکی گەورەیان دەکەوێتە ئەستۆ و ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستی یاسایان هەر دەگاتێ.
هەق نییە ئەوانەی ژیانی خۆیان بۆ هونەرە بێکەسەکەمان تەرخان دەکەن، بێ ئەوەی نانێکیان لە کارەکەیان دەستکەوێ، ئاوا شیلەی مێشکیان ژەهراوی بکرێ و خۆشیان بە زیندوویی هەتک بکرێن.
هیوادارم هونەرمەندان، نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، کتێبفرۆشان، سەوداسەرانی پەیڤی کوردی لایەنگر و هاودەنگم بن.

عەبدوڵڵا پەشێو
۲۰۰۱/۸/۱۸ـهێلسنکی

• • •

## پەیامی کۆمەڵەی کورد لە نیوزلاند

### بە بۆنەی شەشەمین ساڵی دامەزراندنی یەوە

بەوپەڕی خۆشی و شادی یەوە ئاگاداری هەموو ڕۆڵەکانی کورد دەکەین چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان.

لە ڕێکەوتی۲۰۰۱/۵/۱۹ کۆمەڵەی کورد لە نیوزلاند کۆبوونەوەیەکی گشتی ئەنجامدا بەهاوکاری خوشک و برایانی کورد لە شاری ئۆکلەند پاش هەوڵ و کۆشش و وتوویژێکی زۆر و ئاڵوگۆڕکردنی بیرو ڕا بەشێوەیەکی فراوان لە نێوان هەموو کوردەکان. پاشان توانیمان هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە بە ئەنجام بگەیەنین.
کۆمەڵەی کورد لە نیوزلاند: کۆمەڵە دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و کولتوری یە. هەوڵ ئەدات بە بەهێزکردنی پەیوەندی لە نێوان هەموو کۆمەڵەکانی تری نیوزلاند. هەروەها ناساندنی کولتوور و داب و نەریتی نەتەوەیی کورد بەم وڵاتە. یان هەنگاونان بەرەو کاری ڕۆشنبیری و هونەری.
لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە ئامانجەکانی کۆمەڵەکەمان ڕوون بکەینەوە کە بریتین لە :
۱) پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ هەموو نەژادەکانی تری ئەم وڵاتە لە ڕێگای پرۆژەیەکی کولتوری و پەروەردەیی.
۲) وەرگرتنی ئەزموون و فێربوونی چۆنیەتی ژیان و داب و نەریتی هەموو میللەتەکانی ناو نیوزلاند.
۳) ئاگادارکردنەوەی نیوزلاندییەکان و نەژادەکانی تر سەبارەت بە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان لە ڕێگەی هەموو چالاکییە پەروەردەیی و کولتورییەکان.
٤) بنیاتنانی پردێک لە نێوان کۆمەڵگای کورد و گروپە نەژادییەکانی تر.
٥) پشتیوانیکردن لە کوردی کوردستان و کوردی وڵاتانی تر لەو کاتەی پێویستیان بە یەکێتی و هاودەنگی گەلی کورد هەبێت.
لە کۆتاییدا هیواداریـن کە هەموو لایەکی دڵسۆز بەپێی توانا پشتگیریمان بکەن بە هێنانەدی ئامانجەکانمان و خزمەتکردن و پێشخستنی کولتور و ئەدەب و هونەری کوردی. ئیتر هەر سەرکەوتوو بن.
ئەمەش ناونیشانی کۆمەڵەی کورد:

Kurd Newzealand Society Inc, p.o Box No 65-105, Auckland -Newzealand

***

## چاپەمەنی تازە

۱) فەرهەنگی هەرمان ـ کوردی بە کوردی، بەرگی یەکەم (ئا ـ ب): عەلی نانەوازادە، چاپی یەکەم، تاران ۱۳۸۰ هەتاوی.
۲) وێستگەی گومان(هەڵبەست): ڕەحمان سۆفی، چاپی یەکەم، ۲۰۰۱، زاگروس مێدیا، یوتەبۆری ـ سوئێد.
۳) چیرۆکنووس یا کینۆکنووس؟ سەعی سەقزی، ستۆکهۆڵم، ۲۰۰۱.
٤) کۆنگرە، ژمارە۱۹، ۲۱ی ۲۰۰۱، لەندەن ـ بریتانیا.
٥) خاڵخاڵۆکە(بۆ منداڵان)، ژ ۱، ۲، ۳و٤: ئەحمەد دەشتی ـ ئاڵمان.
٦) بەربانگ، ژمارە ۱۲۱، ساڵی ۲۰۰۱.
۷) Karwanên bêxewiye, Korda Mad, Moskova 1998.
۸) هەوار، ژمارە ۱۲، ۲۰۰۱، ئوستراڵیا.

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine



**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh (Herish)

**Address**

**GZING / S. Chireh**
**Valstavägen 62  2tr**
**195 50 Märsta- Sweden**

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070-2359687



**Postgironr**: 443 5022-1

No. 32 Summer&Autumn 2001    Published in Sweden    ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

No 32 Summer&Autumn 2001



**KITAB-I ARZAN**

**Helsingfors g 15**

**164 78 Kista - Sweden**

**Tel & fax. +46 (0)8 752 77 09**

**Mobil: +46 (0)70 492 69 24**

**Akalla: Helsingfors g 15** **ئادرێسی سەرلێدان (besök):**

Email-adress: arzan@telia.com